# قسه لەگەڵ شەیتان

(ووتوێژ لەگەڵ حەوت دیکتاتۆری جیهانی)

ریکاردۆ ئۆریزیۆ

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

هێمن مەحموود

ناوی کتێب: قسه لەگەڵ شەیتان

نوسینی: ریکاردۆ ئۆریزیۆ

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: عەهد عەلی ئەدیب

وەرگێڕانی بۆ کوردی: هێمن مەحموود

پێداچونەوەی زمانەوانی: کارا فاتیح

وێنەی بەرگ: کاوە شێخ عەبدوولا

چاپ:چاپخانەی کاروخ

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٤

ناوی کتێب بە ئینگلیزی: Talk of the Devil

ناوی کتێب بە عەرەبی/ **حدیث الشیطان**

بەبێ رەزامەندی وەرگێڕ، هیچ کەس و کتێبخانەو چاپخانەیەك مافی کۆپیکردنی ئەم کتێبە یاخود بەشێکی ئەم کتێبەی نیە، بەپێچەوانەوە رووبەروی بەرپرسیارییەتی یاسایەتی دەبێتەوە

*ژمارەی سپاردن:( ١٣٩٢ ) ی ساڵی ٢٠١٤ ی لەکتێبخانەی گشتی پێدراوە

## تەرجومەی ئەم کتێبە پێشکەشە :

بە (**لاس**) و (**لاوك**)

بەهیوای ئەوەی رۆژێك لە رۆژان لە ژێر دەسەڵاتی هیچ ستەمکارێك و دیکتاتۆرێکدا نەژین و ئازایانە رووبەرووی ناعەدالەتیەکانی ژیان ببنەوە.......!!!

# پێشەکی

نازانم قسەی کێیە کە وتویەتی "دیکتاتۆرەکان بە تەنهایی دەمرن" بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە دڕەندەترین ئەو دیکتاتۆرانە نەوەك هەر بە تەنهایی دەمرن، بەڵکو کۆتاییەکانی ژیانیشیان بە رسوایی و خەمگینی بەسەردەبەن.

"قسە لەگەڵ شەیتان" هەر بەتەنها چیرۆکی کۆتاییەکانی ژیانی چەند دیکتاتۆرێك نیە، بەڵکو رووداوگەلێکن لەهەموو سەردەم و زەمەنێك و لەهەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا دووبارە دەبنەوە، چیرۆکی ژیانی چەند ستەمکارێکە کە بەناوی چاکسازی و دیموکراسیەوە دێنە دەسەڵات،و دواتر دوای چەند دەیە لە حوکمکردن و قەتلوعامکردن و کپکردنی دەنگە ناڕازییەکان، خەڵکی لێیان رادەپەڕن و دەسەڵاتە فشەڵۆکەکەیان لەبەردەم جەماوەردا خۆی ناگرێت و پەنا دەبەنە بەر وڵاتانێك تەنها بۆ ئەوەی کۆتایی ژیانیان لە تەنهایی و بێ دەسەڵاتیدا بەسەربەرن.

ئەم کتێبە هەر بەتەنها چیرۆکی ژیانی (عیدی ئەمین)ی (ئۆگەندا)، و (بۆکاسا)ی (ئەفریقای ناوەڕاست)، و (یارۆزلسکی) (پۆڵەندا)، و (دۆڤالیە)ی (هایتی)، و ( مەنگیستۆ)ی (ئەسیوبیا)، و (ئەنوەر خواجە)ی (ئەلبانیا)، و (میلۆزۆڤیچ)ی (سربیا)نیە، بەڵکو چیرۆکی ژیان و کۆتایی هەموو ستەمکارێکە لە تەواوی دونیادا، چیرۆکی لەسێدارەدان و ئەشکەنجەو گۆڕی بەکۆمەڵ و کپکردنی دەنگی ئازاد و ئازادییەکانە. چیرۆکی ئەو دروشمانەیە کە بەناوی دیموکراسی و بنەبڕکردنی هەژاری و چەسپاندنی یەکسانیەوە بەرزدەکرێنەوەو دواتر

دیکتاتۆری عەجیب عەجیبیان لێ بەرهەمدێت. ئەم کتێبە چیرۆکی نهێنیەکانی دەسەڵات و بەکارهێنانی پارەو پولی میللەت و ژیانی رەفاهیەت و سێکسی سەرۆکەکانە.

چیرۆکی ژیانی ئەو دیکتاتۆرانەیە کە دوای ئەوەی لە دەسەڵات دووخراونەتەوە چۆنچۆنی دەژین؟ و چۆنیش بەئەستەم لەم سەرزەمینی خوایەدا بستە زەوییەکیان دۆزیوەتەوە تیایدا خۆیان حەشاربدەن.

خوێنەر کاتێك ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت، دەسەڵات و دەسەڵاتداران چی سیحرێك و چی درۆیەکیان بۆ چەواشەکردنی رای گشتی بەکارهێناوە، ئەوەشی بۆ روندەبێتەوە دیکتاتۆرەکانی دونیا هەمویان یەکجۆرن و یەك شێوازیش دەژین.

(ریکاردۆ ئۆریزیۆ) رۆژنامەنوسێکی ئیتالییەو نوسەری ئەم کتێبەیە، ئەو وەك رۆژنامەنوسێکی زیرەك و لێهاتوو یەکەکە بە دوای ئەو دیکتاتۆرانەدا لە چەندین ولاتدا گەڕاوەو دۆزیونێتەوەو دواندونی. ئەم کتێبە هەر بەتەنها گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی نیە، بەڵکو کتێبێکی مێژووییە،و پێویستی بەوە هەیە خوێنەر ئاگاداری دۆخی سیاسی ولاتان بێت و چاودێرێکی وردی رووداوە سیاسیەکان بووبێت لە رابووردودا.

ئێستا رەنگە هیچ یەکێك لەو دیکتاتۆرانە لە ژیاندا نەمابن، بەلام چیرۆکەکانیان ئەوەتا ماوەتەوەو بوونەتە نمونە بۆ تەواوی دیکتاتۆرەکانی دیکە، هەرچەندە ئەگەر ئەو دیکتاتۆرانە تەماشای چارەنوسی یەکتریان بکردایە بەم رۆژە نەدەگەشتن.

ئەم کتێبە هەرچەندە بەحساب گفتوگۆیە، بەڵام (ریکاردۆ) زۆر زیرەکانە بەزمانێکی ئەدەبیانەی جوان هەروەك رۆمانێکی لێکردووە، رۆمانێك کە دەستتکرد بەخوێندنەوەی تا کۆتایی وازی لێناهێنی، رۆمانێك کاتێك لەیەکەم دێڕەوە دەستپێدەکەیت تاوەکو کۆتایی سەیردەکەیت تەواوی رووداوەکان پێکەوە بەستراون، جا با لە دیکتاتۆرێکی ئۆگەنداشەوە دەستی پێکردبێ و بە دیکتاتۆرێکی سربیش کۆتایی هاتبێ.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

من ئەم کتێبەم خۆشویست بۆیە وەرمگێڕا، هەستمکرد کتێبێکە بۆ تێگەشتن لەهەموو دەسەڵاتێك کەبەرەو دیکتاتۆرییەت مل بنێ گرنگە بخوێنرێتەوەو خەڵکی ئاشنایەتی لەگەڵیدا هەبێ.

من کاتێك کارێکی وەهامکردووە بێ گومان کارەکەم بێ کەموکوڕی نیە، بەڵام ئەوەندەی توانام هەبووبێ هەوڵمداوە کەموکوڕییەکانم چارەسەربکەم، ئەوەشی نەمتوانیوە جێی دەهێڵم بۆ کەسانی شارەزاتر بۆ ئەوەی بە گەورەیی خۆیان بۆمان چاکبکەن و لێمان ببورن، مرۆڤ تا کار نەکات هەڵەش ناکات..

لەم وەرگێڕانەدا هەوڵمداوە لە رۆحی کتێبەکە دوورنەکەومەوە کە زیاتر رۆحێکی ئەدەبی هەیە، لە کاتێکیشدا کە زمانەکەی زمانێکی سیاسیانەیە، هەوڵمداوە چەند چەمکێکی تیادایە هەر بەزمانێکی سیاسیانە و رۆژنامەوانیانە دایبڕێژمەوە.

من ئەم کتێبەم خۆشویست، لەبەرئەوەی لەدۆخێکدا وەرمگێڕا خێزانەکەم و چەند هاوڕێیەکی ئازیزم زۆر هاوکارمبون و کاتی زۆریان دا پێم و نەیانهێشت بێتاقەتبم لێی، هەمیشە سوپاسگوزاریانم..

من چاوەڕوانی تۆم خوێنەری بەڕێز... لە هەڵەکانم ببوری و چێژ لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ببینی...

هێمن مەحموود

٠٧٧٠٥٥٥٣٨٣٦

Hemnm٢٠١٣@yahoo.com

www.facebook.com/hemn.mahmudhama

**"ئێوە، بەڕێز ڕیکاردۆ شانستان هەیە، چونکە دەتوانن بەیانی هەستن و هەموو ئەوەی ڕوویداوە بزانن، تەنانەت ئەگەر پێشتان بڵێن هیچ شتێکی تازە ڕووینەداوە".**

**قسەی یەکێك لەزیندانیان**



# عیدی ئەمین

عیدی ئەمین دادا. . .

- ساڵی ١٩٢٥ لە دایك بووە.
- سێهەمین سەرۆکی ئۆگەندا و دیکتاتۆرێکی سەربازیی بووە، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧١ تا ١٩٧٩.
- پەیوەندیی کردووە بە هێزە ئیستیعمارییەکانی بەریتانیا و تا پلەی لیوا ڕۆیشتووە.
- ساڵی ١٩٤٦ بووەتە فەرماندەی سوپای ئۆگەندا.
- ساڵی ١٩٧٩ لە دەسەڵات دوورخراوەتەوە و هەڵهاتووە.
- ساڵی ٢٠٠٣ لە سعودیە مردووە.

ئەو کاتانەی مرۆڤ دەمەوبەیان بە ئاسمانی شاری (جەدە)ی سعودیەدا تێپەڕدەبێت، وەك ئەوە وایە ڕێك لەو کاتەدا کەسێك تۆزێکی سپیی بەسەر شارەکەدا کردبێت.

خۆر هەڵهاتووە، بەڵام هەواکەی تاوەکو ئێستا ساردە، وا دەردەکەوێت فڕۆکەخانە گەورەکە چۆڵکرابێت، ئەو هۆڵە گشتییانەی کە ژمارەیان پێنج تا دە هۆڵ دەبن و بە دوای یەکدا دێن، چۆڵن، بەڵام هۆڵەکانی تایبەت بە خێزانی پادشایەتی، کە لە سەحراوە دەدرەوشێنەوە، بە توندی داخراون و هەموو ڕۆیشتنە ناوەوەیەك قەدەغەیە.

کۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوونیش کە لە دوای گەشەی ئابوورییەوە لەو شارەدا دروستکراون، بە تەنیشتی یەکەوەن و نێوانەکانیشیان هێشتا لمن.

مزگەوت و کۆمەڵگا بازرگانییەکانیش وا دەردەکەون بەستبێتیان و ڕووکارێکی سەهۆڵی سریاڵیان بە دەوردا کێشرابێت، تەنك و بریقەدار، کە نێوانی شەو و ڕۆژی سەحرای عەرەبی داپۆشیوە.

لەگەڵ بێدەنگ نەبوونی دەنگی فێنککەرەوەکانیش، بەڵام هێشتا بێدەنگیی دەمەوبەیانیانی شاری جەدە، بێدەنگییەکی شوومە.

لەگەڵ هاوکارە ڕەسمییەکەمدا کە فەرمانبەرێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری بوو، سواری ئۆتۆمبیلێك بووین.

ئەو پیاوێکی درێژی بە هەیبەت بوو، کاتێك فڕۆکەکەم لە ڕۆماوە هاتبوو، لە بەردەم فڕۆکەکەدا وەستابوو، تەنانەت بێ ئەوەی پرسیاری ناوەکەشم لێ بکات، وەك ئەوەی زۆر باش من بناسێت، زۆر بە خێرایی لە خاڵەکانی پشکنینی پاسپۆرت و گومرگ، منی پەڕاندەوەو قسەی خۆشی لەگەڵ فەرمانبەرەکاندا کرد.

بەڵام شۆفێرەکە پیاوێکی بیانی بوو، ئەفریقییەکی ڕەشپێست بوو، هەرگیز و بۆ یەکجاریش نیگاکانمان یەکانگیر نەبوون.

هەردوو پیاوەکە جلی ڕەسمیی سعودییان لەبەردا بوو، دشداشەیەکی سپیی درێژ و حەگاڵێکی سپی و قایشێکی ڕەش.

هەستم بە نیگەرانی کرد، چونکە هەستەکانم پێی دەوتم، (عەبدوللا)ی هاوکارم، بیرەکانی منی خوێندۆتەوە و بە نهێنییەکەم دەزانێ.

هەوڵمدا سەرنجی بۆ هەندێ پرسیاری نامەنتیقی ڕابکێشم، لە بارەی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵاتەکەمان و ئەو هاوڕێتییەی کە ئەو دوو وڵاتە دەبەستێ بەیەکەوە.

دواتر هەندێك ئازایەتیی خۆم کۆکردەوە بۆ ئەوەی پرسیاری ئەو هەنگاوە توندانەی حکومەتی سعودیەی (کە لەواقیعدا لە بنەماڵەی حوکمڕان پێکدەهات) لێ بکەم کە گرتوویەتیە بەر بۆ زاڵبوون بە سەر تەنگژە ئابوورییە چاوڕواننەکراوەکاندا، کەچی (عەبدوللا) بە چەند وشەیەك و بە یەك دێر وەڵامی دامەوە و هیچ نهێنییەکی خۆی دەرنەخست، تا ئەو کاتەی ئاشکرای کرد ساڵێك لە لەندەن لە نووسینگەی ئاژانسی هەواڵی سعودیە کاری کردووە.

پرسیم: وەك ڕۆژنامەنووسێك کارت کردوە؟

وتی: نەخێر

وتم لەوانەیە بەرپرسی فرۆشتن بوبێتیت، بە نەخێر وەڵامی ئەمەشی دایەوە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

بێدەنگبووم، دوای وچانێك وتی: وەك چاودێری ژیانی ئینگلیزییەکان کارم کردووە. دواتر بە دڵتەنگییەکی ئاشکراوە وتی: وەزارەتی ڕاگەیاندن هاوکارییەکانی ڕاگرت، بۆیە منیش ناچاربووم بێمەوە.

دەبێت (عەبدوڵڵا) ئەوەی زانیبێ لە دوای ماوەیەکی درێژ، من یەکەم ڕۆژنامەنووسی ئیتالی بم، کە ڤیزای سعودیەم وەرگرتبێ، هەر بۆیە کاتێك لە ئۆتۆمبیلەکەدا بە یەکەوە دانیشتین، بە چاوێکی فزوڵییانەوە لێی ڕوانیم.

ڕەنگە لە خۆی پرسیبێ هاوڕێکانی من لە پۆستە باڵاکاندا کێ بن؟. . . بەڵام ئەگەر وەزیری دەرەوەی ئێمە موبادەرەی نەکردایە و لە ماوەی کەمتر لەساڵێکدا سێجار سەردانی ئەم وڵاتەی نەکردبایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە، من لێرە نەدەبووم.

سەردانی یەکەم وەك دانەوەی قەرزی دیپلۆماتێك وەها بوو، کە ماوەیەکی زۆر بوو دواکەوتبوو، بەڵام هەردوو سەردانەکەی دیکە کە بە ماوەیەکی کەم بە دوای یەکدا هاتن، تەنانەت بە لای سعودییەکانیشەوە مایەی سەرسووڕمانبوو، بەجۆرێك وەها وەسفیان کرد بوو کە ئەوە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لە سەر گرنگیدان بە وڵاتەکەیان.

ئەمەش بە تەواوەتی ڕاست بوو، چونکە لە زۆربەی کاتەکاندا کەسایەتییە ڕۆژئاواییە پلە باڵاکان حەزیان لە سەردانی کورت و پچڕ پچڕ بوو بۆ ئەو وڵاتە، چونکە ڕووبەڕووی پلەی گەرمای بەرز و زەردەخەنەی زۆر ساردی بەرپرسان دەبوونەوە.

ئەو کاتەی لە لەندەن لە باڵوێزخانەی سعودیە بووم، ڕۆژنامەنووسێکی بە ئەزموون، کە ئێستا وەك وتەبێژی ڕەسمی کاردەکات پێی وتم "ڤیزا. . . ؟ بیرم نایە دواینجار ئیمزام لە سەر ڤیزایەك کردبێت، ئەوەتا بە سەدان داواکاری لەسەر ئەو ڕەفانەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵتدا ڕاستگۆبم، نامەوێت زۆر هیوات بدەمێ".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

دوای چەندین مانگ توانیم وادەیەك لە باڵوێزخانەی سعویە لە (ڕۆما) وەربگرم، باڵوێزخانەکە ڤێلایەکی سەدەی نۆزدە بوو، کە لەلایەن شازادەیەکی سەر بە بنەماڵەی پاشایەتییەوە بەڕێوە دەبرا.

بە شێوازی گفتوگۆکردنێکی بێ ئامانج کە لەسەر چەندین بابەت دەربارەی ئەوەی، ئایا من دەمەوێت لە سعودیە چی بکەم و هۆکاری چوونم بۆ ئەو وڵاتە چییە؟ خرامە ژێر تاقیکردنەوەی متمانە پێکردنەوە.

لێپرسراوی تاقیکردنەوەکەش گەنجێکی دیپلۆماتبوو، کە بە ئاشکرا وا دەردەکەوت نازانێ چی بە من بکات، چونکە ئەم دیپلۆماتکارە زۆربەی کاتەکانی بە وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا بەسەر دەبرد، دواتر داوای لێبوردنی دەکرد و دەیوت: ئەوە فلاّن کەسی نزیکم بوو لە تۆرینتۆوە، ئەمەش براکەم بوو لە ئەبوزەبییەوە.

وا ڕێکەوتین بەرنامەی گەشتەکەمان لە (جەدە)ی پایتەخی ئابووری وڵاتەوە بێت، دواتریش بۆ (جوبەیل)، بۆ کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی ناو بیابانەکان کە لە چەندین پاڵاوگەی نەوت و کارگە پێکدەهاتن و لەلایەن کۆمپانیایەکی فلیپینییەوە دروستکرابوون، سعودییەکانیش بە"شارێکی نموونەیی"یان دەزانی. دواتریش دواین شوێن کە بڕیار بوو بۆی بچم شاری"ریاز"بوو.

بەروارەکانمان دیاری کرد و وادەکانمان دەستنیشان کرد.

فەرمانبەرە گەنجەکە بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە پێی وتم تاوەکو سعودیەی عەرەبی سووربێت لەسەر پێشوازیکردن لە ڕۆژنامەنووسی بیانی، هەموو هاوکارییەك ئامادەیە.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

تاقیکردنەوەی متمانەم تێپەڕاند، درۆم نەکرد، هەرچەندە من هەندێك حەقیقەتم شاردەوە، بەڵام ئەوەم ڕوونکردەوە کە ڕۆژنامەکەم دەیەوێت لەگەڵ بەڵێندەرە ئیتالییەکان ئەوانەی کە لە سعودیەدا کار دەکەن، چاوپێکەوتن ئەنجام بدەم، هەروەها چەند وتارێکیش دەربارەی گەشەسەندنی ئابووری بەهۆی پشتبەستن بە نەوتەوە بۆ جۆراوجۆری پیشەسازیی دیکە بنووسم، ئەمانە هەمووی ڕاستبوون، بەڵام من بەرنامەیەکی نهێنیی دیکەم هەبوو، کە لە هیچ تاقیکردنەوەیەکدا تێپەڕ نەدەبوو ئەگەر ئاشکرام بکردایە!.

ئامانجی ڕاستەقینەی من ئەوەبوو لە شاری (جەدە) بە دوای دۆزینەوەی پیاوێکی تەمەن ٧٢ساڵیدا بگەڕێم، کە درێژییەکەی ١ مەتر و ٩٦ سانتیمەتر و کێشیشی ١٥٠ کیلۆ بوو.

ئەو پیاوە ماوەیەکی درێژ بوو دیار نەما بوو لەو گۆڕەپانە نێودەوڵەتییەی کە زەمەنێك تیادا سەرکردە بوو.

ئەو زەبەلاحێك بوو، هەرچەندە لافی ئەوەی لێدەدا ڕقی لەو مرۆڤانەیە کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن، کەچی خۆشی نارەزایی لە فرە سوێریی گۆشتی مرۆڤ دەردەبڕی.

سەرۆکی ئەو وڵاتەی کە جارێك لە جارەکان بروسکەیەکی نارد بوو بۆ شاژنە"ئیلیزابێس"و بە"لیزا"ناوی هێنابوو، هاوکات داواشی لێ کرد بوو سەردانی (ئۆگەندا) بکات"بۆ ئەوەی پیاوی ڕاستەقینە ببینێت".

سەرۆکی ئەو وڵاتەی ڕایگەیاند بوو، وڵاتەکەی کەشتییەك میوە و سەوەزەوات دەنێرێت بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی"هاوکاری بکات لەو تەنگژە ئابوورییەی کە بەریتانیا پیایدا تێپەڕ دەبوو".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

سەرۆکی ئەو وڵاتەی فەرمانی کرد بوو، کوشتنی نەیارەکانی لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە بە ڕاستەوخۆیی پەخش بکرێت، هەروەها وتبووی"ئەوانە دەبێت بە جلی سپییەوە بکوژرێن بۆ ئەوەی خوێنەکەیان جوانتر ببینرێت"!.

ئەو پیاوەی من بۆی دەگەڕام، ناوی (عیدی ئەمین دادا) بوو.

ئەو عەریفەی سوپا، کە دواتر بوو بە (زەبەلاحە خۆشەویستە) بیٚ زیانەکەی ئۆگەندا، وەك ئەوەی کە لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵات، ڕۆژنامە ئەوروپییەکان وا وەسفیان کرد بوو، دوای ماوەیەك بوو بە دڕەندەیەك.

ئەفریقییەکان (سودانییەکان، ئۆگەندییەکان، سۆماڵییەکان، نەیجیرییەکان) لەم کاتانەدا، شاری (جەدە) یان بە جێدەهێشت.

سەرەتای ئەم جێهێشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی نەوەدەکان، ئەو کاتەی تەنگەژەی ئابووری کە بە دوای خۆیدا دابەزینی نرخی نەوتی هێنا، حکومەتی سعودیەی ناچار کرد بوو هاوکارییەکانی ڕابگرێت و یاسای کۆچ جێبەجیٚ بکات، بە جۆرێك لە هەندیٚ گەڕەکدا ژمارەیەك ئەفریقی دەستبەسەرکران و دواتر ڕەوانەی وڵاتی خۆیان کرانەوە.

دوای ئەفریقییەکانیش، سەرەی پاکستانییەکان و بەنگالییەکان و هیندییەکان هات.

ئەو ئەفریقییانەی کە لە ناوچەی (قەسبەی کۆن) مابوونەوە، کێبڕکیان بوو لەسەر دانەخستنی دوکانەکانیان، ئەو دوکانانەی تیایدا عەتری ساختەو پێڵاوی ڕەنگاوڕەنگ و سابوون و ئاوێنە، هەروەها کەلوپەلی هەرزانی دیکەیان بە پەنابەرەکانی وەك خۆیان دەفرۆشت، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان زیاتر دەبوو.

هەرچی سعودییەکانیشە، ئەوا لە شوێنی دیکە بازاڕیان دەکرد، لەو کۆمەڵگا بازرگانییانەی کە تا نیوە شەو بە قەرەباڵغی دەمانەوە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ئەو شوێنانە تاکە شوێن بوون کە ڕێگا بە ئافرەتان دەدرا سەردانی بکەن،و تیایدا بۆ چەندین کاتژمێری درێژ بگەڕێن، ئەو ئافرەتانەی کە دەستی منداڵ قەڵەوەکانیان گرتبوو، لەشولاریشیان لە تەوقە سەرەوە تاوەکو پێیەکان و دەموچاویشیان بەپەردەیەکی تەنکی ڕەش داپۆشرا بوو، کە تەنها لە ڕێگای دوو کونی بچوکەوە چاوەکانیان و لە ڕێگای کونێکی دیکەوە لووتیان بە دەردەکەوت، دەستکێشێکی ڕەشی درێژی وەهاشیان لە دەست دەکرد، هەر لەو ژنە ئەوروپییانە دەچوون کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەردانی ئۆپێرا کانیان دەکرد.

لە کاتێکدا ژنەکان لە نێوان خۆیاندا چپەیان دەکردو پێ دەکەنین، لەسەر شتکڕینی یەك لە دوای یەکیش ڕاهاتبوون، لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی دیکەیان نەبوو ئەنجامی بدەن، ئەگەر قسەشیان لەگەڵ پیاوێکی نەناسدا بکردایەو ببینرانایە، ئەوا ئەو پۆلیسانەی کە تایبەت بوون بە سەپاندنی شەریعەتی ئیسلامی دەیانتوانی دەستگیریان بکەن و بە دار لێیان بدەن.

(جەدە) ڕوویەکی دەریایی جوانی هەیە و لە ڕۆژدا چۆڵە، بەڵام بەهۆی بەرگەگرتنی گەرمای زیاتر لە شەودا، خێزانە سعودییەکان لەشەودا دەڕۆیشتنە سەر دەریا.

لە شەو دا لە ڕێگای ڕادیۆی ئۆتۆمبیلەکانی جۆری BMW ەوە گوێت لە مۆسیقای عەرەبی دەبێت، پیاوەکانیش بە شێوەی چوارگۆشەیی لەسەر لمەکە جگەرەیان دەکێشاو دادەنیشتن، لەولاشەوە ژنەکان و منداڵەکان، کۆمەڵ کۆمەڵی جیاوازیان پێك دەهێنا، لاوەکانیش بە تەنیشتیانەوە یاری تۆپی پێیان دەکرد.

ئەم سەردانانەی دەریا دەبێتە هۆی پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زیندووکردنەوەی ئەو تەقلیدە بەدەوییانەی باپیرانیان، کاتێك لەگەڵ قافڵەکانیاندا بە تەنیشت سەحراوە تێپەڕیون.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

گەڕانەکانی من بە دوای (عیدی ئەمین)دا هەموو شەوێك دەستی پێدەکرد، ئەو کاتەی کە (عەبدوڵڵا) لە ئۆتێلەکە بەجێی دەهێشتم، دوای ڕۆژێك لە بینینی فەرمانبەرەکانی بانك و بەڵێندەرەکان و فەرمانبەرە حکومییەکان.

تەکسییەکم دەگرت و داوام لە شۆفێرەکەی دەکرد بمبات بۆ (قەسبە)، لەوێ سەرم دەکرد بە دوکانی ئەفریقییەکاندا، هەروەها بەو ڕێگایانەدا دەڕۆیشتم، کە خێزانەکان بۆ چوونە سەر دەریا دەیانگرتە بەر.

زۆر کەمبوون ئەو شۆفێرە سعودییانەی کە تووشم دەبوون سەروچاوێکی مۆن و ددانێکی ئاڵتوونیان نەبووبێت، بەڵام لە یەکێك لە شەوەکاندا سوتفەی کرد تووشم بوو بە تووشی شۆفێرێکی هیندییەوە، لێم پرسی ژیانی چۆنە لەم وڵاتەدا، وتی باشە، دواتر هەر بۆ ڕوونکردنەوە وتی: لەو گۆڕەپانە نزیکە، پرۆسەیەکی لە سێدارەدان هەبوو، دەیانوت لە سێدارەدراوەکە بیانییە، پاکستانی بوو.

لە ناوچەی (قەسبە) پرسیاری (عیدی ئەمین)م کرد، ئەم ناوە هاوسۆزیی هەموانی دەجوڵاند، ئەوان هەڵدەچوون وەك ئەوەی باس لە کەسێکی نزیکی خۆیان بکەن، کە سەروەتێکی بە دەستهێناوەو دواتر ڕۆیشتوە بۆ گەڕەکێکی دەوڵەمەندتر.

سودانییەك لە پشتی مێزێکەوە کە پڕبوو لە شووشە شامپۆ پێی وتم "پێشتر بەر لە نوێژو دوای نوێژیش، زۆربەی جارەکان لێرە لە ناوەڕاستی شارەکەدا دەمانبینی، ماوەیەکی زۆرە نەمبینیوە، بیستوومە ئەو لە یەکێك لە بازاڕە بازرگانییە ڕاقییەکاندا شت دەکڕێت، من دەتوانم هاوکاریت بکەم بۆ ئەوەی بگەیتە ئەوێ".

خۆم گەیاندە سۆپەر مارکێتێك، هەموو ژمێریارەکانی فلیپینی بوون، ئەمانە سعودییەکان خۆشیان دەویستن، چونکە خۆیان بە زەلیلی پیشاندەداو ئیدیعای ئەوەیاندەکرد لە دوورگەکانی(میندناو)ی زۆرینەی موسڵمان نشینەوە هاتوون.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ئێستا کاتژمێر یانزەو نیوی شەوە، خێزانەکان هەروەك لە شەقامی (ئۆڵد پۆند)دا بن، هورووژمیان بۆ دوکانەکانی خواردن هێناوە.

"ئەمین؟ بەڵی سەردانی ئێرەی دەکرد"ئەمە کچێکی فلیپینی پێی وتم، دواتر شانەکانی جوڵاندو وتی"ئەو لەم گەڕەکەدا دەژیا، بەڵام بڕوام وایە ئێستا ئێرەی جێهێشتوەو لە شوێنێکی دیکە شت دەکڕێت".

دووەم ڕۆژ بەخت یاوەرم بوو، گەنجێکی سۆماڵی دوای ئەوەی بەڵێنی ئەوەی لێوەرگرتم کە تووشی گرفتی نەکەم، پێی وتم"عیدی ئەمین پێشتر یاریزانی بۆکسێن بووە، چەندین جار ئەو یارییەی کردوە، تەنانەت پێش سەرۆکایەتی و دوای سەرۆکایەتیشی".

ئەم گەنجە لەسەر حەقبو، بیرم دەکەوێتەوە کە من پێشتر خولیایی (ئەمین)م بۆ ئەو یارییە خوێندۆتەوە، چونکە ئەوکاتەی ساڵی ١٩٥١ کە عەریف بووە لە سوپادا توانیویەتی نازناوی کێشی قورس لەو یارییەدا لەسەر ئاستی ئۆگەندا بە دەستبهێنێت و تا ساڵی ١٩٦٠ پارێزگاری لە نازناوەکەی بکات، دواتر لە بەرامبەر کرێکارێکی ئیتالیادا بە ناوی (سیرا) کە هەرچەندە باڵای کورتتریش بوو لە (ئەمین)، نازناوەکەی دۆڕاندووە.

ساڵی ١٩٧٠ ئەو کاتەی بەهۆی کودەتایەکی سەربازییەوە، (میلتۆن ئۆبۆتی) سەرۆکی لە دەسەڵات دوورخستەوە، جارێکی دیکە (ئەمین) ڕووی کردەوە یارییەکە، کاتێکیش هەڕەشەی ئەوەی لە هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی ئۆگەندی کرد بەوەی خودی خۆی یاریزانەکان دەستنیشان دەکات، (ئەمین) چەندین یاری ئەنجامدا و بەرامبەرەکانی شکست پێهێنا.

سۆماڵییەکە زۆر ئاسایی پێی وتم "ئەگەر دەتەوێت بیدۆزیتەوە، برۆ بۆ هۆڵەکانی وەرزش، ئەوان لەوێ چاکی دەناسن".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ڕۆژی دواتر لە هوتێلەکە پێیان وتم، باشترین هۆڵەکانی وەرزش و ناوەندە تەندروستییەکان، لە هوتێلە ڕکابەرەکانی یەکتری وەك (ئەنترۆکۆنتنتاڵ، میردیان، سۆفتێل) هەن.

ئێستا کاتژمێر ٤ی عەسرە، (عەبدوللا) کە زۆر ماندوبووە، پێی وتم ئایا دەتوانێت بەجێم بهێڵێت و بڕواتە بۆ ماڵ، ئەمەم بە فرسەتزانی و وتم ئێستا کاتی ڕۆیشتنە بۆ هۆڵە وەرزشییەکان.

لە دواین هۆڵی وەرزشیدا کە مەلەوانگەیەکی تیادا بوو، هەروەها دەیشیڕوانی بەسەر ئەو شەقامە سەیر و بەرینانەی کە دار داپۆشیبوون، کەسێکی میسری کە کاری مەساجی دەکرد، پەڕاوی سەردانەکانی لەبەر خاتری من دەرهێناو وەك ئەوەی کتێبی پیرۆز لە کەنیسەدا بخاتە سەر مێزەکە، خستیە سەر مێزەکەو دوای گەڕانێك بۆی دەرکەوت، (ئەمین) سێ مانگێك بەر لە ئێستا لەوێ بووە،و وتی"ئەوە دواینجار بووە بینیبێتم".

لەو چەند ڕۆژەی دواتردا، وام لێهاتبوو هەموو مەساجکەرەکانی (جەدە)م دەناسی، و دەمزانی (ئەمین) چۆن دەژی.

پێیان وتم (ئەمین) بە ئۆتۆمبیلێکی"رانج ڕۆڤەر"ی سپییەوە دێت. لە سەرەتای ساڵەکانی مەنفاکەیەوە، ئەمین ئۆتۆمبیلێکی (کادیلاك)ی ڕەنگ شینی کراوەی هەبووە، دواتر شۆفرلێتێکی (کابریس)ی هەبووە.

(ئەمین) پێشووتریش حەزی لە گۆڕینی ئۆتۆمبیلەکان هەبووە، ئەو کاتەی لە (کامبالا) بوو، ئۆتۆمبیلێکی مازیراتی ڕەنگ سووری هەبوو، یەکێك لە ئارەزووە بچوکەکانی ئەوەش بوو، لە پێشبڕکێی ساڵانەی"ڕاڵی"دا، ئەو نیشانەی دەستپێك هەڵ بکا و دواتریش سواری ئۆتۆمبیلەکەی ببێت و بەشداربوان ڕێگەی پێشکەوتنی پێ بدەن، ئەوەش وەك ڕێزێك، ئەگەر نەڵێین وەك عاقڵییەك!.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

(ئەمین) لەسەر ئەوە ڕاهاتووە لە هوتێل"میردیان"نان بخوات و دواتر بڕوات بۆ هوتێل (سۆڤتێل) بۆ چاخواردنەوە، یاخود بە پێچەوانەوە. بە نیسبەت مەلەکردن یاخود مەساجکردنیشەوە، حەزی لە هوتێل (ئەنترۆکۆنتیننتاڵ)ە، دواتریش ڕۆژەکەی بە خواردنی قاوە لەگەڵ خێزانەکەیدا لە هوتێلێکی بچوك بەسەر دەبات کە بیانییەکان ڕووی تێ ناکەن.

(ئەمین) وەك گەڕیدەیەك، لە هۆڵەکانی پێشووازیدا ژیان بەسەر دەبات، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەو وەهمەوە بێ کە جارێکی دیکە لە توانایدایە، گەشتە تایبەتییەکەی خۆی دەست پێ بکاتەوە، یاخود ڕەنگە هوتێلەکان باشترین شوێن بن بۆ دۆزینەوەی کەسێك بۆ ئەوەی ڕۆژەکەی خۆی بە قسەکردن لەگەڵیدا بباتە سەر.

لە ساڵی ١٩٨٠وە، (عیدی ئەمین) هیچ شتێکی دیکەی ڕەسمی نەماوە ئەنجامی بدا جگە لە سەرفکردنی ئەو مووچەیەی کە حکومەتی سعودیە بە ناوی هاوکاریی ئیسلامییەوە پێی دەبەخشێت.

لە هۆڵە وەرزشییەکەی (ئەنترۆکۆنتینتاڵ)، گەنجە میسرییەکەو هاوڕێ ڕاهێنەرەکەی، بە بیرکردنەوە لە بەخشین و پێکەنینەکانی (ئەمین)ەوە وتیان"هەموو ئەوانەی لەسەر ئەو دەوترێن دەربارەی تاوان و کوشتن، درۆیەکی ڕووتن"

ئەوان وەك دوو کەسی باوەڕ بەخۆبوو کە زۆربەی جیهانیان دیوەو مەساجیان بۆ چەندین کەسی ناودار کردوە، دەڵێن"ئەوە ئەمریکییەکانن وەك پیشەی هەمیشەییان درۆ دەکەن، ئێمە (ئەمین)مان بۆ دەرکەوتوە کە جەنتڵمانێکی ڕاستەقینەیەو زیانی بۆ میشولەیەکیش نییە، ئەو پیاوێکی چاکە تا ئەو شوێنەی پرسیاری دەربارەی ژیانی وەك سەرۆکێك لێ ناکەی، چونکە حەزی لەو پرسیارانە نییە کە پەیوەندیی بە ڕابردوویەوە هەیە، کاتێکیش لەگەڵ منداڵەکانیدا بۆ ئێرە دێت، لەگەڵ هەمواندا یاری دەکات و پێ دەکەنێ".

دواتر وەك بەڵگەیەکی ئیجابی لەسەر پابەندبوونە ئەخلاقییەکانیەوە وتیان"بۆ پاراستنی ڕێکی لەشولاری، مەلەش دەکات".

ڕۆژی دواتر، لەو کاتەی کە دەڕۆیشتینە هۆڵە سەرەکییەکەی بانکێکەوە کە وێنەی پادشاو شازادەی جێنشینی تیادا بوو، کتوپڕ (عەبدوللا) وا دەردەکەوت زۆر لە حاڵەتی ئاساییتر پەستترە.

پرسی: پێم بڵێ ئێوارە چی دەکەیت؟.

وتم: بۆ زیاتر شارەزابوونی شارەکە دەڕۆمە دەرەوە، هەروەها بۆ شتکڕینیش.

وا دیار بوو وەڵامەکە ڕازی کردووە، بەڵام بەهەرحاڵ نەسیحەتێکی کردم و وتی: بەیانی هەینییە، پێم باشە لە ژوورەکەی خۆت لە هوتێلەکەت دەرنەچی، یان پرسیار بکە دەربارەی هەر بەرنامەیەك بۆ بیانییەکان هەبێ.

هەر بەڕاستییش هوتێلەکە کارێکی لەو جۆرەی ئامادەکردبوو.

فەرمانبەرەکەی پێشوازی لەهوتێلەکە ئەو کاتەی کە کلیلی ژوورەکەی پێدام، بێئەوەی چاوەڕێی هیچ ڕەتکردنەوەیەکی چاوەڕوانکراو بکا، پێی وتم: بەیانی ئێوە هەمووتان دەڕۆن بۆ کەنار دەریا.

مەبەستی ئەو لە (ئێمە)، بێباوەڕەکان بوو، واتە بیانییەکان، بەڵام بۆ کام کەنار دەریا؟ ڕەنگە ئەوەی درێژ کراوەی سەحراکە بڵێ، لەو شوێنەی کە تایبەتە بە غەیرە سعودییەکان و دەتوانیت جلی مەلەکردن لەبەربکەیت وەك ئەوەی یەکێك لە ناسراوەکانم پێی وتم.

ڕۆژی دواتر پاسێك بۆ گواستنەوەی کافرەکان لەبەردەم هوتێلەکەدا وەستا و ئێمەی گواستەوە.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

هەرچەندە من زۆر حەزم لە ڕاوەماسی بوو، بەڵام کاتەکەم بەرەو تەواو بوون دەڕۆیشت، ئامانجی دواترم هوتێل (واحە) بوو، لەو دەلیلەی کە بە ئێمە درابوو ناوی ئەو هوتێلەی تیادا نەبوو، پرسیارم کرد نەیاندەزانی، دواتر کە تاریك داهات شۆفێری تاکسییەك بۆی دۆزیمەوە.

ڕووناکییەکی سەوزی کەم هەست پێ دەکرا، لە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیلەکاندا چەندین عەلاگە زبڵ بڵاوبوبوونەوە.

نیوەی ڕووناکیی لافیتەی هوتێلەکە ئیشی نەدەکرد، ئەگەر تۆ بە دوای بێدەنگیدا بگەڕایتایە، ئەوا لە هوتێل (واحە) دەستت دەکەوت، لەناوەوە بۆنێکی ناخۆش دەهات، چەندین تابلۆی خراپی تەقلیدکراوی (ڤان کوخ) بە دیوارەکانەوە هەڵواسرا بوو.

ئەو دوو گەنجەی کە لە هۆڵی پێشووازییەکەدا بوون، پێیان وتم بەیانی بێمەوە، بەڵام من وتم لە شوێنی خۆم ناجولێیم.

دەنگێك لە نووسینگەی بەڕێوەبەرەوە هات، دواتر پێیان وتم "بەڕێوەبەر دەڵێت برۆم بۆ لای".

بەڕێوەبەرەکە پیاوێکی هیندی بوو، سمێڵەکانی بە شێوەیەکی جوان بڕیبوو، ئەنگوستیلەیەکی گەورەی لە پەنجە کردبوو، زۆر شانازیی بەو بڕوانامانەوە دەکرد کە لە هوتێلەکان و پەیمانگاکانی هوتێلەوانییەوە وەری گرتبوو، هەر بۆیە بە دیوارەکەدا هەڵیواسی بوون، پێی وتم"ئا، بەڵی، هەموو شتێك دەربارەی (عیدی ئەمین) دەزانم، ئەو یەکێکە لە باشترین میوانەکانم، پیاوێکە بۆ من مایەی خۆشییە".

وا دەردەکەوێ (عیدی ئەمین)ەی چێشتلێنەرەکەی سوپا کە دواتر پلەکەی بەرزبوویەوە بۆ ژەنەراڵ و خۆی وا وەسف دەکرد کە "تاکە سەرۆکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خودا هەبێ"، زۆر خوی بەم هوتێلە سادەیەوە گرتبێ.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

بەڕێوەبەرەکە ئەوەی بۆ گێڕامەوە کە چۆنچۆنی (ئەمین) دێتە هوتێلەکەو لەگەڵ ژن و منالّەکانیدا لەسەر قەنەفەکان دادەنیشێت، دواتر داوای چایی و کێك دەکا، هەروەك کۆبوونەوە بەڕێوە ببا، میوانەکانی دیکەش بانگهێشت دەکا.

"هەموو ڕۆژێك بۆ ئێرە دێت، هیچ ڕۆژێك نییە دوابکەوێت". بەڕێوەبەرەکە کە هێشتا باوەڕی نەدەکرد, بەردەوام بوو وتی"دوای ماوەیەکی کەم لە سەردانیکردنی بۆ ئێرە, بووینە هاوڕێ، (ئەمین) ناتوانێ بە عەرەبییەکی تەواوەتی قسە بکا، هەر بۆیە لەگەڵ مندا ئازادانە بە ئینگلیزی قسە دەکا.

جارێکیان بە جورئەتێکی گەورەوە دەربارەی ڕاستیی ئەو پڕوپاگەندانەی لەبارەیەوە دەکرێ پرسیارم کرد، ئەو هەموو چیرۆکە ترسناکە. . . کوشتنی هەزاران کەس لە نەیارانی، دەرکردنی هەزاران هیندی خاوەن دوکان لەگەڵ خێزانەکانیان. . . (ئەمین) پێکەنینێکی بەرزی کردو وتی"هاوڕێکەم، ئەمانە هەمووی درۆن بۆ ناشیرینکردنی ناوبانگەکەم، تەنانەت ئەمریکی و ئینگلیزەکانیش پێیان دەوتم شێت، چونکە من پێڵاوەکانیانم بۆیاخ نەدەکرد، ئایا بە نیسبەت تۆوە من شێتم؟"

"چۆن دەبێت مرۆڤ باوەڕی پێ نەکا؟". بەڕێوەبەرە هیندییەکە کە چاوەڕوانی وەڵامی منی دەکرد ئەو پرسیارەی لێ کردم.

بەڵام من بیرم لە هیچ وەڵامێك نەدەکردەوە! وا دەردەکەوت لە وەڵام نەدانەوەکەی من تێگەشتبێت، هەر بۆیە وتی"هاوڕێکەم، وڵاتی سعودیە شوێنی شتە شاراوەکانە، هەموو شتەکان وەها نین وەك دەردەکەون، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کاتێك هاوڵاتییان حەقیقەت ناڵێن"بە وتنی ئەم ڕوونکردنەوەیە وا دەردەکەوت زۆر دڵخۆشبێ". .

ئەم پیاوە دەیەوێت چی بڵێ؟. هیندییەکە سەرێکی گێڕا، دواتر وەك ئەوەی دیواری هوتێلەکە (کە پێویستیەکی زۆری بە بۆیاخکردن هەبوو) کۆمەڵێك نهێنی خراپی هەڵگرتبێ،

وتی"بۆ نموونە سەیری ئافرەتان بکە، هەموویان باڵا پۆشن و کەس ناتوانێ نزیك ببێتەوە لێیان، ڕاستە؟ لەگەڵ ئەوەشدا، بەم چاوی خۆمە ئەمیرەیەکی خێزانی پاشایەتیم دیوە لەبەردەم کۆمەڵێ پیاودا خۆی ڕوتکردۆتەوە و داوای لێکردون. . . . "

بە حەسرەتێکەوە لە گێڕانەوەکە بەردەوامە"کچێکی جوان، ئەوکاتەی کە جلەکانی داکەند، جلەکانی ژێرەوەی هەروەك ژنە ئەوروپییەکان ئاخیر مۆدیل بوو".

پرسیم"دواتر چی ڕوویدا؟"

بەڕێوەبەرەکە سەرێکی جوڵاند و لە ژێر لێوەوە وتی"ناتوانم. . ناتوانم"، دواتر زۆر بە خێرایی گەڕایەوە سەر بابەتی (عیدی ئەمین).

"ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانی ماڵەکەیانم لایە، سەیرە ماوەیەکە نەمدیوە، هەندێك کاتم بدەرێ بۆ ئەوەی هەندێك لێکۆڵینەوە بکەم و دواتر شوێنەکەیت پێ دەڵێم، پێویستە لەسەر ئێمەی بیانی هاوکاریی یەکتری بکەین، ڕاستە؟"

وا دەردەکەوت لە هوتێلەکەوە باسی من کرابێ، بەوەی گوایە پرسیار لەسەر کارێك دەکەم، هەر بۆیە ڕۆژێك کاتێك چاوەڕوانی تاکسییەکم دەکرد، دەرگاوانی هوتێلەکە بە نزمییەکەوە وتی"منیش ئۆگەندیم". وەستا، منیش خۆم وا دەرخست کە حاڵی نەبوم، هەر بۆیە پرسیاری ژیانی و خێزانەکەیم لێ کرد وەك غەریبەیەك، بەڵام ئەو بەم قسە پووچانە خۆشحاڵ نەبوو.

ڕاستەوخۆ ڕۆیشتمە کرۆکی باسەکەوە"چۆن عیدی ئەمین بدۆزمەوە؟".

دەرگاوانەکە یەکسەر وتی"یەکێك لە وەزیرانی دادی پێشووی لێرە لە بەشی ژمێریاری کاری دەکرد، ئێستا ڕۆیشتوە و کاری تایبەتی خۆی دەکا".

وتم حەزەکەم پەیوەندی بە (ئەمین)ەوە بکەم، لاوەکە بە سەرسوورمانێکەوە وەك ئەوەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ پادشادا هەبێ، وتی"ئەو ئێستا سەرقاڵە، هەوڵدەدەم خۆم قسەی لەگەڵدا بکەم، ئەو حەزی لەوانە نییە کە نایاننناسێت، بەڵام من و ئەمین هاوڕێی نزیکی یەکترین".

هەستم کرد (ئەمین) لێرە بە دواوە ناتوانێت لە دەستم ڕا بکا، هەر بۆیە چاوەڕێم کرد.

کاتی ئەوە هاتبوو هاونیشتیمانییانی خۆشم لەبیر نەکەم و بڕیارمدا پەیوەندییان پێوە بکەم.

تاوەکو ئێستاش لە شاری (جەدە) ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتییانی ئیتالیا نیشتەجێن، ئەوان لە ساڵانی هەفتاکان و هەشتاکانی (سەدەی ڕابردوو) یەکێك بوون لە گەورەترین کۆمەڵگا بیانییەکانی ئەو شارە کە کاریان لە دروستکردنی ڕێگاوبان و خانووەکاندا دەکرد، هەروەك هەموو ئەو ئیتالییانەی دیکە کە لە زەمانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەوە لە تەواوی جیهاندا کاریان دەکرد، لە سعودیەش ئیتالییەکان مانەوە.

لە ماڵی کونسوڵی ئیتالی، نوێنەری کۆمپانیایەکی گەورەی بارکردن لە شاری (جەدە) چەند زانیارییەکی دڵخۆشکەری پێدام.

بەپێی زانیارییەکانی ئەم پیاوە بەر لە چەند مانگێك پێش ئێستا خەریکبووە لەگەڵ (عیدی ئەمین)، ئەو پیاوەی من بۆی دەگەڕام، سەفقەیەك ببەستێت.

"ڕۆژێك، (ئەمین) زۆر بە دڵنیایی و دڵخۆشییەوە هاتە نووسینگەکەم، داوای کرد قسە لەگەڵ مندا بکا و پرسیاری ئەوەی لێ کردم کە ئایا دەتوانم چەند بارێکی بە کەشتی بۆ بنێرم؟"

وتیشی ئەمە کارێکی زۆر پێویستە و گفتوگۆکەش زۆر ئاساییە، دواتر کە ناسیم، بە ناوی خۆیەوە بانگم کرد بەڕێز (ئەمین) دەتەوێت بارەکانت بۆ کوێ بۆ بنێرم؟.

(ئەمین) وتی: باکووری ئۆگەندا، نزیك سنوری سودان، بارێکی گرنگەو مادەیەکە زوو خراپ دەبێت".

پیاوە ئیتالییەکە پاش ئەوەی لە دواین ساتەکاندا بیر لەو مەترسییە دەکاتەوە ڕەنگە تووشی ببێ ئەویش بەهۆی گومانی ئەوەی کە ڕەنگە ئەمە موئامەرەیەکی ئەفریقی بێ بۆ شەڕ، و ئامانج لێی ناردنی چەك بێ بۆ بەرهەڵستکاران و بازرگانییەکی ناشەرعیش بێ، هەر بۆیە دوای دەردانی چینێك عارەق، بە (ئەمین) دەڵێ "داوای لێبوردن دەکەم، تاوەکو ماوەیەکی دوورو درێژیش هیچ شوێنێك لە کەشتییەکانماندا نەماوە بۆ بارێکی لەو جۆرە".

کەواتە(عیدی ئەمین) هەر بە تەنها گرنگی بە مەلەوانگەکان و هۆڵە وەرزشییەکان نادا، هەرچەندە باکووری ئۆگەندا شوێنی لە دایکبوونیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ناوچەیە شوێنی جەنگی نێوان هێزەکانی سەرۆك (یوڤێری موسیڤینی) و هێزە بەرهەڵستکارەکانە کە لەلایەن حکومەتی ئیسلامیی سودانەوە پشتگیریی دەکرێن، هەر بۆیە لەوانەیە ئەمەش بە ڕەزامەندی حکومەتی سعودیەش بێ. (ئەمین) هاوکاریی بەرهەڵستکارە ئیسلامییەکان دەکات بەو هیوایەی ئەمە ببێتە هۆی گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات لە (کامبالا).

ڕەنگە ئەم نەخشەیە بەشێك بێت لەو بەرنامەیەی کە(ئەمین) هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ەوە دەستیپێکردبێ، بۆنموونە لە یەکێك لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٨١، لە تەلەفۆنێکی گشتییەوە، پەیوەندییەکی کتوپڕ بە ڕۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانییەوە دەکا (داواشیان لێدەکا پەیوەندیی پێوە بکەنەوە چونکە پارەی تەلەفۆنەکەی پێ نییە) بە ئینگلیزییەکی قەواعیدییەوە بە ڕۆژنامەکە دەڵێت"پێتان ڕادەگەیەنم کە ئێستا هێزەکانی لایەنگریی من، لە ژێر فەرماندەیی فەرماندە (نۆ_نۆ) بەرەو پێشەوە دەڕوات بۆ گرتنی (کامبالا)".

هەرگیز فەرماندە (نۆ_ نۆ) لەو شارەدا نەبینرا، بەڵام وا دیارە هێشتا دوای بیست ساڵ، ئەمین هەر هەوڵدەدا.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ئەوە هیچ مایەی سەرسووڕمان نییە (ئەمین) لە کاتی پێویستیدا پەنا بۆ ئیتالییەکان ببات، لە(جەدە) وا بڵاوە ئەو فڕۆکەیەی کە ساڵی ١٩٨٠ لە تەرابلوسەوە (ئەمین)ی هێنا بۆ سعودیە، دوای ئەوەی (موعەمەر قەزافی) مافی پەناهەندەی کاتی پێ بەخشیبوو، ئاڵای کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئیتالیی لەسەر بووە، تەنانەت بۆ چەند ساڵ دواتریش فرۆکەکە هەر لە فرۆکەخانە کۆنەکەی (جەدە) مایەوەو کۆمپانیاکە هەرگیز نەیبردەوە.

لەوانەیە فڕۆکەکە هی باڵی لایەنگری حکومەتی لیبیا بێ لە دەزگای پۆلیسی نهێنیی ئیتالیا، هەروەها لەوانەشە گواستنەوەی (ئەمین) لە تەرابلوسەوە بۆ (جەدە) شێوازێکی ئیتالی بێ بۆ قەرزدانەوەیەکی کۆنی قەزافی و قەزافیش بۆ ڕزگاربوون لە کێشەکانی ئەم کابرایە، ئەو کارەی کردبێ.

هەر کە (ئەمین)یش دەگاتە (جەدە)، حکومەتی سعودیە بە بەیاننامەیەکی ڕەسمی ڕای دەگەیەنێ، سەرۆك ئەمین بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەجی پیرۆز لە سعودیەیە، بەمەش مەلیك (فەهد)، کە چەندین مزگەوتی لە ئۆگەندا دروست کردوەو خۆشی بە تایبەتی سەردانی ئەو وڵاتەی کردوە، پەیمانەکەی خۆی بردە سەر بۆ یارمەتیدانی ئەمین لە هەرکاتێك پێویستی پێی هەبێ.

تاوەکو ئێستا ئەو سەفەرەی حەج بەردەوامیی هەیە، بەجۆرێك خەڵکی بەهۆی لە خواترسانیەوە ڕێزێکی زۆر لە (ئەمین) دەگرن. (عەبدول) کە گەنجێکی دەرمانسازی سودانییە بۆی ڕوونکردمەوە"لەوانەیە بە هەزاران کەسی کوشتبێ، تەنانەت لەوانەشە گۆشتی دوژمنەکانیشی خواردبێ، بەڵام ساتێك دێت کارێکی چاکدەکەین ئەگەر لێی خۆشبین، چونکە ئەوە هەر بە تەنها (ئەمین) نییە لە ئەفریقا کاری لەو جۆرەی کردبێ".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ئەگەر حەق بڵێین قسەکانی (عەبدول) تەواو ڕاستە، بەڵام ڕەنگە (عیدی ئەمین دادا) تاکە کەسێك بێ بە حەماسێکی بێ وێنەو نواندێکی شانۆ ئامێزانە کردارگەلێکی وەهای ئەنجام دابێ، کە لەوانەیە ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی بۆ هەموو سیاسییەکان.

هەر بۆ نموونە، لە ١٩ی تەموزی ساڵی ١٩٧٥، وێنەیەکی (ئەمین) هەیە، لەسەر تەختە دارێك کە بە بەرچاوی وەزیرانی دەرەوەی ڕێکخراوی یەکێتیی ئەفریقییەوە، چوار کرێکاری ئینگلیز خستویانەتە سەرشان و لە دواوەش پیاوێکی سویدی، چەترێکی بۆ سەرۆك گرتوە بۆ ئەوەی خۆر لێی نەدا، ئەوە گاڵتەجاڕییەکی تەواو بوو بە وێنەکانی کۆلۆنیالی کۆن.

ڕۆژی دواتر بە ئامادەبوونی هەمان خاوەن پایەبەرزەکانی پێشووتر، (ئەمین) جارێکی تر ئاهەنگی ژنهێنانی لەگەڵ ژنەکانی سازکردەوە (کە ئەو کاتە سیان بوون)، جەختیشی لەوە دەکردەوە وەك مافێکی خۆی بەو بۆنەیەوە دیاری پێ بدرێت.

(ئەمین) حەزیشی لەوە دەکرد کە بە بەرچاوی هەموانەوە سوکایەتی بە خەڵکی بکا، هەر بۆیە دوا بەدوای ئەو ڕووداوە بە ماوەیەکی کەم، کۆمەڵێك وێنەگری فەرەنسی بانگهێشت کرد بۆ وێنەگرتنی کۆبوونەوەیەکی حکومەتەکەی، لە بەرامبەر وەزیرە ترساوەکانیدا، هەروەك عەریفێکی سوپا کە کۆمەڵە سەربازێکی تازە مەشق دابدات، (ئەمین) وتارێکی درێژی بێ سەروبەرەی دا.

"ئەمە جاری سێهەمە پەیوەندی بە فلان وەزیرەوە دەکەم لە نووسینگەکەی نایدۆزمەوە، پێم دەڵێن لەوێ نییە، یاخود ڕۆیشتوە بۆ سەر کار یان شتێکی لەو بابەتە، ئەو وەزیرە لە ئێستاوە دەر کراوە، هەروەها وەزیری دەرەوەش لە گەڵیدا دەر کراوە". لەو کاتەدا یەکێك لە کامیراکان وێنەی وەزیرە بێ شانسەکە دەگرێت، کە سەری خۆی بەسەر چەند وەرەقەیەکدا شۆڕکردۆتەوەو هەموان دەزانن چی چارەنووسێکی کارەساتاوی چاوەڕێی دەکا.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

هەرگیز عیدی ئەمین بە مەهزەلە وەحشەتگەراییەکان تێری نەدەخوارد، بە جۆرێك لە یەکێك لە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا، وەزیرە تازەکەی دەرەوەی، بەهۆی خراپی ڕەفتارە جنسییەوە دەرکرد.

پاڵەوانی ئەم پەیوەندییە غەرامیەش (ئیلزابێس باگایا)ی کچی پادشای گەلی تۆرۆ بوو (کە یەکێکن لە خێڵە سەرەکییەکانی ئۆگەندا).

ئەم شازادە جوانە یەکەم ئافرەتی ئۆگەندی بوو کە ئیجازەی لە یاسادا وەرگرت، هەروەها یەکەم ئافرەتیش بوو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد یاسای خوێندو لە لەندەن پارێزەرایەتی دەکرد، ئەمە جگە لەوەی ئەکتەرو نمایشکاری جلوبەرگیش بوو بۆ گۆڤارێك.

ئیلیزابێس بۆ ماوەیەکی زۆر هاوڕێی(ئەمین) بوو (لەو کاتانەدا ئەمین چوار ژنی هەبوو، کە سیانیانی لە ڕێگای تەلەفزیۆن و بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەك تەڵاقدا).

هیچ کەسێك ئەو ماچەی (ئیلیزابێس)ی بیرناچێت کاتێك لە دوای تەواوبوونی یارییەکی بۆکسێن لە (کامبالا)، ئەمینی ماچکرد.

ئەو گەنجە نەخوێندەوارە خاوەن بازووە بە هێزەی کە لە گوندەوە هاتبوو، کاتێك ئافرەتێکی جوانی ئەرستۆکراتی کەشخە ماچیکرد، هەستی بەوەکرد وەك ئەوە وایە هەموو ئۆگەندا (جەوهەرەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا) ماچیان کردبێ.

(ئەمین) زۆر بە باوەڕەوە، ئەو شۆخەی وەك باڵوێز لە فەرەنسا دەستنیشانکرد، دواتر بۆ نەتەوەیەکگرتوەکان، دواتریش کردیە وەزیری دەرەوە لە جێگای بەخت ڕەشێکی وەك (میشێل ئۆنداگا).

ئەو سوکایەتیەی کە لە بەرچاوی هەموان ڕوبەروی (ئۆنداگا) بوویەوە، کراوەتە فلیمێکی دیکۆمێنتاری فەرەنسی، هەر بەو بۆنەیەشەوە عیدی ئەمین، لای پزیشکە تایبەتیەکەی

خۆی، کە گەنجێکی ئینگلیزییە، ئەوەی درکاندووە کە گۆشتی ئەو وەزیرەی دەرەوەی خواردوە، بەڵام وادەردەکەوێت ئەمە سوعبەتێکی باش نەبێت، چونکە مەسەلەکە زۆر بە سادەیی ئەوە بووە کە (ئۆنداگا) بە مردوویی لە ناو تیمساحەکانی دەریاچەی ڤیکتۆریادا دۆزرایەوە.

بۆ ساتێك وا دەردەکەوت، کە (ئیلیزابێسیش) هەمان چارەنووسی (ئۆنداگا)ی نابێ، بەڵام هەر چەند مانگێك دوای دەستبەکاربوونی وەك وەزیری دەرەوە، (ئەمین) هاتە سەرشاشەو بە تورەییەکەوە ڕایگەیاند"ژنە وەزیرەکەی دەرەوەمان، بە سێکسکردن لەگەڵ پیاوێکی سپی پێستدا لە فرۆکەخانەی پاریس، سەرشۆری بۆ نەتەوەکەمان هێناوە، ئەو ئیدی وەزیری دەرەوە نییە". ئیلیزابیسی نەگبەت هەڵهات بۆ کینیا، لەوێش بوو بە میوانی هاوشێوەیەکی دیکەی ئەمین، کە ئەویش (یۆمۆ کینیاتا) بوو.

جارێکی دیکە شازادە خاتون گەڕایەوە، بڕوانامەکەی و جوانیەکەی خستەوە ژێر دەستی نەیارانی ئەمین و لە ئەوروپا بوو بە وتەبێژی ئەوان، هەر کە (یوڤێری موسیڤینی)ش بوو بە سەرۆك، یەکسەر کردیە باڵوێز لە واشنتۆن، ئەمڕۆش، ئیلیزابێس لە کامبالا خەریکی کاری پارێزەرایەتیە و سەرۆکایەتی خێزانێکی (تۆرۆ)ی پادشایەتی دەکات کە ئەوانیش لەبەریەك هەڵوەشاون، شازادە هەرچەندە حەز بە باسکردنی ڕابردوو ناکا، تەنها ئەوەندە دەڵێ"لەو کاتەوەی ناسیویەتی، تێگەشتوە کە عیدی ئەمین شێتە". بەڵام یەکێك لە وەزیرانی دارایی حکومەتەکەی (ئەمین) شانسی هەبوو، کاتێك ئەم وەزیرە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرۆکی لە خاڵیبوونەوەی خەزێنەی حکومەت ئاگادار کردەوە، سەرۆك تورەبوو.

ئەمین کە(کالیگۆلا)یەکی (کالیگۆلا ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی بوو ساڵی ١٢ تا ٤١ زایینی ژیاوەو بە سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی بە ناوبانگ بوو، دواتر تیرۆرکراوە) ڕاستەقینەی ئەفریقی

بوو وتی"بۆچی ئێوەی وەزیر بۆ هەموو کارێك دێنەوە بۆ لای من و گلەیی دەکەن، ئەگەر پارەمان نەماوە، چارەسەرەکە زۆر ئاسانە: بڕۆن پارەی دیکە چاپبکەن".

وەزیرەکە سەری شۆڕکردو ژوورەکەی بە جێهێشت، دواتر هەڵهات بۆ لەندەن، بەمجۆرە ژیانی خۆی ڕزگارکرد.

هیچ کەسێك ناتوانێت (ئەمین) بە مونافیق وەسفبکات، چونکە کاتێك ئەو بە گەندەڵ تۆمەتبار دەکرا هەرگیز ئەوەی ڕەتنەدەکردەوە، بەڵکو دەیوت"ئیدارەدانی دەوڵەت وەك ئیدارەدانی کارێکی بازرگانی گەورەیە، هەر بۆیە پێویستە مووچەیەك باش بۆ خۆت ببڕیتەوە".

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵبوونی ڕاستەقینەی ئەمین بە دیپلۆماسیەتی نێودەوڵەتییەوە بوو، جارێکیان لە ڕادیۆی (کۆمبالا)وە ڕایگەیاند "هێنری کیسەنجەر، وەك باسدەکرێ ئەوەندەش زیرەك نییە، چونکە ئەو هەرگیز نەهاتووە بۆ کۆمبالا بۆ لای من بۆ ئەوەی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی پرسیارم لێبکا".

ئەو وڵاتەی کە (ئەمین) ئاواتە خوازی بوو، وڵاتی ئوسکوتلەندا بوو، چونکە لە پەنجاکانی (سەدەی ڕابردوو) ئەمین یەکێك بووە لە سەربازەکانی فیرقەی ئوسکوتلەندی لە وڵاتی کینیا.

ئەفسەرە ئوسکوتلەندییەکان هێزی جەستەیی و پێکەنینە بەرزەکەی (ئەمین) بیان خۆشەویست، لەلایەن خۆشیەوە ئەمین گاڵتە پێکردنەکانی ئەوانی بە ئینگلیز خۆشدەویست، کاتێکیش کە بوو بە سەرۆك، هاوڕێکانی لە جۆری (جان بیدڵ بۆکاسا)ی دیکتاتۆر، هێندەی تر لە خۆی بابیانکرد، هەر بۆیە ئەمین خۆی بە ئیمپراتۆری ئۆگەندا ناساند، لە دوایشدا، نازناوی (دواین پادشای ئۆسکوتلەندا)ی بۆ خۆی هەڵبژارد، و لە مەرسومێکی کۆماریدا ڕایگەیاند دەبێ بۆ پشتگیریکردنی ڕۆحی ئوسکوتلەندییە

جوداخوازەکان سرودی ئەوان لێبدرێت، هەروەها پاسەوانەکانی سەرۆکایەتی کۆماریش شۆرتی ئوسکوتلەندی لەپێبکەن.

لەوانەیە ئەمین باوکی (دژەیەکی) بێ، چونکە بە چەند کاتژمێرێکی کەم پێش ئەوەی چاوی بە(پاپا یوحەنای پۆلسی شەشەم) بکەوێ، بە جلوبەرگێکی سەربازییەوە کە هەڵگری چەندین ئەستێرەی وەهمی و چەندین مەدالیای درۆینە بوو (کە خۆی پێشکەشی خۆی کردبوون)، هەروەها بە چەندین نازناوی هاوشێوەی ناوە پادشاییەکانی بەریتانیا کە بۆ خۆی داتاشیبوون، خۆی گەیاندە ڤاتیکان.

بەڵام ئایا ئەمە ئاماژەیەکی سیاسی بوو؟ چونکە ڤاتیکان لەو کاتەدا شوێنێکی ڕەسمی بوو لەلایەن ئەرستۆکراتیەکانەوە، بەجلوبەرگی ڕەسمی و بە نازناوی جیاواز جیاوازەوە سەردانی دەکرا.

هەربۆیە قەشەی بەرپرسی پرۆتۆکۆلەکان لە دواین ساتدا (ئەمین)ی ڕازی کرد کە جلەکانی بگۆڕێت بۆ جلێکی ڕەشی هەرزانتر، چونکە ترسان لەوەی ئەمین بکەوێتە گەمەکردنەوە.

دوای بەجێهێشتنی شاری ڕۆماش، (ئەمین) سەردانی کارگەی ئۆگۆستای تایبەت بە فڕۆکەی هەلیکۆپتەری کرد و چەندەها ملیۆن دۆلاری لە کڕینی چەك و کەرەستەی سەربازیدا سەرفکرد، دواتریش بە سەردانیکردنی پێشانگایەکی بازرگانی لە شوێنە گەشتیارییەکاندا کۆتایی بە سەردانەکەی بۆ ئیتالیا هێنا. لەوێش کاتێك ڕۆژنامەنووسەکان لە دەوری کۆبوونەوە، هەموانی تووشی سەرسووڕمان کرد کاتێك وتی"من لێرەم بۆ هاندانی کەرتی گەشتیاری لە ئۆگەندا، وڵاتەکەم جوانە، هەر بۆیە خۆم، هەموو ئیتالییەکان بانگهێشت دەکەم بۆ ئەوەی سەردانی ئۆگەندا بکەن و هەر فیلێکیان دەوێت ڕاوی بکەن و هەرچی دیکەیان بوێ بە ئازادی ئەنجامی بدەن".

تەنانەت یەکەم سەردانیشی بۆ لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە تەموزی ساڵی ١٩٧١، سەمەرە بوو، لە سەرەتادا، ئەمین بە شێوەیەکەی کتوپڕ گەشتە ئەوێ و لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لە هوتێل دابەزی، لە ڕۆژی دواتر ئەوەك ئەوەی لە پرۆتۆکۆلەکەدا هاتبوو، بانگهێشتی نانخواردن کرا لەگەڵ مەلیکەو (ئیدوارد هیس)ی سەرۆك وەزیران و(ئەلیك دۆگلاس)ی وەزیری دەرەوە، کاتێك کە قاوەیان دەخواردەوە، مەلیکە پێی وت"پێمبڵێ، گەورەم سەرۆك، شەرەفی سەردانە کتوپڕەکەت بە بۆنەی چییەوەیە؟".

ئەمین بێ هیچ دوو دڵییەك وتی"هەموو هۆکاری هاتنم بۆ ئێرە ئەوەیە ئەمەوێ لێرە بازاڕ بکەم، بوونموونە لە ئۆگەندا، کەسێکی وەك جەلالەتی تۆ، زۆر بە قورس دوو تاك پێڵاوی قەبارە چلی دەستدەکەوێ".

بەهەرحاڵ، هەندێك هەبوون وا تێیانگەیاندبوو کە دەبێ لە کاتی سەردانەکانیدا بۆ وڵاتانی دیکە، دەبێت ئاڵا لەگەڵ خۆیدا ببا، هەر بۆیە ڕادیۆی کۆمبالا لە شوباتی ساڵی ١٩٧٥دا بڵاویکردەوە کە کۆشکی (پاشایەتی بەریتانی) ئەم نامەیەی لە (عیدی ئەمین)ەوە بە دەست گەشتوە:

"مەلیکەی ئازیز. . . بە نیازم لە ٤ ئابدا، سەردانێکی ڕەسمی لەندەن بکەم، بەڵام بۆیە لە ئێستاوە ئەم نامەیە دەنووسم، بۆ ئەوەی هەموو ئامادەکارییەك لە کاتی مانەوەمدا بکرێ بە جۆرێك هیچ شتێك لە بیرنەچێ، من بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگی بە خواردن دەدەم، چونکە من دەزانم ئێوە گرفتی ئابووریتان هەیە، هەروەها ئارەزوو دەکەم، سەردانی ئوسکوتلەندا و ئێرلەنداو وێڵزم بۆ ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی چاوم بە سەرکردەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بکەوێ، ئەوانەی لە دژی سەرکوتکاری ئیمپریالی تۆ خەبات دەکەن".

دوای چەند ساڵێکیش، لە کاتی ئاهەنگەکانی بیست و پێنجەمین ساڵیادی وەرگرتنی تاجی شاهانە، عیدی ئەمین ڕایگەیاند کە دەوڵەتێکی دۆست"لەوانەیە لیبیا بوبێ"، فڕۆکەیەکی

پێداوه بۆ ئەوەی"موفاجەئەیەکی بچوك"پێشکەشی مەلیکه بکا. له لەندەن پڕوپاگەندەکان وەهابوون، موفاجەئه بچوکەکەی ئەمین، ئەوه بووه ویستویەتی به پاڕاشوتیك خۆی بخاته سەر کەژاوەی شاهانه، هەر بۆیه هێزەکانی ئاسمانی پاشاییەتی خرانه ئامادەباشییەوه بۆ چاودێریکردنی هەر ڕووداوێك.

ئەمین، ئەو کاتانەی که له سەردانه ڕەسمیەکان یاخود سەردانی وڵاتاندا نەبوو، زۆر حەزی له نووسینی بروسکەکان بوو، ژمارەیەك لەو بروسکانەشی ڕۆیشتونەته مێژوی دیپلۆماسیەتەوه. بۆ نموونه له کاتی ئابروچونەکەی واتەرگێتدا، له بروسکەیەکدا بۆ (ریچارد نیکسۆن)ی سەرۆکی ئەمریکا نووسیوه"ئەگەر وڵاتەکەت له تۆ تێناگا، ئەوا وەره بۆ لای ئەو بابا ئەمینەی خۆشتی دەوێ، سەر گۆناکانت ماچ دەکەم". له خوارەوەی پەراوێزی بروسکەکەشدا نووسیویەتی"کاتێك ئارامی نەتەوه دەکەوێته مەترسییەوه، ئەوا بۆ بەدبەختی، تاکه چارەسەر ئەوەیه سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن زیندانی بکەی".

هەروەها بۆ (بریژینێف) سەرۆکی (یەکێتی سۆڤیەتی جاران) و (ماوتسی تۆنگ) ڕابەری چینی ی نووسیوه "لەم دواییەدا بیرم له یەکگرتنی سۆڤیەت و چین دەکردەوه، چونکه من نیگەرانم دەربارەیان، ئەمەوێ ئێوه به خۆشبەختی ببینم، پەیوەندییەکانتان باش نییه، ئەگەر پێویستتان به نێوەندگیر هەبوو، من له خزمەتتانام". له کاتی جەنگی تەکفیریشدا، بۆ حکومەتی ئیسرائیلی نووسیوه"فەرمانتان پێ دەکەم، تەسلیم بن".

هەروەها بۆ (کۆرت ڤالدهایم)ی (ئەفسەری پێشووی سوپا) و ئەمینداری نەتەوه یەکگرتوەکانی نووسیوه"پشتگیری خۆم بۆ کەسایەتی مێژوویی (ئەدۆڵف هیتلەر) دەردەبڕم، چونکه ئەو جەنگی بۆ یەکخستنی ئەوروپا کردوه، بەڵام تاکه هەڵەی ئەوه بووه که جەنگەکەی دۆڕاندوه".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لە بروسکەیەکی دیکەشدا بۆ ئەمینداری گشتی ڕابیتەی کۆمۆنۆڵسی بەریتانی دەڵێ: بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشی ئابووری لە ئۆگەندا، ئەوە دووپات دەکەمەوە بۆتان، کە من هەڵبژێردراوی نموونەییم بۆ سەرکردایەتیکردنی ڕابیتەکە لە بری بەریتانیا کە ئێستا بە دەست تەنگژەیەکەی ئابووری مەترسیدارەوە دەناڵێنێ.

هەر دوا بە دوای داگیرکردنی قوبرسیش لەلایەن تورکیاوە، لە بروسکەیەکدا بۆ تورکیا دەنووسێ: داوای پلانی هێرشەکەو فلیمێك لەسەر چۆنێتی داگیرکردنی قوبرس دەکەم لەلایەن سوپاکەتانەوە، چونکە ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ من سودی هەبێت بۆ ئەوەی سوپاکەم هێرش بکاتە سەر باشوری ئەفریقا.

لە کاتی ئەو مەشقە سەربازیانەشی کە بۆ خۆئامادەکردن بۆ هێرشکردنە سەر ئەفریقای باشور سازیدەکرد، ئەمین، تەپۆڵکەیەکی نزیك کۆشکەکەی ناونا (کیپ تاون) و لە ڕێگای هێرشی فرۆکەوە بۆردومانیکرد.

هەروەها وەك خۆ ئامادەکردنێکی سەربازی، بڕیاری داگیرکردنی (تەنزانیا)ی دەرکرد، هەر بۆیە سەرۆکی تەنزانیا کە ناوی (یۆلۆس نێریری) بوو، کەسێکی مارکسی قورسبو، سەرەڕای بچوکی جەستەی، داوای لە (ئەمین) کرد کە بۆ یەکەمجارو دوابنجار یارییەکی بۆکسێنی لەگەڵدا بکا، بەڵام لە نیسانی ساڵی ١٩٧٩، ئەگەر ئەو فرۆکەیە نەبوایە کە قەزافی بۆ ڕزگارکردنی ناردی، لەوانەیە (ئەمین) لەلایەن هێزەکانی سوپای تەنزانیاو بەرهەڵستکارە ئۆگەندییەکانەوە لە سێدارە بدرایە.

قەزافیش کە باوەڕی بە ئەمین هێنا بوو پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا ببچڕێ و هاوکاری ڕێکخراوە تێرۆرستە عەرەبیەکان بکا لە بەرامبەر پێدانی هاوکاری ئابووری، لە تەرابلوس، ڤێلایەکی پێبەخشی و دواتریش ناردی بۆ سعودیە.

## قسە لەگەڵ شەیتان

لەو ساتانەدا هەموو بەڵگەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە وردە وردە لە (کامبالا) بۆنی خوێن لە ئاهەنگەکانی (ئەمین) دێ.

لە سەلاجەکانی سەرۆکایەتی کۆماردا چەندین کەلە سەری نەیارەکانی دۆزرانەوە، هەروەها لە نزیك کۆشکەکەی خۆی سەربازگەیەکی بۆ لە ناوبردنی نەیارەکانی دانا، تەنانەت یەکێك لە هەرە نزیکترین ڕاوێژکارەکانی خۆی بە ناوی مەیجەر (بوب) کە بە دووەم کەسی ڕقلێبوەوە لە ئۆگەندا وەسفدەکرا و بەرپرسی لە ناوبردنی هەزاران کەسبوو، ناردە ئەوێ.

ئەمین، دەستی لە خێزانەکەی خۆشی نەپاراست، بە جۆرێك ئەو کاتەی کە (کای) خێزانی مرد، بەهۆی لە بارچونی مناڵەکەیەوە هەردوو دەست و قاچی بڕییەوەو جەستەشی کردە دوو لەتەوەو پیشانی کەسە نزیکەکانی خۆی داو وتی: ئایا ئێوە ئەوە دەبینین چی بەسەر دایکە خراپەکاندا دێت.

ئابووری ئۆگەندا بە دۆخێکی خراپدا تێدەپەڕی (ئەویش بەهۆی ئەو جەنگە ئابوورییەی کە ئەمین ڕایگەیاندبوو)، چونکە لە ساڵی ١٩٧٢، لە شەوو ڕۆژێکدا ٨٠ هەزار هیندی دەر کرد ئەویش بە بیانوی ئەوەی خەونی دیوەو خودا پێی وتووە ئەو کارە بکا. پرۆپاگەندەی ئەوەش بڵاوبو کە (ئەمین) لەگەڵ بە ناوبانگترین خێزانێکی ئاسیاویدا کە چەندەها پرۆژەی گەورەیان هەبوو لە ئەفریقا نێوانی تەواو نییە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕەتیانکردۆتەوە ژنی بدەنێ. تەنانەت سەرۆکی ئەساقیفەی (ئینجیلیەکان)یش تووشی ئەشکەنجەدان بویەوەو دواتریش کوژرا، بەڵام ڕادیۆی ڕەسمی (کامبالا) ئەوەی بڵاوکردەوە کە ئەو قەشەیە بەهۆی خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەوە گیانی لە دەستداوە.

پەیوەندییەکانی(عیدی ئەمین) بە ئیسرائیلەوە پەیوەندییەکی سەیری پڕ لە خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوە بوو. بە جۆرێك (ئەمین) ئەوکاتەی کە ئەفسەرێکی گەنجی پێگەشتوو بوو، لە (تەلئەبیب) ڕاهێنانی سەربازی بینیبوو، هەر لەوێش چارەسەری نەخۆشیەکی خۆی کردبوو.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

لەگەڵ ئەوەی دەیزانی لە ئۆگەندا خێڵێك هەیە ئاینی خۆیان گۆڕیوە بۆ جولەکە، بەڵام ئەم هات ئیسلامی هەڵبژاردو هەموو ئیسرائیلیەکانی دەرکردو بە"تاوانبار"وەسفیکردن، هەر بۆیە ڕووداوی ڕفاندی فرۆکەیەکی ئیسرائیلی کە ١٠٠ ئیسرائیلی تیادابوو لە ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن ژمارەیەك فەلەستینیەوە ڕفێنرا، و لە فرۆکەخانەی کۆمبالادا نیشتەوە، بەلای چاودێرانەوە کارێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو.

بەڵام دواتر هێزێکی سەربازی ئیسرائیلی هەڵیانکوتایە سەر فڕۆکەکەو هەموو ڕفێنەرەکانیان کوشت جگە لە ئافرەتێك نەبێ بە ناوی (دۆرا بلوتچ) کە بە بریندار ڕەوانەی نەخۆشخانەیەك لە کۆمبالا کرا، بەڵام (دۆرا) هەرگیز نەگەڕایەوە بۆ ماڵ خۆیان، ئەویش بو بە یەکێك لە قوربانیانی ڕووداوی هاتوچۆ!

لە سەردەمی (ئەمین)دا لانیکەم ٣٠ هەزار هاوڵاتی کوژران.

ئەوکاتەی من لە(جەدە) بوم، دەمویست پەیوەندی بە بەڕێوەبەری هوتێل (واحە)ی هیندییەوە بکەم کە بەڵێنیدا بوو هاوکاریم بکا، هەرگیز لە نووسینگەکەی خۆی نەمبینی، هەروەك چۆن وەزیرە پێشووەکەی (ئەمین)یش دیار نەما، ژمارە تەلەفۆنەکەی (ئەمین)یش کە دەرگاوانەکە پێیدام، هەرگیز کەسێك وەڵامی نەدایەوە.

دەرگاوانەکە وتی: لەوانەیە مۆڵەت بێ.

وتم: مۆڵەتی چی؟ لە کوێ؟.

وتی: نازانم.

دەرگاوانەکە پێشنیارێکی دیکەی بۆ کردم"ئەزانی پێویستە بڕۆی لە کوێ بیبینی؟ لەوێ بە دڵنیاییەوە دەیبینی؟".

وتم"نازانم، هەر لەبەرئەمەشە بۆ وەزیرەکە دەگەڕێم".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

بە چاوێکی خەواڵووەوە کە لای سەیر بوو شتێکی سادەی وا نازانم وتی"ئەمین چەندین کاتژمێر لە فڕۆکەخانە بەسەر دەبا، ئەوە ئەو شوێنەیە کە پێویستە بڕۆی بۆی".

ئەم پێشنیارە وەك ئەوە وابوو زللەیەکم لێبدرێ.

_ ئایا دەیەوێ هەڵبێ؟.

_ نەخێر، بەڵام جەنەڕاڵی پێشوو خودی خۆی سەرپەرشتی گومرگ کردنی ناردنی ئەو خواردنانە دەکات کە نزیکەکانی خۆیەوە لە باکووری ئۆگەنداوە بۆی دەنێرن.

دەرگاوانەکە وەك چێشتلێنەرێکی شارەزا چەندین جۆر خواردنی بۆ ژماردم کە بۆ (ئەمین) دێت. ئەم شارەزایەی بواری خواردن بەم دێڕە کۆتایی پێهێنا"سەرۆك زۆر حەزی لە گۆشتی بزنی برژاوە، دەتوانێ زۆرترین گۆشت بخوا".

لە فڕۆکەخانە ئەو زانیارییانەم پشتڕاستکردەوە، بەڵێ، زۆربەی جارەکان (ئەمین) دێ بۆ ئێرە، بەڵام ئەمڕۆ کەس نەیدیوە.

ئەم وشەیەی کۆتایی تێکیشکاندم.

یەکێك لە کوڕەکانی(ئەمین) لە یەکێك لە کۆلیژەکانی (بۆستن) یاری باسکە دەکا، دوو کوڕی دیکەشی لە ئۆگەندا یەکێتی باسکەی ئەو وڵاتە بەڕێوە دەبەن، (مادینا)ی ژنیشی، دوای ئەوەی سەرۆك (مۆسیڤینی) تەواوی ماڵ و زەوییەکانی بۆ گێڕایەوە، گەڕاوەتەوە بۆ (کامبالا)، کوڕێکی دیکەشی ئامادەکاری بە ناوبانگترین بەرنامەی ڕادیۆییە لە ئۆگەندا.

ئەم بەرنامە ڕادیۆییە ئەگەر لە سەردەمی (ئەمین)دا پێشکەشبکرایە، ڕاستەوخۆ ئامادەکارەکەی لە سێدارە دەدرا.

دەرچونی بڕیاری لێبوردنیش بۆ (ئەمین) شتێکی دوور نییە، چونکە (چابا کاروانگا)ی سەرۆکی حزبی کۆنگرەی نیشتیمانی دیموکراسی، دەیەوێت بە ناوی (ئاشتەوایی نیشتیمانی)یەوە لە (ئەمین) خۆشبێ.

بەڵام هۆکارێکی سەرەکی دیکە هەیە بۆ ئەمە. "لە مەنفاکەیانەوە، (ئەمین) و (ئۆبۆتی) هاوکاری جەنگە ناوخۆییەکان دەکەن کە دەبنە هۆی دابەشکردنی وڵات، بەڵام ئەگەر ئێمە بیانگەڕێنینەوەو لێیانخۆشبین، ئەوا بە ئاسانی زاڵ دەبین بە سەریاندا".

لە راستییشدا ئاماژەکردن بە پشتگیریکردنی جەنگە ناوخۆییەکان، ئاماژەکردنێك بوو بۆ کوڕەکەی (ئەمین) کە ناوی (تابان ئەمین)ەو ناسراو بوو بە (شەریف) کە چەندین ساڵە لە وڵاتی کۆنگۆ (تا ساڵی ١٩٩٧ ئەم وڵاتە ناوی زائیر بوو) دەژی، ئەو وڵاتەی کە ناوەندی سەرپەرشتیکردنی هەموو جەنگەکانی ئەفریقا بوو.

(شەریف) سەرپەرشتی سوپایەکی بچوکی مورتەزەقەی دەکرد، ئەم سوپایە لە هەرکوێ بوایە دەیتوانی شەڕی سوپای ئۆگەندی بکا.

لە ڕابووردودا کاتێك ئۆگەندا پشتگیری (جۆزیف کابیلا)ی دەکردو دژی (مۆبۆتۆ) بوو، کوڕەکەی ئەمین هاوکاری (مۆبۆتۆ)ی هاوڕێ باوکی دەکرد، بەڵام دواتر کاتێك (کابێلا) گەشتە دەسەڵات لە وڵاتی کۆنگۆو لەگەڵ ئۆگەندا تێکچوو، (تابان ئەمین) هەڵوێستەکانی خۆی گۆڕی و کەوتە پشتگیریکردنی (کابێلا).

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٨، شەریف (تابان ئەمین) ناچاربوو بکشێتەوە بۆ دواین سەربازگەی خۆی لە شاری (کیندۆ) کە یەکێك بوو لەو شارە کەمانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی (کۆنگۆ)دا بوو، کاتێکیش ئۆگەندییەکان ئەو شارەیان گرت، بە تەواوەتی وێرانیانکرد.

### قسه لەگەڵ شەیتان

کوڕەکەی (ئەمین) پاشەکشەی بۆ شوێنێکی دوورە دەستی ناو جەنگەڵەکان کرد، لەوێوە سەرپەرشتی هاوپەیمانیەتیەکی دەکرد کە پێکهاتبوو لە میلیشیا سودانیەکان (سودان وڵاتێکی موسڵمانەو ڕقی لە ئۆگەندایە) و چەکدارەکانی خێڵی (هۆتۆ) کە بەرپرسبوون لە قەتڵوعامەکانی گەلی توتسی لە (رواندا)، هەروەها لە ژمارەیەك شۆڕشگێڕی دیکەی نەناسراو بە ناوی بەرەی (کەنارەکانی نیلی ڕۆژئاوا) کە لەلایەن وەزیری پێشووی دەرەوەی حکومەتەکەی (ئەمین)ەوە بە ناوی (جۆما ئۆریس)ەوە سەرپەرشتی دەکرا.

ئێستا هەموو شتەکان بۆ من ڕوون و ئاشکران: ئەو شتانەی کە (ئەمین) دەیویست لە ڕێگای کەشتییە ئیتالییەکانەوە بینێرێتەوە بۆ ئۆگەندا، مۆز نەبوو، بەڵکو چەکبوون و بۆ کوڕەکەی دەنارد.

من لە ساتەوەختی خۆئامادەکردن بووم بۆ جێهشتنی(جەدە)و بەڕێکەوتن بەرەو پاڵاوگەکانی نەوت لە (جوبەیل).

(عەبدوڵڵا)ی هاوکارم دیارنەماوە. ڕۆیشتم بۆ ماڵئاواییکردن لە دەرگاوانەکە بەڵام ئەو وتی"ئایا ئێستا دەڕۆی کە ئێمە سەرۆکمان دۆزیوەتەوە؟".

_ ئێوە؟

_ مەبەستم لە من و باوکمە، وەزیرەکەی پێشوو.

ڕوخساری گەنجەکە سەرلێتێکچونەکانی منی لە بەستنەوەی قسەکانی بە یەکترییەوە دەخوێندەوە، هەر بۆیە وتی"عیدی ئەمین بۆ ماوەیەك ڕۆیشتوە بۆ مەکە، لە خانوویەکدایە کە هی کەسێکی سەر بە بنەماڵەی پادشایەتییە".

مەکە شارێکە کە (کافرەکان) بۆیان نییە تێیبچن، ئەوە گومانی تیادا نییە یان (ئەمین) لە من دەشارنەوە، یاخود لەو کەشتیانەی دەڕواتەوە بۆ ئەفریقا. نێچیرەکەم هەڵهات و (بیگ دادی)یش بردیەوە.

_ نیگەران مەبە، ژمارە تەلەفۆنەکەیم لایە، با بڕۆین و تەلەفۆنی بۆ بکەین. دەرگاوانەکەی ئەمەی وت!.

دوای دوو کاتژمێر لە تەلەفۆنێکی گشتییەوە، عیدی ئەمین بە دەنگێکی پێکەنیناوی و بەهێزەوە وتی"دەمزانی تۆ بە دوای مندا دەگەڕێی، بەڵام دەمویست یەکەمجار لەوە دڵنیاببمەوە کە تۆ سیخوڕ نیت. تۆ دەتەوێ چی بزانی؟ چونکە من ئێستا هیچ گرنگیەك بە سیاسەت نادەم".

"سەرۆکی بەڕێز، ژیانت لێرە چۆنە؟"

"ژیانم باشە، بە دڵنیاییەوە باشە، من موسڵمانێکی چاکم و ئەم چەند ڕۆژە تەنها گرنگی بە ئیسلام دەدەم، منالەکانم هەموویان گەنجن و (جەدە) یان بە جێهێشتوە، بەم دواییە دووان لە کوڕەکانم ڕەوانەی زانکۆ کردوە لە ئەمریکا، کچێکی بچوکیشم هەیە بە ناوی (ئیمان) و ژنێکی گەنجیش، بەڵام من ئێستا خۆم تەرخانکردوە بۆ ئاین. قورئان لە بەر دەکەم، ئۆرگۆنیش دەژەنم، بۆ ڕاوەماسی و مەلەکردنیش دەڕۆمە سەیرانگایەك لە نزیك سنوری یەمەن، ماسی ئەوێ زۆر خۆشە، باوەڕم پێبکە، ژیانێکی زۆر بێدەنگ دەژیم".

"بیری چی دەکەی، سەرۆك؟".

"بیری خواردنی ئۆگەندی، و هەروەها بیری هاوڕێکانیشم، ئەو کاتەی سەرۆك بوم، شەوان لەگەڵ هاوڕێکانمدا، یاریزانانی بۆکسێن، یاخود گەنجەکانی هەڵبژاردەی نیشتیمانی بۆ تۆپی

پێ، حەزم لەوە بوو وەك هەموو خەڵكانی دی بڕۆم بۆ سەما، من لە بنەڕەتدا پاڵەوانی بۆكسێن بوم، وەك دەزانی، وەرزشەوان بووم".

"ئاگاداری ڕووداوە سیاسییەكانی؟ ئایا ئێستاش هەر ڕەخنە لە بەریتانیاو ئەمریكا دەگری؟".

"ئێستا ئەم شتانە بوونەتە مێژوو، بە مانای ئەوەی ئەمانە لە ڕابووردودا بووە، چاودێری هەواڵە جیهانیەكان دەكەم، بەڵام من نامەوێ مێشكم بە كاروباری زلهێزەكانەوە مەشغوڵبكەم، لە ماڵەكەم لە (جەدە) پێنج ئامێری سەتەلایتم هەیە، ئەوە كارێكی هونەری ناوازەیە، تەماشای بەرنامە تەلەفزیۆنیەكانی هەموو جیهان دەكەم، بە چەندین زمانیش قسە دەكەم، لە نێویاندا زمانی كۆنگۆیی، چونكە كاتێك ئەفسەرێكی گەنجبوم سەركردەی فیرقەیەكی سەربازی سەر بە (مۆبۆتۆ) بووم، پێویستە تەلەفۆنەكە دابخەم، حكومەت نایەوێ قسە بۆ ڕۆژنامەكان بكەم، من میوانێكم لێرەو هیچی تر".

"ئەی دەربارەی ئۆگەندای ئێستا چیدەڵێی؟ ئەی دەربارەی (مۆسیڤینی)؟".

"پێی دەڵێم دەستهەڵبگرێ لە لەكەداركردنی ناوبانگم، دوعائەكەم و نوێژ ئەكەم بۆ خوای گەورە كە تووشی بەڵایەك ببێ، هەروەها هیواخوازم دەست لە هێرشكردنە سەر كۆنگۆ هەڵبگرێ و دەست لەوە هەڵبگرێ كە ئیدی ئەفریقییەكان یەكتری بكوژن".

"ئایا هەست بە پەشیمانی دەكەی؟".

"نەخێر، تەنها هەست بە یادكردنەوە دەكەم".

"هی چی؟".

## قسه لەگەڵ شەیتان

"یادکردنەوەی ئەوکاتانەی ئەفسەربوم و دژ بە (ماو_ماو) لە کینیا دەجەنگام و هەموان ڕێزیان دەگرتم، هەروەك گایەك بەهێزبوم. من سەربازێکی چاکبوم لە سوپای بەریتانیدا، ئەو ترسەم لە بیرە کە (ماو_ماو) دروستی کرد بوو.

لە خێزانێکی زۆر برسی لە دایکبوم، هەر بۆیە لەبەر برسێتی هەڵهاتم و بە خۆبەخش بومە سەرباز. فەرماندەکانم ئوسکوتلەندی بوون و خۆشیان ویستم، وەك دەزانی ئوسکوتلەندییەکان نایابن".

گۆرانیەکی کۆنی تیپی (مانهاتن ترانسفێر) هەیە بە ناوی (داوا کراوە: بە مردویی یا بە زیندویی)، و لەلایەن (سلینگەر فرانسیسکۆ)ەوە، وتراوەو تایبەتە بە ڕوخانی دیکتاتۆرەکان لە ساڵی ١٩٧٩دا، لە بەشێکی گۆرانیەکەدا هاتوە:

دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان

لە ساڵی ١٩٧٩ دا یەکە یەکە دەڕوخێ

هەر لە ئۆگەنداوە تاوەکو نیکاراگۆ. . . .

ئێستا ئەوان هەریەکەیان

بە سەر شۆڕی لە مەنفاکانی خۆیاندا دەژین

(گایری) پیاوێکی داوا کراوە

(عیدی ئەمین) پیاوێکی داوا کراوە

شای ئێرانیش زۆر هەوڵی ڕزگاربوونی دا

ئەویش ئێستا داوا کراوە

بە زیندویی بێ، یا بەمردویی. . .

**قسه لەگەڵ شەیتان**

دوای هەفتەیەك و لە كاتی گەڕانەوەم بۆ (جەدە)، دەرگاوانەكە بە زەردەخەنەیەكی پانەوە بە خێرهاتنی كردم و وتی"سەرۆك ئەمین لە شارە، بەڵام ئەو كاتێكی درێژی نییە، لەوانەیە ئەمشەو بتوانێ تۆ ببینێ، دەتبەم بۆ لای".

(ئەمین) لە نهۆمی دوهەمی ڤێلایەكی سپیدا كە بە تەنیشتیەوە چەندەها ڤێلای سپی دیكە هەبوون، چاوەڕوانم بوو.

پیاوێكی زلە كە چاكەتێكی درێژی لەبەردا بوو، بە قایشێكیش ناوقەدی بەستبو.

چاوە كراوەكانی هیچ نەگۆڕابوو، دەتوت خەریكە دێنە دەرەوە، هەروەك وێنەكانی پێشووی كە بە جلی سەربازییەوە گرتبوونی.

بەڵام ئەو (عیدی ئەمین دادا) یەی كە خۆی وا دەردەخست ئیمپراتۆرییەتی بەریتانی لەناو دەبات، ئێستا تەنیا دەیەوێت دواین یاری خۆیم پێ پیشانبدا، ئەویش ئەوەیە كە تەلەفزیۆنەكە سەتەلایەتی لەگەڵدایە !

دەستەكانی بەهۆی هەڵچونەوە دەلەرزن، دەنگە بە ناوبانگەكەشی هەروەك بیست ساڵێ لەمەوبەر بە كزی بەرزدەكاتەوە، وەك ئەو كاتەی كە لە نمایشێكی سەربازیدا بانگەشەی ئەوەی دەكرد ئیسرائیل داگیردەكات، بەڵام ئامانجی ڕاستەقینەی ڕاكێشانی سۆزی جیهانی ئیسلامی و بردنەوەی دڵی ئەوانبوو.

"ویستم ئەوەت بۆ بسەلمێنم كە من بەپشتی خوا (سەری بەرز دەكاتەوە بۆ ئاسمان وەك موسڵمانێك) كە دانەبڕوام لە جیهان هەروەك ڕۆژنامە ئۆگەندییەكان بانگەشەی بۆ دەكەن، تاوەكو ئێستا هاوڕێی زۆرم هەیە، و بەردەوام سەیری هەواڵەكان دەكەم، تاوەكو ئێستاش لە ژیاندا شارەزاییم ماوە".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

بە بەراورد بە زلیبیەکەی (ئەمین)، پانی شاشەی تەلەفزیۆنەکە باشە. ئەم عەریفەی پێشوو بە کۆنترۆڵێك لە دوورەوە بە شێتێتیەکی تەواوەوە کەناڵەکانی دەگۆڕی: بی بی سی، تەلەفزیۆنی لیبی، تەلەفزیۆنی سعودی، ئەم وشانەشی وا دەتوت وەك ئەوەی ئایەتەکانی قورئان بخوێنێ.

دواتر داوای لێبوردنی کرد و ڕوونیکردەوە کە پێویستە بڕوات، چونکە وادەیەکی گرنگی هەیە، پێشیوتم"لەوانەیە جاری داهاتوو هاتیتەوە بۆ (جەدە) قسە بکەین".

دەرگاوانەکە ئاماژەی بۆ کردم کاتی ڕۆیشتنم هاتوە، سەیرم کرد ئۆتۆمبیلێکی کادیلاکی سپی لە گەراجەکەوە هاتە دەر، گوێم لە منداڵێکیش بوو لە یەکێك لە ژوورەکانەوە دەگریا.

(مانهاتن ترانسفێر)ی گۆرانیبێژ بە هەڵەدا چووە، ڕاستە (ئەمین) پیاوێکی داوا کراوە، بەڵام ئەو هەستناکا مانەوەی لە ژیاندا قورسبێت.

(عیدی ئەمین) بەسەر نموونە باڵاکەی خۆشیدا سەرکەوت، کە ئەویش (جان بیدڵ بۆکاسا)ی سەرۆکی ئەفریقای ناوەڕاست بوو، بۆکاساش سەربازێکی ئەفریقی هەژاربوو، کە دواتر پلە سەربازییە کۆلۆنیالیەکانی هەموو بڕی تاوەکو بوو بە سەرۆك و دیکتاتۆری وڵاتەکەی خۆی.

ئەو دووانە بەوە تۆمەتباردەکرێن کە هەردوکیان گۆشتی مرۆڤیان خواردوە، هەردوکیشیان بۆ ڕازیکردنی (موعەمەر قەزافی) و وەرگرتنی پارەی پترۆ دۆلارەکانی، هاتنەوە بۆ لای ئیسلام.

(بۆکاسا) و (ئەمین) زۆر لە یەکدەچوون بۆ ئەوەی ببنە هاوڕێی یەکتری، بەڵام زۆر بە دەگمەن یەکتریان دەبینی.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

کەچی مێژوو ویستی وابوو هەردوو ئیمپراتۆرییەتە ترسناکەکەیان لە یەك ساڵدا کۆتایی پێبێ: کە ئەویش ساڵی ١٩٧٩ بوو، بە یەك ڕێگاش: بە هێرشی سەربازی لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە، فەرەنسا لە حاڵەتی بۆکاسا و تەنزانیاش لە حاڵەتی عیدی ئەمین.

ئەو دووانە هەردوکیان ئارەزووی ئافرەت، و مەدالیای درۆینەو ژیانی سوپا، و لەوانەشە گۆشتی مرۆڤییان کردبێ.

هەردوکیان ساڵی ١٩٧٩ هەڵهاتن، ئەو ساڵەی کە شای ئێرانیش لە تاران هەڵهات، ئەو ساڵە ساڵێکی خراپبوو بۆ دیکتاتۆرەکان.

بەڵام ئەمین و بۆکاسا دوو چارەنووسی جیاوازییان هەبوو.

ئەو کاتەی ساڵی ١٩٨٠ حوکمی لەسێدارەدان (بە غیابی) بەسەر (بۆکاسا)دا درا، (ئەمین) بە سەلامەتی گەشتە (جەدە),و لەلایەن ژمارەیەکی زۆری بنەماڵەی پاشایەتییەوە پێشووازییەکی گەرمی لێکرا.

بە پێچەوانەی (بۆکاسا)ی ئەفسەرە فەرەنسیەکەوە کە لە سەرکردە ئیستعمارییەکانی هەڵگەڕایەوە، (بیگ دادی) کۆمبالا، کاتێك کەوت، (بیگ داد) یەکی دیکە هەبوو کە لە خۆی بگرێت.

یاریزانە کۆنەکەی بۆکسێن کەوت، بەڵام بەبێ لێدانی یەکلایکەرەوە.



# بـۆکـاسـا

جان بیدل بۆکاسا. . .

- ساڵی ١٩٢١ لە دایکبووە.

- خەڵکی وڵاتی ئەفریقای ناوەڕاستە، و بە بۆکاسای یەکەم و سەلاحەدین ئەحمەد بۆکاساش بە ناوبانگە.

- لە ساڵی ١٩٦٦ بووەتە حاکمی سەربازی ئەو وڵاتەو دواتریش لە ٤ دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٦ەوە بووەتە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی ئەفریقای ناوەڕاست.

- لە ٢٠ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٧٩ لە دەسەڵات دوورخراوەتەوە.

- لە ٦ نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٩٦، لە وڵاتەکەی خۆی مردووە.

لە ژوورەکەداو بە دیوارە سپییەکەی بەرامبەرەوە، دواین شتێك کە لە یادەوەری ئیمپراتۆرییەتەکەی مابێتەوە: تاجێکی ئاڵتونی ڕووپۆشکراو بە مەخمەڵی سوورو زرێپۆشێکە.

"ئەوە دەبینی؟". ژەنەڕاڵ بێئەوەی لە شوێنی خۆی بجوڵێ، بە گۆچانەکەی دەستی ئاماژەی بۆ دیوارەکەی بەرامبەر کرد.

گۆچانەکە هەمان گۆچانە بە ناوبانگەکەی دادگەری بوو کە ساڵی ١٩٧٧ بەکاریهێنا بۆ لێدانی (مایکڵ گۆڵد)ی ڕۆژنامەنووس.

"زرێپۆشەکە هی سەدەکانی ناوەڕاستەو لە ئیسپانیاوە هاتوە، ئەوە دیاری ژەنەراڵ (فرانکۆ) یە بە بۆنەی تاج لەسەر نانمەوە، لەو ئاهەنگەدا گەورەترین سەرکردەکانی جیهان بەشداربوون، بۆ یەکەمجاریش ئەو سەرکردانە لە بەردەم ئیمپراتۆرێکی ئەفریقیدا سەریان دانەواند، بەڵێ".

لە ڕوخساریدا زەردەخەنەیەك وەك ئەوەی لە حاڵەتی سەرکەوتندا بێ، بەدیدەکرا و بەردەوام بوو"لێرە لە (بانگی) دەبوو هەریەك لەو سەرکردانە دیارییەکی جوانم بۆ بهێنن".

لە قسەکردن وەستا و سەیرێکی کردم: چاوەکانی وەك چاوانی منداڵێك وەهابوو، کە یەکەم بەیانی بێت لە دایك ببێ. سەری خۆم جوڵاندو وا خۆم دەرخست کە خەریکی نووسینەوەی تێبینیبم.

سەرەڕای ئەوەی بەشدارینەکردنم لە خۆشیەکەیدا، تێکیشکاند، بەڵام (جان بیدڵ بۆکاسا) بەردەوامبوو لە قسەکردن و وتی"چیتر من ئەو کەسەی جاران نیم، ئەو کەسەی کە هەمیشە

دیاریم دەبەخشی: ئەڵماس، عاج، ئافرەت. . . سەرکردەی وڵاتان ڕێزی منیان دەگرت چونکە من ئیمپراتۆربوم".

جارێکی دیکەش بە سەری گۆچانە عاجیەکەی، ئاماژەی بە قەڵغانە هەڵواسراوەکە کرد، وەك ئەوەی ئەم پاشماوە کۆنەی (کە چەندین مێشولە بەهۆی گەرماوە بە سەریدا پانبوبوونەوە) بەڵگەیەك بێ بۆ شکۆی ئیمپراتۆریەتەکەی.

بەڵام سەیرترین ئاهەنگی تاج لەسەرنان لە مێژوی تازەدا وەك ئەوەی بۆکاسا بیری دەکەوێتەوە وا بەڕێوە نەچوو.

لەو ڕۆژەدا، ڕۆژی ٤ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧، ئەوانەی کە نەهاتبوون، زۆر لە ئامادەبوانی کۆشکی وەرزشی (جان بیدل بۆکاسا) کە دەکەوتە شەقامی (بۆکاسا)ی نزیك زانکۆی (بۆکاسا)، پایە یان بەرزتبوو.

ئەو ئاهەنگە یەکەم ئاهەنگیش نەبوو، کە (جیهانی پێشکەوتوخوان) لەبەرامبەر ئیمپراتۆرێکی ئەفریقیدا کڕنوش ببا. چونکە لەکاتی تاج لەسەرنانی (هیلا سیلاسی) لە ساڵی ١٩٣٠دا، لەو کاتەی کە ئاهەنگەکان لە بەرزاییەکانی (ئەدیس ئابابا– ئەسیوبیا) بەڕێوە دەچوو وە سێ ڕۆژیان خایاند، هەموو زلهێزەکانی جیهان لە ئاستی وەفدی پایەبەرزو لە ئاستی نەوەی خێزانی شاهانەدا، سەرەڕای ناخۆشی ڕێگاکەش، بەشدارییانکرد.

لە لەندەنەوە براکەی (ئیدواردی هەشتەم) بە هاوەڵی (جۆرجی شەشەم) هاتن، شازادە (یۆجینۆی دی ساڤوا)ش لە ڕۆماوە، تەنانەت نوێنەرەکانی مۆسکۆو واشنتۆنیش هاتن.

لە بەرامبەردا، ئاهەنگی تاج لەسەرنانەکەی بۆکاسای یەکەم شانسی گرنگیپێدانی ئۆتۆکراتیەکانی لەو جۆرەی نەبوو.

بۆ نموونە ژەنەراڵ (فرانکۆ) نەهات و تەنها قەڵغانە ئیسپانیەکەی بە کەشتییەکدا نارد. هەرچەندە ئەوان یەکەم داوەتکراوبوون و بۆکاسا بە هاوشانی خۆی دەزانین، کەچی (هیرۆ هیتۆ)ی ئیمپراتۆری ژاپۆنی و (رەزا پەهلەوی)ی شای ئێرانیش نەهاتن.

ناوی (هێلا سیسی) لە لیستی داوەتکراواندا نەدەبینرا، چونکە ئەو بەر لە دوو ساڵ لەلایەن ئەفسەرێکی گەنج بە ناوی (مەنگیستۆ هایل)ەو خنکێنرابوو.

کۆنت (ئیمانۆێل)ی نزیکی ئەمیری (لیختنشتاین) و (مۆریشیۆس سیفۆساگوار)ی سەرۆك وەزیران لە نێوان پێنج سەد کەسە پایە بڵندەکان بوون.

بەڵام (عیدی ئەمین) ی سەرۆکی ئۆگەنداو (مۆبۆتۆ سیسیکۆ) ی سەرۆکی زائیرو (عومەر بۆنگۆ) ی سەرۆکی گابۆن، هەرچەندە لە هاوڕێ دێرینەکانی بۆکاسا بوون، بەڵام خۆیان ماندوونەکردو نەهاتن.

(عیدی ئەمین) بە بیانوی ئەوەی لەوانەیە هێزەکانی ئیسرائیل بیرفێنن ئەویش دوای ڕووداوی ڕفاندنی فڕۆکە ئیسرائیلیەکە، و لە هەمانکاتیشدا بەهۆی سەرقاڵی بە نەخشەدانان بۆ داگیرکردنی ئەفریقای باشور چونکە لەلایەن سپی پێستەکانەوە حوکم دەکرا، ئامادەی ئاهەنگەکە نەبوو.

دواتر، پاش پشکنینێکی ورد، دەرکەوت، کە زۆربەی دیارییە گرانبەهاکان (لەوانەشە زرێپۆشە ئیسپانیەکەشی تیادا بێ) کۆنن و بێ بەهان.

رەنگە هەر بە تەنها فەرەنسا (رەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان جیهان هۆکاری ئەوە بزانێ) لە بەرامبەر بۆکاسادا بەخشندە بووبێ، ئەویش بەوەی ٢٢ ملیۆن دۆلاری بە قەرز بەخشی بۆ کڕینی جلوبەرگی ئاهەنگ بۆ هەزاران میوان، جگە لە بەخشینی عەرشێکی شێوە پڵنگی ناپلیۆنی بە بەرزی سێ مەترو نیوو پانی پێنج مەتر، هەروەها عەرەبانەیەکی ڕوپۆشکراو بە

ئاڵتون کە ٨ ئەسپ ڕایدەکێشاو لە بەلجیکا ڕاهێنانیان پێکرابوو، تاجێکیش کە ئەڵماسی تیادابوو وە لەلایەن زەرەنگەرێکی فەرەنسیەوە دروستکرابو.

هەروەها چەندین تابلۆی بە ناوبانگ هێنرا بوو لەگەڵ چڕینی مۆسیقایەك (بە ئاوازی سەربازی ئیمپراتۆری و ڤالسی ئیمپراتۆری) کە لەلایەن ئاواز دانەرێکی فەرەنسیەوە دانرابوو، لەگەڵ ٢٨ هەزار شوشە شەراب و ٦٠ ئۆتۆمبیلی مارسیدس کە لە ئەڵمانیەوە بۆ کامیرۆن هێنرابوون و دواتریش بە ئاسمانی دارستانەکاندا گەیەنرابوونە ئاهەنگەکە، ئەمە جگە لە تیپێکی سوپایی کە جلوبەرگەکانیان وەك سەردەمی سەدەی نۆزدە وابوو هاوشانی عەرەبانەکە دەڕۆیشتن.

چاوەکانی (بۆکاسا) گریان دەکردەوە کاتێك گوێی لە لیستی دیارییە ئەوروپییەکان دەبوو کە بە شێوەیەکی نائاسایی بۆ ناو دڵی ئەفریقاو بۆ ئەو نێردرابوون.

ئەم دیارییانە شتێکی سەیربوون و هەرگیز ئەو شارە شتێکی وای بەخۆوە نەدیبوو، چونکە هێشتا بۆنی دوکەڵ لە هەر چوار لای گوندە ئەفریقییەکەوە دەهات.

"هەموو ئەوانە ڕاستن، بەڵام ئایا هیچ شتێك لەمەدا هەیە؟". پرسیاری لێکردم.

دەنگە کزەکەی تۆنێکی توندی بە خۆیەوە بینی و توند سەری گۆچانەکەی گرت. "ئەمە کەمترین شتێك بووە کە فەرەنسییەکان بۆ سەربازێکی بکەن کە خزمەتی کردوون و جەنگی بۆ کردوون، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو دیارییەی کە سیاسییەکانیان وەریانگرتوە کاتێك من بوومەتە سەرۆك.

من کوڕی پادشا بووم، هەر بۆیە بڕوام وابوو لە ئاهەنگێکی گەورەدا تاج لەسەر دەنێم، ئامانجی سەرەکی من لە ئاهەنگێکی وەها ئەوەبوو هەیبەتێك بە وڵاتەکەم ببەخشم لە جیهاندا، حکومەتی ئەفریقای ناوەڕاست یەك (فرەنك)ی نەبەخشی، ئەوەی من کردم هەر

ئەوە بوو کە هەر پادشایەکی دیکەی ئەفریقی دەیکرد، ئەگەر (مۆبۆتۆ)و (ئەمین) ئەوەیان هەڵبژارد کە ئامادەی ئاهەنگەکەم نەبوون، ئەوە بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەوان ئیرەیان بەوە دەبرد کە من بوومەتە ئیمپراتۆری ئەفریقا، ئیرەیان لە فیکرەکەی من دەبرد".

کتوپڕ بێدەنگبوو، پێڵوەکانی لێکنا، وەك ئەوەی خەوی لێکەوتبێ.

لەسەر پەنجەکانی پێ، پیاوێك کە چاکەتێکی نارێکی لە بەردا بوو، بەرەو ئەو قەنەفە ڕۆیشت کە (بۆکاسا)ی لەسەر دانیشتبوو، و بە پەردەیەکی سپی، خۆی لە تیشکی سوتینەری خۆری ئەفریقای ناوەڕاست دەپاراست، ئەم پیاوە لەگەڵ هەموو هەنگاوێکیدا بەسەر زەوییە سیرامیکەکەدا دەنگێکی لێوە دەهات.

"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەکەم". ئیمپراتۆری پێشوو بە حەماسەتێکی کەمتر لەوەی کە بۆ زرێپۆشەکەی بەری دەردەبڕی، بە گۆچانەکەی ئاماژەی بە پیاوەکە کرد، و پیاوی کۆشکەکەش بە ساردییەکەوە سەری بۆ دانەواند.

بۆکاسا لەو چەند کاتژمێرە کەمەی کە بە یەکەوە بووین، چەند وتارێکی توندی دژ بە فەرەنسیەکان دا، هەروەك پارێزەرێك بە دەنگێکی کز وەك ئەوەی وەسیەتێك بۆ خێزانی کەسێکی مردوو بخوێنێتەوە و ناوەڕۆکەکەی ئاشکرابێ و هەموان بیزانن، سکاڵاکانی خۆی خوێندەوە.

یەکەم، ئەو گۆڕانە تەواوەتی و کتوپڕەی ڕوویدا لە هەڵوێستی وڵاتێکدا (فەرەنسا) کە جارێك لە جارەکان بۆکاسا خۆشیویستوە، و لە پێناویدا لە سێ کیشوەر شەڕی بۆ کردووە، هەر ئەو وڵاتە، کۆشکەکەی، و تاجەکەی، و ناوبانگەکەشی لێدەدزێت. ئەویش لە ڕێگای (ڤالێری دیستان) (سەرۆکی پێشووی فەرەنسا)ەوە، ئەو کەسە نزیکەی بۆکاسا کە ڕاوکەری فیل و ئافرەتان بوو، خیانەتی لێدەکاو لە دەسەڵات دووریدەخاتەوە، تەنانەت بۆکاسا (کاسرین)ی

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ژنیشی بە خیانەتی جنسی لەگەڵ (ڤالێری) تۆمەتبار دەکات و ئاماژە بەوە دەکات عەشیقەی بووەو لەگەڵێدا ئاڵتونەکانی دابەشکردوە.

"تەنانەت لە پێناوی فەرەنسا، لە هیندی چینی شەڕمکردوە دوای ئەوەی لێرە لە ئەفریقا شەڕمکردوە، ئۆو. . . بەڵێ، هیندی چینی، هەروەکچۆن لەگەڵ هێزە فەرەنسیە ئازادیخوازەکاندا لە دژی نازییەکانیش جەنگاوم.

من هەموو تەمەنی گەنجیم لە پێناوی فەرەنسادا بەسەر برد، بە چاوپۆشین لەو ڕاستیەی کە هەر ئەوە فەرەنسیەکان بوون بە بەرچاومەوە باوکیان کوشتم، بە ڕاستەوخۆیی و لە بەرامبەر بارەگای پۆلیسی شاری (موبایکی)دا.

باوکم سەرکردەیەك بوو کە بەرەنگاری داگیرکاری ئیستیعماری بویەوە، دوای مردنیشی بە ماوەیەکی کەم، دایکم لە نائومێدیدا خۆی کوشت. ئەوکات من تەمەنم تەنها ٦ ساڵان بوو.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە پێناوی فەرەنسادا بە درێژایی ٢٢ ساڵ جەنگام، فەرەنسیەکانیش ئەم نیشانەیان پێداوم: ویسامی سەلیبی جەنگ، ویسامی سەلیبی بەرگری دووجار، نیشانەی شەرەف، هەروەها مووچەیەکی خانەنشینیش.

ئەو کاتەشی کە سیاسییەکانی پاریس ئەڵماسیان دەویست، بەوە ئاماژەیان بۆ دەکردم کە ویسامێکی دیکەی سەلیبی جەنگیم دەدەنێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەر بە تەنیا ئەڵماسم بە (ڤالیری دیستان) نەداوە، بەڵکو بە چەندین کەسی دیکەشم داوە لە فەرەنساو شوێنانی دیکە.

تاکە هۆکاری ئەوەش کە ناوەکانیان نادرکێنم ئەوەیە. . . کە من نامەوێ ببمە دوژمنی کەس.

ئێستا ڕقێکی زۆرم لە فەرەنسایە، بە جۆرێك ئەگەر ئەو ویسام و نیشانانە لە بەردەستم بوایە، بە بەرچاوی تەلەفزیۆنەکانەوە فڕێم دەدایە تەنەکەی خۆڵەکەوە".

سەرۆك وەزیران پێکەنینێکی بەرزی دروستکراوی کرد، و سینیەك حەپ و دەرمانی بەرەو (بۆکاسا) برد کە زۆربەیان ناوی فەرەنسییان لەسەر بوو.

ئیمپراتۆر وا خۆی دەرخست کە سەرنجی ئەوەی نەداوە، بەڵام سەرۆك وەزیرانەکە ڕەتیکردەوە دان بە شتکستدا بنێ.

بۆکاسا بە بێزارییەکەوە سەیرێکی سینیەکەی کرد. "من زور نەخۆشم و ناتوانم بجولێم، ناتوانم زیاتر لە دوو خولەك بە پێوە بوەستم، نەخێر، تەنانەت دوو چرکەش، فەرەنسییەکان چەندین جار و لە چەندین بۆنەدا ویستیان ژەهر خواردم بکەن، تەنانەت کردیشیان"

جێنتڵمانە ئەفریقییەکە لە کاتێکدا هێشتا سەری شۆڕکردبوویەوە، ڕەزامەندی خۆی دەربڕی و لەسەرخۆ سینیەکەی نزیك دەکردەوە لە بۆکاسا.

"بەڵام من ڕزگارم بوو، نەوەك بەهۆی دەرمانەکانەوە، بەڵکو بەهۆی ئەمەوە". کتوپڕ ئاماژەی بە سەلیبێکی زیوینی قورس کرد کە لەسەر مێزە بچوکەکەی بەردەم قەنەفەکە دانرابوو.

سەلیبەکە لەبەردێك دروستکرابوو کە بەرزییەکەی نیو مەترو لە ناوەڕاستی سەلیبەکەشدا مەسیحێکی تێکشکاو دەبینرا، "ئەمە پاپا پۆلسی شەشەم پێشکەشی کردوم، کاتێك وەك نێردراوی سیانزەیەمی کەنیسەی دایکی پیرۆز بە نهێنی دایمەزراندم".

چاوەکانم لەسەر دەفتەری تێبینەکانم بەرزکردەوە، ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێ کە تێنەگەشتبم.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

هەر بە فیعلیش، ئیمپراتۆری پێشوو جلێکی کاهینی لەبەردا بوو، سەلیبێکیشی لە گەردندا بەستبوو، لە حاڵێکی باشیشدا دەبینرا: تاك و تەرا تەڵی سپی لە سەر و ڕیشیدا بە دیدەکرا، لوتیشی هەر هەمان لوتەکەی جاران کە لە وێنەکانی پێشوویدا دەبینرا.

بۆکاسا هیچ گرنگی بە سەیرکردنەکەی من نەدا، چاوەکانی بە جێگیرکراوی سەیری خاڵێکیان دەکرد لە ژوورەکەدا کە بە تێڕوانینی من خاڵی بوو لە هەموو شتێك.

لەو ساتانەدا کچێکی بچکۆلە کە جلێکی شینی قوتابخانەی لە بەردابوو خۆی کرد بە ژووردا و بە چوار مشقی لە نزیکی قەنەفەکەوە دانیشت.

ئەم کچە یەکێك بوو لە کچە زۆرەکانی (بۆکاسا)کە بە زەحمەت ناویانی بیردەکەوتەوە، هەر بۆیە بە کچە"بچکۆلە"ناوی هێنا.

دواتر (بۆکاسا) سەری بە لای مندا سووراند، و ڕوخساری توڕەییەکی درەنگ وەختی ئاشکرا دەکرد. "باوەڕ بە من ناکەی، ئەم سەلیبە ڕۆژی ٣٠ تەموزی ساڵی ١٩٧٠ وەرمگرت، ئەو کاتەی کە سەردانی ڤاتیکانم کرد، ئەویش بەر لە چەند ساتێکی کەم لە تەعمید کردنم، پاپا لێیپرسیم ئایا من ئامادەم بۆ وەرگرتنی شەرەفێکی گەورە، کاتێکیش ووتم ئامادەم، ڕێوڕەسمی پێویستی ئەنجامدا، لەو کاتەوە ڕۆڵی من لە کەنیسەی کاسۆلیکیدا ڕۆڵێکی تایبەت و نهێنی بوو، چونکە ئەو کاتەی لە دەسەڵات بووم وەك ناوبژیوانێکی ڤاتیکان لە چەندین کێشەدا ڕۆڵم گێڕا، وەك کێشەی نێوان لیبیاو میسر، دوای ئەوەی لە دەسەڵاتیش دوورخرامەوە، ڤاتیکان مافی پەنابەرێتی سیاسیان پێبەخشیم بەڵام من ڕەتمکردەوە.

کاتێکیش لە ئەفریقای ناوەڕاست لە زینداندا بووم، و چاوەڕێی لە سێدارەدانم دەکرد، و دواتریش چاوەڕێی ئەوەم دەکرد زیندانی هەتا هەتایی بکرێم، برا(ئەنجیلینۆ) ی نێردراوی ئیتالی سەردانیکردم و ئینجیلێکی بۆ هێنام، دواتریش بووینە هاوڕێ.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ئەوە تاکە کتێب بوو کە بە درێژایی حەوت ساڵ خوێندمەوە، هەر ئەو کتێبەش وەهای لێکردم بەوە بزانم کە ناردنی من بۆ زیندان نیعمەتێکی خودایی بوو.

ئێستا من ئازادم و زیندانییە هەتا هەتاییەکەشم هەڵوەشاوەتەوە، من هەژارم، هیچم نییە، تەنانەت یەك مەتر چوارگۆشە زەوی و دەنکە ئەڵماسێکیشم نییە، لە دوای ئێستاوە هیچم ناوێ. ئەوەی کە بۆ من ماوەتەوە تەنها نازناوی نێردراوێتیەکەیە، هەروەك پترۆس و پۆلس".

جارێکی تر (بۆکاسا) بێدەنگبوو. لە دەرەوە گەرمای توندی خۆری نیوەڕۆ ڕەحمی بە کەس نەدەکرد.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جارێکی دیکەش سەردانەکەی ڤاتیکانی دووبارە کردەوە، لە ڕۆژی ٣٠ تەموزی ١٩٧٠، ئەمەش وەك پێدانی مسداقیەتییەك بە قسەکانی بۆکاسا.

ئیمپراتۆر زۆری کرد لە خۆی بۆ ئەوەی بە پێوە بوەستێ، کچەکەی هەستا یارمەتیدا.

لەو بێدەنگییەی کە هەموو ڤێلاکەی گرتبویەوە، ماڵەکەی (کاسرین)ی ژنی کە دیوارەکانی درزی بردبوو، ڕووناکیەکانیشی بۆنی لێوە دەهات.

(بۆکاسا) دووبارەی کردەوە. "خودی پاپا ئەم خاچەی پێداوم، ئەوە تاکە شتە لەگەڵ سیانزە کتێبی پیرۆزی دیکەدا پارێزگاری لێبکەم، ئەگینا هەموو ئەوانی دیکە بوونەتە ڕابردوو، زەوی، مەدالیا، دەسەڵات، ئافرەت. ئەم ڤێلایەشم بە دیاری دا بە کاسرینی ژنم، هەرچەندە کە شایانیشی نەبوو، ئەویش پاش ئەوەی خیانەتەی لێکردم و لەگەڵ (ڤالێری)دا پەیوەندی هەبوو.

ئەو پیاوە هەموو ئەڵماسەکان و ژنەکەشی بردم، ئەو چەتەیە. بۆیە بەو جۆرە وا مامەڵەی لەگەڵکردم چونکە من ئەفریقیم، بەڵام ئەمە زۆر گرنك نییە، چونکە من ئەمرۆ پیاوی ئاشتی

و ئاینم ئەویش بە فەزڵی خودا. هێشتاش لەناو ناخمدا من فەخامەتی بۆکاسای یەکەم، نێردراوی ئاشتی و خادمی مەسیح، ئیمپراتۆرو مارشاڵی ئەفریقای ناوەڕاستم".

ڕۆژی دواتر لەگەڵ بۆکاسادا ڕۆیشتین بۆ دادگا، هەمان جلە سپییە تەسکەکەی لەبەردا بوو، هەروەها خاچەکەشی لە گەردندا بوو، تابلۆیەکی لە چوارچێوە گیراوی مەسیحیشی خستبووە بن باڵی وەك ئەوەی جانتای پارێزەرایەتی پێ بێ.

ڕێبواران بەرێزەوە سڵاویان لێکرد، هەندێ لاویش کە کابۆیان لەپێدابو و چاویلەکەشیان لە چاودا بوو بە دوامانا دەهاتن و بە دەنگێکی نزم پێ دەکەنین.

بۆکاسا هاوەڵی چەند منداڵێك و سەرۆك وەزیرانەکەی بوو، کەنارەکانی ڕوباری (ئۆبانگی) زۆر دوور نەبوو، دەمانتوانی ئەو ژنانە ببینن لە کەناری ئاوەکەدا جلیان دەشۆردو ڕاوچیەکانیش بە بەلەمەکانیان ڕاویان دەکرد.

دۆسیەکەی بەردەم دادگا دۆسیەی دووبارە وەرگرتنەوەی ئەو موڵك و ماڵانەیە کە دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٧٩ دەستی بە سەردا گیراوە، ئەوکاتەی هێزەکانی فەرەنسا (بۆکاسا) یان ناچار کرد مەنفا هەڵبژێرێ، هەر ئەو هێزانەی ساڵی ١٩٦٦ هێنایانە سەر دەسەڵات.

حکومەتە تازەکە داوای وەرگرتنەوەی کۆشکەکانی دەکرد لە فەرەنسا. عەشیرەتەکەی (بۆکاسا) کە (بچکۆلەیەك) سەرکردایەتی دەکردن هەموویان دانیشتبوون، دوای چەند خولەکێك دانیشتنی دادگایکردنەکە دەستی پێکرد.

کاتێك گەڕاینەوە بۆ ڤێلاکە، (بۆکاسا)پرسیاری ئەوەی لێکردم کە ئایا حەزەکەم وێنەیەکی بەو جلانەوە بگرم. وتم بەڵێ، بەڵام ئەوەم لا ڕوون نەبوو کە ئایا مەبەستی جلەکانی نێردراوییە کاسۆلیکەکەیەتیی یاخود جلە سەربازییەکانی.

لە یەکێك لە ژوورە زۆرو زەوەندەکانی ڤیلاکەیدا دیار نەما.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

کە هاتە دەرەوە جلێکی سەربازی لەبەردا بوو، لەلای چەپی سنگییەوە خاچێکی ناپلیۆنی و حەوت ڕیز نیشانەی بەستبوو.

بە دەستیشیەوە گۆچانەکەی پێبوو، گۆچانەکەی (دادگەری) کە پێشتر بە سەری سەرۆکی خزمەتکاران و وەزیرە ناڕازییەکان و تەنانەت مناڵەکانیشیدا دراوە.

کاتێکیش سەیری ئاسمانی دەکردو بە زمانێکی شکۆوە قسەی دەکرد، (بۆکاسا) ئاوا ژیانی خۆی گێڕایەوە:

"ناوم (جان بیدڵ بۆکاسا) یە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە فریۆس تەعمید کراوم، لەبەر ئەوەی لەوێ هێزەکانی فەرەنسای تیادا جێگیرکرابوو، پاپا پۆلسی شەشەم وەك نێردراوێك لە ٣٠ی تەموزی ساڵی ١٩٧٠ دەستنیشانیکردم، لە ساڵی ١٩٦٦ ەوە تاوەکو ساڵی ١٩٧٦ سەرۆك بووم، و تا ئێستاش ئیمپراتۆری ئەفریقای ناوەڕاستم، لەبەر ئەوەی لە ٤ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ ئەو پۆستەم پێدراوە.

فەرەنسیەکان بە کودەتایەکی سەربازی لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٧٩ لە دەسەڵات لایاندام، لە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ بە غیابی سزای مەرگم بەسەردا درا، لە هەمان ساڵدا تەسلیمی وڵاتی (ساحل عاج) کرام، دواتر تەسلیمی فەرەنسیەکان کرام، و بۆ ماوەی ٢ ساڵ دەستبەسەر بووم تاوەکو ئەو کاتەی لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ تەسلیمی وڵاتەکەم کرامەوە.

دادگایکردنەکەم لە ڕۆژی ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ درێژەی کێشا تاوەکو ڕۆژی هەینی ٢ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧، هەرچۆنێك بێ جارێکی دیکە سزای لە سێدارەدانم بۆ دەرچوو، دواتر سزاکەم بۆ کرایە زیندانی هەتایی هەتایی لەگەڵ کاری قورسدا، دواتر ئەمەش کرا بە دە ساڵ زیندانی و کاری قورس، لە کۆتایشدا لە ڕۆژی ١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٣ ئازادکرام.

## قسە لەگەڵ شەیتان

ئەمە چیرۆکی ژیانی من بوو، ئەمەش منم، من(جان بیدل بۆکاسا)، هەروەها هیچ تموحێکی سیاسیشم نەماوە، ئێستاش سەرۆکی ئەفریقای ناوەڕاست سەرۆك (باتاس)ە".

هەرکە کۆتایی بە خوێندنەوەی ژیانی خۆشی هێنا، (بۆکاسا) بە خێرایی خۆی کردە ژوورێکا و بە جلە کاهینەکانی پێشوویەوە هاتە دەرەوە.

"لە زیندان ئەم جلانەیان پێداوم، لە قودسەوە". بە نەرمیەکەوە وەهای وت، دواتر وەك ئەوەی لە یەکێك لە خەونەکانیدا بێ دووبارەی دەکردەوە"لە قودسەوە، لە قودسەوە".

ئەوە شتێکی ئاسایی بوو کە چیرۆکی ڕاستەقینەی ژیانی بۆکاسا بە جۆرێك لە جۆرەکان جیاوازتر بێ لەوەی خۆی گێڕایەوە.

لەبەر ئەوەی لە دوای کودەتا سەربازییەکەی فەرەنسا، و دوای دەستبەسەراگرتنی موڵك و ماڵەکانی لە سویسراو ئەفریقای ناوەڕاست، بۆکاسا نەوەك هەر لە زیندانێکی وڵاتی (ساحل عاج) ژیانی بەسەر نەبرد، بەڵکو لە ڤێلایەکی گەورە لە شەقامی کۆرنیش لە(ئەبیدجانی) پایتەخت ژیانی بەسەر دەبرد.

کاسرینی ژنیشی وەك ئەوەی هەستی کردبێ چی ڕوودەدا، بڕیاریدا ئەوەندەی پێیدەکرێ خۆی بە دووربگرێ لێی، هەر بۆیە ژیانێکی ئارامی لە شاری (جنێف) دەستەبەرکردو لەوێ زۆربەی کاتەکانی بە یاریکردن بە وەرەقەی فاڵگرتنەوە بەسەر دەبرد، ئەوەش بڵاوبوو کە لە ژێر چاودێری خودی (ڤالێری دیستان)ی سەرۆکی فەرەنسادایە.

لەو ساتانەدا ئیمپراتۆر لە حاڵەتێکی خراپدا بوو، لەبەر ئەوەی زۆربەی ڕۆژەکانی بە گوێگرتن لە گۆرانیەکی هێزەکانی دەریایی فەرەنساوە بەسەردەبرد، و بە فشاری فەرەنساش (فلێکس ئۆبۆیە بوانیی) سەرۆکی ساحل عاج، هەر بە تەنها نەیدەهێشت ڤێلا

گەورەکەی بەکار بهێنێ، بەڵکو لەگەڵ یەکێك لە خاوەن هۆتێلەکانیش ڕێککەوتبوو کە ڕۆژانە دوو ژەم خواردن تەسلیمی (بۆکاسا) بکرێ.

قەزافی هاوڕێس کۆنیشی ڕەتیکردبووە کە مافی پەنابەرێتی پێببەخشێ: چونکە ئەو سەرقاڵی (عیدی ئەمین)ی هاوڕێیبوو کە لە ئۆگەنداوە هەڵهاتبوو لە تەرابلوسیش بووبوو بە میوانێکی کاتی.

لە (بانگی) هەواڵەکان ئەوەیان دەگەیاند کە پەیکەرەکان دەڕوخێنرێن، و کەسە نزیکەکانیشی دەستگیردەکرێن، و خانووەکانیشی دەرۆخێندرێن، هەروها عەشیقە کۆنەکان یان لە وڵات هەڵدێن یاخود دەبرێنە حەریمی سەرۆکە تازەکانەوە.

لەو ڕۆژانەدا بۆکاسا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەلایەن (بەرنار تابیە)ی گۆرانیبێژی پێشووی پۆپی فەرەنسی و خاوەنکارەوە پێدەگا.

ئەو دووانە پێشتر هەرگیز یەکتریان نەبینیبوو، دوای چەند ڕۆژێکی کەم، گۆرانیبێژەکە بێ هیچ وادەیەك خۆی گەیاندە (ئەبیدجان).

گۆرانیبێژەکە دوای ئەوەی بەرتیلی دا بە پاسەوانەکان، ڕۆیشتە ڤێلاکەی بۆکاساوە، دواتر بۆکاسا ڕایگەیاند کە فەرەنسا بە نیازە هەموو موڵك و ماڵەکانی کە دەیکردە (کۆشکی فیلمۆران و کۆشکی سان –لویس و مەزرەعەی لاکوتنسییە، و کۆشکی ئەندریکۆ لە یەکێك لە گەڕەکەکانی پاریس، و کۆشکێك لە مێزی سوور–سیین، و ڤێلایەك لە نیس و هوتێل و چێشتخانەی لامونتاج لە ڕۆمۆرتان) دەست بەسەردا بگرێ.

ئەوانە دواین شتی موڵك و ماڵەکانی بۆکاسا بوون و بێ ئەوە, هیچی دیکەی نەدەمایەوە.

گۆرانیبێژەکە خۆی وا دەرخست کە ڕەزامەندی کۆشکی سەرۆکایەتی فەرەنساو سەرۆکایەتی ساحل عاجی بە دەستهێناوە، هەر بۆیە لە بەرامبەر کڕینی ئەو هەموو

کۆشکانەدا بڕی ١٢ ملیۆن و پێنج سەد هەزار دۆلاری خستە بەردەستی بۆکاسا، کە ئەمەش نیوەی بەهای هەر هەموویان بوو، هەر بۆیە کاتێك کاتژمێر ٧ی ئێوارە هاتبوو، بۆکاسا ئەو گرێبەستە کوشندەیەی ئیمزا کرد بوو.

لە چاوپێکەوتنێکیشدا لەگەڵ ڕۆژنامەکانی فەرەنسا دوای چەند ڕۆژێك، گۆرانیبێژەکە ڕایگەیاند چیرۆکی دەست بەسەردا گرتنی موڵك وماڵەکانی بۆکاسا درۆ بووەو خۆی دروستی کردوە"بۆکاسای فریوداوە ئەویش لەبەر بەرژەوەندی فەرەنسا".

چەند ساڵ دواتر ئیمپراتۆر، سکاڵایەکی تۆمارکردو کێشەکەی بردەوەو دادگا ڕایگەیاند: ئەو گرێبەستە، گرێبەستێکی بەتاڵە.

بۆکاسا لە گێڕانەوەی ژیانی خۆیدا باسی ڕووداوەکەی ڤێلای (کۆلۆنگۆ)ی نەکرد.

ڤێلای (کۆلۆنگۆ) دەیڕوانی بەسەر ڕوبارێکداو ١٢ کیلۆمەتر لە (بانگی)ی پایتەختەوە دوور بوو، ئەم خانووە یەکێك بوو لە خانووە خۆشەویستەکانی بۆکاسا، لەبەر ئەوەی حەوزو باخچەو هەموو شتێکی دیکەی تیادا بوو.

لەو کاتەش کە هێزەکانی فەرەنسا لەچوارچێوەی پرۆسەیەکدا کە دواتر بە پرۆسەی (باراکودا) ناسرا، بۆکاسا یان لە دەسەڵات دوورخستەوەو ڕۆیشتنە ئەم خانووەوە، لە کاتی پشکنینا چەندین پارچە ئەڵماس و کاتژمێری ئاڵتونیان دۆزییەوە، ئەمە جگە لە چەندین ژوور کە بۆکاسا کردبوونی بە مۆزەخانە بۆ خۆی، لە سەلاجەیەکی گەورەشدا بە تەنیشت چێشتخانەکانەوە، چەندین لاشەیان دۆزییەوە، کە دەیانوت ئەمانە لاشەی سەکردەکانی ڕێکخراوە خوێندکارییەکانە.

هەرئەمەش دواتر زۆر بە ئاسانی لەلایەن فەرەنسییەکانەوە وا بڵاوکرایەوە کە"بەڵگەن بۆ ئەوەی بۆکاسا گۆشتی مرۆڤی خواردوەو شایانی لەسەر کار لادانیەتی".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

بۆکاسا ئەوەشی لە بیرچوو باسی بکا ئەو کاتەی کە لە دەسەڵاتدا بوو، مافی تایبەتی بازرگانیکردنی (عاج)ی بە کۆمپانیایەکەی ئیسپانی گوماناوی بە ناوی (لاکۆرۆنا) بەخشیبوو، لە بەرامبەر سێ یەکی قازانجەکانیدا و بە مەرجی ئەوەش قازانجەکان بە ناوی خێزانەکەیەوە لە بانکدا دابنرێ نەوەك بە ناوی دەوڵەتەوە.

کۆمپانیای (لاکۆرۆنا) ساڵانە لە ٥ هەزار فیلی کەمتری نەدەکوشت، ئەمە جگە لەوەی بازرگانێتی ئەڵماسیشی دەکرد کە بۆ ماوەیەك لە ماوەکان درابوو بە بازرگانە سعودیی و لوبنانییەکان.

بۆکاسا بە بێهودەیی بە خۆی نەدەوت (لادێی و یەکەمین پیاوی خاوەنکاری ئەفریقای ناوەڕاستە)، چونکە لە کۆشکەکانیدا، بۆ نموونە لە کۆشکی کۆلۆنگۆ و بێرینگۆ، بۆکاسا چەندین وەرشەی دروستکردنی تەون و کاکڵە گوێزی تەڕی دانابوو، تەنانەت چێشتخانەی گشتیشی تیادابوو.

هەروەك دوو کۆمپانیای هاوبەشی فرۆکەوانی (باسفیك ١ و باسفیك ٢)و دوکانێکی فرۆشتنی جلوبەرگی هەبوو، کە جلوبەرگەکانی لە کارگەیەکەوە بۆ دەهات هی کاسرینی ژنی بوو.

رەنگە ئەمانە کاری شەریفانە بن، بەڵام بۆکاسا بیریچو باسی قەتڵوعامی خوێندکارەکانیش بکا.

بۆکاسا دوای ئەوەی سەردانێکی وڵاتی چینی کردو سەرسامبوو بە خوێندکارە چینیەکان و ڕێکخراوەییان، هەروەها پاش ئەوەی توڕەبوو لە ئەنجامی خوێندکارەکان لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای فەرەنسی لە ساڵی ١٩٧٧، بڕیاریدا لە خوێندگاکانی ئیمپراتۆریدا جۆرە دیسپلینێکی سەربازی بسەپێنێ، هەر بۆیە وەزارەتی خوێندن لە ڕۆژی ٢ شوباتی ١٩٧٨ بڕیاریدا، لە ڕۆژی ١ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، هەموو خوێندکارانی خوێندگا سەرەتایی و دواناوەندییەکان یەك جل لەبەر بکەن کە بۆکاسا خودی خۆی ڕەنگ و جۆرو

شێوازەکەی دەستنیشانکردبو، بەجۆرێك بۆ کچەکان کراسی شینی تۆخ وجانتای ڕەنگ شینی کراوە، و بۆ کوڕەکانیش پانتۆڵی شینی تۆخ و کراسی شینی کراوە.

جلەکانیش لەلایەن کۆمپانیای (بانگی پیشەسازی لۆکە)ەوە دروستدەکرا کە هی بۆکاسا بوو، لە چەند دوکانێکیشدا دەفرۆشران کە هەر هی خۆی بوون.

خەڵکی بڕیارەکەیان پشتگوێخست، بەڵام هەردوو دواناوەندی (بۆکاسا) و (بۆگاندا)ی فەرەنسی، لە دوای چوار مانگ کەوتنە دەرکردنی ئەو خوێندکارانەی کە ئەو جلانەیان لەبەرنەدەکرد. بەڵام لە ڕۆژی ١٥ی کانونی ساڵی ١٩٧٩، نزیکەی ٣ هەزار خوێندکار بە دروشمی"بۆکاسا، پارەی خوێندنەکەمان بدەرێ"و"تۆش دەگەیتە لای شا (مەبەست شای ئێران بوو)"ڕژانە سەر شەقامەکان.

لەوکاتانەشدا (حەمە ڕەزا شای) ئێران لەسەر دەستی ئایەتوڵاکان لە ئێران وەدەرنرا بوو، لە ئۆگەنداش (عیدی ئەمین) یش خەریکبوو وەدەردەنرا.

خوێندکارەکان شوشەی جامخانەکانی کۆمپانیای (باسفیك ٢) یان شکاندو دەستیانگرت بەسەر (بانگی)دا.

لە کاتژمێر ٦ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ، پاسەوانی ئیمپراتۆری بە سەرکردایەتی خودی بۆکاسا کە جلێکی سەربازی لەبەر کرد بوو، پەلاماری خوێندکارانیان داو بە تفەنگەکانیشیان لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ١٥٠ خوێندکاریان کوشت.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دەربارەی ئەو تاوانە ناڕەزایی دەربڕی، دواتر بۆکاسا لە ڕێگای وتارێکەوە فەرمانی لەبەرکردنی جلە شینەکانی خوێندکارانی هەڵوەشانەوە.

**قسه له‌گه‌ڵ شه‌یتان**

دوای چه‌ند هه‌فته‌یه‌کیش (دیستان) ی سه‌رۆکی فه‌ره‌نسا هه‌روه‌ك له "که‌سێکی نزیکه‌وه" بۆ "که‌سێکی نزیکی خۆی"، قه‌رزێکی به به‌های ١ ملیار فره‌نکی فه‌ره‌نسی ئه‌فریقی به‌خشییه ئیمپراتۆری ئه‌فریقای ناوه‌ڕاست.

به‌رله‌وه‌ی به ماوه‌یه‌کی که‌م بۆکاسا له ده‌سه‌ڵات دووربخرێته‌وه، خوێندکارانی زانکۆ ڕژانه سه‌ر شه‌قامه‌کان، و به‌هۆی ئه‌وه‌شه‌وه به سه‌دانیان لێ ده‌ستگیرکراو له زیندانی (ناگرابا)ی به‌دناودا، به سه‌دانیان لێ کوژرا.

له‌و چه‌ند قسه‌یه‌ی که بۆیکردم، بۆکاسا هه‌ر به ته‌نها ڕووداوه ترسناکه‌کانی له‌بیرنه‌کرد، به‌ڵکو ڕووداوه گاڵته‌جاڕییه‌کانیشی له‌بیرکرد، بۆ نموونه وه‌ك ئه‌وه‌ی له ساڵی ١٩٧٠ به میلله‌ته‌که‌ی ڕایگه‌یاند نازناوی سه‌رۆکی گه‌وره‌ی برایه‌تی نێوده‌وڵه‌تی شمشێربازه‌کانی سه‌ر پولی به‌ریدی به خۆی داوه.

هه‌روه‌کچۆن خۆشی دزییه‌وه له هۆکاری چونی بۆ پرسه‌که‌ی ژه‌نه‌راڵ (دیگۆل) له کۆشکی (ئه‌لیزیه)دا. بۆکاسا که به جلوبه‌رگی فه‌وجی په‌ڕه‌شوته‌وانانه‌وه ئاماده بوو، له به‌رده‌می بێوه‌ژنه‌که‌ی ژه‌نه‌ڕاڵدا به پچڕ پچڕی و تێکه‌ڵاویه‌که‌وه وتی"باوکم، بابه، ئه‌وکاته‌ی که مناڵبوم باوکه ڕاسته‌قینه‌که‌م له ده‌ستچو، ئه‌وه‌تا ئێستاش باوکه‌که‌ی دیکه‌م له ده‌ستده‌ده‌م، جارێکی دیکه‌ش بێ باوك ده‌مێنمه‌وه".

بۆکاسا خۆی له‌وه گێل کرد که دیگۆل چه‌ندین جار گاڵته‌ی پێکردوه‌و به (چه‌ته) و (پاپا بۆکاسا) و(پاپا دۆڤالییه)ی ئه‌فریقا ناوی بردووه.

"خودا له‌من خۆشبوه، وه‌کچۆن گه‌لی ئه‌فریقای ناوه‌راستییش له من خۆشبوون، من ئێستا به هیچ شتێك نه قه‌رزداری خودام و نه قه‌رزداری گه‌لیشم، ئێمه یه‌کسانین. من گه‌ل ڕزگاری کردوم، ئه‌گه‌ر ئه‌و تۆمه‌تانه‌ی که فه‌ره‌نسیه‌کان له دژی من بڵاویانده‌کرده‌وه ڕاستبوونایه ئه‌وا ئێستا زیندوو نه‌بووم، چونکه له ئه‌فریقا مرۆڤ له به‌رامبه‌ر تۆمه‌تێکی خراپی وه‌ك

خواردنی گۆشتی مرۆڤ به زیندوویی نامێنێتەوە، من تەنها گەلی خۆم دەویست و لە فەرەنسا یاخی بووم بۆیە لە دەسەلآت دووریانخستمەوە".

قسەکانم به بۆکاسا بڕی و مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٨م بیرخستەوە، ئەو کاتەی دیگۆل پاریسی بەجێهێشت و بۆ شوێنێکی زیاتر ئارام دەگەڕا لە دوای خۆپیشاندانی خۆیندکاران، بۆکاسای (چەتە)ش ڕۆیشتە ئێزگەی (بانگی) و بانگەوازێکی سەخیفانەی لە دڵی ئەفریقای کۆلۆنیالییەوە ئاراستەکرد. "نابێ پاڵەوانی ساڵی ١٩٤٠ و ساڵی ١٩٥٠ و ڕزگارکەری فەرەنسا، تووشی خراپە ببێ و پێویستە لە دەسەلآتدا بمێنێتەوە".

"بەڵێ، هەر به وەفاداری بۆ فەرەنسا مامەوە"ئیمپراتۆری دانی پیادا نا. "بەلآم ئایا هیچ ڕێگایەکی دیکە به دەستمەوە بوو؟. باپیرەم زۆریلێکردم کە لە سوپادا ببمە خۆبەخش کاتێك تەمەنم ١٨ ساڵانبوو، لەبەر ئەوەی لە هەموو خێزانێکی پاشایەتی وەك خێزانی ئێمە دەبوو کەسێك فێری چۆنێتی شەڕکردن بکرێ".

ئیمپراتۆر بەهرەیەکی پێشووەختەی هەیە لە زەخرەفەکردنی ڕابردوو. بۆ نموونە باوکی سەرکردەیەکی لادێی بوو وەك لەوەی پاشایەك بێ. بۆکاسا خۆی لەم جیاوازییە گێلکردو دەربارەی فەرەنسیەکان بەردەوامبوو. "دەیانویست ئەوەی دەیانەوێ پێمانی بکەن، دەیانویست کەلوپەلەکانیان به نرخێکی بەرز بکڕین و کەرەستە خاوەکانی ئێمەش به نرخێکی هەرزان بکڕن، فەرەنسیەکان به درێژایی چەندین ساڵ ئەوەیان ڕەتکردەوە کە کارگەیەکی دروستکردنی چیمەنتۆ لە وڵاتەکەماندا دروستبکەن بۆ ئەوەی چیمەنتۆی خۆیانمان بۆ بنێرن.

ئینگلیزەکان جیاوازتر بوون، ئەوان شێوازی ئیستیعمارییەکەیان به شێوەیەکی شەرفمەندانەتر ئەنجامدەدا. هەموو ئەو ئەفریقانەی ئەمڕۆ لە دەسەلآتن بوکەڵەیەکن به

دەست فەرەنساوە، بەڵام تۆ ناتوانی بەمجۆرە نەتەوە بوونیاد بنێی، من لە ماوەی ١٣ساڵدا ئەم نەتەوەیەم بوونیاد نا، بەڵام فەرەنسای ڕەزامەند نەکرد".

لە ڕۆژی دواتر لە هەمان ڤێلادا، جارێکی دیکەش بە حزوری دەرمانەکان، چاوپێکەوتنەکە بەردەوامبوو.

ئەمجارە (رافائێل کۆبیسوا)ی ڕۆژنامەنووسی ئێزگەی ئەفریقای ناوەڕاست کە هەر ئەویش بە ئیمپراتۆری پێشووی ناساندم، ئامادەی دانیشتنەکە بوو.

سەرەتا ناوی ئەم ڕۆژنامەنووسەم لە ڕێگای ئەو هەواڵانەوە دەناسی کە وەك پەیامنێرێکی ناوخۆیی لە (بانگی)یەوە بۆ ئاژانسی (ئەسۆشەیستد پرێس) ی دەنارد.

کاتێك لە ڕێگای تەلەفۆنەوە قسەم لەگەڵ کرد سەرەتا ساردوسڕ بوو، دواتر لە کۆتاییدا ڕەزامەندی نیشانداو وتی"وەرە بۆ ئێرە، هەرچی شتێکم پێبکرێ یارمەتیت دەدەم".

(رافائێل) هەروەك یاریزانێکی پۆکەر کەسێکی بێدەنگ و خاوەن ڕوخسارێکی سڕبوو. بە بەردەوامی و سەرەڕای گەرما و شێ، چاکەت و بۆینباخێکی لەبەر بوو، هەروەها جانتایەکی پڕ لە کاغەزیشی بە دەستەوە دەگرت.

هەموو بەیانیەك لە بارەگای ئێزگەکەوە کە بینایەکی سەوزی بێ پەنجەرەو بێ دەرگا بوو، بە یەکەوە دەڕۆیشتین، لەناو بیناکەدا ژوورەکان هیچ کورسیەکیان تیادا نەبوو، تەنانەت من هیچ مایکرۆفۆن یاخود ئامێرێکی پەخشی دیکەم نەبینی، تەنها چەند ئامێرێکی گەورەی نووسین نەبێ.

ئەو ڕۆژنامەنووسە بەردەوام دەجوڵا، گومانی دەکرد، هەمیشە ئەو سەرنجەی لا دروستدەکردی کە هەمیشە بە ئاگایە، هەرچەندیشە سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەو وڵاتە بوو، بەڵام هیچ گەرموگوڕییەك لە نێوان ئەو و هاوەڵانیدا لە ئێزگەکە بەدینەدەکرا،

و زۆربەیان یان نزیك یاخود خزمی سیاسییەکان بوون و زۆر بە کەمی لە ئێزگە ئامادە دەبوون.

روخۆش نەبوو، تەنانەت دڵخۆشیش نەبوو، تەنها ئەو کاتە نەبێ کە باسی ململانێکانی بۆ دەکردم لەسەر دەسەڵات لە وڵاتدا. سەفقە ناشیرینەکان و کارە ئیبتیزازییەکان، ئەفسەرە چاوچنۆکەکان و وەزیرە گەندەڵەکان، ئەوانەی کە ئەمڕۆ لە کارەکانیان دەردەکران بەیانی دەگەڕانەوە. لەوێ سەمایەکی مەرگی ترسناك هەناسەکانی دەڕفاند.

قەدەرم وەهابوو، دوای چەندین ساڵ، هەواڵی (رافائێل)ەوە لە ڕۆژنامە ئینگلیزی و ئەمریکییەکانەوە ببینم، ئەو بوبوو بە بەڕێوەبەری گۆڤارێکی ئۆپۆزسیۆنی هەفتانە، هەروەها بۆ ماوەی دوو مانگیش بە تۆمەتی (روشاندنی ناوبانگی سەرۆك باتاس)ەوە خرابویە زیندان، (باتاس) سەرەتا سەرۆك وەزیرانی حکومەتەکەی بۆکاسا بوو، دواتر بووە نەیاری و دواجاریش چووە شوێنەکەی بۆکاسا.

لەلایەکی دیکەوە، (رافائێل) وا دەردەکەوت کە مەیلێکی سەیری بۆ بۆکاسا هەیە، تەنانەت کاتێك ئیمپراتۆری پێشوو دەکەوتە باسکردنی پلەو نازناوەکانی خۆی، سەرێکی بەڵێ ی بۆ ڕاوەشاند.

"من گەورەترینی هەموو گەورەکانی ئەفریقا بووم، بۆچی؟ چونکە من ئیمپراتۆر بووم. پادشای مەغریب یەك پلەی لە من کەمتر بوو، پاشایەك و سەرۆکێکی گەورە، دوای ئەو ئەوانی دیکە دەهاتن: ئەوان تەنها سەرۆك بوون".

"من ئیمپراتۆر بووم. . . "بۆکاسا ئەوەی دووبارەکردەوەو جارێکی دیکەش سەرنجەکانی ڕۆیشتنەوە سەر بۆشاییەك.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ئەو بیرۆکەیە (بیرۆکەی ئیمپراتۆر بوون) دوای چەندین ساڵ هێشتا لەسەری دەرنەچوو بوون.

لە کاتی کۆبوونەوەی ساڵانەی لوتکەی ئەو وڵاتە ئەفریقانەی کە بە فەرەنسی قسە دەکەن لە ساڵی ١٩٧٨، بۆکاسا جەختی لەوە دەکردەوە کە پێویستە لە پرۆتۆکۆلە فەرەنسیەکەدا بە (خاوەنشکۆ ئیمپراتۆر) ناوی بهێنرێت و بۆ لەپێشەوە بوون لە پلەی یەکەمدا بێ.

دیپلۆماتکارە فەرەنسیەکان داواکەیان ڕەتکردەوە، بە تەنها (عومەر بۆنگۆ) سەرۆکی گابۆن، پشتگیری پێشنیارەکەی کرد، چونکە ئەویش تموحی ئیمپراتۆرییانەی خۆی هەبوو.

هەوڵمدا فشار بخەمە سەر بۆکاسا بۆ ئەوەی لە بارەی ئەڵماسەکانی (جێسکار)ەرەوە قسەم بۆ بکا، کە بۆچی ئەو ئەڵماسانەی پێبەخشیوە؟.

ئیمپراتۆر وەهای سەیریکردم وەك ئەوەی کەسێکی شێتبم.

"ئەو داوایکرد، سەرەڕای ئەوەش من هاوڕێی بووم، وەك کەسێکی نزیکیشی وەها بووم، ئەو هەموو ساڵێك دووجار دەهات بۆ ئێرە، کچی دەست لێنەدراویشم ناردۆتە لای، تەنانەت زەوییەکیشم پێ بەخشی کە کەس پێی تێنەخستبوو، لەوێش ژمارەیەك فیلی کوشت کە لە بەرامبەردا یەك فرەنکی نەدا، ئەو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە عەشیقەکانی دەهات، هەندێکیان بەناوبانگبوون و هەندێکی دیکەشیان کەس نەیدەناسین. ئەمە جگە لەوەی ئەڵماسیشم پێدەبەخشی. ئەو ئەڵماسی زۆری دەویست بۆ ئەوەی بیبەخشێتە عەشیقەکانی. تۆ ئەم وەڵامەت دەویست".

گەڕامەوە بۆ بابەتی نێردراوێتیەکەی، لێرەدا ئیلهامێکی تازەی بۆ گێڕامەوە کە بۆی هاتبوو. "لە دوانزە ساڵیمدا، بەڵی، لە دوانزە ساڵیمدا، سێ خەونم بە مەسیحەوە بینی، دوای ئەوەی ڕۆیشتم بۆ ڕۆما خەونەکانم بۆ پاپا گێڕایەوەو دوای چل ساڵ لەو خەونانە، پاپا وەك نێردراوێك دەستنیشانیکردم".

بڕیارمدا بڕۆمە سەر بابەتەکانی دیکە، ئایا بۆکاسا بە ڕاستی خەریکی بە هێزکردنی پەیوەندییەکانی بوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بەر لە کودەتا فەرەنسیەکە؟.

"چەند جارێك سەردانی ئەو وڵاتەم کرد، بەڵێ، چەند جارێك سەردانی سۆڤیەتم کرد، کردیشمیان بە ئەندامی شەرەفی دەریاوانی سۆڤیەتی لە (سیڤاستۆبۆڵ)ی کەنارەکانی دەریای ڕەش".

بەم وتەیە قسەکانی تەواوکرد. "(سیڤاستۆبۆڵ) شارێکە کەوتۆتە سەر دەریای ڕەش".

هەستمە کرد خەریکە داخ بۆ ئەو ئیمپراتۆرەی پێشوو دەخۆم کە پاپا و ڕوسەکانیش کردویانەتە نێردراو.

رافائێل هەندێك شڵەژا بوو. لە بارەی نیشانەو خشڵەکانەوە پرسیارم لێکرد، ئەو دوو شتەی کە لەلای ئەو خۆشەویست بوون، ئیمپراتۆر زۆر بە سادەیی وەڵامی دامەوە"فەرەنسییەکان هەموویان دزی، ئەم خاچە تاکە شتە کە بۆم ماوەتەوە لە ئێستادا".

دواتر کەوتە ژماردنی ناوی ئەو ئەفسەرە فەرەنسیانەی کە بەشداریان لە کودەتاکەدا کردووەو بەوە تۆمەتباریکردن کە تاجی ئیمپراتۆرییەت و خشڵ و جلەکانیان بردووە، کاتێکیش گەشتە کۆتایی لیستەکەو لە ژماردن کۆتاییهات، دووبارەی کردەوە. "من ئامادەم بە هەژاری لەگەڵ منداڵەکانمانا لەسەر شەقامەکان بژیم، ئەم خانووە خانووی کاسرینە، ئەو ژنێکی جوانە، بەڵام خاوەن دڵێکی ساردە".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

وەك گەنجێكی عاشق، پەڵپەگریان بوو. "جوانترین ژنی جیهانم هەبوو، هەر بۆیە لە كاسرین دەبوورم، چونكە جوانیەكەی ئەو وەك تیشكی خۆر وابوو لە ژیانما، ئەگەر بگەڕێتەوە، خانوووەكەی دەدەمەوەو من دەڕۆم لەسەر شەقامەكان دەژیم".

رۆژی دواتر بە جادە لمینە سوورەكاندا، لەگەڵ ڕافائیل و بە ئۆتۆمبیلی هاوڕێیەكی كە لەوانەیە هی خزمێكی بێ، ڕۆیشتین بۆ سەیركردنی كۆشكەكانی ئیمپراتۆرییەت.

كاتێك مرۆڤ (بانگی) بە جێدەهێڵێت پێویستە بە لای یاریگای بۆكاسادا تێپەڕبێ، ئەو یاریگایە لە چیمەنتۆیەكی بەهێز دروست كراوە، یاریگاكە چۆڵبوو، چونكە ئیدی كەس لە(بانگی) یاری تۆپی پێی نەدەكرد، بۆكاسا هەر لەم یاریگایەش ئاهەنگی بوونە ئیمپراتۆرییەتی ئەنجامدا (چونكە ڤاتیكان ڕەتیكردەوە لە كەنیسەدا ئاهەنگەكە ئەنجامبدرێ).

هەر لەم شوێنەدا پاسەوانانی ئیمپراتۆری نمایشەكانی خۆیان دەكرد، و هەر لێرەش دووەم دادگایكردنی بۆكاسا لە ساڵی ١٩٨٦ بەڕێوەچوو، كە تیایدا بەوە تۆمەتباركرا كە گۆشتی مرۆڤی خواردووەو پارەی گشتی بە هەدەرداوەو لاشەی مناڵانی شاردۆتەوە، ئەمە جگە لە ١٠ تۆمەتی دیكە.

خەڵكی خۆیان دەپاراست لەوەی لە نزیكی ئەو شوێنەوە بڕۆن.

ئەو ڕێگایەی كە لە (بانگی)یەوە دەردەچوو بە چواردەوری كۆشكەكەدا دەسوورایەوە. داوام لە ڕافائێل كرد لەوێ بوەستێ. عەرشە بە ناوبانگەكەی بۆكاسا كە لەژێر كەوانەیەكی چیمەنتۆی بە هێزدا بوو، ژەنگ گرتبوی، بەڵام هێشتا بە ڕوونی دەبینرا، هێشتا لە شێوەی هەڵۆیەكی ناپلیۆنیدا بوو، كە بەرزییەكەی ٣ مەتر ونیو دەبوو، هەروەها دوو باڵی ئاڵتونی گەورەشی هەبوو.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ئەمە لە فەرەنسا دروستکرا بوو، بۆ ئاهەنگی تاج لەسەر نانەکە لە ناوەڕاستی یاریگاکەدا دانراو پاپا بۆکاساش لەسەر کورسی عەرشەکە دانیشت و هەر خودی خۆی تاجەکەی خستە سەر سەری.

هێشتا عەرشەکە مابوو، لەبیرکراو، بێ باڵ، تەنها وەك پەیکەرە ئێسکێك، بەڵام بە پێوە وەستا بوو، هەروەك خاوەنەکەی.

لە پشتی بازگەیەکەوە لەسەر ڕێگاکەو بە دووری دوو کیلۆمەتر لە (بانگی)یەوە، ئۆتۆمبیلەکەمان خۆی بە ئاژەڵێکی گەورەدا کێشا، ڕافائێل دابەزی و خستیە سندوقی ئۆتۆمبیلەکەوەو وتی"ئەمە کاتێك دەیبرژێنێ زۆر خۆشە".

ڕێگای خێرای نێوان (بانگی) و (برنگۆ)، یەکەم و دواهەمین ڕێگای جوت سایدە کە لەوڵاتدا دروستکرابێ.

درێژی ئەو ڕێگایە ٨٠ کیلۆمەترە، و ئێستا بووەتە ڕێگایەکی یەك سایدو پڕ پڕە لە چاڵ و چۆڵی، ئێمە تەنها دوو ئۆتۆمبیلی بچوك و سێ پاسمان بینی.

دوای گەشتێکی دوو کاتژمێری گەشتینە کۆشکی (ڤێرسا)ی ئەفریقی کە خاوەنەکەی بۆکاسایە، لە سەرەتاوە نەدەچووە عەقڵەوە کە ئەم دیوارە درز بردووانە، بەر لە چەند ساڵێك پێش ئێستا، کۆشکی ئیمپراتۆریەتێك بێت و پرۆتۆکۆلیەکی توندی کۆپی پرۆتۆکۆڵی شای ئێران بەڕێوەی دەبرد.

لەم شوێنەدا بۆکاسا کۆمەڵگایەکی نیشتەجێبوونی دروست کرد بوو، کە دەیتوانی خۆی خۆی بەڕێوەببا.

کێڵگە، ئاژەڵ، خانو و بۆ کرێکار، و نووسینگەشی تیا بوو، هەروەها و خانو و شوقەی سەربەخۆی بۆ میوانە بیانیەکانیش تیادا بوو کە بە کەلوپەلی گرانبەهای کۆن و ئاوێنە ئاڵتونی پڕکرابوونەوە.

لێرە بۆکاسا کۆبوونەوە ئیمپراتۆرییەکانی بەڕێوە دەبرد، حکومەتێکی دیکەی زۆر گرنگتر لەو حکومەتەی (باتاسی) (سەرۆك وەزیران) بەڕێوەی دەبرد.

بەر لە چەند ساڵێك ئەم کۆشکە ڕوبەروی تاڵانکردن بویەوە، شاری (برنگۆ) بوو بوو بە شاری تارماییەکان، شوێنی فیشەك بە دیوارو زەوییەکەوە دەبینراو ژوورەکانیش گژو گیا داگیری کرد بوون، هەر لێرەش بۆکاسا ساڵی ١٩٧٧، لە(مایکڵ گۆڵد سمیس) دا، و دواتر ناچاری کرد دان بەوەدا بنێت کە سیخوڕی بۆ ئەفریقای باشوور کردووە.

هێشتا وشەگەلی (ج. ب. ب) (کە ئاماژەیە بۆ ناوی بۆکاسا) کە بە بۆیاخ نووسرا بوو بە دیوارە درز بردووەکانەوە مابوو. ئەمە جگە لە دروشمەکەی ئیمپراتۆرییەت (کەرامەت، یەکێتی، کار).

پرسیاری ژووری یارییەکانی شازادەی جێنشین شازادە (سانت جان بۆکسا) شازادەی ئەفریقای ناوەڕاستم کرد، کە خۆشەویسترین منداڵی بۆکاسا بوو.

(رافائێل) پێشنیاری کرد کە بڕۆین بۆ یەکێك لە کوخەکانی نزیك کۆشکەکە کەپاسەوانێکی لێدەژیا.

پاسەوانەکە پرسیاری شوێنی هاتنی منی کردو دواتر بانگهێشتی کردین بۆ خوانی ئێوارە، خوانەکەشی یەکێك بوو لەو مریشکانەی کە لە حەوشەکانی ئیمپراتۆرییەتی پێشوودا هاتوچۆی دەکرد.

ژنەکەی بێ ئەوەی بەشداری دانیشتنەکەمان بکا، بە بێدەنگی خواردنەکەی پێشکەشکردین، دوای نانخواردن و دوای ئەوەی ئیشەکانی خۆی تەواو کرد، بە زمانێکی ئیتالی پاك دەستی کرد بە قسەکردن و وتی ماوەیەکی زۆر نابێ لە ڕۆماوە گەڕاوەتەوەو بۆ ماوەی چەند ساڵێك وەك کارەکەرێك لە ماڵێکدا کاری کردووە.

هەروەها بەراوردی ئەوەشی کرد (بێئەوەی لە بەراوردکردنەکەیدا هیچ سوکایەتیك هەبێ) کە شاری ڕۆما، شاری (برنگۆ)ی بیرخستۆتەوە چونکە لە ڕابردوودا لانکەی ئیمپراتۆرییەتیەکی پێشووتر بوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندین ئاسەواری سەرنجراکێشیشی تیایە.

لە کاتی گەڕانەوەماندا جارێکی دیکەش ئاسکێکی بچکۆلە کتوپڕ هاتە بەردەمی ئۆتۆمبیلەکەمان، شۆفێرەکەمان لە باتی ئەوەی خۆی لێ لابدا، لێی داو ڕافائیل خستیە سندوقی ئۆتۆمبیلەکەو وتی: ئەمە زۆر خۆشە کاتێك دەیبرژێنی".

دواین وێستگەی سەردانەکەم بۆ ڤێلاکانی (کیلۆنگۆ) بوو، لە شەقامی ١٢، ئەو تاکە شوێنەی کە گەشتیاران ڕووی تێ دەکەن.

ژمارەیەك سەرباز کە ڕوخساریان لە ڕوخساری منالّ دەچوو، ئێمەیان برد بۆ ئەوێ، ئەم شوێنە هەمان ئەو شوێنە بوو کە ژنە ڕۆمانیەکە، ئەو عەشیقەیەی کە لە هەموانی دیکە لای بۆکاسا شانسی زیاتر بوو، لەگەڵ (مارتین)ی ژنە منالّ بەخێوکەرەکە، و ژمارەیەك سەربازی پاسەواندا لە کاتی سێکسکردندا گیران، دەستبەجێ لەوێدا مارتین کوژرا، هۆشداریش درایە ژنە ڕۆمانیەکە، بەڵام ئەو بەوە بۆکاسای تۆمەتبار کرد کە لە پێناوی عەشیقە ڤێتنامی و گابۆنیەکانی دیکە ئەمی لەبیر کردووە.

لە سەرەتادا بۆکاسا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە سەربازە دەستگیر کراوەکان بخاتە بەردەم تیمساحەکان، بەڵام دواتر دڵی باشبوو بڕیاریدا بە شێوازێکی مرۆڤانە لە زینداندا بیانکوژێ.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

(کیلۆنگۆ) بە حەوشەو نافورەکانیەوە، لە کێڵگەیەکی مەکسیکی دەچوو. سەقفی هۆڵەکە لابرابوو، هیچ ئاسەوارێکی ئەو مێزەش نەما بوو کە جارێك لە جارەکان وەك ئەوەی (دەیڤید داکۆ)ی نزیکی بۆکاسا (کە دوو جاریش سەرۆکی وڵاتبووە) گێڕاویەتەوە، گۆشتی یەکێك لە نەیارانی بۆکاسا ی لەسەر دانراوە.

سەربازەکان بە چواردەوری کێڵگەکەدا سووراندینیانەوە، لەو شوێنەی کە لە ڕابردوودا بۆکاسا و سەماکارە ڕۆمانیەکە تیایدا دادگایەکی کورتی دوژمنەکانیان دەکرد جا چ دوژمنی ڕاستەقینە بن یاخود دوژمنی دروستکراو، بە جۆرێك ئیمپراتۆر و سەماکارە بالیەکە بڕیاری چۆنێتی لە سێدارەدانەکانی دەردەکرد، جا لە ڕێگای گوللە بارانکردنەوە بێ (کە گروپی گوللەبارانکردنەکە هەمیشە لە ئامادەباشیدا بوون) یاخود لە ڕێگای زیندانەوە ئەویش بەهۆی داڕزانی جەستەیانەوە، یاخود لە ڕێگای تیمساحەکانەوە.

بە جیا لە باسی لاشەی ناوی چێشتخانەکان، سەربازەکان وتیان ئەوان چەندین ئێسکی مرۆڤیان لە ژێر مەلەوانگەکانی ناو ئەم ڤێلایەدا دۆزیوەتەوە.

هێشتا مەلەوانگەکان مابوونەوە، بەڵام خۆڵ، شینی ناوەوەی مەلەوانگەکانی داپۆشیبوو، کتوپڕ بچوکترین سەرباز ڕۆیشتە بچوکترین مەلەوانگەوە، کاتێك هەندێك گیای بە دەست لابرد، ئێسکێکی سپی تۆخی دۆزییەوە و هاواریکرد" ئێسکی مرۆڤ، بۆکاسا خواردویەتی، سەد فرەنك"

ڕافائێل ئێسکەکەی لە سەربازەکە وەرگرت و دوای سەیرکردنی بۆ چەند چرکەیەك وتی" ئەوە ئێسکی بزنە، کاتێك دەیبرژێنی خۆشە".

کاتێکیش سەربازەکە دڵنیا بوو، وازی لە مشتومڕ هێناو وتی"باشە، ئێسکی بزنە، بەڵام بۆکاسا خواردویەتی".

## قسە لەگەڵ شەیتان

لە بەرواری ٢٩ی تەموزی ساڵی ١٩٧٢، کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست مەرسومی ژمارە ٢٩٠٥٨ی دەرکرد:

هەر کەسێك لە کاتی دزیکردندا دەستگیربکرێ ئەم سزایانە دەدرێ:

١/ یەکێك لە گوێیەکانی دەبڕدرێت، ئەگەر بێتو یەکەمجاری بێ دزی بکا.

٢/ ئەو گوێیەکەی دیکەشی دەبڕدرێت، ئەگەر بێتو دووەمجار بە دزییەوە دەستگیربکرێ.

٣/ ئەگەر بۆ سێهەمجاریش لە دزیکردندا دەستگیر بکرێ، ئەوا یەکێك لە دەستەکانی دەبڕدرێ.

کرداری بڕینەکەش پزیشکە ئامادە کراوەکان بە شێوەیەکی زۆر باش لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەنجامی دەدەن.

ئەم مەرسومە چەندین جار و لە چەندین بۆنەدا و بە ئامادەبوونی جەماوەر، لە ناوەڕاستی بازاڕدا جێبەجێکرا.

بۆکاسا کە ئەو کات سەرۆکی هەمیشەیی، و وەزیری بەرگری، و داد، و ناوخۆ، و کشتوکاڵ، و تەندروستی، و فڕۆکەوانی بوو، خودی خۆی سەرپەرشتی پرۆسەی بڕینەکانی دەکرد.

تەنانەت (کۆرت ڤالدهایم)ی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان ناڕەزایی لەوە دەربڕی، بەڵام بۆکاسا وەڵامی دایەوەو بە (وەحش و داگیرکار) وەسفیکرد، لە هەموشی سەیرترە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە (ئیمپریالی) وەسفکرد.

## قسه لەگەڵ شەیتان

سەرەتایساڵی تازەی ١٩٨٥ کە هاوکاتبوو لەگەڵ بیست ساڵەی یادی کودەتاکەی بۆکاسا و گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە. بۆکاسا لەو کاتەدا لە کۆشکی (ئەندریکۆر) لە ڕۆژئاوای پاریسی پایتەختی فەرەنسادا کاتەکانی بەسەر دەبرد.

ژوورێکی گەورەو سارد، چەندین تابلۆی کاسرینی ژنە ئیمپراتۆرو ناپلیۆن و وێنەیەکی جەنگی (دیان بیان فۆ) کە تیایدا نووسرا بوو (لەپێناوی ئازادیدا ژیانی خۆیان بەختکرد)، هەڵواسرابوو.

بۆکاسا پارەی خۆ گەرمکردنەوەی پێ نەبوو.

"پارەی خواردنی خۆم و ئەو پانزە منداڵەم نییە کە لەگەڵ مندا لەم شوێنەدا دەژین".

بە ڕۆژنامەنووسەکانیشی وت"ڕۆژانە چەندین خەرجیم بۆ دێت و نازانم چۆن پارەکەی دابینبکەم".

لەراستییشدا بۆکاسا زیندانیەکی لەسێدارەدراو بوو، بەهۆی ئەوەی کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست داوای کۆشکەکانی دەکرد، قەدەغەبوو بیانفرۆشێ، هەروەها پۆلیسی نهێنی فەرەنساش قەدەغەی کردبوو شارەکە بەجێبهێڵێ.

ئەو کتێبەشی کە بەناوی (راستیەکان)ەوە نووسیبوی، بەرلەوەی بگاتە کتێبخانەکان، لەسەر فەرمانی (جێسکار دۆستان)ەوە لەناوبران.

هەرچۆنێك بێ، دوای شەش مانگ وا دەردەکەوت کە دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، دادگایەکی فەرەنسا، ئەو فڕۆکەیەی بۆ گەڕاندەوە کە نرخەکەی بایی ٦ ملیۆن فەرەنکی فەرەنسی بوو، وە وڵاتی ئەفریقای ناوەڕاست دوای پرۆسەی (پاراکۆدا) دەستی بەسەردا گرتبوو.

هەروەها ئەو جەندرمانەش کە پاسەوانی دەرگای کۆشکەکەیان دەکرد لابران و ئیمپراتۆری پێشوو چەندین هاوڕێی تازەی فەرەنسی بۆ دروستبوون، کە زۆربەیان پارێزەرو ئەفسەری پێشوو بوون و نزیکبوون لە ڕاسترەوە توندڕەوەکانەوە، هەر بە فەزڵی ئەوانیش فڕۆکەکەی فرۆشت و داهاتەکەی خستە پرۆژەیەکەی تازەترەوە کە ئەویش: هەڵهاتن بوو! !.

رۆژی ٢١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٦، بۆکاسا، ئۆگۆستینی ژنی (کە لە وڵاتی ساحل عاج ناسیبوی) ئاگادارکردەوە کە ئەوان ڕۆژی دواتر دەگەڕێنەوە بۆ (بانگی)، گەشتەکە لە رێگای گەشتێکی ئاسمانی گەشتەکانی هێڵی ئاسمانی ئەفریقاو بە بەڵگەنامەی ساختەوە بوو.

لەکاتی گەشتەکەشدا، یەکێك لە سەرنشینان، فڕۆکەوانەکەی لە بوونی بۆکاسا ئاگادارکردەوە، بەڵام فڕۆکەوانەکە وای دانا ئەگەر ئەمە ڕاستبێ، ئەوا بێگومان بە ڕەزامەندی حکومەتی فەرەنسی بووەو پێویست بە هەڵوەشاندنەوەی گەشتەکە ناکا.

کە گەشتە (بانگی) سەرەتا کەس نەیناسی، دواتر هەر کە ناسیان یەکێك لەهۆڵەکەدا هاواریکرد"ئەوە بۆکاسایە".

خەڵکەکە بەچپە چپ دەیانوت"سەرۆك گەڕاوەتەوە، برۆ بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی، برۆ بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی!". پۆلیسەکان کەوتنە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، خەڵکەکە دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان، دواتر بۆکاسا کەوتە وتاردان.

بەڵام دوای بیست چرکە، کۆڵۆنێل (جان کلود مانسیون) بە ژمارەیەکی زۆر سەربازەوە خۆی گەیاندە هۆڵی فڕۆکەخانەکە، (مانسیۆن) کە بە تەزکیەی فەرەنسیەکان فەرماندەی پاسەوانی سەرۆکایەتی دەکرد، بۆکاسای دەستگیر کرد ئەویش بە گومانی ئەوەی هاتنەوەی بۆکاسا بۆ وڵات بۆ دووبارە گرتنە دەستی دەسەڵاتەوەیە.

"من بۆیە لێرەم تا بێتاوانی خۆم بسەلمێنم". بۆکاسا بەم وتەیە ڕەتیکردەوە.

دوای هەشت مانگ بۆکاسا حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا درا، هیچ کەسێکیش ئەوەی ڕوون نەکردەوە کە بۆکاسا بۆچی فەرەنسای بەجێهێشت.

بۆکاسا پێی وتم: ئەوە کاری پۆلیسی نهێنی فەرەنسی بوو، ئەوان خۆم و منالٚ و ژنەکانیان خستە ناو یەکەم فڕۆکە کە بۆ (بانگی) دەڕۆیشت".

وتیشی"هێشتا ناوی ئەو ئەفسەرانەم لایە کە سەرپەرشتی پرۆسەکەیان کرد".

بەڵام دیاربوو بۆکاسا ئەو نامەیەی لەبیرچوبو کە بۆ (فرانسوا میتەران)ی ناردبوو لەپێش گەڕانەوەکەی.

بۆکاسا نامەکەی بەمجۆرە دەستپێکردبوو"وەك پیاوێکی ئازاد بۆ ناو میللەتێکی ئازاد دەگەڕێمەوە، ئەگەر بانگبکرێم بۆ خزمەتکردنی، ئەوا دەستبەجیٚ ڕازی دەبم، چونکە گەورەترین ئاواتم ئەوەیە کە خزمەتی خەڵك بکەم، خزمەتی هەموو خەڵکی: ئەوەش بیرۆکەیەکی فەلسەفییەو بە نیسبەت ئێمەوە، ئەوانەی کە پەروەردەی ڕۆشنبیری فەرەنسیین، کارێکی زۆر سروشتیە ".

"(لەبانگی)دا تەنها ئەو منالّە کەم ئەندامانە دەمناسن، کە لەبەرامبەر تاکە هوتێلەکەدا خێمەیان هەڵداوە، وە هەرکاتێکیش کە دەمبینن هاوار دەکەن. . . بەیانیت باش".

ئەو هوتێلە سەر بەو کۆمەڵە هوتێلە بوو کە دەکەوتە سەر ڕووبارەکە، سەربازە فەرەنسیەکانیش بەجلوبەرگە سەربازییەکانیانەوە هەموو شەوێك لە باڕەکەدا دادەنیشتن، و لە بارەی وولاٚتی (رواندا)ە وە قسەیان دەکرد، بەڵام لە نێوان خۆیاندا.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

جار ناجارێکیش کچێکی جل زەرد دەهات بۆ بارەکە، کە دەهاتە ژوورەوە هیچی لەپێدا نەبوو، کە دەگەشتە بەردەم دەرگاکەش پێڵاوە زەردەکانی لەبن دەستی دەردەهێناو دەیکردنە پێی.

سەرۆکی منداڵەکان هەموو جارێك چاودێری ئەم ئاهەنگە بچوکەی دەکرد، و بە"خوشك"بانگی دەکرد.

لە ماڵەکەی لە نزیك کەنیسەکە، زۆربەی جارەکان بۆ کاسا ئاماژەی بە وشەی (بەرهەمی خوێنەکە)ی دەکرد.

لە سەرەتاوە من بڕوام وابوو مەبەستی ئەو لەم قسەیە کچە بچوکەکەیەتی کە زۆر پەیوەستبوو پێیەوە، بەڵام دواتر زانیم مەبەستی لەو قسەیە مووچەی خانەنشینیەکەیەتی، مووچەی خانەنشینی ئەفسەرێك بە پلەی نەقیب لە سوپای فەرەنسیدا، کە بۆکاسا لەبەر ئەوەی شەش مانگی لە نەخۆشخانەی سەربازی هیندی چینیدا بەسەر بردبوو، بە دەستی هێنا بوو.

ئەم مووچەیەش ژیانی خۆی و ژیانی ١٠٠ منداڵی شەرعی و ناشەرعیشی دەستبەر کرد بوو کە لە هەموو ئەفریقاو فەرەنسادا بڵاوو بوبوونەوە.

شازادەی جێنشین (جان بیدل جۆرج بۆکاسا) لە ڤێرسای فەرەنسا دەژی، چونکە بە دڵنیاییەوە هیچ شونێکی دیکە بۆ ئەو ناگونجێ. بەهۆی فێڵکردن و خواردنی ٣٠ هەزار جونیەی ئەستەرلینیش حوکمی یەك ساڵ زیندانی بەسەردا درابوو.

لە نێوە ژنە عەشیقیەکانیشدا ژنی ڕۆمانی، تونسی، گابۆنی، فەرەنسی، بەلجیکی، لیبی، کامیرۆنی، ئەڵمانی، سویدی، زائیری، چینی (کە وەك دیاری بۆی هاتبوو)، هەبوو، ئەمە جگە لە کاسرینی ئیمپراتۆریش.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ژنەکانی بۆکاسا تاکە ئەنجامی بە دەستهاتوی سەردانە ڕەسمیەکانی بوو بۆ دەرەوە، و زۆربەی جارەکانیش دیاری سەرۆك وڵاتەکان بوو وەك هاوڕێیەك بۆی، هەندێ جاریش لە کاتی گەڕانەکانیدا کاتێك ئافرەتێکی دەبینی داوایدەکرد بیناسێ، ئەگەر بە دڵی بوونایە لەگەڵ خۆیدا دەیبردن بۆ بانگی، و هەر دانەیەکی لە ڤێلایەك دادەنا، و ژنەکانیش بە ناچاری چاوەڕوانی گەورەکەیان دەکرد.

لە یەکێك لە سەردانە ڕەسمیەکانیدا بۆ گابۆن و لە فڕۆکەخانەی (لێبرفێل)، لەنێو ئەو کەسە پلە باڵایانەی کە ماڵئاواییان لە بۆکاسادا دەکرد، کچێکی زۆر جوان سەرنجی بۆکاسای ڕاکێشا، بەپێی گێڕانەوەی گۆڤاری (ئەفریقای گەنج)، بۆکاسا بە گوێی ژنەکەی چرپاند لە جێگای خۆی نەجوڵێ، چونکە ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ لای، دواتر دەستی کردە ملی سەرۆك (عومەر بۆنگۆ)و سواری فڕۆکەکە بوو بۆ گەڕانەوە.

دوای پانزە خولەك بۆکاسا فەرمانیدا بە فڕۆکەوانی فڕۆکەکە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە.

(عومەر بۆنگۆ)ی سەرۆك کە ڕۆیشتبووە دەرەوەی فڕۆکەخانەکە لە گەڕانەوەی بۆکاسا ئاگادارکرایەوە، بۆکاسا بە زەردەخەنەیەکەوە بۆنگۆی دڵنیاکردەوەو وتی"کەمێك بەر لە ئێستا وەك سەرۆك لێرە بووم، بەڵام ئێستا بۆ مەسەلەیەکی شەخسی لێرەم، ئەمەوێ لەگەڵ یەکێك لە هاوڵاتییانی تۆ زەواج بکەم".

دوای چەند کاتژمێرێك، کچە گابۆنیەکە، کە ناوی (جوێل) بوو لە (بانگی) بوو.

لە نێو هەموو ژنە عەشیقەکانیدا، ژنە ڕۆمانیە قژ زەردە سەماکارەکەی لە هەموویان زیاتر بە ناوبانگ بوو. دۆزینەوەی ئەم ژنەش لەلایەن بۆکاساوە لە کاتی سەردانیکردنی بوو بۆ لای (نیکۆلای چاوچیسکۆ)ی سەرۆکی ڕۆمانیاو لە یەکێك لە بارەکاندا چاوی پێکەوت.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ژنەکە ناوی (گابربێیلا درێمبا) بوو، لە سەرەتاوە ڕەتیکردەوە شو بە بۆکاسا بکا، بەڵام دواتر دوای چەند هەفتەیەك کتوپڕ لە (بانگی)دا دەرکەوت. ٣ ژنە ڤێتنامیەکەش لە هەموان زیاتر ئاڵۆزو گوماناوی بوون، یەکێکیان ژنی بوو، دووانەکەی دیکەش کچی بوون، یەکێك لە دووانەکە کچی ڕاستەقینە، و ئەوەکەی دیکەیان ساختە بوو، هەردوکیشیان ناویان (مارتین)بوو.

هەردوو کچەکە لە ڤێتنامەوە گەشتنە بانگی، ئەویش دوای ئەوەی بۆکاسا بە هەوڵی حکومەتی فەرەنسی بە دوای کچەکەیدا دەگەڕا، کچەکەش کچی ژنێکی ڤێتنامی بوو کە ساڵی ١٩٥٣ بۆکاسا مارەی کرد بوو ئەو کچەی لێبوبوو دواتر بەجێیهێشتبوو.

مارتینە ساختەکە یەکەمجار گەشتە بانگی، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەمە قۆڵبڕە، ڕۆژنامەوانی فەرەنسا ڕووداوەکەیان کردە گاڵتەجاڕی، بەڵام بۆکاسا وەها وەڵامی دانەوە کە ئەو کچە لە خۆدەگرێت ئەویش وەك سەلماندنی شەهامەت و پیاوەتی خۆی.

دوای ماوەیەکیش بۆکاسا کچە ڕاستەقینەکەی خۆی دۆزییەوە کە لە یەکێك لە کارگەکانی چیمەنتۆدا کاریدەکرد، کچەکەی ڕازی کرد بەوەی لە ڤێتنامەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەفریقا.

هەر کە گەشتنە (بانگی)یش، بۆکاسا هەروەك مەزاد، دوو کچەکەی بۆ شوکردن خستە ڕوو.

بە سەدان گەنجی ئەفریقای ناوەڕاست ئامادەییان دەبڕی بۆ هاوسەرگیری، لە کۆتایشدا پزیشکێك و ئەفسەرێکی سوپا مەزادەکەیان بردەوە، لە ئاهەنگەکەشدا کە لە کەنیسە سازدرا، ژمارەیەك لە سەرۆکی وڵاتان ئامادەبوون، لە دیارترین ئەوسەرۆکانەش (عومەر بۆنگۆ)ی هەمیشە دڵسۆزبوو.

لە یەکێك لە ڕۆژەکاندا، دوای ئەوەی بێزار بوو لە باسکردنی ئەزمونە سەربازییەکانی، ئیمپراتۆر جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ لای باسکردنی کتێبی پیرۆز و نوێژێکی کرد، دواتر

مەسیحی بە ماندێلا بەراورد کردو وتی"ماندێلا لە زینداندا هەروەك مەسیح ئازاری چەشت، ئەوە دیاری خوایە بۆ ئەفریقییەکان و قەرەبوکردنەوەی چەندان سەدەیە لە نەهامەتی و ئازار".

ئەوەشی ڕوونکردەوە کە دواتر کاتێك لە تەلەفزیۆنەوە هەڵبژاردنی (سێلڤۆ بێرلکسۆنی) وەك سەرۆك وەزیرانی ئیتالی بینیوە، یەکسەر خۆشی ویستوە.

لە دواین سەردانمدا بۆ ڤێلاکەی، (بۆکاسا)م بە تەنهایی بینی، ئینجیلێکی بە دەستەوە گرتبوو، لەسەرمبوو دەربارەی توندترین تۆمەتی ترسناك پرسیاری لێبکەم، ئەو تۆمەتەی کە جەرگی دەبڕی.

"دروستکردنی چیرۆکی خواردنی گۆشتی مرۆڤ، بە ئامانجی ڕوخاندنی منبوو، ئەوە درۆیە، ئایا تۆ باوەڕ بەوە دەکەی ئەفسەرێکی فەرەنسی کە چەندین نیشانە و مەدالیای هەیە گۆشتی مرۆڤ بخوا، ئەمە درۆیە". بۆکاسا ئەمەی دووبارەکردەوە. هەر بە فیعلیش دادگا لەم تۆمەتە بێبەری کرد.

بەڵام ئەی تاوانەکانی دیکە؟.

بۆکاسا نکوڵی لێنەکرد و وتی"بەڵام ئەوە هەر من نیم بە تەنها تاوان دەکەم، ئەی (ئارێل شارۆن) چی؟ بۆچی لە تاوانەکانی قەسابخانەکەی (سەبراو شاتێلا)ی (فەلەستینیەکان) خۆشبوون، کەچی لەوانەی من خۆشنەبوون؟ ئایا هی ئەوەیە کە من ئەفریقیم؟".

ئەو ڕۆژە بۆکاسا حاڵی زۆر باشتر بوو، لەوانەیە دەرمانەکانی خواردبێ.

دوای دوو ساڵ لە چاوپێکەتنەکەمان، (جان بیدل بۆکاسا) لە ٣ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٦ مرد، و لە (برنگۆ) بە خاك سپێردرا.

ئێزگەی ڕەسمی وڵاتی ئەفریقای ناوەڕاستییش بە پیاوێکی (جوان) وەسفیانکرد، کەچی هەر ئەم ئێزگەیەش بوو بەر لە دە ساڵ پێشتر بە (غۆلەکەی برنگۆ) وەسفی کرد بوو، ئەوکاتەی کە بێزراو پەراوێزخراو بوو.

کاسرینی ژنە ئیمپراتۆر لە لۆزان دەژی و هەموو قسەکردنێك دەربارەی بۆکاسا ڕەتدەکاتەوە.

تاوەکو ئێستاش (جێسکار دیستان) سیاسییەکی گرنگە، و تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵکی فەزیحەی ئەڵماسەکانیان لە بیرە.

(بێرنار تابیە) چەند جارێك بوو بە وەزیر، دواتر بە تۆمەتبار، دواتریش بوو بە خاوەنی تیپی تۆپی پێی (ئۆلۆمپیك مارسیلیا)، و جارێکیش ناچار بوو بیفرۆشێ، و دواتر کڕییەوە.

ئێستا وەك ئەکتەرێك کار دەکا، ئیشە ڕاستەقینەکەی خۆی بەدرێژایی ژیانی، کە بۆکاسا لێیەوە وانەیەکی جەرگبڕی لێوە وەرگرت.

(باتاس)یش بوو بە سەرۆکی ئەفریقای ناوەڕاست، و لەگەڵ قەزافیدا هاوپەیمانی بەست.

سەماکەرە ڕۆمانیەکەش گەڕایەوە بوخارست، و (ئان دۆ برنگۆ)ی کوڕی لە (بانگی) بە جێهێشت و نەیویست ئیتر لەبارەیەوە هیچ ببیستێ.

(مارتین)ی ڕاستەقینەش لە دوای کودەتاکە لە(بانگی) هەڵهات و ئێستا چێشتخانەیەکی ڤێتنامی لە پاریس بەڕێوە دەبا.

(مارتین)ە ساختەکەش، لەسەر دەستی پاسەوانەکانی بۆکاسا کوژرا، ئەویش ساڵێك لە دوای شکستی ئەو کودەتایەی کە مێردەکەی ئەنجامی دا.

(ئۆگۆستین)ی عەشیقەشی، گەڕایەوە بۆ (ئەندریکۆر)، و ئێستا لەگەڵ ژمارەیەك لە منداڵەکانی ئیمپراتۆر ژیان بەسەر دەبا، و بە سەختی ژیانیان دابین دەکا.

قسه لەگەڵ شەیتان

لە ساڵی ١٩٦٩ەوە تا ئێستا (عومەر بۆنگۆ) سەرۆکی گابۆنە. بە پێچەوانەی (کەسانی جێماو لە بنەماڵەی بۆکاسا) پیاوێکی دەوڵەمەندە، و لە ساڵی ١٩٧٠ەوە یەکێك بووە لە میوانە نهێنییەکانی بانکی (سیتی بانك).

ئاریێل شارۆنیش بووەتە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل.

رافائێل کوبیسواش، لە ئێستادا لە دەرەوەی زیندانە.



# یـارۆزلـسکی

(ڤۆیتشیخ یارۆزلسکی)

•لە ٦ یۆلیۆی ساڵی ١٩٢٣ لە دایکبوە.

•ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٨٥ سەرۆك وەزیرانی پۆڵەندا بووە.

•ساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٩٠ سەرۆکی وڵاتی پۆڵەندا بووە.

• لە ساڵی ١٩٨١ تا ساڵی ١٩٨٩ دواین سەرکردەی شیوعیەکانی پۆڵەندا بووە.

•دواین سەرکردەی سوپای میللی پۆڵەندی بووە.

•بەپێی ڕێکەوتنێك لە ساڵی ١٩٨٩ کە دواتر هەڵبژاردنێکی دیموکراسی لێکەوتەوە، وازی لە دەسەڵات هێناوە.

ئەوکاتەی هاتە سەر دەسەڵات، نیگاکانی خەریکبوو لە نیگاکانی فەرماندەیەکی سەربازی یەکێك لە کۆمارەکانی مۆزی دەکرد.

لەسەر تەلەفزیۆن داوای"بەرگری لە یاساو ڕژێم"ی کردو بەڵێنی ئەوەشی دا کە سنورێك بۆ ئەو (فەوزایە) دابنێ کە وڵاتی تێکەوتووە ئەویش بەهۆی دەستەیەك (لە توندڕەوەکانەوە).

دواتر زۆر بە تێکەڵاوی وتارێکی کورتی پێشکەشکرد، سیما گوماناوییەکەی جگە لەو حەقیقەتەی کە ئەم پیاوە ڕقی لەوەیە کاتی خۆی بە مشتومڕەوە بە فێرۆ بداو ڕێگا بە هیچ کەسیش نادا کە دژی بوەستێتەوە، هیچی دیکەی پێ نەدەوتین.

لێوە ڕەقەکانی وەك خۆی بەسەر یەکەوە بوون و تەعبیریان لە توڕەیی و خۆبەزلزانین دەکرد، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، هەردوو نیشانە بازرگانییەکەی ئامادەبوون: جلە سەوزەکانی ژەنەراڵێتی کە زۆر بە ڕێکوپێکی چەندین نیشانەی پێوە بەستبوو، لەگەڵ چاویلەکە ڕەشە گەورەکەیدا کە خەریبکوو هەموو دەموچاوە جدییەکەی دادەپۆشی.

ئەوە لە شوباتی ساڵی ١٩٨١دا ڕوویدا.

ئەم چیرۆکە بە نیسبەت ڕۆژنامەوانی جیهانییەوە، نووسخەیەکی کۆپیکراوی هەموو چیرۆکەکانی دیکە بوو. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك (چیلی) دا وەزیری بەرگرییەك کە ئەویش بە هەمان شێوە چاویلکەیەکی تاریکی شومی لە چاو دەکرد، دوای ئەوەی بە خێرایی بە دەسەڵاتدا سەرکەوت، خۆی کرد بە سەرۆك وەزیران، ئەویش.

تموحەکانی ئەم وەزیرەش هیچ جیاوازییەکی نەبوو لە تموحەکانی (یارۆزلسکی)، لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٣دا، ئامانجی ژەنەڕاڵ (ئۆگۆستۆ بینۆشیە)ش لە شاری سانتیاگۆ بە دەستهێنانەوەی (ئارامی و ناسنامەی چیللیانە) بوو.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

هەر لە ساڵی ١٩٨١یشدا ژەنەڕاڵ (یارۆزلسکی) سووربوو لەسەر (دووبارە بنیاتنانەوەی ڕژێمی ئیشتراکی و بەرگریکردن لە ئیشتراکیەت) لە شەقامەکانی (وارشۆ) دا کە بەفر گرتبوونی.

هەردوکیان (یارۆزلسکی و بینۆشیە) سەرباز بوون و (بارودۆخی ناوارتە) ناچاریکردن بڕۆنە سیاسەتەوەو خۆیان بۆ (خزمەتی وڵات) تەرخان بکەن.

هەروەها هەردوکیان ڕایانگەیاند بوو (هاوڵاتییان لە هەموو دەزگاکانی دیکە، هێزە سەربازییەکانیان خۆشتر دەویَ). وەکچۆن هەردوکیشیان لە ژێر فەرمان و ئیشارەتی برا گەورەکانیاندا بوون.

چیلی لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کارەساتاویدا بوو کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکرا، و پۆڵەنداش لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری کارەساتاویدا بوو، و لەلایەن ژمارەیەك دەوڵەتی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتەوە پشتگیری دەکرا کە پێیان دەوترا (هاوپەیمانێتی وارشۆ).

تەنانەت ئەو وێنە فۆتۆگرافیانەشی کە لەو ماوەیەدا گیراون بە ڕوونی نیگەرانیە لەیەکچوەکانی هەردوو ژەنەڕاڵەکەی تیادا بە دەردەکەوێت، ئەمە لە کاتێکدا پۆڵەندای ژەنەڕاڵ (یارۆزلسکی) زۆر جیاواز بوو لە چیلی ژەنەڕاڵ (بینۆشیە).

ڕەنگە گەورەترین جیاوازی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا ئەو ڕاستیە بێ کە زەوی دێرینی پۆڵەندای کاسۆلیکی، زۆر نەبوو پاپایەکی تازەی پێشکەشی کەنیسەی ڕۆما کرد بوو، لە ڕاستییشدا لە دوای چوار سەدەو نیو ئەوە یەکەم پاپای غەیرە ئیتالی بوو.

ئەمەش بەر لە سێ ساڵ و لە بەرواری ١٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٨، بە شێوەیەکی کتوپڕو چاوەڕواننەکراو، کاردیناڵی گەنج و سەرۆکی ئەساقیفەکانی کراکۆ، (کارۆڵ ڤۆیتێلا) بۆ کورسیەکەی پاپا لە ڤاتیکان هەڵبژێردرا.

تەنانەت دوکەڵی بەرزبوەوەی دێری (سیستین)، ئەو وڵاتە ئیشتراکیانەی دەترساند کە خۆیان لە پشتی (دیواری ئاسنینەوە) شاردبویەوە، چونکە ئێستا ئیدی پۆڵەندای یارۆزلسکی، کە یەکێکبوو لە پەناگەکانی یەکێتی سۆڤیەت _ لەوانەیە یارۆزلسکی تێپەڕاندبێ_ و بووبێتە پۆڵەندای پاپاش. پۆڵەندای ڤۆیتێلا.

پۆڵەندا دواین پێگەی خەمگینی پێگەکانی دیکەی سوڤیەت نەبوو، بەڵکو لە یەکێك لە نوکتەکاندا هاتوە کە ئەو وڵاتە"خۆشترین سەربازگەیە لە سەربازگەکانی دەستگیرکردنی شیوعیەتدا".

پێگەیەك کە دەستگیرکراوەکان تیایدا لەبەر نەبوونی پێداویستیەکانیان، پەنایان بردۆتەوە بەر پێکەنین و توانیویانە بەو هۆیەوە ڕۆحی مەعنەویاتی خۆیان بەرز ڕابگرن.

هەر زۆر بە خێرایش (یارۆزلسکی) بوو بە نێچیرێکی ئاسانی ئەو نوکتانە.

نوکتەیەك هەیە دەڵێ"ئایا دەزانی بۆچی یارۆزلسکی هەمیشە چاویلکەی خۆپاراستنی لە چاودایە؟".

"نەخێر".

"چونکە دەیەوێ پۆڵەندا بە یەکێتی سۆڤیەتەوە لەحیم بکا".

ئەم نوکتەیە برێکی زۆر ڕاستی لە خۆدەگرت، چونکە یارۆزلسکی هەر بە تەنها خەونی بە پەیوەندییەکی سەربازی پتەوەوە نەدەبینی لەگەڵ سۆڤیەت، بەڵکو خەونی ئەوەشی هەبوو پەیوەندییەکی مێژویی و ویژدانی لەگەڵ ڕوسیای دایك و وڵاتانی سلاڤی هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە

**قسه لەگەڵ شەیتان**

تاوەکو سنورەکانی پۆڵەندا هەبێ، و ئەمەشی بە تاکە بەدیل دەزانی بۆ ڕووبەرووبوونەوەی هێزە جەرمانیەکانی ڕۆژئاوای وڵاتەکەی.

پۆڵەنداکەی یارۆزلسکی، لە نێوان دوو مێژو و دوو جوگرافیادا گیری کرد بوو: کە ئەوانیش ئەڵمانیاو ڕوسیا بوون، ئەمەش بەرهەمی ڕێککەوتننامەی (مۆلۆتۆڤ_ ڕێبنترۆب) بوو کە بە هۆیەوە ئەڵمانیای نازی و یەکێتی سۆڤیەت، چەند ڕۆژێکی کەم بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم، ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد بوو.

هەرچەندە ڕێککەوتننامەکە بۆ ئەوە بوو ئەو دوو وڵاتە هێرشنەکەنە سەر یەکتری، بەڵام ئەمە ڕێگای لە هیتلەر نەگرت کە پێشڕەوی نەکات بەرەو لینینگراد، هەر بۆیە لە ڕێگاکەیدا پۆڵەندای داگیرکردو بەمەش ئەو وڵاتەی بەسەر دوو سۆزدا دابەشکرد، کە سۆزێکیان ڕووەو ڕۆژئاواو سۆزێکی دیکەیان ڕووەو ڕۆژهەڵات بوو.

بەجۆرێك هێزێکی خۆبەخشە پۆڵەندییەکان کە ژەنەڕاڵێکی دژە شیوعی بە ناوی (ڤلادێسلاڤ ئاندرز) بەڕێوەی دەبرد، هاوکاری هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیان کرد لە ئازادکردنی ئیتالیا، لە هەمانکاتیشدا هێزێکی دیکە لە خۆبەخشە پۆڵەندییەکان کە لەلایەن ژەنەڕاڵ (زیگمۆند بێرلێنگ)ەوە سەرپەرشتی دەکرا، هاوکاری هێزەکانی سۆڤیەتیان کردو بەشدار بوون لە ئازادکردنی پۆڵەنداو بەرلیندا.

وەك هەموو گەنجانی ناو خێزانە پلە باڵاکان، بێ ئەوەی هیچ نییەتێکی ئەوەی هەبوبێ، یارۆزلسکی خۆی لە ناو ئەو هێزەدا بینیەوە کە (بێرلێنگ) فەرماندەیی دەکرد.

ئێستا یارۆزلسکی کە تەمەنی ٨٧ ساڵانە، چیدیکە جلە سەربازییەکانی لەبەر ناکا، بەڵام نیشانە بازرگانییەکانی خۆی پاراستووە، چاویلکە ڕەشەکە.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ئەو ژەنەڕاڵەی کە ئێستا بە یارمەتی گۆچانێکی ڕەش دەڕوات و وەك هەر سەربازێك بە ڕێکی ڕادەوەستێ، پیاوێکی خۆش مەشرەبە، بە جۆرێك قسە دەکات وەك ئەوەی وانەبێژی زانکۆ بێ، بۆینباخێکی بەرز دەبەستێ و دەستە جلێکی عادی ڕەنگ قاوەیی، لەسەر شێوازی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی لەبەر دەکا.

سات نا ساتێکیش، لە قسەکانیدا توڕەییەك بە دیدەکرێ کە چەندین توڕەیی دیکە دروستدەکا و زۆر قورسە لەلای بیانشارێتەوە، چونکە کاتێك ڕوبەڕوی قسەیەك ببێتەوە کە تەواو ورد نەبێ، یاخو پرسیارێك بکرێ لەسەر قسەکە، ئەوا هەردوو برۆ درێژە بە ناوبانگەکانی شەیتانانە بەرزدەکاتەوە، هەروەها دەستەکانیشی لە هەوادا ڕادەوەشێنێ، و زۆر بە ساردییەکەوە دەڵێ"ئەمە بخوێنەرەوە".

نامەیەك فڕێ دەداتە سەر مێزەکە، یاخود بەڵگەنامەیەکی یاسایی، یان هەر بەڵگەنامەیەکی دیکەی سەردەمی دەسەڵاتی خۆی بۆ ڕاستی قسەکانی دەخاتە ڕوو. یاخود ئاماژە بۆ دوو پەرتوکی ڕەق دەکات (کە بەرگی یەکێکیان سەوزەو بەرگی ئەوەکەی دیکەیان پرتەقاڵیە) کە لەسەر ئەرکی خۆی چاپیکردون و وەك بەرگرینامەیەك ئامادەی کردوون بۆ دادگاییەکی خەیاڵی لە دادگاییەکانی مێژوو.

پۆڵەندییەکان، تەنانەت ئەوانەشی کە لایەنگری ئەون، وەك کەسایەتیەکی کارەساتاوی سەیری یارۆزلسکی دەکەن. وەك سەرۆکێك، بە قوربانی دۆخێکی پڕ لە ئەگەری بەدینەهاتوو هەڵەی دەزانن.

سەرەڕای هەوڵدانەکانیشی بۆ قەناعەتپێکردنی هاوڵاتییانی وڵاتەکەی بەوەی کە شایانی ڕێزی ئەوانە. بەڵام وەك پیاوێکی پیری ئەخلاق دۆڕاو و سیاسەت دۆڕاو تەماشا دەکرێ.

یەکێك لەو نوکتانەی کە خەڵکی لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیشتراکیدا دەیانگێڕایەوە ئەوەبوو، کە ژەنەڕاڵ هەرچەندە بەدبەخت بوو، هەستیشی بە ڕقی خەڵکی دەکرد لە

بەرامبەر خۆی کاتێك لە دەسەڵاتیشا بوو، کەچی لەلای شۆفێرەکەی گلەیی ئەوەی دەکرد کە بۆچی خەڵکی ڕقیان لێیەتی، ئەو ڕقەی کە هیچ تەفسیرێکی بۆ نەدەدۆزرایەوە.

"کارەکەپێویستی بە موعجیزەیەك هەیە بۆ ئەوەی گەلی پۆڵەندی خۆشیان بوێم"ژەنەڕاڵ وای بە شۆفێرەکە وت.

شۆفێرەکەی کە بە نهێنی کاسۆلیکییەکی ئیماندارو ئەندامی بزوتنەوەی هاوکاری بوو، قسەکانی ژەنەڕاڵی بە بەرپرسی پاسەوانان وت، بەرپرسی پاسەوانەکایش بە ژەنەڕاڵی وت"گەورەم ئەو کارە جێبهێڵە بۆ من، هێزێکت دەدەمێ کە موعجیزەت تیادا دروستبکا و بەسەر ئاودا بڕۆی".

بەمجۆرە، لە بەیانییەکی زووی یەکێك لە ڕۆژەکاندا، ژەنەڕاڵ و شۆفێرەکەی ڕۆیشتن بۆ کەنارەکانی ڕوباری (فستۆلا)، ئەو ڕوبارەی کە بە پایتەختدا دەڕوا، لێرە یارۆزلسکی هەوڵیدا پێیەکی بخاتە ئاوەکەوە، بەڵام هەر بەسەر ئاوەکەوە مایەوە، هەوڵیدا پێیەکەی دیکەی بخاتە ئاوەکەوە، ئەنجامەکەی هەر هەمان شتبوو، بەمجۆرە سەرۆك بەسەر ئاوەکەدا ڕۆیی.

دوو ڕاوچی دەم هەراش لە کاتێکدا لە شوێنێکی نزیك ئاوەکە بیرەیان دەخواردەوە سەرۆکیان بینی و یەکێکیان وتی"هێی، سەیرکە! ئەوە یارۆزلسکی"یە.

ئەوەکەی دیکەیان لە وەڵامدا وتی"ئەها، بەمجۆرەیە، بە ڕاستی ناخۆشە، ئەو تەنانەت ناشتوانێ مەلە بکا".

تەنانەت موعجیزەکانیش نەیانتوانی باوەڕ بە گەلی پۆڵەندی بهێنن بۆ ئەوەی لە دوو کاری خراپی ژەنەراڵ خۆشبن: دوو کار کە خودی (یارزۆلسکی) دەیخاتە سەر تۆمەتبارێك کە بە

**قسه لەگەڵ شەیتان**

هەزاران ساڵ خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی قورسەو دەبێ بخرێتە زیندانی: مێژووەوە.

یەکەمین ڕووداوێك کە شایانی لێخۆشبوون نییە لە مانگی کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٧٠ ڕوویدا، ئەوکاتەی یارۆزلسکی وەزیری بەرگری بوو، لە شاری (غدانسك و غدینیا) هێزەکانی تەقەیان لە خۆپیشاندانی کرێکاران کرد کە یەکەم خۆپیشاندان بوو دژی حکومەت، بەو هۆیەشەوە ٤٤ کرێکار گیانیان لە دەستداو بە هەزارانی دیکەش بریندار بوون.

دادگایکردنی ئەم ڕووداوە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە دەستی پێکردوەو چاوەڕواندەکرێ ماوەیەك بخایەنێ.

یارۆزلسکی ئەوە دوپاتدەکاتەوە کە ئەو فەرمانی تەقەکردنی دەرنەکردووە، بەڵکو فەرمانەکە لەلایەن سەرۆك وەزیرانی ئەو کات (ڤلادیسلاف غۆمۆلکا)ەوە دەرچووە کە دواتر وەك فەرماندەیەکی سوپا دەستی لەکار کێشایەوە.

ڕووداوی دووهەمیش لە ساڵی ١٩٨١دا ڕوویدا، هەر لە هەمان مانگی کانونی دووهەمی شومدا، چونکە دوای چەند مانگێکی کەم لە بوونی بە سەرۆك وەزیران، یارۆزلسکی یاسای عورفی دەرکرد و لەسەر تەلەفزیۆنەوە ڕایگەیاند کە ئەو بە ناوی ئەنجومەنی سەربازی بۆ ڕزگارکردنی نیشتیمانی، دەستیگرتووە بەسەر دەسەڵاتدا، ئەو ڕێکخراوەی تا ئەو ساتە کەس ناوی نەبیستبوو.

هەر زۆر بە خێرایش، بە هێز چەندین کۆت و بەندی سەپاند.

بزوتنەوەی هاوکاری قەدەغەکرد، هەروەها بزوتنەوەی سەندیکای کرێکارانیش کە لە ساڵی ١٩٨٠دا دەرکەوتبو و لە بزوتنەوەی کرێکاری ساڵی ١٩٧٠ جیابوبویەوە، ئەمەش لە ترسی ئەوەی نەوەك ئەندامەکانی کە ژمارەیان ١٠ ملیۆن کەس دەبوو هانی بزوتنەوەکە بدەن بۆ

ئەوەی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ، هەروەها (لیتش ڤالیسا)ی سەرۆکی کاریزمای ڕێکخراوەکەش، کە کرێکارێکی کارەبا بوو، بێدەنگکرد.

سوپا دەستی بەسەر هەموو وڵاتدا گرت، هەموو گردبوونەوەو ناڕەزایی دەربڕینێك قەدەغەکرا، بەجۆرێك هەرکەسێك لەو بڕیارە دەربچوایە دە ساڵ زیندانی دەکرا.

هەروەك بۆ ماوەیەك هەموو پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان بچڕا. لە دوای کاتژمێری دەی شەویشەوە قەدەغەکردنی هاتوچۆ ڕاگەیاندراو تانکەکانیش لە شەقامەکانی (وارشۆ) و هەموو شارە سەرەکیەکانی دیکەدا بڵاوکرانەوە.

هەڵمەتێکی ڕەشبگیری نووسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و بەرهەمهێنەرانی شانۆو چالاکانی سەندیکاکان و قەشە ڕەخنەگرەکان دەستپێکرد، پەیوەندییەکانی دەوڵەتیش لەگەڵ کەنیسەدا ناجێگیر بوو، هەروەك بێژەرانی هەواڵەکان لە تەلەفزیۆن ناچارکران لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکاندا بەجلی سەربازییەوە دەربکەون.

بەرنامەکانیش گۆڕدران بۆ نیشاندانی گۆرانیی نیشتیمانی و نمایشی سەربازی و مۆسیقای کلاسیکی.

لەو ماوەی سەرکوتکردنە درێژەدا بە هەزاران کەسی ئۆپۆزسسیۆن سەرکوتکران.

(کرملین)ی (روسیا)ش هەناسەی خۆشبەختی هەڵمژی، چونکە (لیۆنید برێژینێف) باوەڕی بەوە هێنا کە ڕەگەکانی شێرپەنجەی شۆڕش لە بنەوە دەرهێنراون و چیدی مەترسی بڵاوبوونەوەی بۆ وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەی (وارشۆ) لێناکرێ.

دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ، یارۆزلسکی تاوەکو ئێستاش پێی وایە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن سوپاوە، خاڵێکی یەکلایکەرەوە بووە لە مێژووی درێژی وڵاتدا.

لەوانەیە یارۆزلسکی ڕژێمی ڕزگارکردبێ، بەڵام ڕێزی خەڵکی لە دەستدا.

ئەوکاتەشی کە بزوتنەوەی هاوکاری هاتنە سەر حوکم، ڕای گشتی فشاریان خستە سەر سەرکردەکانی ئەو بزوتنەوەیە (لە کاتێکا ئەوان حەزیان نەدەکرد زامی کۆن بکولێننەوە) تاوەکو دۆسیەیەکیان بۆ یارۆزلسکی و چەند سیاسییەکی پێشوو کردەوە، لە ساڵی ١٩٩٦ دۆسیەکە بەبێ تاوانی یارۆزلسکی داخرا.

ئەو هەرچەندە لەلای ڕای گشتیش نەجاتی بوو، بەڵام لێیخۆش نەبوون. ژەنەڕاڵ خۆی ئەمە باش دەزانێ، و هەست بە زوڵمەکانی خۆی دەکا.

ئەو باس لەوە دەکا ناچار بووە یاسای عورفی ڕابگەیەنێ بۆ ئەوەی ڕێ لە هاتنی سوپای سۆڤیەت بگرێ.

"ئەگەر لە نێوان دوو خراپەدا خراپە ئەهوەنەکەم هەڵنەبژاردایە، لەوانەیە وارشۆ لە ١٣ کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٨١، هەروەکو بۆدابستی ساڵی ١٩٥٦ لێبهاتایە، تانکە سۆڤیەتیەکان تیایدا لە شەقامەکانی هەر پایتەختێکی ئەروپیدا زیاتر دەبوون".

لەمڕۆدا یارۆزلسکی نووسینگەیەکی بچوکی دوو ژووری هەیە کە کەوتۆتە شەقامێکەوە لە (وارشۆ)، کە ئەویش شەقامی (یارۆزلسکی)یەو لە شەقامە سۆڤیەتیەکان دەکات.

لە پەنجەرەی نووسینگەکەیەوە دەتوانی کۆشکی ڕۆشنبیری ببینی، باڵەخانەیەکی ترسناك و خەمناك لە هەوردا، ئەمەش دیاری (جۆزیف ستالین) بوو لە ساڵی ١٩٥٢ بۆ گەلی پۆڵەندی، وەك بەڵگەیەکی دەستلێدراو _ کە هیچ گومانێك نەهێڵێتەوە_ لەسەر باڵادەستی سۆڤیەتی.

ئێستا یەکێتی سۆڤیەت نەماوە، بەڵام"دیارییەکە"ی ستالین هێشتا بەرزترین باڵەخانەیە لە وارشۆدا، چونکە دەتوانی لە دووری بیست کیلۆمەترەوە بیبینی.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ئەم نووسینگەیە بەپێی یاسا نووسینگەی یارۆزلسکییە، ئەویش بە سیفەتی سەرۆك کۆمارێکی پێشوو.

خەرجی ئەم نووسینگەیەش لەسەر دەوڵەتە، هەروەها خەرجی سکرتێرە کچەکەش کە بە ڕوسیەکی زۆر باش قسە دەکاو زۆربەی کاتەکانی لە پەرەپێدان و پاراستنی پەیوەندییەکانی یارۆزلسکی لەگەڵ سەرکردەکانی پێشووی بەرەی سۆڤیەتیدا سەرفدەکا، ئەوانەی کە پەیوەندییەکی باشی هەبووە لەگەڵیان.

هەروەها حکومەتیش مووچەی دوو پاسەوانەکەی دەدا.

یارۆزلسکی مانگانە بڕی ٥٠٠٠ (زۆڵتی) وەردەگرێ، ئەم پارەیەش بڕێکی زۆر نییە، بەڵام حکومەت ئۆتۆمبیلێك و ماڵێکی خستۆتە بەردەستی.

ژەنەراڵ ژیانێکی سادە دەژی، لەگەڵ ژنەکەیدا جاروبار دەڕوات بۆ سەیری شانۆگەری، ژنەکەی پێشتر وانەبێژی زانکۆ بووە و هەرگیز هیچ گرنگییەکی بە سیاسەت نەداوە و زۆر بە دەگمەنیش خۆی دەرخستوە. تەنها یەك کچیان هەیەو تاوەکو ئێستاش ئامادەی ئاهەنگەکانی پێشوازی دەبن لە باڵوێزخانەی ڕوسیدا.

ژەنەڕاڵ چەندین کاتژمێری خۆی بە نوشتانەوە بەسەر کاغەزی دادگاییکردنەکانی و نامەی سکاڵا بۆ ڕۆژنامەکان_ کە زۆر بە کەمی بڵاودەکرێنەوە_ دەنێرێ سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئەو گێڕانەوە مێژووییانەی کە پێیوابوو هەڵەن.

"ئەوە ڕاستە ڕۆژنامەکان حوکمی خۆیان داوە، بەڵام من ئەوە بیر ئەو مێژوونووسە تیۆرییانە دەخەمەوە ئەوانەی کە ئێستا لە ماڵەکانی خۆیان زۆر بە مورتاحی دانیشتون و شتی باش دەخۆنەوە، و پێیان دەڵێم ئەوە من نەبووم کە نەخشەی دۆخە مێژووییەکانم کێشا بوو، کاری سەرەکی من کە ئاواتەخوازی نەبووم ئەوە بوو کە لە نێوان دوو خراپەدا،

**قسه لەگەڵ شەیتان**

خراپە ئەهوەنەکەیان هەڵبژێرم، بڕیارەکانیشم هەرچۆنێك بوایە، ئەوا ئەنجامی خراپی لێدەکەوتەوە، مافی هیچ کەسیش نییە بەم ئاسانییە من تاوانبار بکا، من هاوڵاتیەکم، پۆڵەندام لە مەترسییەکی کوشندە ڕزگارکرد. چونکە لە کانونی دوهەمی ساڵی ١٩٨١، سۆڤیەت لە ئامادەباشیدا بوو بۆ ئەوەی هەمومان ڕابماڵێت، تەنانەت چەند جارێك گۆرباچۆف ئەوەی وتوە"

لەسەر کورسیەکەی هەستاو کاغەزێکی بچوکی زەردی گرت بە دەستیەوە، بۆ نامەیەك یا بەڵگەنامەیەك دەگەڕا کە چەندین خەتی سووری تیادا بوو.

دواتر یەکێك لە نوکتەکانی خۆی گێڕایەوەو بە دواشیدا سەرنجێکی وت"خۆش مەشرەبی لەلای من زۆر بە خێرایی لەناو دەچیّ، ئەویش بەهۆی پیری و شەڕە یاساییە تەواو نەبوەکان".

لە دەرەوە بەفر دەباریّ، پلەی گەرما ١٥ پلە لەخوار سفرەوەیە، بچوکترین شتی هونەری لە نووسینگەکەدا کە هەستێکی ئارامت بداتیّ، تابلۆیەکی بچوکی سەرە ئەسپێکە.

ژەنەڕاڵ لەو کاتەی کە وەك سەربازێکی گەنج لە بەرەی ڕۆژهەڵاتدا خزمەتی دەکرد، زۆر حەزی لە بەخێوکردنی ئەسپ بووە، هەر بۆیە دوخی ئێستای زیاتر لە کەسێکی ئەرستۆکراتی دەچوو تاوەکو لە چاوەڕوانیکردنی سەرکردەیەکی شیوعی. حەزکردن لە بەخێوکردنی ئەسپیش تاقە شتێکە بۆ خۆشبەختکردنی پیاوێکی جدی کە شانازی بەوەوە دەکات ڕۆژانە ١٥ کاتژمێر لە نووسینگەکەیدا کاردەکات.

کچە سکرتێرەکەی هاتە ژوورەکەو گفتوگۆکەی پێبڕین و وتی"گەورەم، گۆرباچۆف دەیەویّ قسەت لەگەڵ بکا".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

هەردوو سەرۆکی پێشوو، بە بۆنەیساڵی تازەوە پیرۆزبایی دەگۆڕنەوە، هەردوکیان هەست بە دڵتەنگی دەکەن بەهۆی قەدەر نەزانینی کارەکانیان لەلایەن میللەتەوە، هەروەك هەردووکیشیان قەدەریان وەهابوو مێژوو وەك دواین نوێنەری ئیشتراکیەت کۆتاییان پێ بهێنێ.

لە چواردەوریشیان دوو نەتەوەی زۆر ئایندار ئاهەنگەکانی سەری ساڵ بەڕێ دەکەن.

کەچی ژەنەڕاڵ و چاکسازیخوازەکەی لیژنەی تەنفیزی حزبی شیوعی، کە تاوەکو ئێستاش لە خەڵکی دوورن لە دوای ئەو هەموو ساڵە، هەر بێباوەڕێکی بە وەفان و جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوان گرنگی تەنها بە ساڵیادە دنیاییەکان دەدەن.

"من بێبەریم لە هەموو خراپەیەك، بۆ ئەوەی هۆکاری ئەم بڕوایەم ڕوونبکەمەوە، پێویستە دەستبکەم بە گێڕانەوەی سەربوردەی ژیانم و ئەو دژەیەکیەی هەر لە سەرەتاوە تیایدا بووە.

لە سەرەتاوە هەستی من بەرامبەر ڕوسیاو یەکێتی سۆڤیەت هەستێکی ڕقاوی بوو، بەڵام دواتر ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرت، چونکە من لە خێزانێکدا گەورەبوم باوەڕێکی بەهێزی بە بۆچونی دوژمنایەتی ڕوسیا هەبوو، ئەمەش لەناو توێژی ئێمەدا کە توێژی ئەرستۆکراتیەکان بوو، باڵا دەستبوو.

باپیرەم بەشداری هەڵگەڕانەوە چەکدارییەکەی ساڵی ١٨٦٣ی دژ بە قەیسەر کردووەو بە ١٢ ساڵ زیندانیکردن لە سیبیریا حوکمدراوە. من هەمان ناوی ئەوم هەڵگرتوە.

باوکیشم لە جەنگی ساڵی ١٩٢٠ی نێوان ڕوسیاو پۆڵەندا بەشداریکردوە.

ئەو دەیوست منیش وەك خۆی و باوکی وابم و لەسەر ئەو تەقلیدە بەردەوامبم، هەر بۆیە ناردمی بۆ خوێندگایەك لە وارشۆ کە لەلایەن باوکە (مریمیون)ەکانەوە بەڕێوە دەبرا.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لەو خوێندگایەدا هەموو وانەیەکی وەك مێژوو جوگرافیاو زمانەکان، پەیوەندی بەو مێژووە کارەستبارەی پەیوەندییەکانی نێوان پۆڵەنداو ڕوسیاوە هەبوو.

هەر بەراستییش، ئەگەر یارمەتیم بدەی بۆت بگێڕمەوە، جارێکیان یەکێك پێی وتم دەسەڵاتی (مریمیەکان) ئێستا لەلایەن دوو ژەنەڕاڵەوە بەڕێوە دەبرێ، یەکێکیان ژەنەڕاڵی ڕۆحی، بەڕێز (ئادەم بوونیسکی)ی جێگری نزیکی پاپا یۆحەنا پۆلسی دوهەمە، ئەوەکەی دیکەشیان، ژەنەڕاڵ، یارۆزلسکی یە".

"ئێستا دەگەڕێمەوە بۆ چیرۆکەکەم. ئەوەی فێریانکردبووم لە ئەدەب و شانۆو کتێب و هونەرەوە، لە ناخمدا هەڵوێستێکی سەلبی خراپی دەربارەی ڕوسیاو کوتلەی سۆڤیەتی سەوز کردبوو، لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە دەستگیرکردنی باوکم و ناردنی بۆ یەکێك لە بەندینخانەکانی سیبیریا، هەرچەندە دواتر بە زیندویی هاتەوە بەڵام تێکشکاو خەمگین، هەر بۆیە لەساڵی ١٩٤٦ مرد.

هەروەها لەگەڵ باوکمدا، من و دایکم و خوشکەکەشم نێردراین بۆ سیبیریا. ئەو کات من تەمەنم ١٧ ساڵان و خوشکەکەشم تەمەنی ١٢ ساڵان بوو. . . ئێمە تۆمەتمان چی بوو؟ هیچ. هەرگیز هیچ تاوانێکمان نەکردبوو تەنها ئەوە نەبێ ئێمە لە توێژێکی دیکە بوین کە ئەویش توێژی ئەرستۆکراتەکان بوو.

ئەو کات ئەو توێژە بەرپرسی بەشێکی گەورەی پۆڵەندا بوو، چونکە لە دوای ئیمزاکردنی پەیماننامەی (مۆلۆتۆف_ڕیبنترۆب)ەوە نزیکەی ١٥ ملیۆن کەسی پۆڵەندی خۆیان لە ناوچەیەکدا بینیەوە کە لە واقیعدا ناوچەی یەکێتی سۆڤیەت بوو.

لە سیبیریا زۆر بە جدی ئیشم دەکردو دارم دەبڕی، سەرمایەکی هەبوو وەسفناکرێ.

هەموو ئەوانە وەهایان کرد ببنە (خاڵی یەکلاکەرەوە)و ڕقم لە ڕوسەکان بێتەوە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی مایەی دژەیەکییە ئەوەیە من بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی تەواو پێچەوانەوە دەڕۆیشتم.

کەوتمە دوای هەوای ڕوسەکان و ئەو ڕۆحەیان کە تێکناشکێ، هەروەها وڵات و ڕۆشنبیرییەکەشیانم خۆشویست.

لە (تایگا) خەڵکانی سادەم ناسی، ئەو خەڵکانەی کە کاریان دەکردو ئازاریان دەچەشت، هەروەك من هەستم بەوە کرد ئەوانە دڕەندە نین وەك ئەوەی چاوەڕوێم دەکرد کاتێك بیانبینم دڕەندەبن.

هەروەها ئەو دڕەندەش نین کە ئەدەبی تەقلیدی پۆڵەندی وێنای کێشاون، یاخود وەك لەو چیرۆکانەی کە لە کاتی کۆبوونەوەی خێزاندا لە دەوری ئاگردانەکانا دەگێڕدرانەوە، هاتبوو.

زۆربەی ڕوسەکان ڕاستگۆو ڕاشکاوبوون، خەڵکانێك بوون دەیانویست وەك پیاو ڕوبەڕووت ببنەوە.

من دوای چەندین ساڵ بۆم ڕێکەوت بەراوردێکی ئەو پۆڵەندییانە بکەم کە دوورخرانەوە بۆ ئەڵمانیا لەگەڵ ئەو پۆڵەندییانەی کە نێردران بۆ زیندانەکانی ڕوسیا، ئەوانەی ئەڵمانیا وەك هاوڵاتیەکی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا کرابوو، بەڵام ئەوانەی ڕوسیا، لە سیبیریا، هەموان یەکسان بوون".

"هەروەها توانیم ڕەوشت و تواناو سووربوونی ئەوان بۆ قوربانیدان ببینم، و ڕاهاتنیان لەگەڵ ئەو دۆخەی خۆیان تیادا دەبینیەوە، واتە جەنگێکی درێژو ترسناك.

من ئەوانم دەبینی سەرەڕای سەرما چۆن دەیانتوانی کاربکەن، لە خوار ٢٠ پلە لە ژێر سفرەوە، و تەنها پارچە خێمەیەك دەیپاراستن.

ئەوان کاریان لە دروستکردنی فڕۆکەو تانك و تۆپە دوور هاوێژەکاندا دەکرد، و هەموو بیریان لای جەنگەکە و ئەو سەربازانە بوو کە پێویستیان بەم چەکانە هەبوو بۆ پاراستنی نیشتیمان. تەنانەت منالآنی بچوك و ژنەکان و پیرەکانیش کاریان دەکرد.

من دوای بڕینەوەی دارەکان، ئاگردانەکانم گەرمدەکرد، لەوێش خەڵکانێکم دەبینی کە جەنگ کەمئەندامی کردبوون، سەربازانێك کە برینداربوون و لە بەرەی جەنگەوە دەهاتنەوە، ستایشی ڕۆحیەتی نیشتیمانی و بە دەمەوەچونی ئەوانم دەکرد بۆ جەنگکردن لە پێناوی نیشتیمان و قوربانیدانی ئەوان بە جەستەی خۆیان.

"لەو ماوەیەدا زیاتر حەزم بۆ ڕوسەکان دەجولآ ئەویش لە ڕێگای دۆزینەوەی ئەدەبی گەورەی ڕوسی، بەڵێ، تەنانەت خەڵکیش لە ناوچەی سیبیریای دوورە دەست و دابڕاو کتێبیان دەخوێندەوە، هەروەها چەندین کتێبخانە هەبوون کە دەتتوانی کارەکانی (چیخۆف و تۆڵستۆی و تۆرژینێف)ت دەستبکەوێ و بیخوێنیتەوە.

من ئەوکات بە کەمی ڕوسیم دەزانی، بەڵام لە ڕێگای کتێبەکانەوە فێری ڕوسی بووم.

شەوان لەژێر ڕووناکیەکی کزدا دەمخوێندەوە، تەنانەت شەوی وا هەبوو لەبەر ڕووناکی مۆمێك، ئەم کارە و ڕەنگدانەوەی بەردەوامی ڕەنگی بەفر لە سیبیریا، وەهای کرد چاوەکانم لاوازبن و لە کاتی گەنجیەوە ئەم چاویلکە ڕەشە لە چاو بکەم کە ماوەیەکی زۆرە پێوەی دەناسرێمەوە.

هەندێك کەس وایانبلآوکردبویەوە کە من نەمویستوە خەڵکی سەیری چاوەکانم بکەن، بەڵام مەسەلەکە زۆر سروشتیە، نە شەرمەو نە لە خۆباییبوون".

"دایکم هەوڵیدا من لە خوێندنەوە دووربخاتەوە، ئەو هەموجار پێیدەوتم (ئەمە بەسە، کاتی خەوتنتە)، سەرەڕای ئەوەش کە من لە چوار وشەی دایکم تەنها یەك وشە تێدەگەشتم،

بەڵام تەسلیم نەبوم، تەنانەت بەدرێژایی شەوان تاوەکو دەمەوبەیان لە ژێر بەتانیەکەمەوە کتێبم دەخوێندەوە، سەرنجی ئەوەم نەدەدا، بەڵام وەکو هەر هاوڵاتیەکی ئاسایی ڕوسیم لێهاتبوو کە زۆر بە قوڵی و بەردەوامی دەمخوێندەوە.

دوای چەندین ساڵیش گەشتمە ئەو حەقیقەتەی کە ڕوسەکان ئەو کاتەی سەفەر دەکەن، جا بە پاس بێ یان بە شەمەندەفەر یان بە میترۆ، ئەوا بە بەردەوامی کتێبێکیان پێییە".

"لەم کتێبانەدا ناسنامەیەکی دیکەی ڕوسیەکانم دۆزییەوە، سەرەڕای ناسنامەی ئەوانەی کە لەگەڵما لە دارستانەکاندا کاریاندەکرد و داریان دەبڕی و ژیانێکی قورس دەژیان، ناسنامەیەکی دیکە هەبوو، کە ئەویش ناسنامەی توێژی دەسەڵاتداران بوو وەك ئەوەی تۆڵستۆی وەها وەسفیدەکردن. من لەگەڵ هەردوو ناسنامەکەدا ڕاهاتم.

بەڵام خاڵی یەکلایکەرەو نەگەڕاوە لەلای من ئەو کاتە دەستی پێ کرد کە خۆم لە سوپادا بینییەوە.

فەرماندەکان و هاوڕێکانم هەمووی ڕوسی بوون، لەگەڵ ئەواندا جەنگام و ئازایەتی و ڕۆحی هاوڕێیەتی ئەوانم بینی، بەیەکەوە بەرەو پێشەوە ڕۆیشتین تاوەکو گەشتینە پەرلین، و لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٤٥ دا ئەو شارەمان ئازاد کرد".

"هەندێك ڕەخنەی ئەوەیان لێگرتوم کە لەگەڵ ژەنەڕاڵ (بێرلینگ)دا جەنگاوم لەبری ئەوەی لەگەڵ ژەنەڕاڵ (ئاندرز)دا بجەنگم. بەڵام تەفسیرکردنی ئەم هەڵبژاردنەم شتێکی سادەیە: چونکە هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو، وەکچۆن لە مەسەلەی چاویلکە ڕەشەکەو هەموو شتانەی دیکە کە لە ژیانمدا ڕوویانداوە: ڕاستیەکەی من هیچ هەڵبژاردەیەکی دیکەم نەبوو".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

"ئەوەی پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە هەیە بۆ نموونە، هەوڵمدا کە ببمە خۆبەخش کاتێك زانیم ژەنەڕاڵ (ئاندرز) هێزێکی شەڕکەر ئامادە دەکا، ڕۆیشتم بۆ کونسولگەری پۆڵەندی و لەویێ پێیان وتم چاوەڕێبکە.

پێشینە بۆ ئەو کەسانە بوو کە شارەزایەتی سەربازییان هەبوو لە پێشتردا، دووبارە چاوەڕوانبوم، کاتێك بۆ جاری دوهەم هەوڵمدا، ژەنەڕاڵ (ئاندرز) ڕۆیشتبوو، هەر بۆیە تەنیا توانای ئەوەم هەبوو لەگەڵ ژەنەڕاڵ (بێرلینگ)دا ببمە خۆبەخش، ئەمەش یەکێکە لە موفارەقەکانی دیکەی ژیانی من.

ئەنجامیش من کەوتمە لای نەوەی گوندییەکان و کرێکارەکان، پیاوانی پۆلیسیش ئەوانەی پلەیەکی بەرزیان هەبوو کەوتنە لای ئاندرزی لایەنگر ڕۆژئاواییەکان، لە کاتێکدا نموونەکانی وەك من لە نەوەی توێژە باڵاو ئەرستۆکراتیەکان و نەوەی ئەفسەرە پلەباڵاکان و نەوەی دەوڵەمەندەکان خۆمان لەگەڵ (بێرلینگ)دا بینیەوە، چونکە ئەوان ڕۆیشتبوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت و نەیاندەتوانی بگەنە ژەنەڕاڵ (ئاندرز).

ئێمە دژی بەرژەوەندییەکانی خۆمان لە ڕابردوودا دەجەنگاین، چونکە ڕۆیشتینە بەرەی ئەوانەی کە زەوی و ماڵ و کۆشکەکانی ئێمەیان داگیر کرد بوو".

"بەمجۆرە کە ڕۆیشتمە پەرلینەوە هیچ شتێکم نەبوو، ئەوەی هەمبوو تەنها ئەوەی ناو گیرفانەکانم بوو".

"لەگەڵ پیاوەکانما بە ناو پۆڵەندادا ڕۆیشتین و هەموو ئەو شوێنانەی پیایدا تێپەڕ دەبوین ئازادمانکرد، ئێمە لەوانە بووین کە سەرەتا و هاوشانی ڕوسەکان ڕۆیشتینە پەرلینەوە.

ئەو ساتە یەکێکە لەو ساتانەی کە شانازی پێوە دەکەم لەکارە پیشەیەکەمدا، و هەموو ئەوانەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە یەکەوە دروستکرد، ئەمە جگە لەوەی ئەوەی

**قسە لەگەڵ شەیتان**

گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە من ناتوانم ئەو زوڵمەش لەبیر بکەم کە لە ڕابردوودا دەرهەق بە خێزانەکەم کراوە.

بەهەرحاڵ، من گەشتمە ئەو ئەنجامەی کە هەموو ئەوانە ئەو نرخە بوون کە دەبوو بیبەخشم لە پێناوی ئەو شۆڕشە گەورەیەی کاتێك ڕوویدا تەمەنی من لە گەورەبووندا بوو".

"کاتێك سوپام هەڵبژارد، چەندین پەیوەندیم لەگەڵ ڕوسەکان دروستکرد، هەروەها فرسەتی زیاتر ناسینی ڕوسیاشم وەك هێزێکی جیهانی بۆ هەڵکەوت.

سەردانی ناوەندی فەزایی (بایکۆنۆر)م لەکازاخستن کرد، و زیاتر شارەزایم لە ڕۆشنبیری ڕوسیدا بۆ دروستبوو. بەمجۆرە، ئەگەر یەکێك لێمبپرسێ لە کوێ ڕوسەکانت ناسی و چۆن فێربویت ڕوسەکانت خۆشبوێ، ئەوا لەوەڵامدا دەڵێم ئەمە لە چوار شوێندا دروستبووە: لە سیبیریا، و بەرەکانی جەنگ، و ناوەندی بایکۆنۆری فەزا، و بەڵشەوییەکان".

نووسینگەکەی یارزۆلسکی کەوتۆتە نزیکی وێستگەی وارشۆ، لە شەقامێکدایە بە بوونی سۆزانییە ئۆکرانی و ڕوسی و بیلاروسی و ڕۆمانی و بولگاری و مۆڵداڤیەکان بە ناوبانگە.

ئەوە کوتلەیەکی ڕۆژهەڵاتی تازە بوو، پەیمانێکی وارشۆی تازە کە وەرەقەی ڕیکلامەکانی وێنەی ئەو سۆزانیانەیە کە هەموو شەقامەکانی شاری گرتبوو، بە بۆنەی هاتنی سەری ساڵی تازەشەوە چەندین خزمەتی خۆیان خستۆتە ڕوو تیایدا و نووسیویانە"سێ یەکی کاتژمێرەکە بە خۆڕاییە!!".

ناوبەناو یارۆزلسکی نووسینگەکەی بە جێدەهێڵێت و لە هۆڵی دادگاییکردنەکەی ئامادە دەبێ بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی دەکرێن کە ژمارەی لاپەڕەکانی ٤٠٠ لاپەڕەیە، تۆمەتی سەرەکی تەقەکردنەکەی ساڵی ١٩٧٠یە.

ئەو دوو پارێزەرەشی کە بەرگری لێ دەکەن هەر لە تەمەنی ئەودان و ٧٠ ساڵ دەبن.

## قسە لەگەڵ شەیتان

دواین جەلسەی دانیشتنی دادگایەکە بەهۆی خراپی دۆخی تەندروستی یارۆزلسکی یەوە دواخرا، سەرەڕای ئەوەی وا دەردەکەوت ئەو لە دۆخێکی زۆر باشی تەندروستیشدایە.

لە هۆڵی دادگایەکەدا، یارۆزلسکی ئازار دەکێشێ و سوور هەڵدەگەڕێ و تێکشکاو دەردەکەوێ.

دەموچاویشی ناکرێتەوە تا ئەوکاتەی کەسێك نزیکی دەبێتەوە، لەوانەشە ئەو کەسە بۆ کێشەیەکی دیکە ئامادە بوبێ، و تەوقەیەکی لەگەڵدا دەکا.

ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٠ لەبیرچونەتەوەو بوونەتە ڕابردوو، هەروەکچۆن یاسای ڕاگەیاندنی باری عورفی لە ساڵی ١٩٨٠ش بە هەمان شێوەیە، لەبەر ئەوەی لە پۆڵەندا هەموان بە چاوێکی خراپەوە سەیری ناکەن، بەڵکو خەڵکانێك هەن بڕوایان وایە تاکە بەدیلی ئەو یاسایە، فەوزا و ڕژانی خوێن لە شەقامەکان و ئەو توندوتیژییە بوو کە سوپای سوور ئەنجامی دەدا.

"ئەگەر ئەو پشتگیرییەی خەڵکە سادەکە نەبوایە ئەوا ئێستا کۆتایم بە ژیانی خۆم هێنابوو". ژەنەڕاڵ ئەمە زۆر بە واقیعیانە دەڵێ، وەکئەوەی بڕیارێکی لەمجۆرە بڕیارێکی زۆر ئاسایی بێ، تەنانەت سوکیش بێ.

بە دڵنیاییەوە ئەو فیکرەیە لە زەمانێکی زووەوە لەگەڵیدایە، لانیکەم لە کانونی دوهەمی ساڵی ١٩٨١ەوە. لەو ڕۆژانەی کە پڕبوون لەترس و کەوتبوونە پێش بڕیاری ڕاگەیاندنی یاسای باری عورفی، سەرکردایەتی شیوعیی دابەشبوبوون کاتێك لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە زانیان ئەوان یان دەبێ شەرەفیان لە دەستبدەن یاخود پۆستەکانیان، یاخود هەردوکیان.

لە یەکێك لەو ڕۆژانەدا، یارۆزلسکی کە ئەوکات سیفەتی سەرۆك وەزیرانی هەبوو، (هنریك یابۆلنسکی) سەرۆکی پۆڵەندای بانگ کرد (کە زیاتر سەرۆکێکی کارتۆنی بوو وەك ئەوەی

سیاسییەکی بەهێز) بۆ نووسینگەکەی و پێی وت"ئەگەر یاسای باری نائاسایی سەرنەگریّ و ڕوسەکان بێنە وڵاتەوە، ئەوا خۆت دەزانی چی دەکەین، وانیە؟". کاتێك پرسیارەکەی کرد، وەك ئەوەی دەمانچەیەك ئاراستەی سەری خۆی بکات جوڵەیەکی کرد. ئەمەش مانای ئەوە بوو هەر هاوڵاتیەك کە وڵاتەکەی ناشیرین بکاو بێگانەکان بهێنێتە ناوەوە تەنیا یەك بژاردەی لەبەردەمدایە کە ئەویش: خۆکوشتنە.

لەوانەشە ئەوە تەنها فێڵێك بێ و بۆ ئەوە وایکردبێ تا (یابلۆنسکی) سەرۆك بکا بە قوربانی لە بەرژەوەندی ڕای گشتیدا.

ڕۆژانی بەر لە ڕاگەیاندنی ئەوەی پۆڵەندییەکان پێی دەڵێن (حاڵەتی جەنگ)، بووەتە جێگای مشتومڕی توندی نێوان مێژووناسەکان، و بە کرێگیراوانی (کەی جی بی_ دەزگای هەواڵگری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو) و سیاسییەکانی پێشووتری سۆڤیەت و پۆڵەندییەکان.

(ئەناتۆلی گریبکۆف) کە ژەنەڕاڵێکی خانەنشینی سوپای سووری سۆڤیەت و سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی وارشۆ بووە لە ساڵی ١٩٨١ ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە خودی یارۆزلسکی داوای لە هێزەکانی ڕوسیا کردووە بێنە ناو پۆڵەنداوە، ئەویش لە ترسی ئەوەی نەوەك نەتوانیّ بارە عورفیەکەی بسەپێنیّ بەبیّ یارمەتی ڕوسەکان.

سەرەڕای ئەوەش، ئەو ژەنەراڵەی سوپای سوور، جەخت لەوەشدەکاتەوە تەنانەت ئەندامانی لیژنەی تەنفیزی حزبی شیوعی سۆڤیەت دەنگیان لە دژی داگیرکردنی پۆڵەندا داوەو ئەمەش یارۆزلسکی نیگەران کردووەو هاوڕێکانی مۆسکۆ بە (خیانەتکردن لە هاوڕێتیەکی کۆن) تۆمەتبار کردووە.

لەبەرامبەر ئەو قسانەی ژەنەڕاڵەکەی سوپای سوور، یارۆزلسکی ئەوە ڕەتدەکاتەوەو دەڵیّ کە داوای لە لیژنەی تەنفیزی حزبی شیوعی سۆڤیەتی کردوە کە دەستێوەردان نەکەن، هەروەها بڕیارەکەشی بووەتە هۆی ئەوەی تانکە ڕوسیەکان نەیەنە وارشۆوە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لێرەدا کۆمیدیایەکی هەڵەی بێ کۆتایی هەیە کە نمایشدەکرێ، هەر لایەنەو ئەوەکەی دیکە تۆمەتبار دەکا بەوەی سەری گۆچانەکەی بە هەڵە گرتووە.

ژەنەڕاڵ (ڤیتاڵی بافلۆف)ی نوێنەری دەزگای (کەی جی بی) لە وارشۆ لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣ تا ١٩٨٤، لە ڕۆژی ١٢ کانونی دوهەم (واتە ڕۆژێك بەر لە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی) دەڵێ: یارۆزلسکی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ(میخائیل سۆسلۆف) ئەنجامداوەو داوای یارمەتی ڕاستەوخۆی سەربازی لێ کردووە، بەڵام سۆسلۆف داواکەی ڕەتکردۆتەوە.

ژەنەڕاڵ (تشیسلاف کیشتشك) کە ئەوکات وەزیری ناوخۆی پۆڵەندا بووە، ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیەی لە بیرە و دەڵێ یارۆزلسکی هەوڵیدا پەیوەندیش بە (بریژنێف)ەوە بکا، بەڵام (بریژنێف) ئەوەی ڕەتکردەوە قسەی لەگەڵدا بکا، هەر بۆیە یارۆزلسکی پەیوەندی بە سۆسلۆفەوە کردو ئەویش دووبارە ڕەتیکردەوە سۆڤیەت سوپا بنێرێت"ئەگەر بارودۆخەکە هەرچۆنێك بێ".

یارزۆلسکی دەربارەی ئەمە بە سووربوونێکەوە دەڵێ"ئەوە دڵنیابوونەوە بوو لەوەی کە من هەوڵم بۆ دەدا، نەوەك ئەو وەڵامەی لێی دەترسام". توڕەبوونەکەی زیاتر دەبێ و دەموچاویشی زیاتر سوور هەڵدەگەڕێ.

مۆسکۆ، کە بە دەست ئابڵۆقەی وڵاتانی ڕۆژئاواوە دەیناڵاند بەهۆی داگیرکردنی ئەفغانستانەوە لە ساڵی ١٩٧٩دا، ئارەزوی ئەوەی نەدەکرد جارێکی دیکە موجازەفە بە شکستێکی سیاسی دیکەوە بکا، یاخود وەك یەکێك لە بۆچونەکان ئەوە دوپاتدەکاتەوە.

بۆ نموونە لە پۆڵەندا خەڵکانێکی زۆر هەن بڕوایان وایە سۆڤیەتیەکان دەیانویست فشار دروستبکەن، ئەگینا ئەوان جورئەتی ئەوەیان نەبوو سوپا بنێرن، مۆسکۆش هیواخوازبوو کە هاوڕێ پۆڵەندییەکان خۆیان بەوس کارە هەستن.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ئەو بەڵگەنامانەی کە بەم دواییە ئاشکراکراون و دەقی گفتوگۆکانی یارۆزلسکی تێدایە لەگەڵ کرملین، ئەوە بە دەردەخەن کە یارۆزلسکی دۆخێکی نیگەرانی فیکری هەبووە چونکە زۆر بڕوای بە خۆی نەبوە کە بەسەر دۆخەکەدا بە تەنیا زاڵببێ.

ژەنەڕاڵ (فلۆریان سفسکی) سەرۆکی ئەرکانی سوپای پۆڵەندا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە یارزۆلسکی لە سەرەتای کانونی دوهەمدا ناردویەتی بۆ مۆسکۆ بۆ وەرگرتنی"ئەو دڵنیاییەی کە شیوعیەکانی پۆڵەندا بە تەنیا نین".

بەڵام ئەوەشدەخاتە ڕوو کە مۆسکۆ ئەوەی ڕەتکردۆتەوە ئیمزا لەسەر ئەو پەیماننامەیە بکات کە لە وارشۆ ئیمزا کراوەو تیایدا ئاماژە بە"ئیلتیزامی پەیماننامەی وارشۆ"و"پشتگیری تەواوی گەلی پۆڵەندی دەکات لە ڕوبەروبوونەوەیدا لەگەڵ شۆڕشگێڕیە یاخییەکان".

ژەنەڕاڵ (فلۆریان سفسکی) ئەوە دووپاتدەکاتەوە کاتێك بە دەستی خاڵی لە مۆسکۆ گەڕاوەتەوە بۆ وارشۆ، یارۆزلسکی بە تێکچونێکەوە وتویەتی"هاوپەیمانەکانمان پشتیان تێکردوین"و"هەموو بژاردەکانی بەردەممان کۆتایی هاتووە".

"من ئەگەر وەهام وتبێ، مەبەستم مانا سلبیەکەی بووە، نەوەك مانای ئەوەی کە من ئەو ڕاستییەم قبوڵکردبێ کە هەموو بژاردەکانی بەردەمم کۆتایی هاتبێ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ڕای تۆ چییە لەسەر ئەو قسەیە، ئایا ئەمە ئەوە ناسەلمێنێ کە هەموو ئەوانەی وتراون درۆ بوون".

بە جوڵەیەکی خێرا یارۆزلسکی بۆ خوێندنەوە، چاویلکە ڕەشەکانی دەگۆڕێت بۆ چاویلەکەیەکی ڕووناکتر، دواتر لە جانتاکەیەوە نووسخەیەکی کۆپی نەخشەیەکی دەرهێنا کە تیایدا هێزەکان و تانکەکانی سۆڤیەتی پیشاندەدا لە بەرەیەکدا کە وارشۆ دەکەوتە ناوەندەکەیەوە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

"ئەم نەخشە سۆڤیەتیەم پیشانی پەرلەمانی پۆڵەندا دا، ئەوکاتەی کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکردم، ئەمەش ئەوەی ڕووندەکردەوە کە هاتنە ناوەوەی سەربازی سۆڤیەت چۆن چۆنی دەبێ لە کاتێکدا بە فیعلیش هێزەکانی ڕوسیاش ئامادەییان هەبوو لە پۆڵەندا، ئەمە جگە لەو هێزانەی کە تایبەتی بۆ ئەو کارە دەنێردران.

ئەمە ئەگەر باسی ئەو ئامادەکارییانە نەکەین کە لە وڵاتانی دیکەی کوتلەی ڕۆژهەڵات دەکران. بۆنموونە هێزەکانی (چیکۆسلۆفاکیا) دەمامکی دژە کیمیاویان پێدرا، هەروەك ئەڵمانییە ڕۆژهەڵاتیەکانیش هەموو هەوڵێکی چاکسازییان ڕەتدەکردەوەو ئامادەبوون بە چاوپۆشین لە ڕوودانی هەر ڕەنگدانەوەیەکی سەلبی لەسەر ڕای گشتی و کاریگەرییەکانی لەسەر هاوڵاتییان بێنە پۆڵەنداوە.

هەموو ئەو نمونانەی تۆ باستکردن درۆن، من بەڵگەی سەلماندنی ئەم قسەیەی خۆمم هەیە. ئەگەر تۆ تاوەکو ئێستاش هەر بڕواناکەی، ئەوا نامەیەکی (گۆرباچۆف)ت بۆ دەخوێنمەوە کە دەربارەی ئەو بابەتە بە تایبەتی بۆ پەرلەمانی پۆڵەندی ناردووە، ئەوکاتەی کە لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا دەکرا، دواتر خۆشی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە بە ناوی (ژیان و کارەکان)ە بڵاویکردۆتەوە، ئەو نامەیە لە فەسڵی ٢٣ی ئەو کتێبەدایە، خوێندوتەوە؟".

کچە سکرتێرەکەی کە لەوکاتەوەی یارۆزلسکی سەرۆك کۆمارە لە گەڵیدا بووە تاوەکو هاتۆتە ئەم نووسینگەیەوە لە ساڵی ١٩٨٥دا، لە دەرگای دا"ئایا ئەتوانم لەوادەیەك کە داتناوە ئاگادارتبکەمەوە".

یارۆزلسکی بە لێوەکانی ڕەزامەندی دەربڕی.

"بەیانی جارێکی دیکە وەرەوە، پێویستە نامەکەی گۆرباچۆفت بۆ بخوێنمەوە، ئەو نامەیە_نازانم چۆن بۆت وەسفبکەم_ بەبێ تێگەشتن لێی ناتوانیت لە ڕووداوەکانی ١٣ی کانونی دوهەمی ساڵی ١٩٨١ بگەیت".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

رۆژی دواتر هێشتا بەفر دەباری و پلەی گەرما بۆ ١٨ پلە ژێر سفر دابەزیبو.
"ئەمرۆ حالّت چۆنە، ژەنەڕاڵ؟".

سەیرمدەکا و دەڵێ"قسەیەکی کۆنی ڕوسی هەیە"چاوەڕێم نوکتەیەکی سیبرییانەی سەیر یاخود پەندێکی مۆسکۆییم بۆ باسبکا، بەڵام چاوەڕوانییەکانم نائومێدی لێدەکەوێتەوە.

"من حالّم زۆر باشە، زۆر باشتر لەوەی کە مرۆڤ لە پیاوێکی وەك تەمەنی من چاوەڕوانی دەکا".

لە حەقیقەتدا زمانی ئیتالی و زمانەکانی دیکە هەر بە هەمان جۆر توانای دەربڕینی ئەو حاڵەتەیان هەیە، ژەنەڕاڵ بە سەرسووڕمانێکەوە تەماشام دەکا.

"لەوانەیە ئەوەی تۆ دەیلێی ڕاست بێ، بەهەرحاڵ، گەشتینە نامەکەی گۆرباچۆف، وانیە؟ من زۆر بە ووردی تەرجومەی دەکەم، نامەکە لە ڕۆژی ٣١ ئابی ١٩٩٥ نووسراوەو لەلایەن گۆرباچۆفەوە ئیمزا کراوە.

ئەمەش دەقی نامەکەیە/

بە نیسبەت منەوە وەك ئەندامێکی لیژنەی تەنفیزی حزبی شیوعی لە یەکێتی سۆڤیەت و ئەندامێکی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی سۆڤیەتی، ئەوە ڕوونبوو، کە ژەنەڕاڵ یارۆزلسکی، سکرتێری یەکەمی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی پۆڵەندی، پەنای بردە بەر هەموو ئەو هۆکارە بەردەستانەی تاوەکو پۆڵەندا بتوانێ چارەسەری تەنگژە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆی بکا، کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە بەدەستیەوە دەیناڵاند، و هەوڵیشی دا بۆ ئەوەی هەموو بەکارهێنانێکی سەربازی لەلایەن هێزەکانی پەیمانی وارشۆ، یاخود دەستێوەردانی ئەو وڵاتانە لە پۆڵەندا بە دوور بگرێ.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لە تێڕوانینی هەر کەسێکی لایەندارەوە ئەوە کارێکی ئاشکرا بوو کە جێبەجێکردنی یاسای باری عورفی لە پۆڵەندا دەرئەنجامی دۆخێکی ناوخۆیی، و تەنگەژەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی بوو، کە گەورە دەبوو. ئەمە جگە لە ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی پۆڵەنداو سۆڤیەت.

لەم دۆخەدا، ژەنەڕاڵ یارۆزلسکی ناچار بوو چەندین ڕێگاچارە بگرێتە بەر، بە قبوڵکردنی دەرئەنجامەکانیشی، لە هەمانکاتدا ئەهوەنترین خراپەش هەڵبژێرێ.

یارۆزلسکی و وەزیرەکانی دوو بژاردەی سەلبیان لەبەردەمدا بوو، باشتر بوو هیچیان هەڵنەبژێرێ و بەدوای چارەسەرێکی بێهودەدا بگەڕێ بۆ ئەم کێشەیە: یان دەبێ قبوڵی بکا پۆڵەندا ڕوبەروی فەوزا ببێتەوە کە ئەمەش دەبووە هۆی مەترسی هەرەسهێنانی تەواوەتی کوتلەی ڕۆژهەڵاتی ئیشتراکی، یاخود بۆ ڕوبەروبوونەوەی ڕووداوەکان هێز بەکاربهێنێت، ئەم دوو چارەسەرەش قبوڵنەکراوبوون، هەر بۆیە هیچ ڕێگایەکی دیکە نەبوو بۆ ڕزگاربوون لە بڕیارەکەی".

نامەکەی گۆرباچۆف مەبەستی بابەتی (هەڵبژاردنی ئەهوەنترین خراپەیە لەنێوان دوو خراپەدا) و باسی بابەتی بانگهێشتکردنی سەربازی ڕوسی ناکا. ژەنەڕاڵ هەڵدەچێ، تەنانەت سووریش هەڵدەگەڕێ، هەر بۆیە بڕیاردەدەم بەراوردێکی ناراستەوخۆ لەو بارەیەوە بکەم.

لێی دەپرسم بۆچی سەرۆکی دەزگای (کەی جی بی) لە پۆڵەندا دەڵێت بڕیاری داواکردنی هێزی سەربازی لەلایەن یارۆزلسکیەوە دەرچووە، ئەویش لە ترسی ئەوەی نەوەك یاسای باری عورفی بەبێ هاوکاری سەربازی دەرەکی سەر نەگرێ.

جارێکی دیکە یارۆزلسکی بە لێوەکانی ناڕەزایی دەربڕییەوە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

"ئەگەر تۆ قسەکانی (بافلۆف) وەك ئینجیل وەربگری. . ئەو کات من ناتوانم بەرگری لەخۆم بکەم، چونکە (بافلۆف) هەموو ئەو قسانە دووبارە دەکاتەوە کە لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعیدا وتنی و دواتریش (بۆکۆفسکی) ئۆپۆزسیۆنیش بۆی سەلماند.

من بۆ پەرچدانەوەی ئەو قسانە کتێبێکم نووسیوە.

ئەو کاتەی کە ئەندامانی بزوتنەوەی هاوکاری دەستیات بەسەر پەرلەماندا گرتبوو، پەرلەمان جارێکی دیکە دۆسیەکەی کردەوەو تیۆرەکەی بۆکۆفسکیان ڕەتکردەوە.

تۆ سەیرکە، دەرکەوتنی ئەو تیۆرانە کە چەندین بەڵگەشی لە گەڵدا بوو هاوکاتبوو لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە پۆڵەندا دەیدا بۆ ئەوەی بڕواتە ناو پەیمانی ناتۆوە، هەر بۆیە خستنە ڕووی ئەو تیۆرییانە لەو کاتەدا بۆ ئەوەبوو کە زیان لە پۆڵەندا بدرێ، چونکە تەنانەت تا ئەو ساتەش ژمارەیەك لە ژەنەڕاڵەکانی ڕوس، وەك ژەنەڕاڵ (دۆبرینین)ی سەرۆك ئەرکانی سوپای سۆڤیەت، دەیانوت هێشتا نەخشەکانی داگیرکردنی پۆڵەندا ئامادەیە.

من دەڵێم بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکم لە دوژمنایەتی ڕوسیا یاخود سۆڤیەت هەبێ، تەنانەت دانبەوەشدا دەنێم ئەوە دەرئەنجامێکی مەنتیقی ئەو شێوازە بوو کە بەهۆیەوە لەوکاتەدا جیهان دابەشکرا بوو. ئێمە هیچ بەدیلێکی دیکەمان نەبوو ئەگەر سەیرێکی شوێنی جوگرافی و ستراتیژی وڵاتی پۆڵەندا بکەین".

بەڵام ئایا هەرگیز هەستی بە نیگەرانی نەکردوە کە لەوانەیە یاسای باری عورفی شکست بێنێ؟ و هەر بە فیعلیش هاوکاری سەربازی دەرەکی پێویست بوبێ؟

"تێڕوانین بۆ دۆخەکە زۆر ڕوونبوو، لە بەرواری ٢٨ی تشرینی یەکەم، مانگرتنێکی ناسەرکەوتو ڕوویدا، چونکە ژمارەی ئەوانەی کە بەشدارییان کرد زۆر لەوە کەمتر بوو کە چاوەڕواندەکرا.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

هەروەها بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکیش کە لە مانگی تشرینی دوهەمی ساڵی ١٩٨١ ئەنجامدرا، و ئامانج لێی زانینی جەماوەرێتی دەزگا جیاوازەکانی وڵات بوو، هەر لە کەنیسەوە تاوەکو سوپا، لەو ڕاپرسییەدا سوپا بە ڕێژەی لە ٩٣٪ زۆرترینی دەنگەکانی هێنا بوو.

دوای ڕاگەیاندنی باری عورفیش تەنها ٢٠٠ کۆمپانیا لە کۆی ٨٠٠٠ کۆمپانیا مانگرتنیان ڕاگەیاند. لەو کۆمپانیانەش کە مانگرتنیان ڕاگەیاندبوو تەنها یەك لەسەر سێی فەرمانبەرەکان بەشدارییانکرد.

لە زۆربەی حاڵەتەکانی مانگرتنیش تەنها لە ڕۆژێك زیاتری نەخایاند. بەڵام درێژترین مانگرتن، لە کەرتی کرێکارەکانی کانە خەڵوزەکاندا بوو کە ماوەی ١٠ ڕۆژی خایاند، دواتر لە یەکێك لە کانەکاندا کارەساتێك ڕوویداو بەهۆیەوە سەدان کەس گیانیان لەدەستداو سنورێکی بۆ مانگرتنەکە دانا".

ژەنەڕاڵ لە مەنۆلۆژەکانی خۆی بەردەوامدەبێ، هەوڵەدەم پێی ببڕم، ئاگاداردەبێتەوە، بەڵام فەرامۆشم دەکاو بەردەوام دەبێ.

دەمەوێ پێیبڵێم باشە ئەگەر ئەو ئەوەنە باوەڕی بە پشتگیری جەماوەر هەبووە، ئیتر بە دڵنیاییەوە پێویستی بەوە نەدەکرد دۆخی وڵات بە بەکارهێنانی تانك و بەکارهێنانی هێز لەلایەن پۆلیسەوە خراپتر بکا.

بەڵام ئەو هەروەك پارێزەرێکی فێڵباز کە چەندین کاتژمێری لە بە درۆخستنەوەی بەڵگەکانی پارێزەری بەرگریکاردا بەسەر بردبێ، پێشی من کەوت.

## قسه لەگەڵ شەیتان

"پێویستە پرسیاری مەنتیقی ئەگەر لەوبارەیەوە بکرێت ئەمە بێ: ئەگەر من بەو شێوەیە باوەڕم بە ئارامی دۆخەکەو پشتگیری هەموان هەبوبێ، ئیتر بۆچی ڕاگەیاندنی یاسای عورفی زەرور بووە؟ من دەتوانم وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە.

پێشتر نفوزی بزوتنەوەی هاوکاری بە شێوەیەکی گەورە لە پۆڵەندا کەمدەبویەوە، بەڵام لەناو بزوتنەوەکەدا باڵی ڕادیکاڵی توندڕەوی دژ بە هەر گفتوگۆیەك لەگەڵ حکومەت، تا دەهات بەهێزتر دەبوو.

هەربۆیە لەوانە بوو شەقامەکانی وارشۆ و شارە پۆڵەندییەکانی دیکە لەبەرواری ١٧ی کانونی دوهەمی ساڵی ١٩٨١، هەروەك (بۆدابست) ی ساڵی ١٩٥٦ ی لێبێ. دێمەوەو دەڵێم: من هیچ بژاردەیەکی دیکەم لە بەردەمدا نەبوو".

یارۆزلسکی ڕقی لەوەیە بە"سەرۆکی فەرماندە"بانگبکرێ.

"پێمخۆشە بە ژەنەڕاڵ بانگبکرێم، چونکە تا ئێستا هەست دەکەم سەربازێکم، لە واقیعدا، ئەگەر پێویستبێ لەسەرم کە دانبە هەڵەیەکدا بنێم کە لە ژیاندا کردبێتم، ئەوەیە کە من ڕێگام دا بڕوام پێبهێنن کە واز لە ژیانی سەربازی بهێنم بۆ بەرژەوەندی سیاسەت. سەرەتا وەك وەزیری بەرگری، و دواتریش وەك سەرۆك وەزیران، دواجاریش وەك سەرۆکێك".

ئەمە تاکە ڕەخنەیە کە لەخۆی دەگرێ، بەڵام هەموو ئەوانەی دیکەی کە بە هەڵە ناویان دەبا دەڕواتە خانەی (ئەهوەنترین خراپەوە)، ئەو پێویست بوو لۆمەی بارودۆخە مێژوویەکان بکا، تەنانەت بۆ یەکجاریش نەیوت، ئەو باوەڕی بە دیموکراسی هەیەو ڕژێمە شیوعیە سەرکوتکارەکەی ڕژێمێکی هەڵە بووە.

بەڵێ. یارۆزلسکی لەسەر حەقبوو: ئەو ژەنەڕاڵ بوو، نەوەك سەرۆکێك.

## قسه لەگەڵ شەیتان

"دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ بابەتی خێزانەکەم و سەرەتاکانی خۆشەویستیم بۆ ڕوسەکان. من بڕوام وایە کە هەڵوێست و تێڕوانینەکانی دایکم و خوشکەکەم کاتێك لە سیبریا لەگەڵ پیاوانی ئاسایی ڕوسیدا بەریەککەوتن، گۆڕا.

با ڕاستگۆبین: زانینی نەخۆشیەکانی ڕژێم و زانینی نەخۆشیەکانی خەڵکە ئاساییەکە، دوو شتی لە یەك جیاوازن. دایکم و خوشکەکەم بە تێگەشتنەوە چاودێری منیان دەکرد کاتێك بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشتم، سەرەڕای ئەوەی تووشی گرفت هاتن لەبیانوو هێنانەوە بۆی. بیرمە لە دوای ئەوەی لە کۆتایی جەنگدا گەڕامەوە بۆ پۆڵەندا، نامەیەکم بۆ نووسین، ئەوان هێشتا لە سیبیریا بوون و چاوەڕوانی ڕێگەپێدان بوون بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان.

من پێم وتن چەندین شت هەیە لەپۆڵەندای تازەدا کە لێی تێناگەم و خۆشم ناوێن. بەڵام ئەوەشم وت کە من بڕیارمداوە خزمەتی پۆڵەندا وەك ئەوەی لە حەقیقەتدا هەیە بکەم، نەك وەك ئەو ئەو پۆڵەندایەی کە ئاواتە خوازین هەبێ.

وتم پێویستە لەسەر ئێمە کە ئامادەبین بۆ پێشکەشکردنی قوربانی بۆ پۆڵەندای ڕاستەقینە. پۆڵەندای تاکە هەبوو، پۆڵەندای تەنیای فیعلی: چونکە ئێمە ناتوانین مێژوو جوگرافیاکەی بگۆڕین.

ئەگەر دوورتر لەهەموو شتێك بیری لێبکەینەوە، من واقیعم هەڵبژارد. واقیعی (یاڵتا)، ئەوە ئەو واقیعە بوو کە ڕۆژئاوا قبوڵیکردبوو، هەر بۆیە ئەگەر ئێوە لۆمەم بکەن، ئەوا پێویستە لە سەرتان کە لۆمەی خۆشتان بکەن. لە زووەوە من باوەڕم بەم بنەمایە هەیە: کە خزمەتی ئەو پۆڵەندایە بکەم کە هەیە، نەوەك پۆڵەندای خەیاڵەکانمان".

"مێژووی پۆڵەندا هاوپێچی چەندین پاڵەوانێتی کارەساتاوی، و هەڵوێستی ڕۆمانسیانە، و کرداری شانازییانەیە.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

تەنانەت (ئۆنۆریە دو بەلزاك) یش کە لە سروشتی گەلەکەی ئێمە بە شێوەیەکی زۆر باش تێگەشتوە و لەبەر ئەوەی ژنێکی پۆڵەندییشی هەبووە، نووسیویەتی: تۆ ئەگەر پۆڵەندییەکت لەسەر لێواری دۆڵێك وەستاند، ئەوا ئەو، خۆی خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە، نەوەك تۆ بیخەیتە خوارەوە.

ئەمە سوعبەتێکی پیرۆزە، بەڵام وا دەردەکەوێ نرخەکەی نرخێکی گرانبەهابێ.

من لەسەر لێواری دۆڵێك خۆم بینییەوە، بەڵام من بژاردەیەکی واقیعیم هەڵبژارد بەوەی خۆم هەڵنەدایە ناو گۆڕەکەوە،و سوعبەتێکی پیرۆزم هەڵنەبژارد کە بە دڵنیاییەوە ئەنجامێکی کارەساتاوی لێدەکەوتەوە".

"دایکم لە ساڵی ١٩٦٦ کۆچی دوایکرد، هێشتا خوشکەکەم زیندووەو منداڵەکانی لە زانکۆی کاسۆلیکی لە شاری لۆبلین دەخوێنن، پیاوەکەشی پرۆفیسۆرێکی خانەنشین کراوە لە هەمان زانکۆ، هەر ئەو زانکۆیەی پاپا تیایدا خوێندویەتی.

خوشکەکەم و پیاوەکەی زۆر دیندارن، هەروەکچۆن دایکیشم وەهابوو.

منیش سەرەتا کەسێکی بڕوادار بووم، بەڵام لەو کاتەی بە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریدا تێپەڕ دەبووم هێدی هێدی لە کەنیسە دوورکەوتمەوە، بەڵام ئەم گۆڕانەم کارناکاتە سەر ڕێزم بۆ کەنیسە، و ڕێزم بۆ ئەو ڕۆڵەی کە کەنیسە لە مێژووی پۆڵەندا گێڕاویەتی.

هەروەها ڕێزێکی گەورەم هەیە بۆ بەها ئەخلاقییەکانی کەنیسە، و بە دڵنیایشەوە بۆ ئینجیل. بەڵام من باوەڕم بەخودا نییە".

"بەر لەچەند هەفتەیەك باوکی پیرۆزم لە ڕۆما بینی، و ئەم وشانەی نووسەری گەورەی پۆڵەندی (ستیڤان فێلکانۆفیچ)م بۆ خوێندەوە: دڵی گەلی پۆڵەندی زۆر نزیکە لە پاپا، و عەقڵیشیان زۆر دوورە لە ئەو".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

پۆڵەندییەکان پاپایان خۆشەوێ، بەڵام ڕێنماییەکانی جێبەجێ ناکەن، من ڕۆمیەکی کاسۆلیکی نیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەم خۆشەوێ کە پۆڵەندییەکان گرنگی بدەن بە ڕێنماییەکانی پاپا زۆر لەوەی زیاتر کە ئێستا دەیکەن".

"دانبەوەدا دەنێم کە ئەمە ڕێك ئەو شتە نەبوو کە لە ڕۆژی هەڵبژاردنی (کارۆڵ ڤۆیتێلا) بیرم لێدەکردەوە، ئەو ڕۆژە هەندێك هەستی دژە یەکم هەبوو، هەروەك زۆربەی سەرکردە پۆڵەندییەکان لەو کاتەدا.

چونکە لەلایەك هەستم بە فەخرو ڕازیبوون دەکرد بەوەی کە پۆڵەندییەك لەسەر عەرشی پوتروسە، هەروەها هیواخوازیشبوم کە ئەمە پایەی وڵاتەکەمان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر بکا.

لەلایەکی دیکەوە نیگەرانی ئەوە بووین کە هەڵبژاردنی (ڤۆیتێلا) ببێتە هۆی زیادبوونی نفوزی ڕۆمی کاسۆلیکی لە پۆڵەندا، و بشبێتە مایەی کێشە دروستکردن بە نیسیبەت دەسەڵاتەوە.

بەڵام ئێمە دواتر درکمان بەوە کرد کە هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەم نیگەرانییە. چونکە دوای چەند چاوپێکەوتنێکی لەسەر یەك لەگەڵ پاپا، بۆم دەرکەوت، کە پاپا هیچ تێگەیشتنێکی ڕوونی بۆ ڕووداوەکانی پۆڵەندا نییە، بەڵکو ڕووداوەکانی پۆڵەنداشی گرێداوە بەو ڕووداوانەی کە لە وڵاتانی دیکە جیهان ڕوودەدەن.

پاپا هەڵەکانی ڕژێمی لە پۆڵەندادا دەبینی، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ڕەخنەی لە دۆخی شوێنەکانی دیکەش دەگرت، کە یەکەمینیان جیهانی سەرمایەداری بوو".

"بەڵێ، دەزانم، بێگومان لە سەرەتادا حکومەتی پۆڵەندی دوو دڵبوو لە ڕێگەدان بە (ڤۆیتێلا) بۆ سەردانیکردنی وڵات، ئەوە یەکەم هاتنی بوو لەساڵی ١٩٧٩، من ئەوکات

**قسه لەگەڵ شەیتان**

وەزیری بەرگری بووم و بەرپرسی بڕیارە سیاسییەکان نەبووم لە شێوەی بڕیارێکی وەها.
هەروەها بەرپرسی گفتوگۆکانیش نەبووم، بەڵام من یەکێك لە خاڵە ناکۆکەکانم لەبیرە کە ئەویش پەیوەستبوو بە کاتی سەردانەکەوە کە هاوکاتی جەژنی قەدیس (ستانیسلاوس) بوو".

"گرفتەکە بەمجۆرە بوو، هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، پادشای پۆڵەندا سزای مردنی بەسەر قەشەی کراکۆ(ستانیسلاو ستیبانۆڤسکی)دا. مێژووناسەکانیش بە درێژایی هەزار ساڵ دەربارەی ڕووداوەکە بۆچونیان دابەشبووە.

مێژوونووسەکانی لایەنگری کەنیسە دەڵێن (ستانیسلاڤ) بەهۆی بەرگریکردن لە بیروباوەڕی خۆی ژیانی خۆی بەخشی، بەڵام هەندێك مێژوونووسی دیکە بڕوایان وایە لەبەر ئەوەی (ستانیسلاڤ) خیانەتی لە دەوڵەتی پۆڵەندی کردوە بۆیە کوژراوە".

خیانەت؟

ستانسیلاڤ، کە قەشەی کراکۆو نموونەی بەرزی (ڤۆیتێلا) بوو، خۆیکردە دوژمنی پاشا (پۆلیسلاوس)ی ناشیرین کاتێك ڕەخنەی لە زوڵم و زۆرداریییەکەی گرت، بە جۆرێك قەشە پاشای لە ئەندامێتی دەرکرد، و لە کاتی سەردانیکردنی پاشا بۆ کەنیسە، قەشە نوێژەکانی دەوەستاند، ئیدی بەمجۆرە، خودی پاشا خۆی لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا، قەشەی کوشت.

لەو کاتەشەوە قەشە (ستانیسلاڤ) بوو بە ڕەمزی ڕۆحی نیشتیمانی پۆڵەندی.

بڕوام وایە ئەم ژەنەڕاڵە ڕۆشنبیر، و ئەرستۆکراتی، و جێنتڵمانە، دەیەوێ بڵێت لەوانەیە لە لای پادشا هۆکارێکی دادگەرانە هەبێ بۆ کوشتنی قەشە، وەك (خیانەتکردن لە دەوڵەتی پۆڵەندی)و یاخیبوونی لە دەسەڵات و ڕەخنەگرتن لە سەرۆکەکەی.

(ئۆگۆستۆ بینۆشیە)ش ئەم چیرۆكەی خۆشدەویست.

بەڵام یارۆزلسكی هەموو ئەمانەی بەلاوە گرنگ نییە، لەوانەیە مێژوونووسە كاسۆلیكەكان دەربارەی قەشە(ستانیسلاڤ) لەسەر حەقبن، لەوانەشە ڕاستی لەلای بەشێك لە مێژوونووسە شیوعیەكان بێت. بەڵام یارۆزلسكی هیچ خۆی بێزار ناكات دەربارەی هەر هەڵوێستێك دەربڕێ، چونكە ئەو مەغزا ئەخلاقیەكەی چیرۆكەكە نابینێ.

"ئێستا تۆ تێدەگەی كە بۆچی ئێمە مشتومڕمان كرد و مشتومڕەكانیشمان مەنتیقیانە بوو، چونكە ئێمە نامانەوێت جارێكی دیكە ئەم ململانێیە هەزار ساڵە سەرهەڵبداتەوە، لە كاتێكا دۆخی پۆڵەندا لە بنەڕەتدا زۆر خراپبوو پێویستی بەوەش نەبوو".

"كاتێك لە ساڵی ١٩٧٨دا پاپا هەڵبژێردرا، هیچ كەسێك بیری بۆ ئەوە نەدەچوو كە دوای تەنها سیانزە ساڵ یەكێتی سۆڤیەت هەڵدەوشێتەوە، و سیستەمی سیاسی دەوڵەتانی ئیشتراكی كۆتایی دێ. هەر بۆیە ئێمە بە شێوەیەك لە شێوەكان بەوەوە سەرقاڵبوین، بەڵام نیگەرانی نەكردبوین.

با بڵێین ئەو مەترسیانەی كە لە هەڵبژاردنی پاپایەكی پۆڵەندی دەكەوتەوە (ئەگەر چەمكی سەربازی بەكاربهێنین) مەترسی تەكتیكی بوو زیاتر لەوەی مەترسی ستراتیژی بێ".

"هەوڵدان بۆ تیرۆركردنی پاپا (ڤۆیتێلا) موفاجەئە بوو. ئەوكات سێ مانگی ڕێكبوو من سەرۆكایەتی وەزیرانم وەرگرتبوو، ئێمە لێرە لە پۆڵەندا جگە لەوەی لە ڕۆژنامەكان دەنووسران شتێكی دیكەمان نەدەزانی، بەو زانیاریانەشەوە كە دواتر بە (پەیوەندییە بولگارییەكان)ەوە ناسرا.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لەیەکێك لە کۆبوونەوەی لوتکەی پەیماننای وارشۆ، لە (تۆدۆر زیفکۆف) ی سەرۆکی بولگاریام پرسی لەسەر ئەو پڕوپاگەندانە، ئەو وتی"ژەنەڕاڵ یارۆزلسکی، ئایا تۆ هەر بە ڕاستی گوماندەکەی کە ئێمە نەخشەی پرۆسەیەکی لەوجۆرەمان کێشابێ، و ئەو گەنجە(سێرگی ئیڤانۆڤ)ی نوێنەری هێڵی ئاسمانی بولگاری لە ڕۆما بە جێبهێڵین، بۆ ئەوەی پۆلیسی نهێنی لە ڕۆژئاوا دەستگیری بکەن؟".

ئێمە لە دوای یانزەی سێپتەمبەرەوە ئەوە دەزانین کە چەندێك ڕەگی تیرۆر دەتوانێ خۆی دابکوتێت و چەند جۆر لە جۆرەکانی توندڕەویش دەتوانێت خۆی پێوە هەڵبواسێ.

پێیان وتم کە عەلی ئاغا کە بەم دواییە براوە بۆ زیندانێکی تورکی، دەربارەی کوشتنی پاپا، چیرۆکەکەی خۆی گوڕیوەو هیچ ئاماژەیەکی نەکردوە بە هەبوونی دەستی بولگارییا لەو ڕووداوەدا".

"ئینجا ئەنگێزەیەکی مێژووی دیکە هەیە کە ئەویش گۆڕەکانی دارستانی (کاتین)ە. بەڵێ، ئێمە ئێستا دەزانین کە ٢٢٠٠٠ زیندانی شەڕی بولگاری لەو دارستانەو شوێنانی نزیکیدا کوژراون و نێژراون.

ئەوان بەشێکی گەورەی ئەفسەرانی هەردوو توێژی دەسەڵاتدارو ناوەڕاستی پۆڵەندی بوون، ڕوسەکان بە فیشەك لە ملیاندابوون و کوشتبوونیان، لە کاتێکدا لە بنەڕەتدا بڕوا وەهابوو کە نازییەکان ئەو کارەیان ئەنجامداوە.

من خۆم ئیفادەی چەندین کەسم لە شوێنی ڕووداوەکە بینیوە کە وتویانە ئەڵمانەکان ئەو کارەیان کردوە. خەڵکی دواتر کەوتنە دەربڕینی گومانەکانیان.

چەندین جار گوێمان لە ئێزگەی ئەوروپای ئازادبوو کە ئەم پرسیارەی دەوروژاندو ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە مۆسکۆ تاوانبارە.

لە سەرەتادا، لە وارشۆ ئێمە ئەو تۆمەتانەمان ڕەتکردەوە و بە پڕوپاگەندەیەکی نەموزەجی پڕوپاگەندەکانی شەڕی سارد وەسفمانکرد.

بەڵام بە تێپەڕبوونی کات زیاتر سوور دەبوین لەسەر داواکارییەکانمان لە مۆسکۆ بۆ پێدانی بەڵگەی زیاتری تاوانبارکردنی نازییەکان.

من بە هاوڕێکانی مۆسکۆم وت"هاوڕێیان، بێگومان ئێمە باوەڕ بە هەموو ئەوانە دەکەین کە ئێوە دەیڵێین، بەڵام زەخیرەی پێویستمان بدەنێ بۆ ئەوەی پڕوپاگەندەی ڕۆژئاواییەکان ڕەتبکەینەوە"، ئەوان بەوە وەڵامیان دامەوە کە تۆمەتبارکردنی سوپای ڕوسیا بەو کارە، ئیستفزازێکی ڕۆژئاواییەو شایانی فەرامۆشکردنیەتی. هەربۆیە تاوەکو سەردەمی گۆرباچۆف بێدەنگی لێکرا".

"لەو ماوەیەدا من یەکێك بووم لەو کەسانەی دەمزانی ڕاستیەکان لە کوێدان، بەڵام دووپاتمدەکردەوە تۆمەتبارکردنی مۆسکۆ لەسەر مەسەلەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی دارستانی (کاتین) هیچ سودێکی نییە، چونکە ئێمە ناتوانین جارێکی دیکە قوربانییەکان بگەڕێنینەوە بۆ ژیان و زیانیش لە پەیوەندییەکانی هەردوو لامان دەدا، بەڵام لە ساتێك لە ساتەکاندا هەستمکرد کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئەم فەسڵە لە مێژوو یەکلا بکەینەوە".

لەو ماوەیەدا، دیواری پەرلین ڕووخا، و شیوعیەت هەرەسی هێنا، و شەڕی سارد کۆتایی هات. لە چەندین کتێبیشدا ڕاستی ڕووداوەکەی (کاتین) خرایە ڕوو.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

هیدایەتدانی ژەنەڕاڵ زۆر درەنگ کەوت، بەڵام یارۆزلسکی حەزدەکا خۆی وا دەربخا کە ئەو چاکسازێکی ئازایە.

"تەنانەت گۆرباچۆفیش هێشتا دڵنیا نەبوو، چونکە نیگەرانی پەرچەکرداری دەزگای سەربازی بوو، من لەو نیگەرانیە تێگەشتم، چونکە لە هەموان زیاتر لە شێوازی بەرپەرچدانەوەی سوپام دەزانی لەبەرامبەر هەر پێشنیارێکی چاکسازیدا.

بەڵام من ئەوەم بۆ ڕوسەکان ڕوونکردەوە پێش سەردانیکردنم بۆ مۆسکۆ لە نیسانی ١٩٩١، کە من ناچمە (کرملین)ەوە ئەگەر ڕوسەکان دانپیانانێکی ڕوونم دەربارەی لێپرسراوێتی خۆیان لە تاوانەکە بۆ نەخەنە ڕوو.

(گۆرباچۆف) دانی بەوەدا نا کە (کاتین) تاوانێکە سۆڤیەتیەکان ئەنجامیانداوە نەوەك نازییەکان.

لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە زوڵم لەرۆڵی من کراوە، و هەموو فەزڵەکە دراوە بە (لیتچ ڤالیسا) و (بۆریس یەڵسن) کە دوای چەندین ساڵ چەند بەڵگەنامەیەکیان ئاشکرا کرد کە تیایدا بە فەرمانی (ستالین) بڕیاردرابوو پۆڵەندییەکان بکوژرێن.

بەڵام کەس ئەوەی بیر نییە کە ئەوە من بووم باڵەکانی مۆسکوم هەڵپاچی، ئەوە من بووم کە ڕۆژئاواییەکان بە سیاسییەکی عینادو ڕەق تۆمەتباریان دەکردم".

"مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژئاواو کوتلەی سۆڤیەتی مێژوویەکی پڕ لە موفارەقەیە، خودی گۆرباچۆف پێی وتم– لە کتێبەکەشیدا باسیکردووە_ کە دوای سەرنەکەوتنی کودەتاکەی ئەو سەرکردانەی کە دژی چاکسازیبوون، چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە (جۆرج بۆش)، و تەنانەت لە (لیتچ ڤالیسا)شەوە پێگەشتوە کە پشتگیری خۆیان بۆ دووپاتکردۆتەوە.

هەروەها داوایانلێکردوە کە خۆڕاگر بێ، و پارێزگاری لە یەکێتی سۆڤیەت بکا_ تەنانەت بە هێزیشی بکا_ چونکە ڕۆژئاوا پێویستیان پێیەتی.

دوژمنانی پێشوومان ترسابوون لە لە دەستدانی یەکگرتویی کۆمارە ئیشتراکییەکانی سۆڤیەت کە تا دوێنیەکی نزیك بە (ئیمپراتۆرییەتی شەڕ) وەسفیاندەکرد.

قبوڵکردنی یاسای باری نا ئاسایی لەلایەن پۆڵەندییەکانەوە لەسەر ئاستە ئایدۆلۆژییەکەیدا زۆر قورستربوو لەوەی تاوەکو لە ژیانی ڕۆژانەیاندا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

هەرچەندیشە بزوتنەوەی هاوکاری یاساغ کرابو، بەڵام هێشتا هەروەك پێشووتر بەهێزبوو.

لە شەقامیشدا هاوڵاتییان نوکتەیان لەسەر ڕژێم دروستدەکرد، و بە شێوەیەکی هەرەمەکیش مامەڵەکردن لەگەڵ قەدەغەکردنی هاتوچۆدا سوکتربوو وەك ئەوەی لەسەر شێوازی سۆڤیەتی جێبەجێبکرێ، بەڵکو زیاتر لەسەر ئەو شێوازە بێ موبالاتە بوو کە گەلی پۆڵەندی لەگەڵ ئەوروپییە باشورییەکاندا بە هاوبەشی هەیانە".

(یەرزی کیسیلفسکی) کە کوڕی ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی پۆڵەندییەو ئۆپۆزسیۆنە، ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە"ڕووداوێکم لە بیرە، دوای ئەوەی لە ڕۆژنامە، دوای ڕۆژێك لە کارکردن دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، تاکسییەکم گرت، شۆفێرەکە بێ ئەوەی سەیرم بکات، بەدەم لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکەیەوە گوێی لە ڕادیۆکە دەگرت، منیش کەوتمە گوێگرتن، هەستمکرد شۆفێرەکە ڕوخساری بەجۆرێکە،و شتێك هەیە، دواتر زانیم چیە.

ئەویش ئەوەبوو شۆفێرەکە گوێی لە ڕادیۆی ئازادی ئەوروپا دەگرت کە هی ئەمریکییەکان بوو بەرنامەکانی لە (مۆناکۆ)ەوە پەخشدەکرد، ئەمەش لەلایەن دەسەلاتدارانەوە قەدەغەکرابوو.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

شۆفێرەکە نەیدەزانی کێی لەگەڵدایە، لەوانەبوو پۆلیسێکی نهێنی بێ، بەڵام ئەو گوێی پێنەدا، چونکە هەموان دەیانزانی مەترسییەکانی ئەو کارە کە لە لایەنی تیۆرییەوە زۆر ترسناکبوو، لە لایەنی عەمەلییەوە جێبەجێناکرێ".

هەندێکجار ڕۆشنبیران بە ئەنقەست جۆرە کارێکیان دەکرد دەبوە هۆی دەستگیرکردنیان و وەك نەیاری یارۆزلسکی خۆیان دەنواند، هەروەکچۆن پۆلیسیش لە"میلشیایەکی شۆڕشگێڕییەوە"گۆڕابوو بۆ پاسەوانێکی ڕەسمی یاساو ڕژێم و دوژمنێکی سەرسەختی سوپا.

چەندین جاریش ئەو فەرمانی دەستگیرکردنانەیان جێبەجێ نەدەکرد کە لەلایەن سوپاوە دەردەچوون.

لەکۆشکی (بانکۆف) لەپەرلینی ڕۆژهەڵات، (ئێریك هۆنکەر)ی سەرۆکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ناڕەزایی خۆی دەربڕی و وتی"هاوڕێ پۆڵەندییەکانمان کەمتەرخەمن لە سەرکوتکردنی تاوانباران، ئەگەر ئەوان پێویستیان بە یارمەتی هەیە، ئەوا ئێمە ئامادەین دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەین".

ئەو ساڵە تەنگەژەی ئابووری باڵی کێشابوو بەسەر یادکردنەوەی جەژنەکانی سەری ساڵدا لە وارشۆ، چونکە کرێکارەکان نێردرابوونەوە ماڵەوەو گەشەی ئابووری وەستابوو.

لەبەر ئەوەی کرێی کار لە پۆڵەندا لەهەموو وڵاتانی دیکە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەرزتربوو، وەبەرهێنانی بیانی لەوڵاتدا تەواو کەمبوبویەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بزوتنەوەی هاوکاری لەماوەی ساڵانی هەشتاکان بەهێز هەموو گرێبەستەکانی بۆ خۆی قۆرخکردبوو.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ئێستا کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانییە، لە نووسینگەکەی یارۆزلسکی، هەردوو پاسەوانەکەو ژنە سکرتێرەکەی کەم کەمە قومی ڤۆدگا هەڵدەدەن.

ئاهەنگێکی هەژارانەیە بە بەراورد بە نووسینگەکانی دیکە، چونکە ئەوان، هەموو فەرمانبەرەکان بانگهێشتی چێشتخانەیەك دەکەن، بەڵام لێرە هەر کە میوانێك دێت بۆ نووسینگەکە، بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە ناڕەزاییەوە، شوشە ڤۆدکاکان لە ژێر مێزەکەدا دەشارنەوە.

بەفر خەریکە هێدی هێدی شوێنەکان دادەپۆشێ، تەنانەت کۆشکی ڕۆشنبیریش لە ژێر ڕوپۆشە سپییەکەیدا کەمتر ڕەشبینتر دەردەکەوێ.

"پێیان وتوم کە تۆ چاوت بە کۆلۆنێل (مێنگیستۆ) کەوتوە. چاك لەبیرمە ئەو کاتەی کە سەرکردەیەکی گەنجی ئەسیوبی بوو.

ساڵی ١٩٧٩ سەردانی وارشۆی کردو زۆر دڵخۆشبوو بەوەی کە هەموو ئەو شتانەی بینی.

پێی وتم کە ئەو دەیەوێ لە ئەسیوبیا کۆتایی بە دەرەبەگایەتی بهێنێت و ئیشتراکیەتیەکی لە جۆری ئەوەی ئێمە دابنێ. بە دڵنیاییەوە، ئەو پێی نەوتم کە چۆن دەیەوێ ئەو ئامانجە بە دیبهێنێ.

دەڵێن ئەو بە تۆمەتی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادگایی دەکرێ، بەڵام پێویستە لەسەرمان سەیری ئەوە بکەین چۆن ئەو تۆمەتانە ئامادە دەکرێن.

تاوەکو ئێستا بیر لە دادگایکردنەکەی (ئیغۆن کرنتەر)ی دواین سەرۆکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەکەمەوە، ئەو دادگاییەی کە بە زیندانیکردن کۆتایی هات".

ژەنەراڵ، (مێنگیستۆ) دەڵێت، گۆرباچۆڤ هاوڕێی خیانەتی لێکردوە؟.

"ئەوە هەر ئەو نییە وەها دەڵێت، بەڵکو زۆرێکی تر وەها دەڵێن، بەڵام چی لەتوانای گۆرباچۆفدا بوو بیکا؟ ئەو دەبوو حوکمی یەکێتی سۆڤیەت بکا وەك ئەوەی لە واقیعدا هەیە، نەوەك یەکێتی سۆڤیەتێکی میسالی".

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، گۆرباچۆف سەرپەرشتی هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەتی کرد. بە نیسبەت تۆوە گۆرباچۆف چی دەگەیەنێ؟ پاڵەوانە یاخود خائین؟.

"گۆرباچۆف پیاوێکی گەورەیە، پیاوێك هەرچەندە سەرەتا وەك چاکسازیخوازێك دەرنەکەوت، کەچی لە کۆتاییەکەیدا جیهانی گۆڕی. ڕوبارێکی مەزن هەبوو، ڕوباری مێژوو، ئاوەکەی لە پشتی بەردێکەوە وەستابوو، یان ڕوونتر لە پشتی چەند بەردی گەورەوە. گۆرباچۆف ئەو پیاوە بوو کە بەردەکانی لابردو ڕێگای بۆ ئاوەکە کردەوە کە بە ئازادیی بڕوا. هەر بۆیە گۆرباچۆف بە نیسبەت منەوە هاوڕێیەکی ئازیزە".

ئەی پاپا؟

روانینەکانی یارۆزلسکی جدی بوونەوەو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

"کەسایەتیەکی مەزنە، ڕۆشنبیرێکی گەورەو پۆڵەندییەکی نیشتیمانی بەهێز، بەڵام ئەو لە هەمانکاتدا هاوڵاتیەکی جیهانییشە. هەشتجار بینیومە، دەتوانم ئەوە بڵێم لە کاتێکدا ملیۆنەها کەس لە جیهاندا شارەزایی بەتوانایی ئەون لە قسەکردنا، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لە لێهاتوی ئەو ئاگادارن لەگوێگرتنا.

وەك دەزانی، من چەندین جار چاوم کەوتوە بەو سەرۆك و سەرکردانەی کە جگە لە وتنی هەندێ قسەی مۆنۆلۆژی، لە ساتێك لە ساتەکانی ژیانیاندا، هیچی دیکە نازانن. بەڵام پاپا دەزانێ چۆن گوێدەگرێ، تەنانەت گوێی لە مشتومڕو کێشەکانی منیش دەگرت".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

**لیتش ڤالیسا؟**

"ئای، لیتش". ژەنەڕاڵ زەردەخە دەیگرێ.

ئەو باش دەزانێ کە پاڵەوانی بزوتنەوەی هاوکاری خاوەن جەماوەرێکی بەرفراوانە، ئەو جەنگاوەرەی کە لە پێناوی دادگەریدا جەنگاوەو بەردەوام نیشانەیەکی مەریەمی پاکیزەی بە چاکەتە هەرزان بابیەکەیەوە بەستبوو، لەپشتیشیەوە بە ملیۆنان خەڵك دەوەستان، بەڵام لە ئێستا ئەو کەسایەتیەکی گرنگ نییە، ئەگەر نەڵێین ناوبانگیشی خراپە. ئەو، بە جۆرێك لە جۆرەکان، بێبەختی هاوڕێیەتی.

"لیتش، پیاوێکی بلیمەتە، بە شێوەیەکی سروشتی بەهرەی گەورەی هەیە دەربارەی سیاسەت، هەرچەندە بۆ بەدبەختی لە ڕووی فیکری و ڕۆشنبیری و کەسایەتیەوە ئەو توانایەی نییە کە وڵاتێکی وەك پۆڵەندا بەڕێوە ببا. بەڵام زۆربەی جارەکان کارەکانی بە شێوازێکی ڕاست بەڕێوەبردوە، ئەو دەیزانی چی دەکا، مشتومڕە ڕاستەوخۆو ڕاستگۆکانی لەگەڵ منا درێژە پێدەدا، لە زۆربەی جارەکانیش ئەو مشتومڕانە چێژ بەخشبوون".

مارشاڵ تیتۆ؟

"تەنها سێجار بینیومە، دوو جاریان لە ژیاندا و جارێکی دیکەش لە مەراسیمی ناشتنەکەیدا، تەنانەت جارێك لە جارەکان داوەتی کردم کە هاوەڵی بم لە گەشتێکی کورت لە دەریای ئەدریاتیکی لەناو بەلەمە تایبەتیەکەی خۆیدا.

لەهەموو ئەو بۆناندا_ تەنانەت لە کاتی ناشتنەکەشیدا_ پیاوێکی لە ڕادەبەدەر زیرەکبوو، ئەو توانی هەموو کۆمارەکانی یۆگسلافیا کۆبکاتەوەو لە بەرامبەر (ستالین)یشدا بوەستێ بێ ئەوەی هیچ کارەساتێك بەسەر وڵاتەکەیدا بهێنێ.

بەڵام، بە تێپەڕینی کات، وا دەردەکەوت کە ڕژێمەکەی خەریکە بەرەو ڕژێمی پادشایەتی بڕوا، تەنانەت خەریبکو دەبووە ڕژێمێکی ئەمیرایەتی بێزەنتی، کە سەروەتەکەی تالاندەکردو عەقڵی لە دەستدەدا، ڕۆژئاواییەکانیش لەمەدا هانیان دەدا".

فیدڵ کاسترۆ؟

"ئێمە لەسەرەتادا مەفتونی (کاسترۆ) بوین، تەنانەت ئێوەی ڕۆژئاوایش وەهابوون. ئەو پیاوێکی سەرسوهێنەرو ساحری جەماوەربوو. پیاوێکە لەتوانایدایە لەگەڵ هەر قەرەباڵغیەکی جەماوەریدا پەیوەندی ببەستێ.

من لەتوانامدا هەیە هیستریایەکی جەماوەری ساختە کە لە دایکبوی ئالەتێکی پڕوپاگەندەیە لەگەڵ هیستریایەکی جەماوەری ڕاستەقینە جیابکەمەوە.

ڕێگەم بدە بڵێم کە من، بە حوکمی شوێنەکەم. . . ئەم مەسەلانەم زۆر بە قوڵی دیراسە کردووە".

لەم خاڵەدا ژەنەڕاڵ سەیرێکم دەکاو زەردەخەنەیەکم بۆ دەکا.

"فیدڵ پیاوێکی چاك و خاوەن عەزیمەتێکی گەورەبوو. دواتر دۆخەکان گۆڕا، و نەیتوانی خۆی لەگەڵیاندا بگۆڕێ. هەرچەندە ئەو کەسێکی گونجاوو ڕاستگۆبوو لەگەڵ خودی خۆیا، بەڵام نەیتوانی وەك ئێمە کە لە پۆڵەندا کردمان، ئەویش بۆ پێشەوە بڕوات و خۆیکرد بە دیلی بۆچونەکانی.

من (رائوڵ)ی براشی زۆر بە باشی دەناسم، ئەو گەنجێکی چاکە، بەڵام هێندەی (فیدڵ) نا، کەس نازانێت کوبا دوای فیدڵ چی بەسەردێ. . . "

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ڕۆناڵد ڕێگان؟

"همم. . . هەستەکانم بەرامبەر (ریگان) هەروەك جیاوازی سەردەمەکان جیاوازبوون، لە سەرەتادا ڕای من دەربارەی ڕێگان سەلبی بوو، چونکە ئەو ئابلۆقەیەی خستبویە سەر پۆڵەندا جەرگبڕبوون.

(ریگان) زۆر بە کورتی بە نیسبەت منەوە کەسێکی موناقیقبوو. چونکە ئەو زۆر بەگەرمی و ڕێزەوە پێشووازی لە (چاوچیسکۆ)ی دیکتاتۆری ڕۆمانیا کرد کە بۆ نزیکەی ٢٠ساڵ یاسای باری نا ئاسایی ڕاگەیاندبوو، بەڵام تەنها چەند کاتژمێرێکی کەمی ویست بۆ ئەوەی بڕیاری سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر ئێمەدا دەربکا لە کاتێکا ئێمە دۆخێکی خراپمان هەبوو پێویستبو لەسەرمان کە حاڵەتی شەڕ ڕابگەیەنین.

دواتر هەڵوێستی خۆم دەربارەی گۆڕی. چونکە ئەو کاتەی کە لە گۆڕەپانی سوور بەتەنیشت (گۆرباچۆف)ەوە بینیم و بە زەردەخەنەیەکی پانەوە کە هەموو دەموچاوی داگیرکردبوو، ڕایگەیاند کە چیدی ئیمپراتۆریەتی شەڕ بوونی نەماوە. لەوکاتەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو پیاوە لەتوانایدا هەیە کە ڕایەکانی خۆی بگۆڕێ.

هەربۆیە لەبەر ئەو هۆیە پێی سەرسامبوم، هەروەها (جۆرج بۆش)ی جێگریشی کاتێك سەردانی وارشۆی کرد سەرنجێکی باشی لەسەر خۆی جێهێشت".

ئەی (هێڵمۆت کۆڵ) (راوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا)

"ئەم پیاوێکی ترە لەو پیاوانەی لە سەرەتادا لە پەیوەندیم لەگەڵیدا خۆم دەپاراست، بەراشکاویش بڵێم، خۆپاراستنێکی زۆر. لەگەڵ ئەوەشدا (کۆڵ) زۆری پێشکەش بە ئەوروپا کردووە. زۆر بە داخەوەم کە تەمەنی سیاسی بەو شێوە ڕسواییە کۆتایهات".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

**ئەی (ئێریك هۆنکەر)؟**

"ئاسانترین شتە کە فەرامۆشی بکەین بەو وەسفەی کە کەسایەتیەکە سەرنج ڕاناکێشێ.

کەسێکی بیرۆکراتی بە چاکەتێکی خۆڵەمیشییەوە. ئەوە گومانی تیادا نییە کە ئەو بە دەستێکی ئاسنین حوکمی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی دەکرد.

هۆنکەر پیاوێکی دۆگماتیبوو، هەرچەندە من لەوپیاوەدا لایەنە دینامیەکیەکەشیم بینیبوو.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو هەرچەندێك ئەوم بدیایە ئەو دە ساڵەم بیردەکەوتەوە کە لەزیندانی نازییەکاندا بەسەریبردبوو.

ئەو ئەزمونە چەندین ئاسەواری قوڵی لا جێهێشتبوو، بەڵام ئەو دەمارگیربوو.

بۆ نموونە زۆر سووربوو لەسەر وەرزشکردن و پاراستنی جەستەی. لە یەکێك لەرۆژەکاندا، و دوا بەدوای کۆبوونەوەیەکی سیاسی، ئامێرێکی ئۆکسجینی تایبەتی پێدام کە زاناکانی خۆی تایبەت بۆ تازەکردنەوەی پێست و هەستکردنی مرۆڤ بە تەندروستی پێستەکانی دروستیانکردبوو. من ئامێرەکەم برد هەرچەندە باوەڕیشم پێینەبوو.

بەڵام کاتێك بەکارمهێنا هەستم بە سودەکانی کرد, هۆنکەر هەروەك ئامێرەکەی بوو: لەسەرەتادا گومانی لێدەکەی، بەڵام کاتێك تاقیدەکەیتەوە هەستدەکەیت فریوت نادا".

ئێمە ئێستا لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١داین، دوای بیست ساڵی ڕێك بەسەر دەرکەوتنی لەسەر شاشەی تیڤیەوە، بە جلە سەربازییەکانیەوە لەبەردەم ئاڵا سپی وسوورەکەی پۆڵەنداوە کە هەڵویەکیش لەناوەڕاستدایە، بۆ ئەوەی بەدەنگێکی وشکی ناخۆشەوە بەیانەکەی بخوێنێتەوە.

بیست ساڵ بەسەر خوێندنەوەی بەیانەکەدا تێپەڕیوە، لە واقیعیشدا، ئەوە کودەتایەکی ڕاستەقینەبوو.

### قسه لەگەڵ شەیتان

ئەمڕۆ، لە کاتێکدا من خۆم بۆ ڕۆیشتن بۆ مۆسکۆ ئامادە دەکەم، بەفرەکە خۆشی کردۆتەوە و نابارێت.

کچان و کوڕان بە جانتاکانیانەوە لەچواردەوری وێستگەی ماکدۆناڵدن، ئەوان خوێندکاری زانکۆن و دەڕۆنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لە دەشتەکانی پۆڵەندا بۆ بەسەربردنی جەژنەکانی سەری ساڵ.

یارۆزلسکیش بە نیازە وارشۆ بەجێبهێڵێ و بڕواتە بۆ ماڵە لادێیەکەی خۆی کە بەدار دەورە دراوەو بەفر گەڵاکانی قورسکردون. ئەم دارانە منالّی خۆی بیردەخستەوە لە سیبیریا.

بانگیکردم بۆ نووسینگەکەی بۆ ئەوەی ماڵئاوایم لێبکا، هەروەها بۆ ئەوەی سەرزەنشتی ئەوەشم بکا لەسەر ئەوەی ئەو دەخەمە ناو کتێبێکەوە کە هەموو تاوانبارانی ئەم سەردەمەی تیایە، جگە لەیەك کەس کە ئەویش (پۆڵ بوت)ە.

زەردەخەنەیەکی کەئیبانەی کرد.

"هەرچەندە تۆ یەك پرسیارت لەمن نەکرد کە ئەوە چی شتێکە بە نیسبەت منەوە مایەی پەشیمانی سەرەکییە لە تەمەنی سیاسیمدا و هەستی پێبکەم".

من قەدیس (ستانیسلاڤ) و کۆپیەی هاوچەرخەکەی باوکە (پۆپیلۆشکۆ)م بیرکەوتەوە. لەوانەیە ژەنەڕاڵ خەریکبێ پێم بڵێ کە ئەو هاوسۆزی پاشا (بۆلیسلاوس)ە.

هەردوکیان کەچەڵ و فاشیست بوون، هەردوکیشیان باوەڕیان بە سیاسەتی واقیع زیاترە تاوەکو باوەڕهێنان بە نموونەی باڵا.

"ژەنەراڵ، من گوێم گرتووە، ئایا دەتەوێ دەربارەی تیرۆرکردنی باوکە (پۆپیلۆشکۆ) قسە بکەی؟".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

(یەرزی پۆپیلۆشکۆ) کاهینێکی گەنج بوو لە یەکێك لە کەنیسەکانی وارشۆ، زۆر بەڕاشکاوی ڕەخنەی لەو ئیستیغلالکردنە دەگرت کە لە شیوعیەتدا هەبوو، هەروەکچۆن پشتگیری بزوتنەوەی هاوکاریشی دەکرد.

بە هەزاران کەس ڕۆژانی یەکشەمان کۆدەبوونەوە بۆ گوێگرتن لە وەعزەکانی، لە ڕۆژی ١٩ تشرینی ڕفێنراو دوای یانزە ڕۆژ لاشەکەیان دۆزییەوە کە ئاسەواری ئەشکەنجەدانێکی وەحشیانەی پێوەبوو.

ئەم تاوانە پۆڵەندای هەژاند، و ئۆپۆزسیۆن حکومەتیان بە ئەنجامدانی ئەو کارە تاوانبارکرد.

"نەخێر، پۆپیلۆشکۆ بە دەستی توندەڕەوێکی شێت کوژرا، بکوژەکە دواتر لە نامەیەکدا داوای لێبوردنی لەو سوکایەتیە کرد کە بەسەر وڵاتدا هێناویەتی.

حکومەت بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکان بەرپرسی ئەو ڕووداوە نەبوو. بێ گومان پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ کەنیسەدا خراپبوو، هەمیشە بەیەکیاندا دەدا، بەڵام هیچ کام لە ئێمە فەرمانمان بە کارێکی وەها نەکرد.

نەخێر، من باسی ئەو سەردەمە دەکەم کە پێش ئەو ڕووداوە بوو، ئەو سەردەمەی کە زۆربەی خەڵکی وا خۆیان دەردەخەن لەبیریانچوە، من باسی ساڵانی ١٩٦٧ _١٩٦٨ دەکەم.

ئەو کاتەی پۆڵەندا لە ژێر دەستی شێتێکدا بوو کە ئێمە بە (دژایەتیکردنی سەهیۆنیەت) ناوماندەبرد.


لەراستییشدا ئەوە دژایەتی سامیەت بوو. ئەو کات من سەرۆکی ئەرکان بووم، واتە لە پلەیەکی لێپرسراوێتیدا بووم، لەوانەشبوو کە بتوانم کاریگەریم لەسەر ڕووداوەکان هەبێ، بەڵام هێز _ یاخود ئازایەتی _ ئەوەم نەبوو کە ڕابەڕایەتی ئۆپۆزسیۆن بکەم.

پۆڵەندای دژ بەسامیەت هەر بەتەنها ئەو پۆڵەندایە نەبوو، فرسەتێك هەبوو بۆ جەنگ، بەڵام من نەجەنگام، هەروەك دەبینی لۆمەی ئەنجامدانی هەڵەگەلێکم دەکەن کە نەمکردوون،

دادگایی تاوانێکم دەکەن کە ئەنجامم نەداون، لەکاتێکا لەدەرئەنجامەکانی هەڵەیەك لێمخۆشبوون کە دەبوو لۆمە بکرامایە لەسەری".

"لەوانەیە ژیان دژەیەکی بێ، هەموان دەیانویست لە لێواری دۆڵەکەوە خۆم فڕێدابایەتە خوارەوە، بۆ ئەوەی سوعبەتێکی پیرۆز تۆماربکەم، یاخود شانۆگەرییەك، کەچی من هەرگیز نەمدەویست ببمە ئەکتەر.

من لە ژیانی ڕاستەقینەدا دەژیام، من ئێستا ناچارم بڕۆم، چونکە ژنەکەم چاوەڕوانمە. ساڵێکی تازەی خۆش بەسەردەبەم، تۆش لەگەڵمدا دادوەربە، پرسیاریش لەخۆت بکە چیتدەکرد کاتێك تۆ لە پێڵاوەکانمدا بوایەیت، نەخێر، لە جزمە سەربازییەکانمدا".



# ئـەنـوەر خواجـە

ئەنوەر خەلیل خواجە

• لە ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٠٨ لە خێزانێکی سەر بە تائیفەی بەکداشی لە باشووری ئەلبانیا لەدایکبوە.

• لە فەرەنسا خوێندویەتی و هەر لەوێش ئاشنای بیری مارکسیەت بووە.

• کاتێك گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی بووەتە مامۆستای زمانی فەرەنسی بەڵام بەهۆی شیوعیەتەوە لەکارەکەی دەر کراوەو دوکانی توتن فرۆشتنی داناوە.

•سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی کرێکاری ئەلبانیا بووە.

•لەساڵی ١٩٤٤ تا ١٩٤٥ سەرۆك وەزیران بوە.

•لەساڵی ١٩٤٦ تا ١٩٥٣ وەزیری دەرەوە بوە.

• لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دوهەمی جیهانیەوە تاوەکو مردنی لەساڵی ١٩٨٥ سەرۆك کۆماری ئەلبانیای میللی بووە.

• خواجە زۆر بە توندی پشتگیری سیاسەتەکانی ستالینی دەکرد، و وڵاتەکەی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەهەموو وڵاتانی دیکەی جیهان دابڕی و ئازادییە کەسێتیەکانی نەهێشت، و وڵاتەکەی کردە هەژارترین وڵاتی ئەوروپا.

## قسە لەگەڵ شەیتان

کاتێك بۆ یەکەمجار ڕۆیشتمە زیندانەکەیەوە، جێگاکەی یەکەمین شتێکبوو بیبینم، دۆشەکێك لەسەر زەوییە ڕووتەکە داخراوە بە بێ هیچ سەرینێك یاخود بە تانیەك.

دوای چەند ساتێك، دوو دەستە کتێبی بەرگ ئەستوری ناونیشان فەرەنسی جوانم بەرچاو کەوت کە لەسەر مێزی نزیك قەرەوێڵەی نووستنەکە دانرابو، لەسەر کتێبەکانیش چاویلەکەیەك دانرابوو کە لێیەوە ناونیشانی کتێبەکانی گەورە دەکرد،"مێژوی فەلسەفە".

چەند خولەکێك پێشتر بە شەقامەکانی تیرانادا پیاسەم دەکرد، ئەو ڕۆژە یەکێك بوو لەو ڕۆژانەی هاوین کە تیادا هەوای ڕۆژهەڵات و هەوای دەریای ناوەند یەکیان دەگرت و کەشێکی خۆشیان دروستکردبوو، تەنانەت بۆ دیواری ئەو باڵەخانانەش کە چینیەکان لەساڵانی هەفتاکاندا لە پایەتەختی ئەلبانیا دروستیانکردبوو.

من بە دوای ئەو زیندانەدا دەگەڕام کەخرابویە ژێر پاسەوانیەکی توندەوە.

دەرگای سەرەکی زیندانەکە کەوتبوە کۆتایی شەقامێکی تەسك کە بەهۆی شکانی ئاوەڕۆیەکەوە ئاو لەبەردەمەکەیدا کۆبوبویەوە.

لە بەردەمی دەرگاکەشدا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی وەستابوون و دەیانویست بچنە ژوورەوە، پیاوانێك بە کراسی تەنك و بەقژێکی کورتەوە بەردەمی پەنجەرەکانیان گرتبوو دەیانقیڕاند.

ژنەکانیش لە ناو ئۆتۆمبیلە کۆنەکاندا کە ژمارەی ئیتالیان بەستبو و ئارەقیان دەردەدا، لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا وەستابوون.

ئەوان هەموویان بۆ لای کەسە نزیکەکانیان هاتبوون کە شەوی ڕابردوو بەهۆی فەرمانەکانی سەرۆکی تازە (سالی بیریشا) کە بەوە ناسرابوو دڵێکی باشی هەیەو تازە بوو بە سیاسی، لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرابوون.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

هەروەك ڕۆژنامە ڕۆژنامەییەکانی لایەنگری (بیریشا) نووسیبویان، ئامانج لەو دەستگیرکردنانەی کە پۆلیس ئەنجامی دەدا"دادگایکردن و سزادانی لێپرسراوانی پێنج دەیە لە دیکتاتۆریەت بوو"، لە هەمانکاتدا ڕاهێنانی هاولاتییانبوو بەو موعجیزانەی کە دیموکراسی دروستی دەکرد . سات ناساتێکیش پاسەوانەکە دەهاتە بەر دەرگا سەرەکیەکەی زیندان، سەیرێکی قەرەباڵغیەکەی دەکردو بە شێوەیەکی زۆر بێ موبالات، تفێکی فرێدەدا، و دواتر دەڕۆیشتە ژوورەوەو دەرگاکەی دادەخست.

ئەوانەی کە بۆیان هەبوو برۆنە ژوورەوە تەنها ئەو پاسەوانانە بوون کە نۆرەی ئێشکگرتنیان هەبوو، ئەوانیش خرابوونە ناو پاسێکی شینی کۆنەوە کە پۆلیسی ئیتالی بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت لێی، دابووی بە حکومەتی ئەلبانی.

لێپرسراوی زیندانەکە لە ژوورەکەی خۆیدا پێشوازی لێکردم، پەردەی پەنجەرەکە دادرابویەوەو دیوارەکانی ژوورەکەش بە هەمان ڕەنگی ژوورەکانی خوێندنی سەردەمی فاشیەت لە ئیتالیا بۆیاخکرابوو کە ئەویش ڕەنگی سەوزبوو.

کاتێکیش سەیرێکی پارچە کاغەزی ڕێگەپێدانەکەی کردم کە لەلایەن یەکێك لە دادەوەرەکانەوە ئیمزا کرابوو بۆ چاوپێکەوتنی یەکێك لە زیندانیکراوەکان، زۆر بە خێرایی کاغەزەکەی داخست، وەك ئەوەی دەستی بەر شتێکی سوك یاخود مەترسیدار کەوتبێ، و منی بە دوای مەبەستەکەی خۆمدا نارد.

ڕاڕەوەکانی زیندان پڕیبو لەو پیاوانەی جلی ژێرەوەیان لەبەردابوو، لەوانەیە زیندانی بن، یاخود پیاوانی پۆلیس، لەوانەشە ڕۆڵەکانیان گۆڕیبێتەوە و تاوەکو ئێستاش دەپرسن ئایا بە ڕاست ئەوان هەر بە فیعلی سەر بەکامیانن.

تەنانەت (ئەنجێلا ڕابیکی و ئەلبێرتی) پیاویشی نەیاندەتوانی پۆلیسەکان و دزەکان لەیەکتر جیابکەنەوە.

(ئەنجێلا) پەیامنێری ئاژانسی (ئاتا)ی ڕەسمیە، کە تاوەکو سەردەمێکی نزیکیش ئاژانسی ڕەسمی ڕژێمی ئەلبانی ستالینیبوو.

(ئەلبێرت)یش بەم دوادواییە دوای ئەوەی چاکسازی تیادا ئەنجامدرا، لە وەزارەتی دەرەوە دامەزراو بە هیوایە بینرێنە دەرەوە کە لەوانەیە وڵاتی ماڵتا بێت.

من بە سوتفە ئەو دووانەم بینی و ئامادەی هاوکاریکردنم بوون، لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بێت لەو ڕۆژانەدا کە کەسانی بیانی هێشتا لە (تیرانا) شتێکی دەگمەن بوون، یاخود لەوانەشە ئەوان تامەزرۆی ئەوە بوبن و حەزیانکردبێ چەند ساتێك لەگەڵ بیانیەکدا بەسەرببەن.

یەکەمین گرفتێك کە ڕووبەڕوومان بویەوە دۆزینەوەی کەسێك بوو کە ڕێگای چاوپێکەوتنەکەمان بدا. ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە بەشێکی زۆر کەمی لێپرسراوانی باڵا دەست بە چاوێکی ڕازیبوونەوە دەیانڕوانیە داواکارییەکی وەها.

هەربۆیە چەندین ناوی هاوڕێی نزیك و سیاسی ناسراوو پەیوەندییە خێزانییەکان و گروپەکانی ئۆپۆزسیۆنمان تاوتوێکرد.

دواتر (ئەنجێلاو ئەلبێرت) وایان پێباشبو کە هەوڵێك لەگەڵ وەزیرو دادگاکانی (تیرانا) بدەین، بۆ ئەوەی دەروازەیەکی یاسایی بدۆزینەوە بۆ چاوپێکەوتنەکە.

نووسینگەی وەزیرەکان و دادگاکان لە هەمان شەقامدا بوون، هەموشیان لەو قرمیدە سوورە دروستکرابوون کە مۆسۆلینی لەسەردەمی داگیرکردنی ئەلبانیادا حەزی لێیبوو.

دادگاکانیش پڕبوون لەو موراجیعانەی کە لەسەر قادرمەکان کۆبوبوونەوە، و لەهەموو دادگایەکیشدا ئامێرێکی نووسینی ڕەشی کۆن هەبوو.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لە کۆتایدا دادوەرەکە کە هاوڕێیەکی سەردەمی خوێندنی (ئەنجێلا)بوو ڕازیبوو. بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکم لێبکات، ئیمزاکەی لەسەر وەرەقەیەکی زەردباو کرد، دوای ئەوەی دادگاییەکی وەستان _کە کێشەی کوشتنێك بوو لەسەر زەوییەك_ دواتر دەستی کردەوە بەدادگایکردنەکەو لەکاتێکدا هەردوو خێزانی تاوانبارەکەو قوربانییەکە خەریکی گفتوگۆیەکی دۆستانە بوون، فەرمانی کرد قسەکردنەکانیان بوەستێنن و بڕۆنەوە شوێنی خۆیان.

من بەشێوەیەکی زۆر تووشی سەرسووڕمان هاتبوم، ئەمە ئەنجێلای خستە پێکەنین ووتی"ئایا تۆ نازانی خزمەتە کەسێتیەکان تاکە کاڵایە کە بەزۆریی لە ئەلبانیادا بڵاوە، تەنانەت لەخراپترین ڕۆژەکانی دیکتاتۆریەتیشدا".

لەڕێگاماندا بۆ زیندانەکە، ئەنجێلا توڕە دیاربوو. هەرچەندە هۆکارەکەی پێنەووتم، بەڵام کاتێك دەرگای زیندانەکە لەدوامانەوە داخرا، ڕوخساری سووربویەوە، ئەوکات دانی بەوەدا نا کە ئەو ئامادە نەبووە چاوی بەو (ژنە) بکەوێت. کتوپڕ فیکرەی ئەو کابوسە بە مێشکمدا هات کە کە ئاسمانی ژیانی ئەوی داگیرکردوەو بووەتە بارێکی قورس لەسەر شانیان.

"مەسەلەکە بە کورتی ئەوەیە تۆ ناتوانی خەیاڵی ئەو تۆقینە بکەیت کە ئێمەی ئەلبانی لەگەڵ هەر ناوهێنانێکی ئەودا هەستی پێدەکەین، ناتوانی تەسەوری ئەو ترسە بکەیت کە ئەو لەئێمەدا چاندویەتی.

بڕوام وایە مەسەلەکە ئەوەیە ئەو و پیاوەکەی وەك چۆن زیاتر لە پەنجا ساڵ لەدیکتاتۆرییەت باوەڕی ئەوەیان پێهێناوین، کە بەڵی هەر بە فیعلی ئەوان دوو مرۆڤی کاریگەرن.

تاوەکو ئێستا هەندێك دەڵێن ئەو ترسناکەو چاوەکانی ساردو سڕن. گومانم هەیە بتوانم ئەوەندە هێزم هەبێ کە سەیری چاوەکانی ژنەکەی ماکبێس بکەم".

قەناعەتم بە ئەنجێلا کرد کە جارێکی دیکە بیربکاتەوە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی، هەروەك چۆن وەرزشەوانێك لەسەرەتای هەموو پێشبڕکێکەوە هەڵیدەمژێ. دواتر ڕازیبوو، بەڵێ، پێویستبوو ئەو ڕوبەروی بێوەژنە ڕەشەکە ببێتەوە.

بەمجۆرە، دوای چاوپێکەوتنێکی کورت لەگەڵ بەرپرسی زیندانەکەدا، بە ڕاکردن بە قادرمەکاندا، من و ئەنجێلاو ئەلبێرت سەرکەوتین. لەسەرەوە هاوەڵەکانمان بینی، دوو سەربازبوون کە قژیان نەتاشیبوو ڕووخسارێکی لادێیان هەبوو، هەروەها جلێکی شینیان نارێکوپێکیان لەبەردابو، هەروەها دوو تفەنکی قورسی سەردەمی جەنگی دووهەمی جیهانیان بە شانەوە بوو.

ئەو کاتەی بە ڕاڕەوە قەرەباڵغەکەدا دەڕۆیشتین، سەرەی (ئەلبێرت)بوو، باڵی گرتم و لەکاتێکا سەیری چواردەورەی خۆی دەکرد پێی وتم"سەرنجی ئەوەت نەدا، لێرە زیندانییەك هەیە سەرۆکی پێشووی حزبی شیوعی بووە، ئەو تا مردن ترساندومی، پێی وتم: ئاگاداری خۆت بە، چونکە ئێمە دوای ئەوەی هاتینەوە بۆ دەسەلات، تۆڵەت لێدەکەینەوە".

هیچ وشەیەکم نەدۆزییەوە بۆ ئەوەی دڵنیایی بدەمێ.

دوای ئەوەی بە چەند قادرمەیەکی دیکەدا سەرکەوتین، لەبەردەم زینزانەیەکدا وەستاین، پاسەوانەکە ئاماژەی بە چونە ژوورەوە مانکرد، بەڵام خۆیان نەیانوێرا دەست لەو دەرگا ئاسنینە بدەن کە قوفڵنەکرابوو. لە ژوورەوە بێوەژنە ڕەشەکە دانیشتبوو.

ئێمە هەر سێکمان دوو دڵبوین، هیچ کامێکمان ناویمان نەهێنا، نە دادوەرەکە، و نە بەڕێوەبەری زیندانەکەش، تەنانەت ئەنجێلاو ژنەکەشی. هەموان لێیدەترسان، وەکچۆن هیچ پێویستیەکیش نەبوو بۆ ناوهێنانی.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لەوکاتەوەی کە بێوەژنی ڕەش و پیاوەکەی بۆ یەکەمجار بەر لە نیو سەدە هاتونەتە دەسەڵات، ناویان بەشێوەیەك لەگەڵ ناوی ئەلبانیا گرێدراوە کە مەحاڵە لێکجیاکردنەوەیان، چونکە هەموو ناوەکان لەفەلەکی ناو نیمچە پیرۆزکراوی سەرۆکی بەهێزو ژنەکەیدا دەخولێتەوە.

بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نەدەهات بتوانرێت بە ئازادی ناویان بهێنرێت، چونکە ئەو دەسەڵاتەی کە ئەو دووانە دایانمەزراندبوو گرنگیەکی زۆری بە خراپ بەکارنەهێنانی ناوەکان دابوو، هەر بۆیە ناوهێنانیان بەدەر لەکاتی بۆنە ڕەسمییەکان یاخود لەلایەن فەرمانبەرە ڕەسمیە ڕێگەپێدراوەکانەوە دژ بە یاسابوو، ئەمەش وەك ڕێوشوێنێك بۆ ئەوەی سوکایەتیان پێنەکرێت.

ئەوەی شایانی موفارەقەیە ئەوەیە کە لە سایەی دەسەڵاتی حکومەتی تازەشدا بە سەرۆکایەتی (د. سالی بیریشا) هیچ لە دۆخەکە نەگۆڕابوو، بەڵام ئەوە بە هۆیەکی پێچەوانەی تەواوەتی ئەوە. ئەویش ئەوەبوو فەوزایەکی سیاسی هەبوو، هەروەها ئابوورییەکی داڕوخاو وڵاتی گرتبویەوە، هەر بۆیە حکومەت دەترسا بەکارهێنانی ناوی ئەوانە خۆشەویستی یاخود ڕێزێکیان بۆ دروستبکا. ئیدی بەمجۆرە شتێکی باش نەبوو ناوهێنانیان، تەنانەت لە"تیرانا"ی تازەو"دیموکراسی"دا، لەوانەیە ئەوە قەدەغە کراوبێت، بەڵام بە هەموو دڵنیاییەکەوە مەترسیدار بوو.

لەکۆتایدا دەرگاکە کرایەوەو وتم"بەیانی باش خاتوو خواجە"، ئەمەش ئەنجێلای ترساند.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ئەوان دوای سێ ڕۆژ هاتن بۆ دەستگیرکردنی من. لە هۆڵە ناشیرین و کۆنەکەی هوتێل (تیرانا) چاوەڕوانی منیان دەکرد کاتێك بە هاوڕێیەتی (جۆن باتلَ)ی کارمەندی فریاگوزاری ئەمریکی لە نانخواردنی ئێوارە دەهاتینەوە.

ئەوان سیانبوون، جلێکی وەهایان لەبەردا بوو کە لە جلی پاسەوانی زیندانیەکانی دەکرد و ڕیشیشیان تاشیبوو.

کاتێك ویستم بڕۆم کلیلی ژوورەکەم بهێنم، وتیان"تەنها موراجەعەکەیە، کارەکە زۆر نابات، تەنها ئیجرائاتێکی ڕوکەشە". سەربازەکان ئەمەیان بە زمانێکی ئیتالی وت کە لەتەلەفزیۆنەوە فێری بوو بوون.

ئەلبێر، ئەو دەرگاوانەی هەفتەیەك بوو دەیناسیم و گوێی لە تەلەفۆنەکانم دەگرت، گوێم لە تەلەفۆنێکی بوو دەیوت"نەخێر، لێرە نییە، لێرە نییە"، پێشبینمدەکرد _لەوەشدا هەڵەنەبوم_ کە لەگەڵ (بیا)ی ژنمدا قسەبکات کە لەئیتالیاوە بەپێی ئەو وادەیەی هەردوکمان لەسەری ڕێککەوتبوین دەبوو تەلەفۆنی بکردایە.

من نەمدەتوانی هیچ شتێك بکەم. دەنگی دەلەرزی کاتێك بە سوکییەك دەیوت سنیۆرا، پۆلیس لێرەیە. . . پۆلیس. . . ئاسایش"واتە پۆلیسی نهێنی بەدناو".

روخساری لە بەردەمی ئاوێنەکانی ئاهەنگی پێشووازیکردن سوورهەڵگەڕا. ئەمە یەکەم ئەزمونی بوو لەگەڵ ئەو پۆلیسانەی کە چەند ڕۆژێکی کەمبوو لە واشنتۆنە نێردرابوون بۆ ئەم وڵاتە"ئەویش بۆ هاوکاریکردنی ئەو دیموکراسیەی کە تازە گەشەی دەکرد".

چەند ڕۆژێك بەر لەئێستابوو چاومان بە یەك کەوت و بڕیارماندا ئێوارە یەکتری ببینینەوە بۆ ئەوەی دەربارەی جدیەتی ئیتالییەکان بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەین.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

هەربۆیە بەخێرایی بیرمکردوەو پێم وت"جۆن، بەیارمەتیت ڕاکە بۆ باڵوێزخانەی ئیتالیاو پێیان بڵێ من دەستگیرکراوم".

زەردەخەنەیەکی کردو زۆر بەخێرایی بە شۆرتە ئەمریکییە کورتەکەیەوە ڕایکرد، و منی بە تەنها لەگەڵ پۆلیسەکاندا بەجێهێشت.

ئەو کات تاریك داهاتبوو. لە دەرەوەی هوتێلەکە و لە گۆڕەپانی (سکاندەر برگ) کە گۆڕەپانێکی چوار گۆشەیەو ڕەنگی سپی کراوە، هەروەها چەندین پەیکەری ساڵانی پەنجاکان و چەندین پۆستەری گەشتیاری بۆ ناوخۆی وڵات تیادایە کە کەس هیچیان لەبارەوە نازانێت و تەنها بە ناو هەن. لەوێ، ئۆتۆمبیلێکی جۆری فیات چاوەڕێی دەکردین.

کاتێك گۆڕەپانەکەمان جێهێشت، خەڵکی تیرانا وەك خوی هەمیشەییان تازە لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە بۆ پیاسەی ئێوارانیان.

پیاوەکان جگەرەی پارتیزانیان لەو پاکەتانە دەخوارد کە وێنەی ئەستێرەی شیوعی پێوە بوو، وەکچۆن عادەتی ئەم وڵاتەی کە ڕۆژێك لەڕۆژان موقاتەعەیەکی ئیمپراتۆرییەتی گەورەی عوسمانی بووە وایە، بەشێك لەپیاوەکان دەستیان دەخستە ناو دەستی یەك و تەوقەیان دەکرد.

دوای چەند مانگێك (جۆن) بۆی گێڕامەوە کە دوای ئەوەی جێیهێشتوم، چی ڕوویداوە.

کاتێك ڕۆیشتوە بینیویەتی دەرگای باڵوێزخانەکە بەشەو داخراوە، ڕۆیشتوە بۆ ماڵی باڵوێز کە چەند بینایەك لەولاتر بووە.

باڵوێز لە خوانێکی ڕەسمیدا بووە کە میوانەکان تیایدا جلی ڕەسمیان لەبەردابوە نەوەك شۆرتی کورت. بەمجۆرە (جۆن) نامەکە دەداتە باڵوێزەکەو ئەویش سوپاسی دەکات و دەیبات بۆ چێشتخانەکە بۆ ئەوەی ساردەمەنی بخوات. بەڵام ئەمە بە دڵی جۆن نەبوو،

## قسه لەگەڵ شەیتان

ئەو چاوەڕێی ئەوە بوو باڵوێز بانگی بکا بۆ خوانەکە، بەڵام دواتر سوپاسی شانسی خۆی کرد چونکە ڕاستەوخۆ کەوتە داوی جوانی کچی باڵوێزەوە کە لە خوانەکە هەڵهاتبوو لە چێشتخانەکەدا خۆی حەشاردابوو.

ئەو دووانە ڕۆژی دواتریان پێکەوە لەدەستەی ئەوبەری یەکێك لە کەنارەکانی دەریای ئەدریاتیکیدا بەسەر برد.

ئەو کاتەی کە (جۆن) لە چێشتخانەکەی باڵوێزدا لە کەشی خۆیدا بوو، من لە زیندانی ژمارە یەکی پۆلیسدا بووم، پاسپۆرتەکەیان لێسەندبووم.

زیندانەکە تاریکبوو، بەڵام دەمتوانی ئەوە ببینم کە یەکێك ئاسەواری لەسەر دیوارەکان بەجێهێشتوە.

ئەو گەنجەی کە جلێکی سەربازی لەبەردابوو پلە سەربازییەکەی لێداماڵرابوو لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا دانیشتبوو پرسیاری کرد" دەبێ چیم کردبێ وا فڕێدراومەتە ئەم زیندانەوە". هەستم کرد لە ئەکتەرێکی یەکێك لە فلیمە پلە دووەکان دەچم، وەڵامم دایەوە"نازانم، بێگومان هەڵەیەك لێرەدا هەیە، من بێتاوانم، ئەی تۆ، چیت کردووە؟".

روخساری سوور هەڵگەرابوو هەروەك منداڵێکی گریاو کە بیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵ خۆیان، لە یەکێك لە کێڵگەکانی باکوور، بە دوور لەو جیهانەی کە نەلێی تێدەگات و نە ئەویش لەو دەگات.

مێژوی ژیانی، کورت کراوەی هەڵچونە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی بوو، دژ یەکیەکانی حکومەتێکی بەناو دیموکراسی، کەچی هێشتا بە ڕەفتارەکانی دیکتاتۆری بوو.

"ئێمەی سەربازیان برد بۆ گۆڕەپانێکی سەرەکی کە بڕیاربوو تیایدا خۆپیشاندانێك سازبکرێت. پێیانوتین تفەنگەکانمان ڕوبکەینە خۆپیشاندەران، فەرمانەکەم جێبەجێکرد،

یەکێکیان کوژرا. کەچی بەتۆمەتی کوشتن دەستگیریانکردم و پێیان وتم ئەوان هەرگیز فەرمانێکی وەهایان دەرنەکردووە".

دەستم خستە سەرشانی و درۆیەکم لەگەڵیدا کرد. "کەواتە تۆش بێتاوانی، نیگەران مەبە، هەموو شتێك باشدەبێ".

بەرلە سێ ڕۆژ، لە ژوورەکەی خۆی لەزینداندا کە خراوەتە ژێر چاودێرییەکی توندەوە، (نیکسمی خواجە)ش هەمان قسەی دوبارە کردەوە. "من بێتاوانم، ئەوان هەڵەن. من تەنها بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆمم دەویست".

سەرکردەکانی ڕژێمی پێشوو هەموویان لەو بەشەی زیندانەکەدا بوون. ئەوان هەموویان بەشداری جەنگی جیهانی دووەمیان کردووە، ئەوان نەوەیەك بوون لە سەروی یاسا، و بە شێوەیەکی هیستیریانە هەموو دیوارەکانی وڵاتیان بە دروشمی"نەمری و سەربەرزی بۆ حزبی شیوعی ئەلبانی"، و"سوپاس بۆ تۆ ئەی ئەنوەر. . . بژی ئەنوەر"، و"گەلی ئەلبانی خۆی نافرۆشێت لە بەرامبەر ڕۆبڵ و دۆلاردا، بەڵکو باوەڕێکی قوڵی بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییە پرۆلیتارییەکان هەیە" پڕکردبوویەوە.

لەکاتێکدا ئەوروپای ڕۆژهەڵات خەریکی لە ناوبردنی پەیکەرەکانی لینین بوو، ئەمان خەریکی پەرستنی ستالین بوون تاوەکو کۆتایی هەشتاکان، و سەرقاڵی دانانی پەیکەربوون بۆی.

دواین جار کە ئەو تاقمە توندڕەوەم بینیبێ لە دەسەڵاتدا کە ئێستا لەگەڵ (نیکسمی خواجە)دا لە هەمان بەشی زیندانیەکەدا زیندانین، لە کاتی ئاهەنگی ڕۆژی کرێکارانی ساڵی ١٩٨٩ دا بوو، دواین ئاهەنگی کرێکاری ستالینیانە لە ئەوروپا.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لەو ڕۆژەدا ئەوان (دوای گەشتێکی کورت لەو تاکە پایتەختەی جیهان کە تیایدا ڕێگا نەدەدرا خەڵکانی ئاسایی ئۆتۆمبیلیان هەبێت و هێماکانی هاتوچۆی تیادا بوونی هەبێت) بە کەژاوەی ئۆتۆمبیلە ڤاڵڤۆ ڕەشە پەردە دادراوەکانەوە گەشتن.

ئەوان لەهەفتاکانی تەمەنی خۆیاندا بوون، نیشانەیەکی سووریان بەستبوو بە چاکەتەکانیانەوە، و نیگا گوماناوییەکانی خۆیان لەپشتی چاویلکەکانەوە دەشاردەوە، لێوەکانیش بەو گۆرانیانەی کە باسیان لەشانازی و سەرکەوتنەکانی ئەلبانیەکان دەکرد لە جەنگی دووەمی جیهانیدا دژ بە ئەڵمانیە نازییەکان و ئیتالییە فاشیەکان دەجوڵاندەوە، شیعری سرودەکانیش لەلایەن ئەنوەرو نیکسمی خواجەوە نووسرابوون.

(نۆمنکلاتۆرا) نزیکەی ٥٠ ساڵ بە وەفاداری بۆ (ئەنوەر)و (نیکسمی) خواجە مایەوە.

کاتێکیش ئەنوەر ئەلبانیای لەناو ئابوورییەکی ئۆتۆکراتی توندا نوقمکردو بەپێی نەسیحەتی (نیکسمی) پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ مۆسکۆ لەساڵی ١٩٦١ و هەروەها لەگەڵ پەکین لەساڵی ١٩٧٨دا پچڕاند، هەردوو وڵاتیشی بەوە تۆمەتبار کرد کە ئەوان بەپێی پێویست پابەندی بەهاکانی مارکسیەت نین.

هەرچەندە (ئەنوەر)و (نیکسمی) مادەی ٢٨ی یاسایان هەموارکردەوەو هەموو پەیوەندییەکی ئەلبانیایان لەگەڵ وڵاتانی (ئیمپریالی و تەحریفیدا) قەدەغەکرد، و بەمەش ئەلبانیایان خستە دابڕانێکی سیاسی تەواوەتییەوە، کەچی هێشتا پاسەوانانی کۆن هەر بەوەفاداری بۆی ماونەتەوە.

ئەنوەر لە ساڵانی هەفتاکاندا نەخۆش کەوت، هەر بۆیە دەبوو جێگرەوەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی لە ئاهەنگە ڕەسمیە دوورودرێژەکاندا ئامادەیی هەبێت. ئەم جێگرەوەش جگە لە(پیتەر شابالو)ی پزیشکی ددان کەسی دیکە نەبوو، ئەم پزیشکە حکومەت بەمانای وشە ڕفاندی و لەخێزانەکەی دوورخستەوە.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

(شابالو) لەگەڵ خێزانەکەی خواجەدا ژیانی بەسەربرد.

(نیکسمی) لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و فشاری بۆ سەپاندنی چەند شتێك بەکارهێنا کە نەزعەیەکی ئەخلاقییان هەبوو.

ئەو بڕیاریدا (یان وەك وا دەڵێن ئەوبووە) پیاوانی گومرگ ڕیش و سمێڵی ئەو تاکە تاکە بیانیانە بتاشن کە ڕێگایان پێدەدرا بێنە وڵاتەوە.

لەگەرمەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتداو لەیەکێك لەهەرە قۆناغە توندوتیژو خۆپەرستانەکەیدا، جارێکی دیکە بە هەزاران شەقام و گۆڕەپانی شارەکان بە ناوی (٨ی تشرینی دووهەمەوە) ناونران ئەویش وەك ئاماژەیەك بۆ ڕۆژی دامەزراندنی حزبی شیوعی ئەلبانی.

لەساڵی ١٩٦٧یشدا لە ئەلبانیا ئاین قەدەغەکراو لە سەرئەو وڵاتە لەسەر ئاستە ڕەسمییەکەیدا بوو بە تاکە میللەتی بێ باوەڕو هەموو کەنیسەو مزگەوتەکان ڕوخێنران.

بەڵام جۆرێکی دیکە لە ئاین خەریبکوو سەری هەڵدەدا، پەرستگای تایبەت بە ئاینی ڕاستەقینەی خواجە: ئەویش ڕۆحی نیشتیمانی ئەلبانی توندڕەو.

هاوڕێ (ئەنوەر) یەکەم کەسبو کە بیری لە دروستکردنی ژوورێکی چیمەنتۆی لەسەر شێوازی تانك کردەوە، بە پێچەوانەی تانکە ڕاستەقینەکان، تانکەکانی ئەنوەر نەیاندەتوانی بجولێن، بەڵام کولفەی دروستکردنەکانی زۆر کەمتر بوو هەر بۆیە ژمارەکانیان زۆر زۆربوو: ٧٠٠٠٠٠، هەر چوار هاوڵاتیەك یەك دانەیان بەردەکەوت. ئەم ژوورانە هەرەمی بچوکبوون و زیاتر لە ئامانجێکیان هەبوو، هەروەك حاڵی هەرەمەکانی خۆفۆی گەورە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

دروستکردنی ئەم هەرەمانە هەموو تواناو داهاتەکانی نەتەوەی تیادا بەفیڕۆدرا، ئەنوەر ئاماژەشی بەوەدەکرد کە وڵاتی"نەوەی هەڵۆکان" بە دوژمنگەلێك دەورە دراون کە دەیانەوێ داگیرییبکەن.

(ئەنوەر) بەرلەمردنی لەساڵی ١٩٨٥ (هەمان ئەو ساڵەی کە لە سۆڤیەت گەنجێکی تەکنۆکراتی بوبە ئەمینداری گشتی حزبی شیوعی سۆڤیەتی، هەروەها لیتش ڤالیسیای فەرمانبەری کارەباش پۆڵەندای شیوعی لە بنەوە هەڵتەکاندبوو) رایگەیاند: ئەلبانیەکان ئامادەن لە ژوورەکانی خۆیاندا (گەڵای دار بخۆن) نەوەك خۆیان تەسلیم بکەن یاخود سازش بکەن.

بەمجۆرە ئەنوەرو نیکسمی خواجەو نۆمنکلاتۆرا بێ تاوان بوون، چونکە"ئەوان تەنها بەرژەوەندی وڵاتیان دەویست".

کاتێك ڕۆیشتینە ژوورەکەیەوە، بێوەژنەکە لەتەنیشت جێگاکەیدا هەروەك سەربازێك ئامادەبێ بۆ پشکنین، ئامادەبوو.

ئەو بە تەمەنترین زیندانی بوو لە ئەوروپا، تەمەنی ٧٣ ساڵبوو، جلێکی لەبەردابوو هەروەك جلەکانی بەڕێوەبەری کۆلیژی کچان: تەنورەیەکی شینی تۆخ کە تا سەر ئەژنۆکانی دەهات، هەروەها بلوزێکی شینی تۆخ کە بازنەی سپی تیادابوو، لەگەڵ پێڵاوێکی تەنکدا.

قژی بە توندی و بە پڕی لەکۆتایی ملیدا بەستبوو، ئەم جۆرە بەستنەی قژیش تاکە جۆری ڕێگە پێدراوی قژ بەستنبوو لە ئەلبانیای ستالینیدا بە درێژایی ٥٠ ساڵ. ئەو بۆیە بەوجۆرە قژی دەبەست بۆ ئەوەی ئەوە بە دەربخات کە هێشتا سەرۆکی گەورەو ژنەکەشی گوێ بە ژیانی خۆش نادەن و هێشتا شۆڕشگێڕن.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ئەنجێلا، کە ترسێکی زۆر دایگرتبوو، بەچاوێکی ئەبڵەقەوە نەیتوانی سڵاوێکی ڕێزدارانە نەکات، بەڵام نیکسمی خواجە ئەزیەتی خۆی نەداو وەڵامی نەدایەوە.

ساتێکی شەرمەزارهێنەربوو. بەهۆی ئەوەی کە ژوورەکە کورسی تیادا نەبوو پێشنیارم کرد لەسەر زەوییەکە دابنیشێ، کەچی ئەو ڕەتیکردەوە، چونکە ئەو پێشنیارە لە ئاستی ئەودا نەبوو.

وەڵامی پرسیارەکانیشمی وەك مامۆستایەکی خانەنشین بە ئیتالییەك وەڵامدایەوە کە لە مێژبوو بەکارنەدەهات، دەربڕینەکانیشی بە شێوەیەکی وردو کورت دەردەبڕی. هەوڵمدا کە ئیستفزازی بکەم، بەڵام ئەو هەر خۆی ڕادەگرت.

هەستی چۆنە دوای ئەوەی هەموو شتێکی لەدەستداوە، ئەوێك کە جارێك لەجاران هەموو شتێکی هەبووە، ئەوێك بەنیسیبەت نەتەوەیەکەوە هەموو شتێك بووە؟.

"من ژنێکی بەهێزم، ئەو کاتەی کە هاوپشتی بووم، من و ئەنوەر لەناو بەفرا دەخەوتین، بەچەندین دۆخی سەختدا تێپەڕبوین ئەو کاتەی کە دژی نازییەکان و فاشییەکان دەجەنگاین. بەڵام لەکۆتایدا ئەوە وڵاتەکەمان بوو کە خۆی خۆی ئازادکرد، بێ هیچ هاوکارییەکی ئەمریکییەکان، بە پێچەوانەی ئێوەی ئیتالی و ئەوروپییەکانەوە.

من هێشتا جەنگاوەرم. ئەوەش هەڵبەزو دابەزییەکانی ژیانی سیاسییە، ئایا تۆ هاوڕام نیت لەوەدا؟".

بە دوو چاوی پڕ لەگاڵتەجارییەوە سەیرێکی کردم.

پرسیارم لێکرد، ئایا ئەو دەیەوێت بە یەکسانی سەیری داگیرکردنی ئەلبانیا لەلایەن نازییەکانەوە بکات لەگەڵ یەکەمین هەوڵێك کە لەمێژووی درێژی وڵاتدا دەدرێت بۆ دروستکردنی ڕژێمێك لەسەر بنەمای فرەیی حزبی؟ .

بێوەژنەکە هەڵنەچوو. "بەپێچەوانەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو دووانەدا. تەنها ئەوە وەبیرخۆت بێنەوە ئەو ناپاکانەی کە ئێمە شکستمان پێهێنان لەدوای جەنگ هەڵهاتن بۆ ئەمریکا. ئەوەتا ئێستا ئەمڕۆ دێنەوە بۆ ئەلبانیا بۆ ئەوەی خەیاڵەکەیان بەدیبهێنن و وڵاتێکی کۆیلەی سەرمایەداری دروستبکەن.

ئەوان هەر ئەو کەسانەن کە من و ئەنوەر لەشاخەکان لەساڵی ١٩٤٤ تێکمانشکاندن، ئەو ناپاکانەی کە چونە ڕیزی هیتلەرو مۆسۆلینی، ئەوانەی دەیانویست لەدوای جەنگی جیهانی دووەم بە هاوکاری ئەو مورتەزەقانەی کە حکومەتی بەریتانی پشتگیریاندەکردن ئەلبانیا داگیربکەن. ئەوان هەمان ئەو کەسانەن کە من و ئەنوەر بە درێژایی ژیانمان لەدژیان جەنگاوین".

نیکسمی وەها قسەی دەکرد وەك ئەوەی ئەنوەر هێشتا لەژیاندا مابێت، هەروەها وەك ئەوەی شیوعیەت هێشتا زیندووبێت.

"هەرچەندە من میسالیشبم، ئێستا پیرو ماندوم، بەڵام زیندان هیچی لەبیرکردنەوەکانم نەگۆڕییەوە. من و ئەنوەر هەروەك دوو مارکسی ڕاستەقینە دەمێنینەوە. ئێمە باوەڕمان بە مارکسیەت هەیە، و هەر باوەڕیشمان پێیدەمێنیٚ".

لە قسەکردن وەستا، لەکاتێکیشدا لەپەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد وەك ئەوەی لەتوانایدا بێت سەیری نووسینگەکەی (سالی بیریشا) بکات کە خەڵك ڕقیان لێیدەبویەوە، و پێشتر پزیشکی خێزانی خواجە بوو، بێوەژنەکە بە بێزارییەکەوە وتی"ئەو خەڵکە تەنها باوەڕیان بە دۆلار هەیە".

ڕاستەوخۆ دوای بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکان، (بیریشا) نزیکەی ١٢ کەسی لە سەرکردەکانی ڕژێمی لەناوچوو بە گەندەڵی تۆمەتبارکردو خستنیە زیندانەوە.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

گومان لەبێوەژنەکەی خواجە دەکرا کە پارەی لەبانکەکانی سویسراو ڤێلای لە ئیتالیاو سەروەتی دیکەی لە باشوری ئەفریقا هەبێت.

ئەنجامی تۆمەتەکانیش یانزە ساڵ زیندانیکردنی لێکەوتەوە ئەویش بەهۆی ئیختیلاسکردنی بڕی ٣٠٠ دۆلار بۆ تۆمەتەکانی تریش لەتوانادا نەبوو بسەلمێنرێ.

بێوەژنەکە هەموو تۆمەتەکانی ڕەتکردەوە بە تۆمەتی ئیختیلاسکردنیشەوە.

"یەك (لیکا)مان سەرفنەکردوە. ئەو پارەی حکومەت پێیدەداین من و ئەنوەر لە میوانداریيە ڕەسمیەکاندا سەرفماندەکرد". ئەم قسانەی بەشێوەیەك دەکرد وەك ئەوەی دەوڵەت و خێزانی خواجە دوو شتی لەیەکجیاوازبن.

"بەڵێ (بەچێژەوە ئەمەی دووبارە کردەوە) میوانداری ڕەسمی. . . کەسایەتیە بیانییە بەرزەکان لەماڵی ئێمە دادەبەزین. ئێمە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانمان لەسەر حسابی خۆمان پەرەپێدەدا.

بێ گومان من و ئەنوەر لە زۆرینەی خەڵکی ژیانمان باشتربو، بەڵام ئێمە وەکو بەندەیەك ئیشمان بۆ ئەوەکردوە کە ئەم وڵاتە لە هیچەوە بنیات بنێین. ئێمە گەنجێتیمان کردۆتە قوربانی، بەهەموو شێوەیەك، بۆ ئەوەی ئەلبانیایەکی ئیشتیراکی بنیات بنێین.

پێش ئێمە کەس خوێندنگاو نەخۆشخانەو کارگەی دروستنەکردووە. ئەو وڵاتەی ئێمە وەرمانگرت تازە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەهاتە دەرەوە، لە دەربەگایەتیەوە، ئێمە وامانلێکرد خۆی خۆی بژێنێت".

(ئەنجێلا) کە هەوڵی دەدا هەندێك واقیعیانە بێت و سۆزەکانی خۆی بشارێتەوە دەربارەی دۆخی یاسایی پرسیاری لێکرد.

خاتوو ماکبێس وەڵامی دایەوە"من زیندانیەکی سیاسیم، ئەم حکومەتە بەدرێژایی ٢١ مانگ منی لە ئازادییەکانم دابڕیوە ئەویش بەهۆی تۆمەتی پوچەوە.

ئەمە دووەم هاوینی گەرمە لەم زیندانیە تاکە کەسیەدا بەسەریدەبەم. تەنانەت لەم چوار هەفتەیەی دوایدا نەیانهێشتوە هیچ پەیوەندییەك بە سێ منداڵەکەمەوە بکەم".

بۆ یەکەمجار بەدرێژایی چاوپێکەوتنەکە، بێوەژنەکە ڕاستەوخۆ سەیری چاوەکانی ئەنجێلای کرد، وەك ئەوەی ئەنجێلا نوێنەری ڕەسمی ڕژێمی تازە بێت.

"ئێوە وا ئیدعا دەکەن کە باوەڕتان بە دیموکراسی هەیە، بەڵام لە حەقیقەتدا ئێوە دوژمنی شۆڕشگێڕانن. هەروەك دیکتاتۆرەکان ڕەفتار دەکەن، پێویستە شەرمەزاربن. دەربارەی ئەوە بنووسە، شێوازی ئەو ڕەفتارەی کە سیاسییەکانی ئەم دیموکراتیە مامەڵەم لەگەڵدا دەکەن".

ئەم وشەی دواییانی بە قێزکردنەوە وت، وەك ئەوەی کەسێك حەپێکی ناخۆش قوتبدات. دەستەکانی خستبویە ناو قەدی، و چاوەکانیشی هێشتا بە نیگا توندە کاریگەرەکان دەیڕوانی، ئەوەی کە ئەنجێلا زۆر بە قوڵی لێیدەترسا.

ئایا هەستی بە پەشیمانی دەکرد کاتێك فەرمانی ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدانی نەیارەکانی دەکرد؟.

روخساری تێکچوو. "نەخێر". دواتر دووبارەی کردەوە،"نەخێر، پێویستبوو دەوڵەت خۆی لەو کەسانە بپارێزی کە نەخشەیان لەدژی دادەنا. بێگومان هەندێك زیادەڕۆیی کراوە". دواتر بە بێ موبالاتی شانەکانی هەڵتەکاند، وەك ئەوەی بیەوێ بڵێت"ئەوانە شتی پڕوپوچن و شایانی وەبیرهێنانەوە نین".

ئەو ئەوەی باسنەکرد کە ئایا ئەو زیادەڕەوییانە ئەو تاوانانەش دەگرێتەوە کە دەسەڵاتەکەی ئەو دایهێنابوو، ئەوانیش"تێکدان، ناپاکی، پڕوپاگەندە"بوون.

ئەو تاوانانە بە شێوەیەکی وەها پێناسەکرابوون کە لەوانەبوو بەسەر هەر ڕەفتارێکدا بسەپێت کە خۆی و ئەنوەر ڕازی نەبن لەسەری.

بەڵام پۆلیسی نهێنی هیچ کاتێك ناچارنەبوو کە ڕاوی تاوانباران بکات ئەو کاتەی ئەنوەرو نیکسمی خواجە لە لوتکەی دەسەڵاتدابوون، چونکە تاوانباران خۆیان خۆیانیان ڕاودەکرد.

لەهەموو ساڵێکدا، پێویستبوو لەسەر هەموو هاوڵاتیەك کە ڕاپۆرتێك لەسەر ژیانی خۆی، و ناوی دراوسێکان، و کەسە نزیکەکانی خۆی، و ئەو کەسانەی کە تاوانباربوون بە تاوانی"تێکدان، و ناپاکی، و پڕوپاگەندە" بنوسێت.

ڕێگە بەوانەش درابوو کە کەسیان تۆمەتبارنەدەکرد، خۆیان تۆمەتباربکەن. هەربۆیە شتێکی ئاسایی بوو کە هەموو جارێك خەڵکانێك لە سەربازگەکانی کاری قورسدا بۆ چەند ساڵێك دیارنەمێنن، هەروەك ئاسایشبوو ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان ببنەوە.

ئەو باسی ئەوەی نەکرد کەچۆن داواکردنی دەرکردنی پەساپۆرت، یاخود خوێندنەوەی ڕۆمانی (دکتۆر زیفاگۆ)ی (بۆریس باسترناك) و ڕۆمانی (١٩٨٤)ی (جۆرج ئۆرۆیل) قەدەغە بووە، لەکاتێکدا تاکە کتێبێك کە لە خوێندنگاکاندا ڕێگەپێدراوبوو بخوێندرێ، ئەو کتێبانە بوو کە ئەنوەر نووسیبوونی، و وەرگێڕدرابوون بۆ چەندین زمانی بیانی و لە کتێبخانە گەورەکانی دەوڵەتدا دەفرۆشران.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

هەروەها باسیشی لەو هەواڵانەنەکرد کە دەربارەی دۆزینەوە زانستی و ئابوورییەکانی ئەلبانیا"نەتەوەی نەموزەجی و شوێن ئیرەیی جیهان"لە ڕادیۆی تیرانا بڵاودەکرانەوە، شتی پڕوپوچبوون و شایانی باسکردن نەبوون!.

"لەوانەیە قەدەغەکردنی ئاین کارێکی زیادەڕۆیی بێت". دواجار بێوەژنەکە دانی پێدانا. "ئەنوەر نەیدەویست کەنیسەو مزگەوتەکان بڕوخێنێت. ئەوە ئارەزووی هاوپەیمانە چینییەکانمان بوو، هەر ئەوانیش بوون بە تەنها کە هاوکاری مادی و سەربازییان دەکردین، هەروەك ئارەزووی ئەندامە گەنجەکانی حزبیش بوو کە فەرزیان کرد لەسەری.

من و ئەنوەر تەنها ئەوەمان دەویست کە موسڵمان و مەسیحی و ئەرسۆزۆکس و کاسۆلیکەکان بە ئاشتی لەگەڵ یەکتریدا بژین. لەوەشدا لەسەر حەقبوین. دەمانویست هەموان هەست بەوەبکەن کە ئەلبانین و هیچی تر.

سەیرکە ئێستا بەهۆی ململانێ ئاینی و مەزهەبیەکانەوە چی لە بەڵقاندا ڕوودەدات. مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ کە ئێمە لەسەر حەقبوین.

پڕوپاگەندەکانی سەرمایەداری ئێمەیان وەها وەسفدەکرد کە دواکەوتوین. بەپێچەوانەوە، ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە تێڕوانینەکانی ئێمە تێڕوانینی تازە بوون".

دایکە (تێریزا)ی کالکۆتام بیرخستەوە، ئەو ڕاهیبە ڕۆمانیە کاسۆلیکیەی ئەلبانیەی کە چەندین سەردانی بۆ لای ئەنوەرو نیکسمی خواجە ئەنجامدا کە بوونە جێگای مشتومڕ، هەروەها دایکە تێریزا میوانێکی بەردەوامی ڕژێمە ناوبانگ خراپەکەی (دۆڤالییە)بوو لە هایتی.

لەهەردوو حاڵەتەکەشدا، ڕاهیبەکە هیچی دیکەی پێنەبوو جگە لە زەردەخەنە دەستکردەکانی بۆ خاوەن خوێکان، و ڕەتکردنەوەی هەر قسەکردنێکی خراپیش لەسەر ڕژێمە سەرکوتکارەکەیان.

رژێمەکەی خواجە ڕژێمێکی ستالینی بوو، لەکاتێکدا ڕژێمەکەی دوڤالییە ڕژێمێکی سەرمایەداری و فاسد بوو.

بێوەژنەکە وتی"دایکە تێریزا نیشتیمانپەروەرێکی ڕاستەقینە، و ئەلبانیەکی گەورەبوو. ئەو بۆ جیهانی دەرخست کە چۆن هاوکاری هەزاران دەکات و چۆن چۆنیش ژیانی خۆی بۆ بێ نەوایان تەرخاندەکات بێ ئەوەی دەست لە کاروبارە سیاسییەکان وەربدات، تەواو وەك ئەوەی هەر ڕابەرێکی ئاینی پێویستە ئەنجامی بدات.

لەبری ئەوەی ئەمە ئەنجامبدەن، هەندێك لە ڕابەرە ئاینیەکان یاری بە بژاردەکانی خەڵکی دەکەن. ئەیانەوێت ڕۆڵی سیاسی بگێڕن. ئەمە ڕێك لە ئەلبانیا ڕوویدەدا بەر لە ڕاگەیاندنی بێ باوەڕی، وەك بۆیان گێڕاومەتەوە لەئێستاشدا هەمان شت ڕوودەدات، بەبوونی ئەو هەموو ڕێکخراوە ئیسلامییانەی کە نووسینگە بازرگانییەکانی خۆیان لە ئەلبانیا دەکەنەوەو هیچ کەسێکیش توانای نییە بەدوای چالاکیە ڕاستەقینەکانیاندا بگەڕێت".

بێوەژنەکە وەستاو ڕاستەوخۆ سەیرێکی ناوچاوانمی کرد،"من باوەڕم بەخودا نییە، من مارکسیم. باوەڕم بە مرۆڤ و بە گەل هەیە. بەڵام ئێمە دایکە تێریزامان خۆشدەویست، وەك دەزانیت، ئەو هەستی بەوەدەکرد لەنیشتیمانی خۆیایەتی. ئەو بەعەقڵێکی کراوە هات و ستایشی دەستکەوتەکانی کردین".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

شەو بەسەر زیندانەکەی مەخفەری پۆلیسی ژمارە یەکدا هات. لەژوورەکەی خۆم بانگیانکردم و برامە بەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوەو دەستکرا بە لێکۆڵینەوەم.

لێکۆڵینەوەکە لەسەر شێوازی ستالینی بوو کە ئەویش بەوجۆرەی یەك پرسیار دەجار یاخود بیست جار لێتدەکرێ بەهیوای ئەوەی لەیەکێك لەوەڵامەکاندا دژەیەکیەك بدەی بەدەستەوە.

"ئێمە ئەو ڕۆژەی تۆ ڕۆیشتی بۆ یەکێك لە گوندەکانی شاری (فیر) چاودێریمان دەکردی. ئەمانەوێت لیستی ناوو ناونیشانی ئەو کەسانەمان بدەیتێ کە قسەت لەگەڵدا کردون. . . ئێمە دەزانین تۆ ڕۆژنامەنووس نیت، بەڵکو سیخوڕێکی و پەیوەندیت لەگەڵ دوژمنەکانی وڵاتدا هەیە. بۆ بەرژەوەندی کێ کار دەکەیت؟".

لەسەرەتادا ئەفسەرێکی نەرم لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکردم، دواتر ئەفسەرێکی ڕەق، لەکۆتایشدا ئەفسەرێکی نەرمی دیکە.

یەکێکیان سەرنجی خاچەکەمی دا کە لەملمدا بەستبوم. پرسی،"تۆ مەسیحیت؟"،

"بەڵێ".

سەیرێکی یەکتریان کردو وتیان"ئێمە هەمومان موسڵمانین".

دەوروبەری کاتژمێر ٣ی بەیانی بوو بڕیارمدا بەهێز شتیان بەسەردا بسەپێنم و وتم"من هاوڵاتیەکی بیانیم و ئەو مافەم هەیە کە پەیوەندی بە باڵوێزخانەی وڵاتەکەمەوە بکەم. ئێوە هیچ بەڵگەیەکتان نییە کە هیچ تۆمەتێك لەسەر من ساغبکاتەوە. ئێستاش دەڕۆم".

هەستام و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشتم. دوان لەسەربازەکان ویستیان ڕامبگرن، لەدەستیان هەڵهاتم. بەڵام لەکۆتایی ڕاڕەوەکەدا سەربازی سێهەم دەمانچەکەی دەرهێناو ڕووی تێکردم،

هەر بۆیە گەڕامەوە سەر کورسیەکەو لەبەرامبەر ئەو ئەفسەرەی کە وەك سزایەك بۆم ئیفادەکەی دڕاندم، دانرام.

"با جارێکی دیکە لەسەرەتاوە دەستپێبکەین. ناوت چیە، ناونیشانت کوێیە،و بۆ بەرژەوەندی کێش بە فیعلی کاردەکەیت؟".

دوای تێپەڕینی کاتژمێرێك، لەدەوروبەری کاتژمێر ٤ی بەیانیدا لێکۆڵینەوەکانیان هەڵپەسارد. ئەویش بەهۆی ئەوەی ناردیان بەدوای کەسێکدا بۆ ئەوەی قسەم لەگەڵدا بکات بە ئیتالی چونکە خۆیان هەستیان بەوەکردبوو ئیتالییەکەیان زۆر باش نییە.

کەسەکە پیاوێکی جەستە بچوکبوو، تەمەن نزیکەی پەنجا ساڵێك دەبوو، دەموچاوێکی ژاکاو و چاوانێکی شینی خەمگینی هەبوو.

تەوقەی لەگەڵدا کردم و خۆی بە"ڕۆدۆلفۆ کارکۆ"ناساند و وتی ئیتالییە، بەڵام لە ئەلبانیا لەدایکبوەو گەورەشبوە.

پێی وتم"ئایا گرنگی بە چیرۆکەکەم دەدەیت".

"بەدڵنیاییەوە"، سەیرێکی پاسەوانەکانم کردو وتم"بەڵام ئەوان ڕازینابن. . . ".

"نیگەران مەبە، ئەوان تا ئەو کاتەی پرسیاریان نەبێت نامانوەستێنن".

بەمجۆرە ڕۆدۆلفۆ وەك ئیتالییەکی سەرگەردان کەوتە گێڕانەوەی ژیانی خۆی.

"ئەو کاتەی جەنگ تەواوبو، دایکە گوناهەکەم، کارۆلینا، کە تاوەکو ئێستاش لە ژیاندایەو لە ماڵەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی منە، بڕیاریدا بمێنێتەوە، بە دڵنیاییەوە، هەرگیز خەیاڵی ئەوەمان نەدەکرد کە ڕوودەدات".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ڕۆدۆڵفۆ سەیرێکی چواردەوری خۆی کرد. "دایکە داماوەکەم لەبنەچەی یەکێك لە کۆنترین خێزانەکانی شاری پۆلۆنیایە. خێزانی کۆماتچی. ئەو پیاوێکی ئەلبانی خۆشویست و سەرەڕای ناڕازیبوونی خێزانەکەی کەچی شوییپێکرد. باوکی سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی فاشیستی بوو کە مۆسۆلینی لە کاتی داگیرکردنی ئەلبانیا دایمەزراندبوو. ئەوان دەوڵەمەند بوون".

پەنجەکانی بە ئاماژەیەکی ئیتالیانە جوڵاند کە تەعبیری لە"پارە، پارەیەکی زۆر"دەکرد.

"بەڵام دوای ئەوەی وڵات بوو بە شیوعی، ناچاربوین ناوەکانی خۆمان بگۆڕین، و پەساپۆرتەکانمان کە دروشمی ساڤۆی پاشایەتی پێوەبوو لێیان سەندین و بۆمان نەبوو تازەی بکەینەوەو قەدەغەش بوو لەباڵوێزخانەکەمان نزیکبینەوە.

باڵوێزخانەکە لە گەڕەکی دیپلۆماتکاراندا بوو، لەتوانای مرۆڤی ئاسایشدا نەبوو بەو شەقامانەدا پیاسە بکات چجای ئەوەی بڕواتە باڵوێزخانەیەکی بیانیەوە. ناچاربوین لەگەڵ ئەو ژیانەو کاری ڕۆژانەدا خۆمان ڕابێنن". وەستا، بە سەیرکردنێك پشکنینێکی ڕوخساری کردم بۆ ئەوەی بە خۆی بسەلمێنێت کە من لێیتدەگەم و هاوسۆزیم لەگەڵیدا هەیە. "بە کورتیەکەی، تەسلیمی بارودۆخەکە بوین، و ئەوەتا ئێمە ئێستا لێرەین"

ڕۆدۆڵفۆ لە من نزیکبویەوە. تاوەکو ئێستاش دەتوانم دانە زەردبوەکانی، و چاوە پڕ لە ترسەکانی، و زمانە کۆنە ئیتالییەکەیم بیربکەوێتەوە.

"نیگەران مەبە، دکتۆر ڕیکاردۆ. بەمزوانە لێرە نەجاتت دەبێ، من زۆرجار هاتومەتە ئێرە، چونکە هەمیشە ناوم لەلیستی ئەو گومانلێکراوانەدا بوو کە خەڵکی ئەلبانیا نەبوون، هەموو جارێکیش من لەم ژوورەدا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك زیندانی دەکرام. من زۆرباش دەیناسم، چونکە دوو هاوڕێی کۆنین. دکتۆر ڕیکاردۆ، تۆ دڵخۆشبە، چونکە تۆ بیانیت، ئیتالیت، ئیتالی ڕاستەقینەو پەساپۆرتت پێیەو کاردەکات. من لەوە دڵنیام ئەوان زۆر بەخێرایی

**قسە لەگەڵ شەیتان**

تۆ ئازاد دەکەن و دەگەڕێیتەوە بۆ نیشتیمان، لەکاتێکدا من ناتوانم ئەلبانیا بەجێبهێڵم، تەنانەت ئێستاش کە ئێمە بوینەتە خاوەنی دیموکراسی".

پێم وت و هەوڵمدا وشەکانم هانیبدات،"سوپاس بۆ وشە جوانەکانت، بەڵام ئێستا دەتوانی هاوڵاتیبوونی خۆت دەستبکەوێتەوە، تەنانەت لەتواناشتدایە کە ئازاد بیت".

رۆدۆڵفۆ بە خەمگینیەوە سەیری کردم. "لەوانەیە ڕۆژێك پەساپۆرتەکەم بدەنەوە، بەڵام من چیدی نامەوێ داوای وەرگرتنەوەی بکەم. چۆن بتوانم دایکە پیرەکەم لە دوای خۆمەوە بە جێبهێڵم؟ ئەو هیچ کەسێکی نزیکی لە ئیتالیا نەماوەو زۆر پیرە. ئێمە دۆڕاندمان و ئەلبانیا بردویەتیەوەو هەمومان وەك زیندانییەك تیایدا دەمرین".

لە ڕۆژی دواتری چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ بێوەژنەکەدا، (ئێرکام)م ناسی، ئەو مامۆستای زمانی فەرەنسی بوو، تەمەنی ٢٥ ساڵان بوو. چاوێکی تیژی هەبوو، چاکەتێکی لەبەردابوو وادەردەکەوت کە تەسکبێت.

لەسەرەتادا تووشی سەرسووڕمانی کردم کاتێك وا خۆی دەرخست کە ڕۆشنبیرێکی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتەکەی بیریشا بوو، بەڵام ئەو، وا پێدەچوو، کە یەکێك بێت لە پۆلیسەکانی بیریشا و بەم دواییە لەناو نەیارانی خواجەدا ڕێکخرابێت.

لەیەکێك لە ئێوارەکاندا، ئێمەش وەك خەڵکی، لەدەوروبەری گۆڕەپانی سکاندربرگ (حەوزی ماسییە ئاڵتونیەکان)ی ئەلبانیا پیاسەمان دەکرد.

لەرابوردودا، پەیکەرێکی برۆنزی ماسییەکی قرشی گەورە، ئەنوەر خواجە، دەیڕوانی بەسەر گۆڕەپانەکەدا، تاوەکو ڕۆژی ٢٢ ئازار ساڵی ١٩٩٠، لەلایەن ئەو خەڵکانەوە ڕوخێنرا، کە ڕۆژی پێشووتر منداڵەکانیان هێنابوو تاوەکو چەپکە گوڵ بخەنە بەردەم قاچە چەپە گەورەکەی ئەنوەر خواجەوە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

(رامز علیا)ی جێگرەوەی (خواجە) هیچ ناڕەزاییەتیەکی دەرنەبڕی لەسەر ڕووخانی پەیکەرەکە. تەنانەت وەك سەرۆك وڵاتێکی تازە، و لەکاتێکا هەموو دەوڵەتانی کوتلەی ڕۆژهەڵاتی یەك لەدوای یەك دەڕوخان، ئەو سەرۆکە ڕایگەیاند کە ئەو قرشە گەورەکە ناناسێت.

تەنانەت ئەو هەندێك چاکسازیشی ئەنجامدا بۆ ئەوەی ڕژێمەکە هەرەسنەهێنێت، بەڵام چاکسازییەکانی زۆر هیچ بوون و درەنگکەوتبوون.

زۆربەی خەڵکیش بە یارییەکی دەستی بێوەژنەکە سەیریان دەکرد، و بەمجۆرە بیریشا هەڵبژاردنەکانی بردەوەو (رامز علیا)ش خرایە زیندانەوە.

ئەو چاوانەی چاودێری حەوزی ماسییە ئاڵتونیەکەیان دەکرد، نووسخەیەکی کۆپیکراوی پۆلیسی نهێنی پێشووبوون.

کاتێك بە تەنیشت مۆزەخانەی پێشوو لەکۆتایی سوورانەوەی پێنجەمدا بە چواردەوری گۆڕەپانەکەدا تێپەڕ دەبوین، ئێرکام ئەوەی ڕوونکردەوە کە ئەلبانیەکان هەرگیز (مامە ئەنوەر)یان بە برا گەورەی (ئۆرۆیلی) نەزانیوە، بەڵکو وەك (فیرعەونی خۆفۆ) تەماشایانکردوە.

"فیرعەونیش، هەروەك خواجە، زانیویەتی چۆن دوای مردنیشی لەگۆڕەکەیدا دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرێت، واتە لە هەرەمەکاندا، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ئێمە لە تیرانا هەرەممان هەیە".

هەر بەفیعلیش، ئەو باڵەخانەیەی کە بەرەسمی حکومەت وەك مەزاری ئەنوەر خواجە خەریکی بنیاتنانی بوو لەشێوەی هەرەمدا بوو، حکومەت لەناوەڕاستی هەشتاکاندا بە تەنیشت ڕێگایەکی گشتییەوە لەتیرانا دروستیکردبوو.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

شەقامەکە لەسەرەتا ناوی مۆسۆلینی بوو، دواتر بوو بە شەقامی ستالین، لە دواجاریشدا بوو بە شەقامی شەهیدان. لەو شوێنەدا هەرەمەکە وا دروستکرا بۆ ئەوەی ببێتە دڵی هونەری بیناسازی ئەلبانی.

هەژارترین وڵاتی ئەوروپا هیچ ڕەزیلییەکی لە پارەسەرفکردنی هەرەمەکەدا نەکرد. باڵەخانەکە بەچواردەوەری هەر سێ قاتەکەیدا بەبەردی کارارا دروستکرابوو، تیایدا دەستنووس و وێنەکانی ئەنوەر بە تەنیشت شتە شەخسیەکانی وەك دەستەسڕو پێڵاو چاویلەکەکەیەوە دانرابوو.

تەنانەت ئەو جلانەش کە ئەنوەر لە پاریس لە ساڵانی سییەکاندا کڕیبوونی.

ئەو جلانە هەر ئەوانە بوو کە ئەو کڕیبوونی دوای دەرچونی لەخوێندنگایەکی دواناوەندی فەرەنسی لە باشوری ئەلبانیا، مەنفای فەرەنسای هەڵبژاردبوو.

فلیمێکی کورتی تەلەفزیۆنی هەیە کە تەلەفزیۆن تاوەکو ناکۆتا دوبارە لێدەدایەوە، تیایدا ئەنوەر دەردەکەوێت خەریکی دانانی بەردی بناغەی هەرەمەکەیە، نیکسمیش هەمان بلوزی لەبەردایەو قژیشی لە شێوەی کێکدا خڕکردوە. وەك خوی هەمیشەیشی، نیکسمی هەنگاوێك لەدوای ئەنوەرەوە بوو ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ ڕێزگرتنی لە ئەنوەر، سەرەڕای ئەوەی کە هەموان دەیانزانی ئەوە نیکسمی یە بڕیارەکان دەردەکات نەوەك ئەنوەر.

دوکانێکی بچوك هەبوو کتێبی دەفرۆشت. بەشێکیان کتێبی خواجە بوون، وەك هەردوو کتێبە بە ناوبانگەکەی (شیوعیەتی ئەوروپی دژ بە شیوعیەت) و (ئیدارەدانی خۆیەتی یوگسلاڤ: تیۆرو جێبەجێکردنی سەرمایەداری).

ئەو دوو کتێبە تاوەکو ساڵی ١٩٩٠ لەهەموو خوێندنگاکانی ئەلبانیادا دەخوێندران.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

کتێبێکی دیکەش هەبوو بە ناوی (ئەنوەری ئێمە) کە (رامز علیا) ساڵی ١٩٩٠ نووسیبوی، تیایدا ئەنوەری بەوە وەسفکردبوو کە ئەو"پیاوێکە خودا بە توانایەکی جەستەیی و عەقڵیەتێکی داهێنەرەوە دروستیکردوە".

نوسەر لەکتێبەکەیەدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت"ئەو جگە لەوەی توێژەرێکی دەرونی گەورەیە، خواجە ڕێگایەکی دۆزیوەتە بڕواتە عەقڵی هاوڵاتییانەوە، چونکە ئەو ئازادیکردن لەترس، و مەرجی بنەڕەتی دانا بۆیان بۆ گەشەپێدانی پرۆسەکانی فیکر".

نووسخەیەکم لە کتێبەکە کڕی. دوای چەند مانگێك لەسەر فەرمانەکانی فیرعەونی تازە، بڕیاردرا هەرەمەکە دابخرێت.

بێوەژنەکە هەرەمەکەی خۆشنەدەویست، و پێیوابوو ئەوە کارێکی هەڵە بووە.

ئەو لەکاتی چاوپێکەوتنەکەماندا لەزیندان، ئەوەی بۆ باسکردم، کە ئەنوەر نەیدەویست هەرەمەکە دروستبکات، بەڵام ئەوانەی لەدەوروبەری بوون ئەوەیان دەویست، هەروەك ئەوەی لەکاتی ڕاگەیاندنی ڕەسمی بێ باوەڕی دەوڵەتدا ڕوویدا.

بێوەژنەکە لەوە تێنەدەگەشت کە (ئیسماعیل کاداریە) (رۆماننووسی ئەلبانی) لە ڕۆمانەکە مێژووییە تەنز ئامێزەکەی خۆیدا بە ناوی (هەرەم)، ڕێك بەم شێوازە ڕووداوەکانی کۆشکی خۆفۆی پاشایەتی وەسف کردووە وەك گاڵتەپێکردنی حکومەتی ئەلبانی.

چونکە لەکۆتایدا خۆفۆ بێ ئەوەی ئارەزوی کارەکە بکات تەسلیمی دەبێت، چونکە ئەو نایەوێت بیر لەمردنی خۆی بکاتەوە وەك ئەوەی (هیمیۆنۆ)ی کاهین دەیەوێت، و هەرەمەکە_ گۆڕی داهاتوو_ وەها وەسفدەکات کە"ئەو ستونەیە شکۆی دەسەڵات بەرز دەکاتەوە، و بە لاربوونی ئەو ستونەش هەموو شتێك هەرەسدەهێنێ".

نیکسمی ئەوەندە ڕقی لەهەرەمەکە دەبویەوە تا ئەوەی درۆشی لەبارەی دروستکردنەکەیەوە کرد، هەروەها نکۆڵیشی لە ڕازیبوونی ئەنوەر دەکرد لەبارەی دروستکردنیەوە. ئەو لەزینداندا پێی وتم"حکومەت دوای مردنی ئەنوەر دەستی بە دروستکردنی کرد، هەروەها دوای مردنیشی، پەرستنی دەستی پێکرد. نە ئەنوەر، و نە من، هیچ پەیوەندییەکمان پێوەی نەبوو".

ئەوە هیچ گومانی تیادانیە کە پەرستن لەسەر چەند بنەمایەکی پتەو لەساڵانی شەستەکانەوە دەستی پێکردبوو، بەهاتنی هەشتاکانیش، ئەو کاتەی دەستکرا بەدروستکردنی هەرەمەکە، گەشتبوە قۆناغێکی بەرزی کۆمیدی.

دوای کەوتنی (رامز علیا)، (بیریشیا) کە هەستی بە نیگەرانی پەرستنێکی وەهاکردبوو، بڕیاریدا هەرەمەکە بکات بە شوێنی سەماکردن.

لەسەرەتادا حکومەتە"دیموکراسیە"تازەکە نەیدەزانی چیبکات بە شوێنێکی وەها. ڕوخاندنی کارێکی مەترسیداربوو، هەروەك چۆن هێشتنەوەشی بە کراوەیی کارێکی ئەستەمبوو. هەر بۆیە (بیریشیا) بیری لەوەکردەوە ئەو بینایەی کە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی بە کاردەهات بیکاتە شوێنێك بۆ بە سەربردنی کاتی خۆش بۆیان. بەڵام دوای چەندین ساڵ، هەرەمەکەیان داخست، ئەویش بەهۆی ئەوەی تێچوی نۆژەنکردنەوەی پارەیەکی زۆری دەویست و هەروەها چەندین تارمایشی تێدابوو کە ڕێگای لەوە دەگرت ببێتە شوێنێکی خۆش بۆ کات بە سەربردن.

پەیکەرو مەزارگەکان ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە ڕژێمەکەی خواجەدا.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لە زیندان، پرسیارم لە نیکسمی کرد دەربارەی ئەوەی ئایا ئەوە دەزانێت کە هەموو پەیکەرەکانی پیاوەکەی و ستالین ڕوخێنراون؟.

"بەڵێ، هەموو ئەوانە دەزانم، هەروەها ئەوە دەزانم کە زبڵ و خاشاکەکان کەس نییە کۆیانبکاتەوە، هەروەها ئەوەش دەزانم کە وڵات پڕ کراوە لەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەهەر وڵاتێکی دیکە بوایە دەنێردران بۆ ئەوەی لەناوببرێن، ئۆتۆمبیلی دزی. ئەوەش دەزانم کارگەکان داخراون، و ئەوەی کە پێیدەوترێت دیموکراسی هەموو تەقالیدی گوندەکانی تێکداوە، و خەڵکی چیتر لە کێڵگەکاندا کارناکەن. . . ". پێمبڕی و وتم"بەڵام ڕۆژنامەگەری ئازاد هەیە". بێوەژنەکە بە ڕقێکەوە سەیرێکی کردم و وتی"ئەلبانیا لەسەر ڕێگایەکی هەڵە دەڕوات، باوەڕم پێبکە".

دواتر بە باوەڕ بە خۆبوونێکەوە زەردەخەنەیەکی بۆ کردم.

بەڵام کاتێك ناوی(ئیسماعیل کاداریە)م هێنا، زەردەخەنەکەی نەما.

ئەم نووسەرە بە ناوبانگە دوای چەند مانگێك لەمردنی ئەنوەر هەڵهات بۆ پاریس، و بەپێچەوانەی هاوڵاتییانی دیکەی ئەلبانییەوە، ئیسماعیل کادارییە خاوەن ئیمتیازاتێکی وەهابوو کە دەیتوانی پەساپۆرتێکی دەستبکەوێت، هەر کە گەشتە مەنفاش، دەرکەوت کە ئەو ئۆپۆزسیۆنێکی زۆر توندە، ئایا ئەو ناپاکبوو؟.

بۆیەکەمجارو لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا، بێوەژنە ڕەشپۆشەکە دوو دڵبوو. چونکە (کاداریە)ی ڕۆشنبیر ئەوەی بۆ جیهان بە دیارخست کە ئەلبانیا ئەو وڵاتە غەریبە نییە کە دوژمنەکانی وێنای دەکەن.

بێوەژنەکە نەیدەتوانی وەڵامەکە فەرامۆشبکات، هەر بۆیە دیپلۆماسیەتی هەڵبژارد.

"من وەکو هاوڕێ تەماشای ئەوم نەکردووە، ئەو شتی زۆر ئابڕوبەرانەی لەسەر پیاوەکەم نووسیوە، سەرەڕای ئەوەی ئێمە بۆ ماوەی ٢٠ساڵ وەك برایەك مامەڵەمان لەگەڵدا کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەر بەنووسەرێکی مەزن دەمێنێتەوە، و من ناتوانم ئینکاری ئەوە بکەم".

لە مەخفەری ژمارە ١ی پۆلیس، بەیانی دواتر لێکۆڵینەوە تەواوبوو.

رۆدۆلفۆ زۆر بە خەمگینی ڕۆیشت. پێی وتم"من و دایکمت لەیاد بێ"، دواتر وتی"دەبێت گوێگرتن لە هەواڵەکانی جیهان، و زانینی ئەوەی کە کێ مردووەو کێ زیندوە، و کێ فەرمان دەردەکا و کێش جێبەجێی دەکات، هەروەها زانینی ئەوەی جەنگ ڕوودەدات یاخود ئاشتی بەرقەراردەبێت هەستێکی مەزنی ڕازیبوونمان لە دەرونماندا بۆ دروستبکات". دواتر قسەکانی بۆ شێوازێکی ڕەسمی فاشیانە گۆڕی،"ئێوە"ی بەکارهێنا لەبری"تۆ"هەروەك ئەو کاتەی وای هەستدەکرد هێشتا ئیتالییەکەو لە تیرانا دەژی وا قسەیدەکرد.

قسەکانی قسەی کەسێکبوو کە شەوگارێکی زۆری لەناو زینداندا بەسەربردوەو دەیزانی لە کۆنووسەکانی پۆلیسدا کەمترین حەقیقەتی تیادایە،"ئێوە، بەرێز ڕیکاردۆ شانستان هەیە، چونکە دەتوانن بەیانی هەستن و هەموو ئەوەی ڕوویداوە بزانن، تەنانەت ئەگەر پێشتان بڵێن هیچ شتێکی تازە ڕووینەداوە".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ئەوە بۆچونەکانی ئەو بوو لەسەر دیموکراسییەت، لەو کاتەوە بووەتە بۆچونی منیش، ڕۆدۆلفۆ سەلامەکەی وەها تەواو کرد وەك ئەوەی لەدوای ئاهەنگێکی دیپلۆماسی کەشخە لەیەکتری جیابینەوە. "دایکم، کارۆلینا کۆماتچی، لە هەواڵپرسینەکانی تۆ ئاگادار دەکەمەوە، دەبێت لەبارەی تۆوە قسەی بۆ بکەم".

دوای ئازادکردن لە مەخفەری ژمارە ١ی پۆلیس، ژنە فەرمانبەرێکی باڵوێزخانەی ئیتالی لەگەڵ شۆفێرێکدا کە ئۆتۆمبیلەکەی نەکوژاندبویەوە، چاوەڕوانی دەکردم، پێی وتم"باڵوێز دەیەوێت تۆ ببینێ".

باڵوێز پێشوازی لێکردم و شەرابێکی ساردی پێدام. بەڵام پێشوازییە گەرمەکە لێرەدا وەستا، چونکە ئەو خۆشی لە من نەدەهات. لەراستییشدا ئەو تورەیی لێدەباری لەسەر ئەو ڕووداوەی لەوانەبوو ببێتە هۆی پچڕانی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەمان بە دیموکراسیە تازە مەزنەکەی ئەلبانیاوە.

"بەدرێژایی شەو بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرۆکدا قسەم کردووە، چاوپێکەوتنەکەی تۆ لەگەڵ بێوەژنەکەدا زۆر کەسی تورە کردووە. بەڵام لە کۆتایدا قەناعەتم پێ کردووە کە دەرتنەکا، بەڵام من ناچاربووم لە بری تۆ ڕازیبم بەوەی زۆر بە خێرایی لەگەڵ یەکەم گەشتی ئاسمانی بۆ ڕۆما، ئەلبانیا بە جێبهێڵی".

ژنە گەنجە دیپلۆماتەکە هاوڕێیەتی کردم تا هوتێلەکەم بۆ ئەوەی شتەکانم کۆبکەمەوە. پۆلیسی نهێنی ژوورەکەمیان پشکنیبوو، تێبینینە نووسراوەکانیشم دیار نەما بوو.

لە کاتی ڕۆیشتنمان لە هوتێلەکەوە بۆ فرۆکەخانە بە تەنیشت زیندانیەکەدا ڕۆیشتین کە خرابوویە ژێر چاودێرییەکی توندەوە.

قەرەباڵغیەکی تازە لە دەرەوە لەبەر دەرگاکە وەستابوون. ئەوانە کەسی نزیکی ئەوانە بوون کە شەوی ڕابردوو دەستگیر کرابوون.

دوای سێ ساڵ، بێوەژنەکە ئازادکرا. بەرلەوەش بە ماوەیەکی کەم (سالی بیرشیا) پێشنیاری بۆ کرد کە سزادانەکەی کەمبکاتەوە بۆ دوو ساڵ بۆ ئەوەی بەشداری لە ئاهەنگەکانی دامەزراندنی حزبی دیموکراسیدا بکات، هەروەك ڕابردوو، بەڵام ئەو ئەوەی ڕەتکردەوە ئیمزا لەسەر کاغەزەکان بکات، و لەنامەیەکیدا بۆ کوڕەکەی نووسی"لێم توڕە مەبە، من پێویستم بە چاکەی کەس نییە، نەمتوانی سوکایەتی بە ئەنوەر بکەم".

بێوەژنەکە تاوەکو دواین ڕۆژەکانی لە زینداندا پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆری ئەو ئەلبانیانە دەکرد کە لە کۆسۆڤۆوە دەهاتن. ئەوانە کە پەساپۆرتی یۆگسلافییان پێبوو، نیوە شەوان دەهاتنە سنورەکان و بۆ دەمەوبەیان دەگەشتنە تیرانا بۆ ئەوەی شەو داهاتوو بە ڕێگا شاخاوییەکاندا بگەڕێنەوە ئەویش دوای بەسەربردنی کاتێکی بێدەنگ لە ژوورەکەی نیکسمیدا. ئەو سەردانانە هەروەك سەفەری حەج وەهابوو، چونکە بە نیسبەت ئەو هاوڵاتییانەوە، نیکسمی خوایەکی زیندوو بوو.

پێنج سالّی زیندان هیچی تیادا نەگۆڕیبوو. چونکە هەر دوابەدوای ئازادکردنی بە ماوەیەکی کەم، داوەتێکی دەرەوەی قبولّکرد. لە کاتی قسەکردنیشیدا ژمارەیەك لە"هاوڕێیانی ئەلبانیا و هاوڕێکانمان لە عەقیدەی لینینی مارکسیدا"لەشاری برۆکسل کۆبوونەوە، و بێوەژنەکە سودەکانی ڕژێمەکەی خۆی خستە ڕوو: ئازادکردنی ژنان، و دروستکردنی خوێندنگاو ڕێگاوبانەکان، و جەنگ لەگەڵ نەخوێندەواری.

"توێژی کرێکاران لە ئەلبانیا بوونیان نەماوە، ژمارەیەکی زۆر بێ کار هەن، پرۆلیتارییایەکەی مەزن هەیە، بەڵام توێژی کرێکاران دیارنەماون. هێزە ڕەجعیەکان بە

وەحشیەتیەکی بەربەرییانەوە سیستەمی ئیشتیراکی ئەلبانیان تێکشکاند، هەروەها پیشەسازی و سەروەتەکەیان بە هەدەردان".

ئەم ژنە میسالییە هەرەمە، هێشتا تەوبەی نەکردوەو وا گومان دەبات کە مێژوو ئەوە بە دیار دەخات کە ئەنوەری مێردی لەسەر حەقبووە، و مارکسیەتیش لەسەر حەقە، و ئەم ڕژێمە تازەی کە بە خۆی دەڵێت دیموکراسی نەفرەتە.

هەموجار ئەوەش دووبارە دەکاتەوە کە لەسەردەمی ئەواندا"ژیانی هەلۆکان"دەژیان کە پڕیبو لە فەخرکردن و شانازیکردن کەچی ئێستا فەوزایەکی وێرانکەر هاوتەریب لەگەڵ هەژاری و مادییەت، و تەسلیمبوون بە بەرژەوەندییەکانی بیانی، و تاوان، و بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان، و تەقلیدکردنێکی زەلیلانەی ڕۆشنبیرییەکانی دیکە بوونی هەیە.

ئەو بێوەژنە ئەوەش ڕەتدەکاتەوە بێتە دەرەوەو پێیخۆشە بە دوور لە چاوی خەڵکی لە خانوویەکی سادەی نزیك ماڵی کوڕەکەی لە تیرانا ژیان بەسەرببات،"نامەوێ ببینم، نامەوێ ببینم". دووبارەی دەکاتەوە. پێویستیش ناکات ئێمە ئەو شتە دیاریبکەین کە ئەو نایەوێت ببینێ.

هەر لە بەرئەوەی ئەم ژنە ژیانێکی تەواوەتی بەدەر لەحەقیقەت ژیاوە، کە یەکەمیان وەك حاکمێکی موتڵەق لەگەڕەکێکی (قەدەغەکراو) لە تیرانا ژیانی بەسەربردووە، و دووەمیشیان وەك ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز کە لە زیندانەکەی خۆیدا فەلسەفەی فەرەنسی خوێندۆتەوە، ئەم بێوەژنە لەتوانایدا نییە بە تەنهایی ژیان بەسەر نەبات لەو پرۆلیتارییایەی کە زۆر خۆشی ویستوە.

لەکۆتایی دەسەڵاتی ڕژێمەکەی (سالی بیریشا) گەڕامەوە بۆ تیرانا. ئەو کات فەزیحەی پرۆژەی وەبەرهێنان لەهەرەمەکاندا هەموو شاری گرتبویەوە. ئەوەش بەوجۆرە بوو ژمارەیەك لە ساحیرەکان، و ژەنەڕاڵێکی خانەنشین، و پیاوێکی مافیایی کۆسۆڤۆیی، هەندێك

خەڵکیان قەناعەت پێکردبوو پارەکانی خۆیان کە چەندەها ملیۆن دۆلار دەبوو لەو پرۆژەیەدا بخەنە کار بۆ ئەوەی قازانجێکی باشیان دەستبکەوێ. بەڵام دواتر پارەکە ڕۆیشتبووە گیرفانی هەندێك سیاسی و وڵات لە لێواری یەکەمین ئیفلاسکردن وەستابوو.

هەربۆیە دەستەیەکی وردبینی نێودەوڵەتی گەشتنە تیرانا، ئەوان دوانزە پیاوی ڕێکپۆش کە لە نووسینگەکانیان لە لەندەن و ڤیەنا و ڕۆماوە هاتبوون و لەسیەکانی تەمەنی خۆیاندا بوون.

بەدرێژایی چەندین مانگ، هەموو تۆماری ئەو کۆمپانیا وەهمیانەیان پشکنی کە لەپشتی گەندەڵیەکانەوە بوون. لەبەر ئەوەی هەموو هوتێلەکان گیرابوون و بەپێی پێویست نەبوون، حکومەت ئەو کەسانەی لەبینایەکی پێشتری خێزانی خواجەدا نیشتەجێکرد کە هەموو شتومەکەکانی ناویان گرانبەهابوون.

سەرۆکی لیژنەی وردبینیەکە لەژووری نووستنەکەی خۆیدا بوو. کۆمپیوتەرەکەی لەسەر جێگا ڕێکنەخراوەکەی دانرابوو، و جلەکانیشی لەسەر زەویی ژوورەکە کەوتبوون. ئەم ژوورە پێشتر ژووری (ئەلبێر)ی کوڕی ئەنوەر بوو.

ماڵەکانی دراوسێش لەپێشوتردا کە هی دەستوپێوەندەکانی کۆشکبوون، لەلایەن ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانەوە داگیرکرابوون کە بۆ یەکەمجار بوو دەهاتنە ئەلبانیاوە.

دوای چەند هەفتەیەکیش لەسەردانەکەم هێدی هێدی هەرەمەکانی پارە هەرەسیانهێنا. ئەویش بە جۆرێك پارەکان نێردرایە دەرەوە و هەرەمەی بەردییەکەش داخرا.

دکتۆر سالی بیریشا ڕووبەڕوی شکست دەبویەوە. دەریای ئەدریاتیکی بوو بوو بە ڕێگایەکی کارەستباوی بۆ بازرگانیکردن بە مرۆڤ و پەنابەرە نایاساییەکان.

دایکە تێریزاش، ئەو ڕاهیبەی کە لایەنگری خواجە و دۆڤالییەی دەکرد، مرد. بەڵام دەزگا ئاینیەکەی توانی مافی کردنەوەی نووسینگەیەك بە تەنیشت دەزگایەکی خێرخوازی ئیسلامییەوە لە تیرانا بە دەستبهێنێت.

(جان کلود دۆڤالییە)ش کە دەیپاراست، لەباشوری فەرەنسا بوو لە مەنفاکەی خۆی.

حزبی ئیشتراکی ئەلبانیش کە ئەنوەرو نیکسمی خواجە لە ساڵی ١٩٤٤ دایانمەزراندبوو خەریکبوو جارێکی دیکەش بە شێوەکەی تر دەهاتەوە دەسەڵات، بە تازەیی، بە میانڕەویی، پێشکەوتنخوازو لایەنگری ئەوروپا.

لە (ڕۆدڵفۆ) وە نامەیەکم بۆهات تیایدا نووسرابوو"گەورەترین کێشەیەك ڕووبەرومان بێتەوە لەسەر ئاستی داراییە، بەڵام ئێمە خەون بە سبەینێیەکی باشترەوە دەبینین. مێژوو باشترین مامۆستایە بۆمان. دایکم (کارۆلینا کۆماتچی) سڵاوی بۆتان هەیە".



# دۆڤالییە

جان کلود دۆڤالییە

*دوای مردنی باوکی لە ٢١ ئەپریلی ساڵی ١٩٧١ تا ساڵی ١٩٨٦ سەرۆکی هایتی بووە.

*باوکیشی (فرانسوا دۆڤالییە) تا مرد سەرۆکی هایتی بووە.

*سەردەمی دەسەڵاتی خۆی و باوکیشی بە سەردەمێکی تاریك دادەنرێت لەو وڵاتەدا کە بە هۆیەوە هەزاران کەس لەناوبراون و ئەشکەنجە دراون و ئەو وڵاتە هەژارەیان هێندەی تر هەژار کردووە.

*دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨٦ بەهۆی شۆڕشێکی جەماوەرییەوەوە لە دەسەڵات دوورخرایەوە و خۆی گەیاندە فەرەنسا، ساڵی ٢٠١١ گەڕایەوە هایتی و دواتر بە تۆمەتی گەندەڵی و کوشتنی هاوڵاتییان دەستگیرکراو ڕوبەڕوی دادگا کراوەتەوە.

*خۆی بە (بیبی دۆڤالییە) و باوکیشی بە (بابا دۆڤالییە) ناسراوبوون.

"ئێستا کاتی ئەوەیە کە ڕاستیەکانی خۆم و ڕاستیەکانی خێزانەکەم بگێڕمەوە، هەروەها حەقیقەتی ئەو ناوە بەناوبانگەش باسبکەم کە پێوەی لە دایکبوم. ڕێگام بدە بە چیرۆکی ی گەشتنە دەسەلآتی خۆم دەستپێبکەم، چونکە ڕوونکردنەوەیەك ئەم چیرۆکە چەندین چەمکی هەڵە دەربارەی من ڕاستدەکاتەوە.

بەمجۆرە. . . من گەنجێکی ئاسایی تەمەن ١٩ ساڵبوم، خوێندکاربوم، هەروەك هەموان. باشە. . . هەروەك زۆربەمان. بەڵێ، ئەمە ڕاستە، لە کۆشکی نیشتیمانی، ئەو باڵەخانە گەورەیەی کە پایەکانی ئەغریقی بوون و لە ناوەڕاستی (پۆرتۆ پرانس)دا بوو، ژیانم بەسەربرد.

کاتێك تەمەنم نۆزدە ساڵان بوو لە ژوورێکی بچوکدا دەخەوتم کە هەر هەمان ژووربوو لەتەمەنی حەوت ساڵیدا ئەو کاتەی باوکم بوو بە سەرۆك و هاتینە کۆشکەوە وەرمگرت، دۆلآبێکی بچوك و سیستەمێکی بچوکی تیادابوو، تا بووم بە سەرۆکیش ئەم ژوورە تاکە ژووربوو تیادا ژیام.

ئەو ژوورەم خۆشەویست، هەموو شتێکی تیادابوو. دوای چەند ساڵێك و دوای ئەوەی ژنم هێنا ژوورەکەم بەجێهێشت. . . و دەمویست (میشێل) ڕازیبکەم کە چەندین بیرۆکەی گەورەی هەبوو. . . بە دوو دڵی ژوورەکەم بەجێهێشت. لە واقیعیشدان تەنانەت ئەو کاتەی کە دەسەلآتیشم وەرگرت هەر دوو دڵبووم".

"من زۆر پەیوەستبووم بە باوکمەوە، هەردووکمان زۆر لە یەك نزیکبوین. ئەو زۆر گرنگی پێدەدام، و هەموو هەفتەیەك پارەی پێدەدام، بەلآم من هەمیشە پارەکەم دەدا بە هەژاران. وەك دەزانی ئەمە خوی منە، چونکە من بە سروشتی خۆم کەسێکی بەخشندەو خۆپەرستنیم.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

تەمەنم چوار ساڵ و نیوبوو کاتێك یەکەم هەوڵی لەدەسەڵات دوورخستنەوەی باوکم بینی: پیاوەکانی پۆلیسم دەبینی لەناو کۆشکدا ڕایاندەکردو (فرانسۆ دۆڤالیە)ش خودەیەکی سەربازی بۆ خۆپاراستن کردبووە سەری.

کاتێکیش تەمەنم بوو بە سیانزە ساڵان بە مەبەستی ڕۆشنبیریکردنم، باوکم چەند کتێبێکی پێدام بۆ ئەوەی لێیانەوە فێربم: ژیاننامەی (ماوتسی تۆنگ)، و (جەمال عەبدولناسر) و (جەواهیر لاله نەهرۆ) و(چانك کای_ شك)و (دیگۆل).

لە ئێواراندا، دوای ئەوەی کە نانی ئێوارەمان تەواو دەکرد، باوکم چیرۆکی ڕۆمای کۆنی لەبارەی سیستەمە سیاسییەکەی و گرنگی تەقلیدکردنی بۆ دەگێڕامەوە. ئەو قسانە نیشانەیەکی وەهایان لە مێشکمدا دروستکردوە کە سڕینەوەی ئەستەمە. لەو ساتەوەش من نیشانەی تایبەت بە خۆم هەیە".

"ڕۆژێك کە لەگەڵ ڕاوێژکارە باوەڕپێکراوەکانی خۆیدا بوو، باوکم بانگی کردم بۆ نووسینگەی خۆی. من بەرلەوەی برۆمە ژوورەوە زانیم کارێکی گرنگ هەیە.

پێیوتم (تۆنتۆن). بەڵێ. ئەو بەمە بانگی دەکردم. (ئەی بچکۆلە).

(تۆنتۆن، پێویستە خۆت حازربکەی، چونکە بەمزووییە من لەم شوێنە دەڕۆم، و دەبێت بۆ خزمەتی شۆڕش، تۆ برۆیتە شوێنی من ئەویش بەو پێیەی تۆ شوێنگرەوەی منی). منیش وەها وەڵامیم دایەوە کە من زۆر گرنگی بەو کارە نادەم و هێشتا ئەو ئامادەیشم تیادا نییە.

کەچی ئەو بە سوور بوونێکەوە وتی " ئۆگۆستۆسی قەیسەر کاتێك لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا بوو بوو بە ئیمپراتۆر، تۆ ئەوەت بیرناکەوێتەوە؟ بیر لە خەڵکە سادەکە بکەرەوە، لە گەلەکەمان. ئایا تۆ دەتەوێت ڕەنجی من بە با بچێ؟". وەڵامم دایەوە (نەخێر).

دواتر ڕێگای دام برۆمە دەرەوە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

بۆ ماوەیەك باسی ئەم بابەتە نەكرایەوە. دواتر _ تەقیەوە_، بەجۆرێك لە ١٨ی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٧٠، لەساتە وەختی نمایشێكی سەربازییدا فەرمانی كرد كە لە پێشەوەی سوپاكەوە بڕۆم.

لە ١ كانونی یەكەمیشدا، بە بۆنەی ساڵیادی سەربەخۆییەوە، لە وتارەكەی خۆیدا ئاماژەی بەوە كرد ڕژێمەكەی پێویستی بە گەنجان هەیە لە سەرۆكایەتیدا. ئەوساتە هەستم بەوە كرد كە ئیدی كاتەكە نزیكبووەتەوە".

"دوای تەنها چەند مانگێك باوكم مرد. ئەوە ئێوارەی ٢١ی نیسانی ساڵی ١٩٧١ بوو. تاوەكو لە ژیاندا بم ئەو شەوەم بیرناچێ. وا دەردەكەوت كە هەرگیز تەواو نابێ. سوێندی سەرۆكایەتیم نەخوارد تاوەكو دوای دە دەقیقە لە نیوە شەو، ڕاوێژكارەكانیشی تا ڕۆژی ٢٢ نیسان مردنەكەیان ڕانەگەیاند. ڕۆژی ٢٢ نیسان ڕۆژی خۆشبەختی باوكم بوو.

من تەمەنم ١٩ ساڵان بوو كە بووم بە سەرۆكی هەتا هەتایی (هایتی)، بەڵێ ئەمە ڕاستە: تەنها بەر لەچەند مانگێك یاسا دەیوت كەمترین تەمەن بۆ سەرۆكی وڵات ٤٠ ساڵییە، دواتر دوای ڕاپرسییەكی جەماوەری تەمەنەكە كەمكرایەوە بۆ ٢٠ ساڵی، من هێشتا نەبوبوم بە ٢٠ ساڵی، بەڵام پێویستبوو كە پارێزگاری لە شۆڕشبكرێت".

"ئەو شەوە ئەو كتێبە مێژووییانەم بیركەوتەوە كە لەبارەی دیگۆل و ئۆگۆستۆسی قەیسەرەوە بوون. خەڵكی هایتی خەڵكانێكی سادەبوون، ئەو گوندییە ڕەشپێستانەی كە لە هەژاریدا دەژیان، پێویستیان بە كەسانێك هەبوو بەرگرییان لێبكات. پێویستیان بە باوكە دۆڤالیەكی تازە هەبوو، و قەدەریش وەهابوو من ئەو ڕۆڵە بگێڕم، من، جان_ كلود دۆڤالیە".

## قسه لەگەڵ شەیتان

پاریس. شەقامی ئیلێزیە. گەشتیارە ژاپۆنی و ئەمریکییە بە شۆستەکاندا هاتوچۆ دەکەن و چاویشیان لە کەوانەی سەرکەوتنە. لەگەڵ (ڤیرۆنیك ڕوا) وادەیەکم هەبوو بۆ ئەوەی لە کافتریای هوتێل میترۆپۆل چاوم پێیبکەوێت.

کات ناوەڕاستی عەسر بوو. بەدیار قاوەیەکە لەسەر مێزێك کە بە ئاوێنەی سەردەمی بارۆك تەنرابوو، دانیشتبووم. هەرچەندە کاتەکەشی نەگونجاوبوو، بەڵام سێ کرواتی کە کراسیان لەبەردابوو لەگەڵ کۆمەڵێك کچدا کە تەنورەی کورتیان لە بەردابوو ونوکتەیان دەگێڕایەوە، زۆر بە لەزەتەوە خواردنیان دەخوارد.

(ڤێرۆنیك) خۆی بە تەنها هات، کچێکی کەشخە، پێڵاوێکی بەرزی لەپێکردبوو. ئەو هاوڕێی (جان کلود دۆڤالییە) بوو، لە باوکەوە فەرەنسی و لە دایکشیەوە ئیتالی.

روخسارێکی جوانی هەبوو هەروەك ڕوخساری ئەستێرەکانی سینەما لە شەستەکاندا.

سەرۆك و ڤیرۆنیك لە کەنارەکانی (ریڤێرا)ی فەرەنسیدا بەر لە دەساڵ پێش ئێستا یەکتریان ناسیبوو، ئەو کاتەی (سەرۆکە ئەبەدییەکە) هێشتا دەڕۆیشتە چێشتخانە بەناوبانگەکان و بە ئۆتۆمبیلە مارسیدسەکانەوە کە شۆفێرێك لێدەخوڕی، سەفەری دەکرد. ئەوکات مەنفاکەی مەنفایەکی ئاڵتونی بوو، بەڵام هاوسەگیرکردنی لەگەڵ (میشێل بینیت) ڕەنگەکەی کاڵکردبویەوە.

ئەمە لە ساڵی ١٩٩٠دا ڕوویدا. ئەو کات ڕژێمەکانی کوتلەی سۆڤیەتی لە ئەوروپادا یەك لە دوای یەك هەرەسیان دەهێنا. لە بەڵقانیش (سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ) خەریکبوو شەڕێکی دە ساڵەی کاولکاروماڵوێرانی هەڵدەگیرساند.

هەروەك خێزانەکەی دۆڤالیەش خەریکی بەرێوەبردنی ململانێ زۆر تایبەتەکانی خۆیان بوون. چونکە (میشێل) کە سەرپەرشتی خەرجیەکانی دەکرد لەماوەی ئەو ساڵانەی کە لە

(پۆرتۆ پرانس)بوون، ئەو بەرپرسی کاروباری دارایی خێزانەکەبوو، بەڵام هیچ گرنگیەکی بە سومعەی خێزانەکە نەدەدا، هەر بۆیە کاتێك داهاتی خێزانەکە کەمبویەوە بەهۆی سەرفیاتی لە ڕادەبەدەر،و هەستکردنی بە سوکایەتی زۆر دوای ئەوەی هەندێك لە ڕابردووی خێزانی دۆڤالییەی بۆ دەرکەوت، کشایەوە.

بەڵام تاوەکو شاری (کان) زیاتر دوورنەکەوتەوە، ئێستاش لە دووری چەند کیلۆمەترێکی کەم لەو ڤێلایە ژیان بەسەردەبات کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەگەڵ دۆڤالییەدا تیادا ژیاوە. پڕوپاگەندەکانیش باس لەوە دەکەن کە ئێستا لەگەڵ کوڕە هاوڕێیەکیدا ژیان بەسەردەبات کە ناوێکی گوماناوی هەیەو پارەدارێکی گەورەی بانکە، بە پێچەوانەی (بیبی دۆڤالییە)ەوە.

(ڤێرۆنێك ڕوا)ی گەنج ئەو کاتەی کە دۆڤالییە بە دۆخێکی خراپدا دەڕۆی لەگەڵیدا وەستاو پشتگیرکرد.

ئەو کاتەی مێشێلی تەڵاقدا ئەم لەگەڵی وەستا، لەوەش گرنگتر، لە دوای تەڵاقدانەکە، ئەو کاتەی دەرکەوت کە بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار کە بەر لە چەندساڵێك پێش ئێستا لە (پۆرتۆ پرانس) براوەتە دەرەوە، دیار نەماوە (حکومەتی هایتیش دەڵێت پارەکە ٩٠٠ ملیۆن دۆلار بووە)، بەجێی نەهێشت.

هێشتا چۆنێتی دیارنەمانی ئەم پارەیە نادیارە. هەندێك لەم پارەیە ڕۆیشتوە بۆ میشێل، ئەو کە پرۆسەی تەڵاقدانە یاساییەکەو هەروەها لە ڕابردووشدا ئابووری هایتی بەڕێوە دەبرد، واخۆشی دەردەخست کە ئاگاداری هەر دۆلارێکە کە سەرفیکردبێ. بەڵام ئەو پارەشی کە مابویەوەو لە بانکەکاندا بوو، لەسەر داوای حکومەتی هایتی، دادگا بەریتانی و سویسرییەکان سڕیانکرد.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

بەمجۆرە، دۆڤالیە ناچاربوو لە ساڵی ١٩٩٢ تاکە موڵکەکەی خۆی، کۆشکی (تریمریکۆر) لە (ڤالدۆین) بفرۆشێت، و بڕواتە خانوویەکی بچوکەوە لە باشوری فەرەنسا، تەنانەت لەیەکێك لەجارەکانیشدا نەیتوانی کرێیەکەی بدات. هەروەك (فرانس تێلیکۆم)یش هێڵە تەلەفۆنیەکەی بڕی.

لە ساڵی ١٩٩٤دا دۆڤالییە ئیفلاسی کردبوو، وەك ئەوەی لایەنگرە هەرە دڵسۆزەکانی وەسفیاندەکرد، کە ئەوانیش ئەو هایتیانە بوون کە شۆفێریتی تەکسیان دەکرد لە پاریس، یان ئەو پیاوانەی پێشووتری خۆی کە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ئەوەیان بە باش زانیبو لە دوای ڕوخانی دۆڤالییە، بڕۆنە دەرەوە بژین.

دواتر دۆخەکە زۆر بە خێرایی هەرەسی دەهێنا، لە ڕۆژنامەکانی فەرەنسادا ڕاپۆرتەکان باسیان لەوە دەکرد کە حکومەتی فەرەنسا بەهۆی میوانداریکردنی ئەو دیکتاتۆرە ناوبانگ خراپەوە ڕوبەروی ڕەخنە بوەتەوە، دەیویست خۆی لیّ نەجاتبدات.

دۆڤالییە بە داواکردنی ماف پەنابەریتی سیاسی وەڵامی ئەمەی دایەوە، بەڵام داواکەی ڕەتکرایەوە.

دواتر لیژنەی دوورخراوە هایتییەکان ئەوانەی کە داوایاندەکرد لەبری (تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی) دادگایی بکرێت، داوای دروخستنەوەی دۆڤالییەیان کرد بەو پێیەی کە ئەو پەنابەرێکی نایاساییە، هەروەك ئەوانی دیکە. بەڵام حکومەتی فەرەنسی کە خەریبکو ئەم دۆخە تووشی کێشەی دەکرد ڕایگەیاند ئەو ئەگەر شوێنی دیکتاتۆری پێشووی بزانیبایە ئەوا وەڵامی داواکارییەکەی دەدایەوە.

(ڤێرۆنیك) توانی هاوسەنگی خۆی ڕابگریت و لە گەڵیدا بمێنێتەوە. بە درێژایی چەندین ساڵ نەیانتوانی بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە شوێنێکدا بمێننەوە بەڵکو ناچاربوون هەرجارە لە شوێنێکدا ژیان بەسەر بەرن.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

لە (فلیفرانش سوورمیە)و (نیس) و (گراس) لەچەندین ماوەی جیاوازدا شوقەیان بە کرێ دەگرت، لە هەندێ کاتیشدا لە هوتێلەکاندا بە ناوی بەڕێز خاتو ڤالێریەوە بۆ ماوەی چەندین مانگ دەمانەوە.

مانەوە لە هوتێلەکاندا هەمیشە لەرێگای کۆمپانیای (ئەی ئەی ئار)ەوە بوو کە (ڤێرۆنیك) خاوەنی بوو، بەڵام هەمیشە کرێکەی بەرێك و پێکی پێنەدەدرا. هەرکاتێکیش ئەوە ڕوویدەدا، لەلایەن کۆنە هاوڕێ هایتییەکانی وەك (فرانك بییر) هاوکاری دەکرا، ئەم هاورێیەی سەرۆکی ڕێکخراوێکی سیاسی بوو کە ناوێکی شومی هەبوو بەناوی (کابوا لامور)، ئەمەش هەمان ناوی ئەو ژەنەڕاڵە بەناوبانگە شۆڕشگێڕەبوو، کە لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی کۆیلە ڕەش پێستەکاندا لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٨، ژمارەیەکی زۆری لە داگیرکەرە فەرەنسیەکانی سەربڕی.

ئەم ژەنەڕاڵە لەلایەن گەلەکەیەوە وەکو پاڵەوان تەماشا دەکرێت، چونکە ڕەش پێستەکان بەهۆی نموونەکانی وەك ئەوەوە، سوپاکەی ناپلیۆنی گەورەیان تێکشاندو لە ساڵی ١٨٠٤دا یەکەمین کۆماری ڕەش پێستیان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دروستکرد.

ئێستا کێشەی دارایی (ببیی دۆڤالییە) کۆتایی هاتووە. چونکە دۆخی یاسایی خۆی یەکلاکردۆتەوە ئەویش بەهۆی ئەو یاسای لێبوردنەی کە بە هەزاران کۆچبەری دیکەی ئەفریقایش لێی سودمەند بوون، هەروەها هەموو قەرزەکانیشی داوەتەوە.

بەپێی بانگەشەی هەندێك لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش، یەکێك لە بانکە سویسرییەکان دەستی لە پارەیەکی هیچ هەڵگرت (کە بە ٤ ملیۆن دۆلار) مەزەندە دەکرێت، چونکە حکومەتە فەوزەوەییەکەی هایتی دەستی لە وەرگرتنەوەی پارەکانی هەڵگرتووە ئەویش پاش ئەوەی چەند وادەیەکی وەرگرتنەوەی پارەکەی بەسەردا ڕوشتووە.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

دۆڤالییە دوای ئەوەی هەموو قەرزەکانی داوەتەوە، بە ئەو پارەی کە بۆی ماوەتەوە دەتوانێ هەناسەیەك هەڵمژێت و کار بۆ داهاتووی خۆی بکات، هەرچەندە ئەمە ناتوانێت جارێکی دیکە بۆ ژیانە پڕ مەسروفەکەی جارانی بیگەڕێنێتەوە.

(ڤێرۆنیك) عەقڵی پشت ئەو وێنە تازەیەیە کە دۆڤالییەی تیادا دەردەکەوێت. ئەو توانی ژیانی ڕێکبخاتەوە. هەر لە خەرجییەکانیەوە تاوەکو هاورێتییەکانی، هەروەها توانی پەیوەندییە سیاسییەکانی لەگەڵ لایەنگرەکانی لە مەنفادا ڕێکبخاتەوە، و قەناعەتیشی پێ کرد کە واز لە خواردنەوە ویسکی لەگەڵ کۆکا کۆلادا بهێنێ کە زۆری خۆشدەویستن. وەك هەندێك لە هاورێکانی دەیانوت ئەو خەمگینەی نەهێشت کە خەریبکوو ژیانی لەناودەبرد.

(ڤێرۆنیك) لەکاتێکدا لە هوتێل (میترۆپۆل) لەبەردەم مێزێکی کورتدا دانیشتووە کاتێك قسە دەکا وەك بەڕێوەبەرێکی کۆمپانیایەکی سەرکەوتوو دەردەکەوێت. لە جانتاکەی کاغەزەکانی دەردەهێنێت و بە ڕاناوی ئێمە قسەدەکات"ئێمە لە ئێستادا زۆر سەرمان قاڵە، کۆبوونەوە بەدوای کۆبوونەوەدا دێت". زۆر بە بڕوا بەخۆبوونەوە زەردەخەنەیەك دەکا. "بەڵام نیگەران مەبە، لەهەر ساتێکدا بێت سەرۆك دەگات".

دۆڤالییە بە فرۆکەیەکی ئەمریکی کە لە فرۆکەخانەی (گرۆنۆبڵ)، بەیانی ٧ی شوباتی ساڵی ١٩٨٦ کاتێك پلەکانی گەرما لە ژێر سفرەوە بوو، گەشتە فەرەنسا. لە فرۆکەخانە وەزیری ناوخۆ بە فیزایەکەوە کە (لۆران فابیۆ)ی سەرۆك وەزیرانی ئەو کات بۆی ناردبوو، چاوەڕوانی دەکرد.

فیزاکە تەنها بۆ ماوەی هەفتەیەك بوو (تاوەکو ئەو کاتەی شوێنێك بۆ ڕۆیشتنی دیاریدەکات).

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ئەوە شتێکی ئاشکرابوو کە (فابیۆ) هیواخواز بوو کە یەکێك لە وڵاتە ئەفریقییە نا ئارامەکان، وەك لیبیریا یاخود زائیر، مافی پەنابەرێتی سیاسی بدەنە دۆڤالییە بۆ ئەوەی حکومەتی فەرەنسا لەخۆیان ڕازیبکەن، بەڵام ئەو لەوەدا هەڵە بوو.

ئەو ڕۆژە (جان کلود دۆڤالییە) لەگەڵ (میشێل بینیت) و (سیمون دۆڤالییە)ی دایکیدا بوو، دیاربوو لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندایە، لێیان دەترساو خۆشیشی دەویستن.

ئەو دوو ژنە پەیوەندییان باش نەبوو. "ئەوان لەدوو نەوەی جیاواز بوون. لەنێوانیاندا. . . ڕووبەرووبوونەوە ڕوویدەدا". دۆڤالییە دانی بەوەدا نا، ئەویش بە ڕاڕاییەکەوە لەسەر ئەوەی خەتاکە بخاتە سەر کامیان، وادەردەکەوت، کە هێشتا لە هەردووکیان دەترسا.

کێشەکە لە گرفتێکی بچوکی سادەی نێوان دوو نەوە زیاتربوو، چونکە ململانێیەکە هەر لەسەرەتاوە لەو کاتەی کە (میشێل) نازناوی خانمی یەکەمی لە (سیمۆن) سەندەوە، دروستبوو بوو. هەروەها جارێکی دیکە کۆشکی نیشتیمانی نۆژەنکردەوە کە ١٧ ملیۆن دۆلاری تێچوو. لەبەرامبەریشدا سیمۆن هەستا بەدروستکردنی مەزارێکی گەورە بۆ پیاوەکەی (بابا دۆڤالییە)، بەو هیوایەی ڕۆژێك خۆشی لەو مەزارگەیەدا بنێژرێت.

(سیمۆن) و (میشێل) دووانی جیاوازبوون. سیمۆن(ماما دۆڤالییە) کچێکی ناشەرعی یەکێك لە پیاوە خزمەتکارەکان بوو. پێستی ڕەنگێکی کراوەی هەبوو، بەڵام یەکێك بوو لە ئەندامانی گەل. هەمیشە بیبی دۆڤالییە بە ڕێزەوە بەناوو نەسەبی خۆیەوە بانگی دایکی دەکا. "هەمیشە لە ژێر سایەی فرانسۆ دۆڤالییەدا دەژیا".

لەلایەکی دیکەوە (میشێل) کچی شەرعی پیاوێکی خاوەن ڕۆشنبیری بەرزبوو بەناوی (ئەرنست بینیت). "ئەو تاکە کەسە لە خێزانەکەمدا لێیدەترسم". جارێکیان بە ئاماژەکردن بۆ مێشیل، دۆڤالییە وای وت. "چونکە هەمیشە ڕێگایەکی تایبەت بە خۆی دەگرێت".

## قسە لەگەڵ شەیتان

لەکۆتایی هەفتاکاندا ئەو کاتەی (میشێل) گەڕایەوە (پۆرتۆ پرانس) ژنێکی تەڵاقدراو بوو، جەستەیەکی نمایشکاری جلوبەرگی هەبوو، هەروەها کارێکی ناوەندی نووسینگەیی لەنیۆیۆرك و دوو منداڵی هەبوو کە بەخێوی دەکردن.

بەنیازی ئەوە گەڕایەوە کە سەرنجی (بیبی دۆڤالییە) بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، چونکە ئەوکات بەهۆی چاکسازییەکانی و بەهێزکردنەوەی ئابووری هایتی، لە ناو هاوڵاتییانی کۆمەڵگای هایتی لە نیۆیۆرکدا بە داهێنەری موعجیزەکان وەسفدەکرا.

ئەو وێنانەی کە لەوکاتدا گیراون ئەم دووانە سەیرە پێکەوە پیشاندەدەن کە لەسەر زەوییە تەختەدارەکەی کۆشکی نیشتیمانی سەما دەکەن: پیاوێکی قەڵەو کە گوڵێك بە چاکەتەکەیەوەیەتی و سەرنجی گەردنی هاوبەشەکەی دەدات، ژنەکەش ژنێکی باریکی جەستە ڕێك، بەجۆرێك لەجۆرەکان وادەردەکەوێت خەیاڵێکی کراوەی هەیە.

"تەڵاقدراوە!". سیمۆن دۆڤالییە بە نەڕاندنەوە ئەمەی وت، چونکە لەبوونی ژنێکی دیکە دەترسا لەناو کۆشکدا.

تەنانەت لەکاتی هەوڵدان بۆ پەشیمانکردنەوەی دۆڤالییە لە بیرۆکەی ژنهێنان، ئەوەشی وەبیرخستەوە کە ژنەکەی پێشووتری (ئەلکس باسکیە) یەکێك بووە لەنەوەی ئەو خێزانەی کە هەوڵیاندا (بابا دۆڤالییە) کە تازە وەك سەرۆك هەڵبژێردراوبوو لە ساڵی ١٩٥٨دا، لەدەسەڵات دووربخەنەوە. بەڵام هیچ یەکێك لە بیانوەکانی دایکی، نەیتوانی (بیبی دۆڤالییە)ی عاشق لە ژنهێنان دووربخاتەوە.

وەك ئەوەی باوکی پێشبینیکردبوو، مێشیل هیچ کاتێکی بە فیڕۆنەدا بۆ ئەوەی کە دەیویست دەستی بکەوێت. هەربۆیە ئاهەنگی ژنهێنانەکەی کە لە ٢٧ی ئایاری ساڵی ١٩٨٠ لە کەنیسەیەك لە پۆرتۆ پرانس بەڕێوەچوو، و نزیکەی ٣ ملیۆن دۆلاری تێچوو، بە سازدانی نمایشێکی سەرنجڕاکێشی یارییە ئاگرینەکانیشەوە.

دوابەدوای هاوسەرگیریەکە ڕاستەوخۆ، میشێڵ دەزگای (مێشێل ب. دۆڤالییە)ی دامەزراند وەك سندوقێك بۆ کۆکردنەوەی پارەکانی، هەروەها کەسە نزیکەکانی دۆڤالییەی لە کۆشك دوورخستەوەو کەسانی نزیك لەخۆی دانا.

(ئەرنێست)ی باوکیشی کردە یەکێك لەو ٢٥ کەسەی کە لەهەموو هایتی دا بەتەنها ڕێگایان پێدرابوو قاوە هەناردەی دەرەوەبکەن. بەڵام بە پێچەوانەی ٢٤ کەسەکەی دیکەوە، هیچ باجێکی لێوەرنەدەگیرا.

بەوتەی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)یش، قاوەکە تەنها بۆ پەردە پۆشکردنبوو، ئەگینا کاری ڕاستەقینەی بازرگانیکردنە بە کۆکاینی کۆلۆمبیەوە کە لە ڕێگای فڕۆکەخانەیەکی نەناسراوی تایبەتەوە ئەنجامدەدرێت. وادەردەکەوت کە (فرانز)ی برای (مێشیل)یش هەمان کاربکات، هەر بۆیە دواجار بەهۆی فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکانەوە لە وڵاتی (پۆرتۆریکۆ) دەستگیرکرا.

خەڵکی لە شەقامەکانی هایتی بەهۆی کەمی خۆراك و وشە ئاگرینەکانی دۆڤالییەوە دەمردن، کەچی (جان کلود و میشێل دۆڤالییە) لە کۆشکدا لە جیهانێکی خەیاڵاوی پڕ لەخۆشیدا دەژیان. بە جۆرێك وەزارەتی بازرگانی ئەمریکی ڕایگەیاندبوو لە ساڵانی هەشتاکاندا لە ٦٣٪ی داهاتی حکومەتی هایتی، بە شێوەیەکی نا شەرعی لە ڕێگای کارەوە یاخود کەسانی سەر بە دەسەڵاتەوە براوە.

تەنانەت یەکێك لە وەزیرانی دارایی لەکارخراوی هایتی دانی بەوەدا ناوە کە مانگانە ١٥ ملیۆن دۆلار بۆ (ئەو خەرجیانە تەرخان کراوە کە لە بودجەدا ئاماژەی پێنە کراوە).

لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠دا، لە ڕێگای دەزگاکەی (میشێل)ەوە، بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلار لە ٢٢ ملیۆن دۆلار کە بانکی نێودەوڵەتی بە قەرز دابووی بە هایتی، حەواڵەی چەند حساب بانکییەکی تایبەت بە (میشێل و جان_کلود دۆڤالییە)کرا.

## قسه لەگەڵ شەیتان

بەجیا لە هێزە سیحرییە داراییەکەی، میشێل، لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا دەستێکی باڵای هەبوو. بەجۆرێك ئەو کاتەی کە (دایکە تێریزا)ی لە کالکوتاوە بانگهێشتی پۆرتۆ پرانس کرد بۆ ئەوەی هاوکاری بکات لە کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ کارەکانی، دایکە تێریزا بە بەرچاوی هەموانەوە ستایشی کرد و پێی وت"ئەو خۆشەویستی بۆ هەژاران هەیە". هەروەها تەلەفزیۆنی هایتیش ئاهەنگی کۆمەك کۆکردنەوەی میشێلی پەخش کرد کە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەك سازیکردبوو، لەو ئاهەنگەدا نرخی بلیت ٥٠٠ دۆلار بوو، هەروەها هەر لەو ئاهەنگەدا ملوانکەیەك لە ڕێگای یانیسبەوە بە ٣٠ هەزار دۆلار دەفرۆشرا. و هەرکاتێکیش (میشێل) لە پۆرتۆ پرانس و لەوانەی کە بە هەژاران ناوی دەبردن بێتاقەت دەبوو، خۆی دەگەیاندە پاریس بۆ بازاڕکردن.

بەڵام جان _کلود ڕقی لەسەفەرکردن بوو، هەروەها چەندین کاری دیکەی هەبوو کە لەنووسینگەکەی خۆیدا سەریان قاڵدەکرد. یەکێك لەوانە بانگەشەکردن بوو، هەروەها ئەو لافیتە گەورەیە بوو کە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە تەنیشت ئەو ڕێگایەوە هەڵیواسیبوو کە دەڕۆیشت بۆ شاری (پۆرت لۆغان)و تیایدا نووسرابوو:

دەمەوێت لەبەرامبەر دادگای مێژوودا وەك کەسێك بوەستم کە بنەماکانی دیموکراسی لە هایتی دا بە شێوەیەکی جێگیر چەسپاندووە. ئیمزا/ جان _ کلود دۆڤالییە، سەرۆکی هەمیشەیی.

وەك ئەوەی وشەی"هەمیشەیی"دژی ئەو دروشمەی سەرەوە نەبێت.

هەر بەراستییش، دادگای مێژوو هیچ کاتی بە فیڕۆ نەدا بۆ ئەوەی بڕیاری خۆی بدات، کۆشکیش لەبەردەم داگیرکردنێکدا بوو کە خەریکبوو ڕوویدەدا. چونکە لە (غۆنیفیە)وە، ئەو بەندەری باکوور کە لانکەو شوێنی ئەو شۆڕشە بوو کۆیلە هایتییەکان بۆ سەربەخۆیی لە فەرەنسا لە ساڵی ١٨٠٤دا بەرپایانکرد، ڕەش پێستە برسییەکان هاتنە سەر شەقامەکان و

تابوتەکەی سەرۆکیان خستبویە سەرشان، و چەندین پارچە ئێسکییان بەرزکردبوییەوە. هەروەها وێنەی گۆڕێکیان کێشابوو تیایدا نووسرابوو"ئەی جان کلود، ئێرە شوێنی تۆیە". ئیدی ئەو سەرکوتکردنە زاڵمانەو ئەو قەشەو کۆمەڵە نهێنیانەی کە_ پایەکانی ڕژێمەکە_بوون چیدی دۆڤالییەیان نەدەویست. هەر بۆیە کەوتبوونە تۆمەتبارکردنی بەوەی تەسلیمی دزەکان بووە.

رژێمەکە کەوت.

میشێل، کە عەمامەیەکی سپی لەبەرکردبوو، سواری فرۆکەکە بوو بۆ ئەوەی بڕوات بۆ مەنفا. هەروەك ئەستێرەیەکی سینەمایی دەدرەوشایەوە. ئەو بە ڕواڵەت وادەردەکەوت تاکە کەس بێت لەکارەساتەکە بەسەرکەوتویی هاتبێتە دەرەوە.

سەرەڕای نارەزاییەکانی (ماما دۆڤالییە)، بەڵام میشێل توانی (جان کلود) ڕازی بکات بەوەی پیاوەکەی پێشووتری و هەردوو منداڵەکەش لەگەڵ خۆیاندا بهێنێ.

ئەوان درەنگ گەشتنە فرۆکەخانەکە، کاتژمێر سێ و نیوی بەیانی بوو، (جان _کلود) ئۆتۆمبیلێکی بی ئێم دەبلیوی ڕەنگ زیوی لێدەخوڕی، ڕوخسارێکی ساردی هەبوو هەروەك ڕوخساری یاریزانانی بۆکەر، هۆکاری دواکەوتنەکەش، وەك نەیارانیان دوپاتی دەکەنەوە، ئەوەبووە کە میشێل نەیتوانیوە دواین ئاهەنگ وەك ساتی ماڵئاوایکردن لەگەڵ لایەنگرە دڵسۆزەکانی خۆیدا سازنەکات و پێکەوە شامپانیا نەخۆاتەوە.

(ڤێرۆنیك) سەری دەلەقێنێت. "درۆیە. چونکە جان _کلود هەموو ئەوەی بۆ گێڕاومەتەوە، دەبوو ئەو شەوە ئەو حکومەتە دروستبکرێت کە دوای ئەو دەسەلات دەگرێتە دەست. هەروەها چەندین بڕیاریش هەبوو کە دەبوو دەربکرێن و چەندین بەڵگەنامەش هەبوو دەبوو ئیمزا بکرێن. شایەتحاڵمان هەیە کە هیچ کەسێك ئاهەنگی سازنەکردووە. ئەم درۆیەش هەروەك درۆکانی دیکە وایە".

دوای چەند ڕۆژێك کرێکارەکان لە وەرشەی کەشتییەکان لە (پۆرتۆ پرانس) گۆرانیەکی کالیپسۆیان دەوت بە ناوی (من خەمبارم بۆ تۆ)، گۆرانیەکە دەڵێت:

"میشێل بینیت"

من خەمبارم بۆ تۆ

چونکە لێرە بەدواوە

تۆ لە تەلەفزیۆنەوە نەبێت، هایتی نابینی!.

لەم ساتانەدا، خێزانەکەی دۆڤالییە یەکەم ڤێلایان گرت کە لە (رێڤێرا)ی فەرەنسی دەستیات کەوت. ئەوەی مایەی دژە یەکی بوو ئەوەبوو بوونە دراوسێ (غراهام غرین)ی نووسەر، ئەو نووسەرەی کە کاری (کۆمیدییەکان)ی وەك هەجویەك لە دژی دۆڤالییە نووسیبوو.

لەم شوێنەدا، لەکاتی چاوپێکەوتنی بۆ بەرنامەی ٢٠/٢٠ی کەناڵی (ئەی بی سی)، کە (باربەرا وۆڵتەرز) لەگەڵیدا سازیکردووە، میشێل، کە زیاد لە پێویست خۆی ڕوتکردبویەوە و لەسەر قەنەفەیەك دانیشتبوو، هەروەها جگەرەیەکی درێژی خستبویەوە نێو پەنجەکانیەوە، دەڵێت"نامەوێت چۆنێتی کاری ڕژێمەکەمان شەرح بکەم. ئەوە کارێکی ئاڵۆزە. . . چونکە کاتێك تۆ دەبیت بە سەرۆك و خانمی یەکەم، ئەوا وەك دایك و باوکی گەلت لێدێت". کاتێکیش (باربەرا) دەربارەی دیارنەمانی پارەی گشتی تووشی شەرمەزاری دەکات، میشێل وەها وەڵام دەداتەوە. "لەوانەیە چەند لادانێك لە حساباتدا ڕوویدابێت، بەڵام بڕوام وانیە پارەکان بە شێوەیەکی خراپ سەرفکرابن". لەولاشەوە (بیبی دۆڤالییە) شلەژاو بە تەنیشتیەوە دانیشتبوو وەك هەمیشە سەرێکی ڕەزامەندی بۆ لەقاند.

سیمۆن دۆڤالییه مرد. میشێلیش ڕۆیشت. ڤێرۆنیك ئەو ژنه به هێزەبوو که جێگای هەردوکیان گرتەوه، و له خودی دۆڤالییه زیاتر دۆڤالییەیتربوو.

کاتێك یەکێك ئەو لیسته دوورو درێژەی تاوانەکانی ڕژێمەکەی دۆڤالییه وەبیردەهێنێتەوه، ڤێرۆنیك پێڵوە درێژەکانی چاوی بەرزدەکاتەوە و دەستی دەجولێنێت: فەسادی ڕژێم له ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا له نێوان ساڵی ١٩٥٨ ەوە تا ساڵی ١٩٨٦، کاره توندوتیژییەکانی دۆڤالییه، هەژاری کوشندە له وڵات، دەسەڵاتی سەرکوتکاری، هەستکردن به گەورەیی، بەرپرسیارێتی مردنی ٤٠ هەزار کەس و دوورخستنەوەی ملیۆنێك کەس.

ڕەتکردنەوەی ئەم تۆمەتانه ڤێرۆنیك ئازار نادات. "هەموی درۆیە، پێشووتریش هیچ کەسێك هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ئەمه پێش کەشنەکردووە". دواتر سوێند دەخوا سەرۆکی ئێستا، و قەشەی پێشوو (جان_ براتراند ئەریستید) بەبەڵگەی پزیشکی شێتە، و به ئاشکراش گەندەڵە، و دانیشتوانی پۆرتۆ پرانس ئێستاش سۆزیان بۆ دۆڤالییه هەیە.

ئەو باس لەو"شۆڕشه کۆمەڵایەتییە"دەکات که دۆڤالییه ئەنجامی داوه. بۆ ئەمەش ئەو ئاماره کۆنانەی ساڵانی شەستەکان به بەڵگه دێنێتەوه که باس له فێربوونی ڕەش پێستەکان دەکات که هێشتا ئیستغلالکردنیان لەلایەن نوخبەی (خلاسی)یەوە تەواونەبووە، ئەم ئیستغلالکردنەی که زەمەنێکی درێژه دەستی پیّ کردووه، جگه لەماوەی حوکمڕانی خێزانی دۆڤالییەدا نەبیّ". سەرەخۆشی خۆشی ئاراستەی لەناوچونی توێژی ناوەڕاست دەکات، و ئاماژه بەوە دەکات ئەم توێژه دۆڤالییه بۆ یەکەمجار دروستیکرد.

"لەهەموو شوێنێکدا ئەوه دەخوێنمەوه که ڕێکخراوی (هیومان ڕایچ وۆتش) حکومەتەکانی دۆڤالییەی ئیدانەکردووە، و بانگەشەی ئەوەی کردووه که چەندین بەڵگەی لەسەر پێشێلکردنه ترسناکەکانی مافەکانی مرۆڤ دەستکەوتووه. ئەمه ڕاست نییە، چونکه ڕێکخراوی مافی مرۆڤی یەکەم ڕاپۆرتی خۆی له ساڵی ١٩٨٥ دەربارەی هایتی بڵاوکردۆتەوە،

ئەو وەختەش هیچ کات نەمابوو بۆ ئەوەی خەتاکە بخرێتە ئەستۆیی خێزانی دۆڤالییەوە". ئەوە بیانویەکی سەیرە، چونکە هێشتا (بیبی دۆڤالییە) لەو ساڵەدا لە دەسەڵاتدا بوو. بەهەرحاڵ، ڤێرۆنیك نایەوێ زۆر بەووردی بڕواتە ناو وردەکاری ڕاپۆرتە بەناوبانگەکەو ئاماژە بەوەدەکات بڕواتە سەر بابەتێکی دیکە.

دۆڤالییە دواکەوت. ڤێرۆنیك لەنێوان زمانەکانی ئیتالی و فەرەنسی و ئینگلیزی زۆر بەسانایی دیپلۆماتکارێك هاتوچۆ دەکات. دەڵێت هەرگیز خێزانەکەی دۆڤالییەی نەناسییەوە ئەو کاتەی لەدەسەڵاتدا بوون، و هەرگیزیش نەڕۆیشتووە بۆ هایتی.

"ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە". ئەمەی بە شانازییەوە وت. "بەڵام چەند جارێك ڕۆیشتومەتە سەر سنور، بە چەند مەترێك دوور لە خاکی هایتی، لە سنوری کۆماری دۆمینیکان".

بێگومان نزیکبوونەوەی ئەو لە خاکی ئەو نیشتیمانەی کە لە خۆی گرتبوو و بینینی ئاڵاکەی هایتی لە دووری چەند مەترێکەوە. "بەسبوو بۆ ئەوەی لەو دۆخە ناهەموارەی هایتیەکان ئاگاداربێت کە بەبێ خێزانی دۆڤالییە تیادا دەژیان".

"هەروەها پیاوێکی (خلاسی) هەیە کە دەستیگرتووە بەسەر هەموو داهاتەکانی نەوت کە بۆ هایتی دێت، پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند. بۆچی؟ چونکە کچەکەی عەشیقەی (ئەریستید)ی سەرۆکە". ڤێرۆنیك لەکاتێکا قاوەکەی لەبەردەمی خۆیدا دانا، بە زمانی ئیتالیی و بە گاڵتەپێکردنەوە بەردەوامی بەقسەکانی دەدا،"جارێکی دیکە دەسەڵاتی ئابووری کەوتۆتە دەست نوخبەی (خلاسی)یەکانەوە، هەروەك جاران".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

کاتێك (بیبی دۆڤالییە) دەگات، ڤێرۆنیك هەڵدەستێتە سەر پێ"ئەوە سەرۆك هات". ئەمەم بە چپەوە پێ دەڵێت نەوەك من نەیناسمەوە. هەر بەراستییش ئەو لەوەدا ڕاستی دەكرد. چونکە چیدی (جان کلود دۆڤالییە) هەمان ئەو گەنجە قەڵەوە نەبوو کە چەناگەیەکی تیژو ڕوانینێکی قوڵی هەبوو وەك ئەوەی لە وێنە کۆنەکاندا بە دیاردەکەوت. بەشێکی گەورەی کێشیشی لەدەستدابوو، زیاتر باریکتر بوبوو. قژە لولەکەی خەتێکی سپی تێکەوتبوو، زۆر بە سوکی قسەی دەکرد، قسەکانیشی لەسەر یەك ڕیتم بوو، هەروەك ئەوەی وزەی پێویستی نەبێت بۆ جوڵاندنی ژییەکانی قوڕگی.

کاتێکیش خەریکە هەوڵە بە هێزەکانی لە قسەکردندا تەواودەبێت، چاوانی بۆ ڤێرۆنێك دەجوڵێنێت و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕستەکە تەواو دەکات، و کۆتایی بە شیکردنەوەی دەهێنێت بۆ ئەوەی بڕواتە سەر بابەتێکی دیکە، هەمیشە بە"ئێمە، هی ئێمە"، ئەوە"شۆڕشی ئێمە""حکومەتی ئێمە"یە قسە دەکات.

بیبی دۆڤالییە ڕێگا بە ڤێرۆنیك دەدات بەردەوام بێت لە قسەکردن، تەنها ئەو کاتانە نەبێ کاتێك ڤێرۆنیك ناوی خوشکەکانی دۆڤالییەی لێتێکدەچێت، و وەها دەریاندەبڕێت کە ئەوە ناکۆکییەکی خێزانییە. "نەخێر، ئەوە نیکۆل نەبوو، ئەوە خوشکەکەی دیکەم بوو، ماری دینیز".

ئەگەر یەك کەم سەیر نەبوونایە، ئەوا وەك دوو هاوسەری پاریسی ئاسایی دەردەچوون. هەروەك چۆن دوو دایك و باوك باسی مناڵەکانیان دەکەن، ئەوانیش باسی (نیکۆلاس)ی تەمەن ١٨ ساڵ و (ئانیا)ی تەمەن ١٦ ساڵ دەکەن.

ئەو دوو مناڵە چیدی لەگەڵ میشێل دا ناژین، بەڵکو دەرۆن بۆ یەکێك لە خوێندنگاکانی پاریس.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

(جان کلود) لەوە ئاگادارم دەکاتەوە کە نیکۆلاس هاوکاری کردووە لە دروستکردنی پێگەیەکی ئەنتەرنێتدا. "ئەو شێتی کۆمپیوتەرە، هەروەك هەموو منالآنی تەمەنی خۆی". وادەردەکەوێت جان کلود و ڤێرۆنیك بە تەواوەتی سروشتی بن. هەروەك وادەردەکەوێت ئەو قسانەی دەیکەن زۆر مەنتیقی بن، هەروەك ئەو نبرەیەی کە قسەی پێ دەکەن.

جان کلود قاتێکی شینی تۆخی و بۆینباخێکی ڕەسمی لەبەردایە، هەروەك ئەوەی هێشتا سەرۆکی وڵات بێت. لە راستییشدا ئەو هەمیشە حەزی لە شیك پۆشی بووە، هەرچەندە ئەو دایکیشی تووشی دلگرانی کرد کاتێك بە کارە نائەخلاقیەکەی خۆی ئیدی بڕیاریدا قاتی ڕەش لەبەرنەکات، وەك ئەوەی هەمیشە باوکی لەبەرکردنی ئەو جۆرە ڕەنگەی بەلاوە پەسەند بوو.

دەربارەی ئەوە لێیان دەپرسم کە چۆن ژیانیان بەسەر بردووە بەر لەوەی حسابە بانکییەکەیان لە بانکە سویسرییەکە ئازاد بکرێت. بە سەرسووڕمانەوە سەیری یەکتری دەکەن. "چی حسابێك؟". پرسیارم لێ دەکەن. "هیچ حساب بانکییەك نەبووە. خەڵکی شتانێکی زۆر سەیر دەربارەی سەرچاوەی داهاتە داراییەکانی دۆڤالییە دەڵێن. لەراستیدا ئێمە داهاتێکی بچوکمان هەیە". دواتر چاوی دەخاتە سەر زەوییەکە وەك ئەوەی پرسیارەکە بێزاری کردبێت. ڤێرۆنیك قسەکانی بۆ دەسێنێتەوە"ئێمە لەچەندین لایەنگری دۆڤالییەوە لە تەواوی جیهانەوە یارمەتیمان بۆ هاتووە".

دوای دوو ڕۆژ لە دەستبەکاربوونی (جان کلود دۆڤالییە) وەك سەرۆکی هەمیشەیی، مەراسیمی بە خاکسپاردنی دۆڤالییەی باوك بەڕێوەچوو.

ئەوە ڕۆژی ٢٤ی مانگبوو، کە ئەمەش هەر بە سوتفە هاوکات بوو لەگەڵ یادێکی خۆشا، کە ئەویش جەژنی (بارۆن سامدی)بوو، خوای مەرگ لەلای ڤۆدۆییەکان، ئەو خوایەی کە کڵاوێکی لەسەرایەو لە گۆڕستانەکاندا بەهۆی برسێتییەوە بۆ لاشەی مردووەکان دەگەڕێ.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لە کۆشکی کۆماری لاشەی سەرۆك خرایە ناو تابوتێکی سەر ئاوەڵاوە، قاتێکی ڕەش وەك ئەوەی هەمیشە حەزی دەکرد لەبەریبوایە لەکاتی خوانی ئێواراندا، کرایە بەری، لەگەڵ بۆینباخێکی سپی، دواتریش هەر بەهۆی سوتفەیەکی خۆشی دیکەوە، جۆری جلوبەرگی (بابا دۆڤالییە) هەر هەمان جۆر جلوبەرگەکەی (سامدی) بوو. کتێبێکی بەرگ سوور بەناوی (بیرەوەرییەکانی سەرکردەیەکی جیهانی سێ) و کتێبی (شۆڕشی نموونەیی) خرابوییەوە دەستییەوە، ئەوە نووسخەی دۆڤالییەی کتێبی سووری (ماوتسی تۆنگ) بوو کە تیایدا بیردۆزەکەی خۆی خستۆتە ڕوو"بەوەی هەندێکجار پزیشك ناچارە کەسێك بکوژێ بۆ ئەوەی یەکێکی دیکە ڕزگار بکات".

٢٢ پاسەوانی شەرەف و ٢٢ سەرباز لە چواردەوری تەرمەکەی بوون، ئەمەش وەك ڕێزگرتنێك لە ژمارە ٢٢. چونکە دۆڤالییە لە ٢٢ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٧ دا بوو بە سەرۆك، هەروەها لەبەرواری ٢٢ حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٤ خۆی کرد بە سەرۆکی هەمیشەیی وڵات. هەندێ پڕوپاگەندەش هەن باس لەوە دەکەن لە ٢٢ تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٦٣دا بە بۆنەی مردنی (جۆن. ف. کیندی) دوژمنی سەرەکی خۆیەوە، ئاهەنگی ساز کردووەو شەمپانیای هەڵداوە، وەك دەربڕینی ڕێزیش لە هوتێل (ئەلۆفسۆن) ی باشترین هوتێلەکانی پایتەخت ژووری ژمارە ٢٢ بوونی نەبوو.

دوای مردنیشی، دۆڤالییە وەك ڕۆحێکی بەهێزی خاوەن دەسەڵات لە (بانتیۆن ڤۆدۆ)(هەیکەلێکی دروست کراوە بۆ هەموو خوا زانراو نەزانراوەکانی ڤۆدۆ) جێگای کرایەوە.

تەنانەت (باوکە دۆڤالییە)ش خودی خۆی گومانی هەبوو سەبارەت بە تواناکانی (جان_کلود) (سەرەڕای خاڵە لێکچوەکانیش لەنێوان ئەو و ئۆگۆستۆسی قەیسەردا). هەربۆیە بەر لەمردنی سووربوو لەسەر دامەزراندنی دوانزە وەزیر کە کاریان تەنها ئامۆژگاریکردنی بوو.

(دایکە دۆڤالییە)ش ئۆتۆکراتیەکی توندو نوێنەری (باوکە دۆڤالییە)بوو لەسەر زەوی، بەرزترین پلە لەهەموو وەزیرەکان، تەنانەت لە جێنشینیش لە ڕیزبەندە نارەسمییەکانی کۆشکدا. بەڵام بەرزترین دەسەڵات، دەسەڵاتی سەرۆکی پێشوو بوو کە ئێستا ڕۆیشتۆتە ناو خوای ڤۆدۆوەو بەسەر هەموو بەشەرییەتدا دەسەڵاتی هەیە.

هیچ کەسێك ناتوانێ بڵێت کە فرانسوا دۆڤالییە، گرنگی پێویستی نەداوە بە خۆئامادەکردن بۆ جێگرتنەوەی باوکی.

"من زۆر شانازی بە ناوی خۆمەوە دەکەم، و هەروەها شانازی بەو کارانەوە دەکەم کە خۆم و باوکم بۆ هایتی ئەنجاممانداوە. لەسایەی ئێمەوە وڵات گەشەی سەند. هەروەك دەبینی، من لە فەرەنسا دەژیم. لەوانەیە ئەمە شتێکی سەیربێ، ئەویش بەو پێیەی فەرەنسا ئەو وڵاتە بووە کە هایتی لەگەڵیدا جەنگاوە لە پێناوی دەستکەوتنی سەربەخۆیی. من دەمتوانی بڕۆم بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاخود ئەمریکای لاتین. بژاردەکەم بە دەست خۆم بوو. ئەوە ڕاست نییە گوایە من ناچارکراوم بێم بۆ ئێرە,بەڵام، وەك دەبینی، من بە ئینگلیزی یاخود ئیسپانی قسەناکەم، هەر بۆیە فەرەنسام هەڵبژاردووە. بەڵام هێشتا دڵم هەر لە هایتییە، هەرمنیش تاکە کەسم کە دەتوانم ئەو وڵاتە ڕزگار بکەم، کە ئێستا لە دۆخێکی خراپدایە".

"نەخێر، خانەنشین نەبووم، هێشتا نەگەشتومەتە تەمەنی خانەنشینی. . . چیدی توانام نەماوە دەستەوەستان دانیشم دەربارەی ئەو دۆخەکەی گەلەکەمی پیادا تێپەڕدەبێ. کاتێك سەرۆك بووم شتانێکی زۆرم پێشکەشی هایتی کردووە، سەرەڕای هەوڵەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەڵام وڵاتەکەم هیچ ڕۆژێکی وەك ئەم ڕۆژانە نەبووە لە ناخۆشیدا".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

"حەزەکەم پەیوەندیم لەگەڵ. . . نازانم چۆن بۆت وەسفبکەم؟ لەگەڵ جیهانی گوندەکان، لەگەڵ گوندنیشینەکان هەبێ، ئەم جیهانە دڵی ڕۆشنبیرییەتی هایتی پێکدەهێنێت، من کاتێك سەردانی جوتیارانم دەکرد لە کێڵگەکانی خۆیاندا چێژم دەبینی".

"دەربارەی ڤۆدۆش، لەتوانامدایە پێت بڵێم کە تاکە هۆکار وادەکات گوندنیشینان سەردانی کەنیسە کاسۆلیکییەکان بکەن، بەهیوای دەستکەوتنی هەندێك پارەیە. بەڵام ئەوان باوەڕیان بە هەمان خوا نییە کە مەسیحییەکانی ڕۆژئاوا باوەڕییان پێیەتی. ئەوان باوەڕیان بە (ڤۆدۆ)یە، ئاینییە میللییەکەو ڕۆشنبیرییە تەقلیدییەکەیەتی، چونکە ڤۆدۆ ئاینێکی ڕەسەنی قوڵە لە ڕۆحی هایتییەکاندا. هەربۆیە ئەوە شتێکی سروشتییە کە (خلاسییەکان) ڕێزی نەگرن. بەڵام ڤۆدۆ ئەو ئاینە بوو کە بوو بە هۆکاری یەکخستنی یاخیبووەکان بۆ تێکشکاندنی ناپلیۆن و فەرەنسیەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا. ڤۆدۆ ئەو هێزەبوو کە هاوکاری (توسیان لۆفیرتور)ی کرد، سەرکردەی شۆڕشی کۆیلەکان کە ناسراوە بە (یاقوبی ڕەش)، توانی سەرکردایەتی سوپایەکی پەرتەوازە بکات و ناپلیۆن تێکبشکێنێت و سەربەخۆی بۆ هایتی بە دەستبهێنێت.

لەچەندین ناوچەی جیاوازی ئەفریقاوە چەندین ئەفریقای هاتنە هایتی، کە بە چەندین زمانی جیاواز قسەیان دەکرد وعادات و تەقالیدی جیاواز جیاوازیان هەبوو، ڤۆدۆ ئەو ئاینە بوو کە یەکیخستن".

"ئایا باوەڕ بە ئاینی ڤۆدۆ دەکەم؟ بە دڵنیاییەوە. باوەڕم بە بەهاکانی هاوکاری و پێکەوەیی هەیە ئەوەی کە ئاین تەعبیری لێدەکات. سیحری ڕەش ناچێتە ناوەڕۆکی ڤۆدۆوە، بەڵکو ڤۆدۆ ئەوە ڕەتدەکاتەوە. ڕاستە هەندێك هەن ئەو سیحرە دەکەن، ئەوەشی کە (هۆغان) یەکێك لە قەشەکانی ڤۆدۆ ئەنجامی داوە، خودا لەبری ئەوە سزای دەدات. سەرەڕای ئەوەش، ئەی ڤێرۆنیك بۆی باسبکە کە ڕۆژئاواییەکان، لەچەندین بۆنەدا پزیشك و

**قسە لەگەڵ شەیتان**

زاناو چاودێری بێلایەنیان ناردووە بۆ ئەوەی بەشداری ئاهەنگەکانی ئاینی ڤۆدۆ بکەن بۆ ئەوەی بزانن لەتوانایاندا هەیە کەشفی نهێنییەکانی بکەن، بەڵام هیچ کام لەوانە نەیانتوانی هیچ بەدەستبهێنن. چونکە چەندین بنەمای سەروو سروشتی لە ڤۆدۆدا هەیە کە زانست ناتوانێت تەفسیری بکات".

"تۆنت ماکوتە...؟؟ ئەوانە لە بنەڕەتدا لایەنگران بوون. ئایا٠ ئێوەش لە ئەوروپا هەر وا بانگیان ناکەن؟ بەڵی. لایەنگران. نەوەی خەڵکە سادەکە، گەنجانی خێزانە گوندییەکان ئەوانەی کە چەکیان هەڵگرت لە پێناوی پاراستنی حکومەتەکەی خۆیان. بەڵام ئەوان لەرووە مێژووییەکەوە کەنیسە پشتگیری نەکردن. هەر ئەمە بوو کە ڕوویدا، کەنیسە لەگەڵ (خلاسییەکان)دا، توێژە دەوڵەمەندەکە، هاوپەیمانی بەست. لەگەڵ ئەوەشدا چوار لەسەر پێجی دانیشتوان لەگەڵیاندا بوون، هەر ئەمەش گرنگە. چونکە (تۆنتون ماکوتە) بەرگریکاری ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییە بوون کە دۆڤالییە هەڵگیرساند، هەروەها بەرگریکای خاکی نیشتیمانیش بوون.

چەندین میلیشیای میللیان دروست کرد کە بە ناوی (خۆبەخشەکانی ئاسایشی نیشتیمانی) دەناسران و ڕێگایان لە جێبەجێکردنی کودەتا سەربازییەکەی سوپا گرت کە ڕۆیشتبوونە پاڵ توێژی (خلاسییەکان).

سەبارەت بە (تۆنتۆن ماکوتە) شتی زۆر وتراوە، درۆی زۆر بۆ ناشیرینکردنی ناوبانگیان هەڵبەستراوە. هەرچەندە ئەوان لەساڵی ١٩٥٨ بەرگرییان لە هایتی کرد، ساڵێك دوای هەڵبژاردنی باوکم، ئەو کاتەی مورتەزەقە بیانیەکان بە پاڵپشتی (پۆل ماغلوێر)ی سەرۆکی پێشوو ویستیان هایتی داگیربکەن. بەڵێ، ئەو مورتەزەقانەی کە باوکی پیاوەکەی (میشێل) ڕێبەرایەتی دەکردن.

دوای ئەوەی (تۆنتۆن ماكوتە) جەنگەكەی بردەوە، هەرچی گرفتێك ڕووبەری گەل دەبویەوە، ئەوان چارەسەرییان دەكرد. بەجۆرێك پارەیان دەبەخشی بەو خێزانانەی كە دەستكورت بوون، هەروەها ئەو گەنجانەی كە بێكاربوون و ئەو دایكانەی كە پێویستیان بە پارە بوو بۆ ئەوەی مناڵەكانیان بنێرنە بەر خوێندن، ڕوویان دەكردە ئەوان. لە غیابی دەزگاكاندا ئەوان وەك نێوەندگیرییەك وابوون، من ئەوە ناو دەنێم. . . دەستڕەنگینەكانی شۆڕشی كۆمەڵایەتی".

"پەشیمانی...؟؟ تەنها بۆ یەك شت هەست بە پەشیمانی دەكەم: من نەمتوانی ببمە هۆكاری لە دایكبوونی دیموكراسییەكی ڕاستەقینە لە هایتی دا. كاتی پێویستیان نەدامێ. هەتا ئێستاش دوای پانزە ساڵ لە ڕۆیشتنی من، هێشتا هایتی دیموكراسی بە خۆیەوە نەدیوە. تۆ ناتوانی بە تەنها بە هەبوونی دابەشكردنی پارەو هاوكاری بیانی دیموكراسی دروستبكەیت، دەبێت تۆ ڕۆشنبیری سیاسییت هەبێت، هەروەك چۆن پێویستت بە توێژێكی سیاسییە، ئەمەش ئەوە بوو كە ئێمە كارمان بۆ دروستكردنی دەكرد".

"ماوەیەكی كەم بەر لەئێستا نامەیەكم بۆ نەتەوەكەم نارد. نامەكە بۆ دۆڤالییرییەكانی هەر نۆ موقاتەعەكە و دۆڤالیرییەكانی دەرەوە بوو. نامەكە نامەی برایەتی و هیوا بوو، وتم ئەم ساتە ناخۆشە ساتێكی زۆر ناخۆش و ئازاردەری ڕۆحمانە، بەڵام ئێمە ڕووبەروی وەستاوین. ڕەتكردنەوەی خود تاكە هەستە كە كۆمان دەكاتەوە، ئامادەشین بۆ ئەو قوربانیدانەی كە لە دایكبوونێكی نیشتیمانی پێویستییەتی.

لەنامەكەمدا باسم لە ئازادی، و عەدالەتی كۆمەڵایەتی، و لێبوردەیی كردووە. واتە باسم لە بەهاكانی دۆڤالییری كردووە.

هەروەها نووسیومە: من یەقینی تەواوەتیم هەیە دەربارەی گۆڕانکارییە حەتمییەکان، و لەتوانامدایە ئەم وڵاتە ڕووەو گۆڕانکارییەکی مادی و ئەخلاقی وەرچەرخێنم بەپاڵپشتی خودای گەورەو نەمر".

ڕەنگە بە زەرورەت ئەو خودا گەورەو نەمرەی کە دۆڤالییە باسیکرد، هەمان ئەو خودا گەورەیە نەبێت کە کەنیسەی کاسۆلیکی هەیانە. چونکە لە ساتی گرژی پەیوەندییەکانی نێوان (پۆرتۆ پرانس) و ئەو (ڤاتیکان)ەی کە ڕقی لە ئاینی ڤۆدۆ بوو بە هۆکارێکی دەستی توێژی (خلاسی)ییەکانی دەزانی، (بابا دۆڤالییە) هیچ کاتێکی لەوەدا بە فیڕۆنەدا بۆ ئەوەی هیچ گومانێك نەهێڵێتەوە کە ئەوە خۆیەتی، نەوەك خودای ڕۆمە کاسۆلیکییەکان، کە تاکە پەرستراوی هایتی تازەو شۆڕشگێڕە. بەمجۆرە لەسەرەتای"دەسەڵاتەکە"ی خۆیدا لە نوێژەکەی خودا گۆڕانکاری کرد، و نووسخەیەکی تازەی شۆڕشگێڕانەی دروستکرد:

(دۆڤالییەکەی ئێمە، کە لە کۆشکی نیشتیمانیدا بۆ ئەبەد، ئەیپەرستین

ناوی تۆ بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتوشە. هەروەکچۆن ئیرادەی تۆ لە هەرێمەکاندا هەیە

با پۆرتۆ پرانسیش هەبێت. هایتییەکی نوێمان بدەرێ

و لەگەڵ ئەو نانیشتیمانیانەشدا هیچ لێبوردە مەبە کە ڕۆژانە تف دەکەنە وڵاتەکەمان بیانخەرە ژێر ئەزمونەوە، لەژێر ڕقەکانی خۆیاندا فشاریان لێبکەو لە ئازار ڕزگاریان نەکەیت).

خوێندنگاکان کەوتنە خوێندنی"عەقیدەی ئاینیە شۆڕشگێڕییە نوێیەکە". لەکاتێکدا ئەم عەقیدەیە لە شێوەی پرسیارو وەڵامی تەقلیدیدا بوو، سێینە پیرۆزەکەی مەسیحیشی گۆڕی بۆ پێنجە پیرۆزەکە، ئەویش بەمجۆرە:

## قسه لەگەڵ شەیتان

پرسیار: دۆسالین، توسیان، کریستۆف، بیسیۆن، ئیستیم، کێ بوون؟

وەڵام: پێنج سەرۆکی دیاری دەوڵەت بوون کە بەرجەستەکەری یەك وڵاتن کە ئەویش لە کەسایەتی فرانسۆ دۆڤالییەدا ڕەنگی داوەتەوە.

دوای تەنها پێنج ساڵ لە هەڵبژاردنی، (پاپا یۆحەنا پۆلسی دووەم) لە ئازاری ساڵی ١٩٨٣ سەردانی هایتی کرد. هایتی لەپێشەوەی کارەکانی بوو.

ئەو کاتەی کە گەشتە فڕۆکەخانەی (فرانسوا دۆڤالییە)ی نێودەوڵەتی، و دوای ئەوەی سێجار زەوییەکەی ماچکرد_ ئەمەش بەلای ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئاینی ڤۆدۆیی هەبوو وەك ئەنجامدانی تەقسێکی سیحری ئامێز یاخود ناردنی لە عنەتێك وەهابوو_ وتارێکی پێشکەش کرد کە مەبەستی لێی سەرسامکردنی هایتییەکان بوو. چونکە لەبەرامبەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کە ئارەزویان بۆ گومان هەبوو، ڕوویکردە (جان کلود) و (میشێل دۆڤالییە)و وتی: وڵاتەکەتان وڵاتێکی جوانە، سەروەتێکی مرۆیی دەوڵەمەندی هەیە، بەڵام مەسیحییەکان ناتوانن ئەو زوڵم و نایەکسانییە زۆرە، و گرانی ژیان، هەژاری، و ترس، نەهامەتییانە نەبینن کە زۆربەی گەل بە دەستییەوە دەناڵێنن".

"پاپا باش ئاگاداری دۆخی گەل نەبوو". دۆڤالییە وا دەڵێت و بەردەوام دەبێت"بەهەرحاڵ، لە کاتێکدا هەموان وتاری ئەو ڕۆژەیان لەبیرە کە هاتووە، کەچی کەس وتاری ڕۆژی ماڵئاواییەکەی لەبیر نییە کە تیایدا بە زمانێکی جیاواز قسەی کردو داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کە هاوکاری دارایی پێشکەشی حکومەتەکەم بکەن".

لەهەمان ساڵدا، توانی دزە بکاتە ناو (بیزانۆ)ەوە، کە ئەمەش گرنگترین کۆمەڵەی نهێنی بوو لە هایتیدا.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ناوی ئەم کۆمەڵەیە لە بنەڕەتدا، وەك حاڵی زۆربەی تقوس و بڕواکانی، دەگەڕێتەوە بۆ خۆرئاوای ئەفریقا.

(دیفین) توانی بڕواتە ناو مەعبەدە نهێنییەکانی ڤۆدی تایبەت بە کۆمەڵەی (بیزانۆ)، و ئەوەی بۆ دەرکەوت کە سەرۆك لەلای ئەم کۆمەڵەیە گرنگترین خودایە.

بەجۆرێك وێنەکانی (فرانسۆ دۆڤالییە) مەعبەدەکانیان پڕکردبویەوە، ئاڵاکەشیان سوورو ڕەشبوو ئەویش وەك دەلالەتێك بۆ خوێن و شەو.

سوتفەشی کرد دوابەدوای هەڵبژاردنی وەك سەرۆك، دۆڤالییە ئاڵایەکی سوورو ڕەشی بۆ وڵات دانا.

کۆمەڵەکە چەندین کەسی ناودارو پاشاو سەرۆك حکومەتی تیادا ئەندامبون. تێکەڵەیەك بوو لە دیموکراسییەتی ئەمریکی و ئەرستۆکراتیەتی فەرەنسی، و سیستەمی خێڵەکی ئەفریقی.

شتەکانی ناو مەعبەدەکەش بریتی بوون لە کچە ڕەشپێستە پاکیزەکان، هەروەها شوشەی ڕۆمی و شمشێرو ئەو پاچ و خاکەنازانەی کە گۆڕهەڵکەنەکان پێیانە، لەگەڵ دڵی بە دەرزی چێنراو.

دروشمی کۆمەڵەی (بیزانۆ) بریتی بوو لە"سیستەم و ڕێزگرتنی شەو". هەر ئەم دروشمەش دروشمی ڕەسمی هایتی بوو: چونکە (سیستەم) مانای پێویستی گوێڕایەڵیکردنی بابا دۆڤالییە بوو، لەکاتێکدا (ڕێزگرتنی شەو)یش ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ هێرش و کارە بەناوبانگەکانی تۆنتۆن ماکوتە کە لە شەودا ئەنجامیداون. هەر بۆیە دۆڤالییە ئەوەی خۆشویست کە ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین بە (سەرنجە قوڵەکان) ناوی ببەین، ئەو کاتێکی زۆری خۆی لە دروستکردنی ڕستەی کورتی وەهادا سەرف کرد کە جەماوەرەکەی و ئەوانەی باوەڕیان بە ڤۆدۆ هەبو بتوانن بە ئاسانی لەبەریبکەن. چونکە کاتێك لە حوزەیرانی ساڵی

**قسە لەگەڵ شەیتان**

١٩٦٤ بوو بە سەرۆکی هەمیشەیی، لە باڵەکۆنەی کۆشکی نیشتیمانیدا، پێناسە بەناوبانگەکەی خۆی کرد و وتی: دکتۆر دۆڤالییە، زەبەلاحێکە لە توانایدا هەیە بەری خۆر بگرێت.

بەهەرحاڵ، دەستوری تازەش پێناسەیەکی ئاڵۆزی کردوەو بە پادشا وەسفیکردوە. چونکە بابا دۆڤالییە خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی کە خۆی وەك ئیمپراتۆر فرانسوای یەکەم بناسێنێت و ئەو دەسەڵاتە پادشاییەتیە بگەڕێنێتەوە کە ساڵانێکی درێژە لەدەستچووە.

لەکاتێکدا لە هوتێل (میترۆپۆلیتان) دانیشتون، وەختە پێکەنینەکانی دوو پیاوە مافیا کرواتیەکە بەسەر دەنگە کورتە تیژەکەی سەرۆکی هەمیشەییدا زاڵدەبێت. چونکە لەدوای هەر ڕستەیەکەوە کە دەیڵێت، (جان_کلود) لە چاوەڕوانی وەرگێڕانی ڕستەکەیدا لەلایەن (ڤیرۆنێك)ەوە سەیرێکی زەوییەکە دەکات وەك ئەوەی بیەوی لەمێشکی خۆیدا خۆی بۆ وتنی ڕستەی دووەم حازربکات، دووبارەی دەکاتەوەو لە بێژەنگی دەدات تا ئەو خاڵەی کە بڕوای وایە بەپێی توانای خۆی کاریگەری بەجێدەهێڵێت.

"ڤیرۆنێك پێیبڵێ هەرگیز هیچ پیاوێکی ڕەش پێست بەر لەسەردەمی خێزانی دۆڤالییە نەبووەتە ئەفسەری سوپا. ئەمە بە ڕەهایی کارێکی قەدەغە بوو". دەنگی دەلەرزێت. "پێیبڵێ ڕێگا نەدەدرا مناڵانی خەڵکانی سادە ببنە پزیشك، و ژمارەیان لە ساڵێکدا لە ١٢ تا ١٥ پزیشك تێپەڕی نەدەکرد، کاتێکیش من هاتمە دەسەڵاتەوە ژمارەیان بەرزبویەوە بۆ ٢٥٠ پزیشك، ئەوەش بەهۆی فەزڵی باوکمەوە بوو، ئەوەی پێبڵێ".

ڤیرۆنیك وەرگێڕانەکە دەکات، بەڵام هەست بە ڕازیبوونی تەواوەتی ناکات لەوەی کاتێك دۆڤالییە بەرگری لە خۆی دەکات.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

پرسیاری لێ دەکەم، بەو گریمانەی کە دۆڤالییە بەرزکردنەوەی پلەی ڕەش پێستەکان بە گرنگ دەزانێت، ئایا ژنهێنانی لە توێژی (خلاسیەکان) موفارەقە نییە؟.

ڤیرۆنیك زەردەخەنەیەك دەکات، هەرچەندە پرسیارەکە دڵخۆشی کرد، بەڵام بە نبرەیەکی جیاوازتر وەك ئەوەی ئەمجارە وەرگێڕانەکەی نەزانێت، وەریدەگێڕێت بۆ دۆڤالییە.

"پێیبڵێ کە من، بە جیا لە. . . نازانم چی بڵێم، هۆکارە عاتفییەکان، من بە هیوا بووم ئەم ژنهێنانە ببێتە هۆی یەکخستنی گەلی هایتی، سپی پێست و ڕەشپێستەکان، . ئەمەش ڕوویەکی تر بوو لە ڕووەکانی دیکەی ئەو شۆڕشەی کە دۆڤالییەی هێنای".

ڤیرۆنێك پێ دەکەنێ و دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانەکەی خۆی.

ئایا تۆنتۆن ماکوتەکان هەرگیز تاوانبار نەبوون و سەرپێچیان ئەنجام نەداوە؟ بە وورياييەوە پرسیار دەکەم، بەهیوام دۆڤالییە وەها لێبکەم ڕەخنە لەخۆی بگرێت.

ڤیرۆنێك وەڵام دەداتەوە"وەك دەزانی لەهەر هێزێکی پۆلیسدا خەڵکانی توند هەن، بەڵام بۆچی ڕۆژنامەکان لۆمەی سەرۆکی ئەمریکا ناکەن کاتێك پۆلیسێکی نیۆیۆرك لە کەسێك دەدا یاخود هاوڵاتیەکی بێتاوان دەکوژن؟ ئێمە دەمانتوانی چی بکەین؟ خۆبەخشەکانی هێزی ئاسایشی نەتەوەیی کەسانی سادەی کۆمەڵایەتی بوون، لە وڵاتێکدا هاوکاری گەلیان دەکرد کە خاڵیبوو لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان".

ئەوان چاکبوون. بەڵام، ڕاپۆرتێکی (هیومان ڕایتس ووچ) حەقیقەتێکی تەواو پێچەوانەی ئەوەمان پێدەڵێت.

بۆ نموونە لە (کازیرن دۆسالین)، ئەم سەربازگانەی کە تەنها پەنجا مەتر لە پەردە حەریرییەکانی کۆشکی نیشتیمانیەوە دوورن، تۆنتۆ ماکوتە وەك ئەوەی (رینیە تیودۆر)ی

**قسە لەگەڵ شەیتان**

کەسایەتی ئۆپۆزسیۆنی بە ناوبانگ ناوی دەبات"چێژ بینین لە مردنی سیاسییەکان" ئەشکەنجەدانیان بەکاردەهێنا.

تۆنتۆن ماکوتە گوندنشینەکانیان دەترساند، بەجۆرێك لەژێر هەڕەشەی سوتاندندا لەماڵەکانیان دەریاندەکردن و دەیانگواستنەوە بۆ کەپرە کوخەکانی قەراخ پۆرتۆ پرانس، بەبێ ئاوو کارەباو ئاوەڕۆ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوان (تۆنتۆن ماکوتەکان) شایانی ئەو وەسفە شیعرییە بوون کە سەرۆکی پێشوو دەیکردن: دەستڕەنگینەکانی شۆڕش.

ڤیرۆنیك دەڵێ،"دەربارەی ماکوتە، لە هایتی دۆڤالییە، هەڵبژاردن ئەنجامدرا، ئەوەش هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە بوو، حەزەکەم هەمیشە باسی ئەمە بکەم. ماکوتەکان هاوکاربوون لە ڕێکخستنی ئەو هەڵبژاردنە". لەوانەیە مەبەستی ئەو ڕاپرسییە بێت کە لە ڕۆژی ٢٢ ی تەموزی ساڵی ١٩٨٥ ئەنجامدرا ئەو کاتەی جان کلود دوو مادەی لەدەستور خستە هەموارکردنەوە: یەکەمیان ماف سەرۆکی هەمیشەیی لە دەستنیشانکردنی جێگرەوەی خۆی، و دووەمیشیان ماف ئەو حزبانەی کە وەلائیان بۆ ڕژێم هەیە بۆ ئەوەی هاوکاری مادی لە حکومەت وەربگرن.

لەراپرسییەکەدا هەموارکردنەوەی هەردوو مادەکە بە ڕێژەی لە ٩٩. ٩٨ دەنگەکانی بەدەستهێنا.

"نەخێر، بەڵکو ئاماژە بە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٧ دەکەم، کاتێك فرانسۆ دۆڤالییە بۆ یەکەمجار ئەو مافەی بە ژنان بەخشی کە بەشداری هەڵبژاردن بکەن. ئەو ئازادی کردن. لە سایەی خێزانی دۆڤالییە، ئێمە ژنانی ماکوتەمان هەبوو کە پێیان دەوترا ماری_جان، وەك ئاماژەیەك بەبوونی ژنەکان لەبەرامبەر خۆبەخشە پیاوەکاندا. ئەمەش بڕیارێکی پێشکەوتنخوازانە بوو، چونکە پێشتر وەك ئەوەی تەقالیدەکان دەیانخواست، ژنان لە هەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دوورخرابوونەوە".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لەو خاڵەدا دۆڤالییە بێدەنگییە درێژەکەی خۆی دەبڕێت و دەڵێت"ڤیرۆنیك، پێیبڵێ، ئەوە ڕوخسارە مێینیەکەی کەسایەتی فرانسوا دۆڤالییە بوو".

روخساری مێینەیەتی؟ ئایا مەبەستی لایەنە ژنانەکەیەتی؟.

"نا، نا، مەبەستم مێینیەکەیەتی". بیبی دۆڤالییە بە سووربوونێکەوە وەها دەڵێت.

ڤیرۆنێك لە ئێستادا دێتە ناو قسەکانەوە، بۆ ئەوەی مشتومڕەکە بەرەو ئاراستەیەك نەڕوات بڕواتە سەر بابەتێکی ترسناك،"هەروەکچۆن حکومەتەکەی دۆڤالییە لایەنگرانی پیاوی هەبوو، بەهەمان شێوە لایەنگرانی ژنیشی هەبوو. دۆڤالییە پیاوێکی داهێنەربوو، پشتی ژنانی گرت".

"دەربارەی (ئەریستید) قسەی بۆ بکە، پێی بڵێ کە من کابوسی ئەوم". دۆڤالییە هیچ سەبرێکی نەماوە و لە کاتێکدا چاوی بڕیوەتە زەوییەکە وەها دەڵێت، وەك حاڵی هەمیشەیی.

ئەو تاقەتی قسەکردنی نەماوە لەسەر ڕابردوو، چونکە مەبەستی داهاتووە. داهاتوویەك خاڵی لە ئامادەبوونە ستەمکارییەکەی تارمایی باوکی، و چاودێرییە کوشندەکەی دایکی، و داواکارییە لە ڕادەبەدەرەکانی میشێل. داهاتوویەك کە لە کۆتاییدا، تەنها بۆ خۆی و خۆی بێت.

"ئۆو، بەڵێ، سەرۆك منی نارد بۆ کەنەدا، و ئەمریکا، و کۆماری دۆمینیکان بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنگرانیدا چاوپێکەوتنی بۆ ڕێکبخەم". ڤیرۆنێك بەردەوام دەبێت ودەڵێ"سەردانێکی سەرکەوتوبوو، دۆڤالییە لە ئەمڕۆدا لە هەر ڕۆژێك زیاتر جەماوەری هەیە. هەروەها گەورەترین کابوسی (ئەریستیدە). (ئەریستید) پڕوپاگەندەی درۆینەی بڵاودکردۆتەوە بەوەی گوایە ئێمە لە پارەی حسابە بانکیە سڕ کراوەکانمان پارەمان بەخەڵکی داوە بۆ ئەوەی بێن بۆ کۆبوونەوەکان، لەراستیدا (دۆڤالییە) لە (ئەریستید) زیاتر جەماوەری هەیە".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

جارێکی دیکە دەنگی دۆڤالییە بە کزی دەبیسترێ. "دەربارەی ڤاتیکان قسەی بۆ بکە"،"بەدڵنیاییەوە". ڤیرۆنێك هاوڕاییەتی. "ڕاپۆرتە ناوخۆییەکانی ڤاتیکانمان سەبارەت بە (ئەریستید) خوێندۆتەوە. ئەو ڕاپۆرتانە ئەوە دەخەنە ڕوو کە نەخۆشی دەروونی هەیە. ئێمە بەڵگەی ئەوەمان لایە کە ئەوە دەسەلمێنێت لە کۆماری دۆمینیەکان بە تۆمەتی دەستدرێژیی سێکسیەوە دەستگیر کراوە. (ئەریستید) هایتی کردۆتە دەوڵەتی مادە هۆشبەرەکان کە لەسەر داهاتەکانی بازرگانی بە کۆکایینەوە دەژی. گەل ڕقی لە ئەوە".

(جان_ کلود)ی کەشخە، خۆی بە جۆرێکی وا ئامادەکردەوە هەروەك تازە زاوایەك، لەو بێ موبالاتییەی کە تا ئەو ساتە تیادا بوو، دەردەچێت و دەڵێت"لەچەندین هەوڵی تیرۆرکردن ڕزگارم بووە، ئەو کاتەی کە خوێندکاری خوێندنگا بووم ویستیان تیرۆرمبکەن، بەڵام چەند پاسەوانێکی تایبەتیم کوژران. بەمجۆرە، هێشتا زیندووم، ئامادەم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ژیانم بە هایتی ببەخشم".

بەڵام من بڕوام وایە گەڕانەوە بۆ کۆشك هێشتا کارێکی دوورە.

دەپرسم، ئایا دەچێتە عەقڵەوە لەکاتی بوونی لە فەرەنسادا، هیچ ئارەزوویەك، یا هیچ بەهرەیەك یاخود هیچ کارێکی ئەنجام نەدابێت؟ دوای هەموو شتێك، کاتێك هایتی بە جێهێشت تەمەنی سی و پێنجساڵانبوو.

دۆڤالییە بۆ ساتێك بیردەکاتەوە، دواتر زەردەخەنەیەك دەکات"بابەتێك هەیە کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە". دەپرسم، چیە؟. "وزەی خۆر، بەڵێ، وزەی خۆرە".

دۆڤالییە زەردەخەنەیەك دەکات کە وادەردەکەوێت لە جاری پێشووتر ئاسودەترە. "خەونم ئەوەیە خۆر بەکاربهێنم بۆ گەشەسەندنی ئابووری هایتی، من خۆرم خۆشەوێ". دواتر بەپێکەنینێکی ناوازە قسەکانی کۆتایی پێدێنێت"هەمومان لە هایتی خۆرمان خۆشەوێ".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

لەوانەیە بە سوتفە بێت، بەڵام خۆر لە ڤۆدۆدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لە زەویدا (پاپا لیغبا) هەروەك وەها بانگی دەکەن نوێنەرایەتی دەکات، ئەو پیاوە کورتە تەمەن گەورەیەی کە چاودێری دەرگاکان و ڕێگاکان دەکات، دەرگاکانی جیهان بۆ تیشکی خۆرو هێزی ڕۆحی خودایی دەکاتەوە. هەروەها هەموو ئاهەنگێکی ئاینیش بە ناوهێنانی ئەو دەست پێدەکا.

(برۆنکس). . ماڵی کۆنی لە دار دروستکراو، کە زەمەنێکی زۆرە بۆیاخەکانی لێبووەتەوە. کۆمەڵگای نیشتەجێبو لەسەر شێوازی سۆڤیەتی. خاشاك لەهەموو شوێنێك فرێدراوە. چەندین کۆمەڵە منالێش لەسەر شۆستەکان دانیشتون و بۆنی میز و بۆنی مریشکی سوورە کراوەی لەسەر شێوازی تەقلیدی هایتیانە بڵاوبووەتەوە. (مانهاتن) کەوتۆتە ئەوبەری ڕوباری (هدسۆن)، بەڵام وادەردەکەوێت لە هەسارەیەکی دیکە بێت.

لێرە، لە (برۆنکس)، هەموو دوورخراوە هایتییەکان، ئەوانەی کە لایەنگری دۆڤالییەو ئەوانەشی کە دژین، تۆنتۆن ماکوتەکان و قوربانیەکانیان، ڕۆشنبیرە مارکسیەکان و قەشە ڤۆدییەکان، هەموویان لێرە یاخود لە (کۆینز) یەکدەگرن.

هەژارەکان دەڕۆن بۆ برۆنکس، و دەوڵەمەندەکانیش بۆ کامبریا هایتس، لەوێش جارێکی دیکە جەنگ و دابەشبوونە کۆنەکان دەبەخشنەوە.

(کوینز) ئەو شوێنەیە کە (تۆتۆ)(ئیمانۆیل کۆنستان)ی سیخوڕی پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمریکی و سەرۆکی خۆشەویستی ڕێکخراوی fraph لیٚ دەژی، ئەم تیمی مەرگە تاوەکو ساڵی ١٩٩٤ لەناو هایتیدا ترس و تۆقاندنیان بڵاودەکردەوەو کاریان بۆ ئەو ئەفسەرە (خلاس)یانە دەکرد کە لەدوای دۆڤالییە دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەو پێیەش کە سزای زیندانیکردنی درێژی هەیە بەهۆی بەشداریکردنی لە قەسابخانە بەناونگەکەی شاری (غونیفز) کە لەساڵی ١٩٩٤ ڕوویدا، لەوانەیە ئیدارەی ئەمریکی تەسلیمی هایتی بکاتەوە.

## قسه لەگەڵ شەیتان

ڕووداوەکەی شاری (غونیفز) وەهای کرد لە ئیدارەی ئەمریکی چاو بەسیاسەتەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە لە هایتی و بۆ ماوەی چەند مانگێك ئەو وڵاتە داگیربکات، ئەمەش بە دووەم داگیرکردنی ئەو وڵاتە هات لەلایەن ئەمریکاوە ئەویش دوای داگیرکردنەکەی ساڵی ١٩١٥. بەڵام وا دەردەکەوێت ئەمریکا هێشتا پەلەی نەبێت لە ڕادەستکردنەوەی (کۆنستان).

(کۆنستان) هاوڕێی (فرانز باتل)ە کە پزیشکەو یەکێکە لە لایەنگرە دڵسۆزەکانی (بیبی دۆڤالییە). پێکەوە چەندین ئاهەنگی تایبەتی دۆڤالییریانە ساز دەکەن، بە جۆرێك لایەنگرەکانیان چەندین یانەی شەوانە لە (برۆکلین)یاخود (لونغ ئیلاند) بەکرێ دەگرن و پڕی دەکەن لە ئاڵای سوورو ڕەش، و گوێ لە وتارە کۆنەکانی سەرۆك دەگرن. تەنانەت هەندێکجاریش ڕاستەوخۆ لە پاریسەوە تەلەفۆنیان بۆ دێت و باس لە(ساڵە ئاڵتونییەکان)ی ژێر سایەی دەسەڵاتی دۆڤالییەو (کاولکاریی)یەکانی ئێستای ژێر سایەی دەسەڵاتی (ئەریستید) دەکەن.

کاریگەرترین هاواری ئەو خەڵکانە، ئەم هاوارەیە"یا دۆڤالییە یا مردن!". کەچی هەندێکجار یەکێك لە چالاکانی ئەو ڕێکخراوانەی کە دژی دۆڤالییەن ئاهەنگەکە تێکدەدەن و ئەمەش دەبێتە هۆی پێکداهەڵپژانی شەوانە لە شەقامەکاندا تا ئەو کاتەی پۆلیس بڵاوەیان پێدەکات.

لەگەڵ پزیشکەکەدا وادەی یەکتربینیمان هەیە لە ماڵەکەی خۆیدا، ماڵێکی یەك نهۆمی، لە حەوشەکەشدا چەندین عەلاگە زبڵ و کەلوپەلی فڕێدراو هەیە. دە کەس میوانی دکتۆر (باتل)ە کە هەموویان لایەنگری دۆڤالییەن.

باوکی (باتل) یەکێکبووە لە پاسەوانە تایبەتیەکان و لەکاتی هەوڵی تیرۆرکردنی دۆڤالییەدا لە خوێندنگایەکدا لەکاتی بەرگریکردندا کوژراوە. وەك پاداشتێکیش بۆ ئەو چاکەیە، (بیبی دۆڤالییە)، (باتل)ی کوڕی ناردۆتە بەر خوێندنی پزیشکی لە زانکۆ. دواتریش

**قسە لەگەڵ شەیتان**

(وادەردەکەوێت بۆ ڕوونبووەتەوە کە دڵسۆزی باتل بۆی، زۆر زیاترە لە شارەزایی لە پزشکیدا) هەر بۆیە لەبری ئەوەی لە نەخۆشخانەیەکدا پۆستێکی بداتێ، کردی بە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی لایەنگری خۆی.

(باتل) لە ئەمریکا خوێندنی پزیشکی دەخوێنێ، ناوەناوەش وتار بۆ گۆڤاری (هایتی ئۆبزرفاتۆر) دەنووسێ، کە گۆڤارێکی هەفتانەی لایەنگری باڵی ڕاستڕەوە سیاسییەکانی هایتیە کە ناوەندەکەی لە برۆکلینە. بەڵام چالاکی سەرەکی کارکردنێتی بۆ حزبی (نیو_ دۆڤالییری) کە لەگەڵ (راهول دۆبرفیل)ی هاوڕێی کۆنی دۆڤالییەدا دایمەزراندووە.

(دۆبرفیل) گەنجێکی تورکی بوو لە ئیدارەکەی دۆڤالییەدا، لەوانەشە باڵوێزێکی سەرەکی بێت، چونکە (جان _کلود) متمانەیەکی تەواوەتی پێدەکات لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیر، وریا، و زوو وەرگر، و لەخۆبایی نییە، و سەفەری زۆر کردووە. واتە هەموو ئەو سیفاتانەی تێدایە کە جان کلود نییەتی.

تەنانەت ئەو یەکێکە لەو کەسە کەمانەی کە بانگکران بۆ کۆشك لەو شەوە بەناوبانگەی کە تیایدا دۆڤالییە هەڵهات بۆ فەرەنسا.

(راهول) سەبارەت بە بیرۆکەی ئاهەنگی شەمپانیاکە، هەروەك ڤیرۆنیك زەردەخەنەیەك دەکات. "خۆزگە ئەوە ڕوویدەدا، بەڵام ئێمە خەریکی ئامادەکردنی دواین وتاری تەلەفزیۆنی دۆڤالییە بووین بۆ گەل، ئێمە کۆمەڵێکی بچوکبووین لە هاورێ نزیکەکانی، هەروەك لە کۆبوونەوەیەکی خێزانیدا بین، هەروەها سەرقاڵی ڕێوڕەسمی ئیمزاکردن وچۆنێتی کاروبارەکانی ڕادەستکردنی دەسەڵاتبووین بە شێوەیەکی ڕەسمی".

لەکاتێکدا خەریکی خواردنی برنج و مریشکبووین، قسەکانمان نەدەهاتەوە سەر کێشەی ڕەگەز. "خلاسیەکان دۆسالییەیان کوشت، هەروەك چۆن توسیانیشیان کوشت، پاڵەوانێکی ڕەشپێستی دیکە لە پاڵەوانانی سەربەخۆیی هایتی. ڤۆدۆکانیان سەرکوت کرد هەروەکچۆن

ئەو کەنیسانەشیان تێکدا کە ڕەشپێستەکان سەردانیان دەکرد. لەکۆتایشدا، خۆیان لە دۆڤالییە ڕزگار کرد چونکە ڕەشپێستەکانی هێنابویە دەسەڵات، و خستبوونیە بەر خوێندن، بۆ ئەوەی ببنە قەشە، و پزیشك، و مامۆستا".

"ئێمە لەو ڕۆژانەدا پزیشکەکانمان ڕەوانەی زائیرو فەرەنسا، تەنانەت ئەمریکاش دەکرد". دکتۆر باتل بە زەردەخەنەیەکی خەمگینەوە وەها دەڵێت، لەوانەیە بیری لەو کتێبە قەبارە گەورانە کردبێتەوە کە پێویستبوو لەسەری بە زمانی وڵاتێکی نەیار_ئینگلیزی_ لێیان تێبگات، بەرلەوەی لەبەردەم ئەو لیژنەیەدا بوەستێ کە بڕیار لەسەر داهاتووی پیشەیی دەدات.

(راهول) بیرەوەرییەکانی خۆی وەبیردێنێتەوە. ڕاهول ئەو پیاوەی کە خاوەن جەستەیەکی وەرزشیە و ئینگلیزییەکی چاك دەزانێت و لەیەکێك لە (کۆنێکتیکتەکان)دا کرێکارێکی کۆمەڵایەتییە. هەروەك زۆربەی کەسە نزیکەکانی (بیبی دۆڤالییە)، ئەمیش لە قسەکانیدا بە ئاماژەیەکی بچوك ئەوە دەردەخات کە سەرۆك هەر بەتەنها بەناو سەرۆك بووە، لەکاتێکدا حاشیەکەی چواردەوری دەسەڵاتێکی مەزنیان هەبووە.

"تەنانەت ئێمە ژنمان بۆ جان _کلود دەستنیشانکرد. ئەو جوانترین، و ڕۆشنبیرترین، و زیرەکتربوو لە میشێل. بەڵام دەیویست ڕێگای تایبەتی خۆی هەڵبژێرێت و باجێکی گرانی دا بە کەوتنە داوی خۆشەویستییەوە، چونکە خەڵکی زانیان کە (میشێل)ی (خلاس)ی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتوە، لێی ڕاپەڕین.

هەروەها خلاسییەکان ڕەنگی ڕوخساری ئەویان بەکارهێنا بۆ گەڕانەوە بۆ دەسەڵات، و لە هەمانکاتیشدا بۆ دوپاتکردنەوەی گرنگی نەبوونی دۆڤالییە کە ڕۆڵەکەی کورت بوبویەوە بۆ ڕۆڵی کەسێك لە واجیهەدا".

(باتل) سەری ڕەزامەندی ڕادەوشێنێ.

(باتل) پیاوێکی زلی پانبوو، بە ئینگلیزییەکی ڕەوان قسەی دەکرد. "جان_کلود زۆر جیاوازبوو لەوەی کە وەسفدەکرێت. من کاتێك تەمەنم سیانزە ساڵانبوو یاری تۆپی پێم لەگەڵیدا کردووە. گەنجێکی بە ڕەوشتبوو، تەنانەت شەرمنیش بوو. تەسەوربکە لەکاتی سەرۆکایەتیەکەیدا لەبەرامبەر خەڵکیدا هەرگیز جگەرەی نەکێشاوە ئەویش بۆ ئەوەی نموونەیەکی خراپ پێشکەش نەکا! ئەوە ڕاستە ئەو کات بە تەمەن منداڵبوو، تەنانەت گەنجێکی چاکیشبوو. بەڵام ئێستا حیکمەتی زیاترەو سەرۆکێکی نایابیشە!".

پارچە مریشکەکانی ناو قاپەکانمان سارد دەبێتەوە لەو کاتەی کە ئێمە قسەدەکەین تاوەکو کاتژمێرەکە دەبێتە ١، بە تەوقیتی پاریسیش کاتژمێر ٧. لە کۆتایدا (باتل) ڕایدەگەیەنێت"ئێستا دەتوانین تەلەفۆنی بۆ فەخامەتی سەرۆك بکەین".

ئەو ژنانەی کە لەکاتی نانخواردنەکەدا لەگەڵمانبوون، چەند ژنە فەرمانبەرێکی قەڵەو بون کە لە بانك و فەرمانگەکانی پۆستدا لە گەڕەکەکانی شارە ئەمریکییەکاندا کاریان دەکرد، مانەوە و لەژوورەکاندا لەسەر دۆشەکی مەخمەڵی سوور بە دەم گوێگرتن لە مۆسیقای ساڵانی حەفتاکانەوە، ڕاکشاون.

ئێمەش وەك دز ڕۆیشتینە ژێر زەمینی خانووەکەوە کە پڕیبو لە قاپ، و سەلاجەی کۆن، و قوتوی بۆیاخ، و کورسی شکاو. لەسەر تاقە مێزەکەش تەلەفۆنێکی سپی دانرابوو.

دکتۆر (باتل) گیرفانەکانی دەگەڕێت و کارتێکی تەلەفۆن دەردەهێنێت هەروەك ئەوەی کە پەنابەرەکان لە نیۆیۆرك بەکاری دەهێنن بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسوکارەکانیان و نرخێکی کەمیان لەسەریان دەکەوێ.

ژمارە تەلەفۆنێکی درێژ لێدەدات، ژمارەی سەرۆکایەتی، دواتر زەردەخەنەیەك دەکات و بۆ تەلەفۆنەکە دەنوشێتەوە هەروەك ئەوەی دۆڤالییە بێتە ژوورەوە. "سەرۆکی فەرماندە، حاڵتان چۆنە؟ من فرانزم. ئەو میوانەی کە بۆم باسکردیت ئێستا لە گەڵمدایە لێرە.

وا دەزانم لە توانامانددا هەیە باوەڕی پێبکەین هەر بۆیە تەلەفۆنەکەی دەدەمێ. . ڕێزمان بۆ مەدام ڤیرۆنیك".

سەرۆك زۆر لەسەرخۆیی قسەدەکات وەك ئەوەی لەخەودا قسەبکات"بەڵێ، بەڵێ، چەند. . بیرەوەرییەکی. . . خراپم. . . لە کۆبوونەوە. . . و چاوپێکەوتن لەگەڵ. . ئەو ڕۆژنامەنووسانە هەیە. . . کە جگە لە. . . . بەکارهێنانی. . . ناوی من. . . بەڵام من ڕازی دەبم بە چاوپێکەوتنت".

شۆفێری ئەو تاکسییەی کە کاتژمێر ٢ی بەیانی گرتم، بە ترسێکەوە سەیرێکی کردم. "برۆنکس شوێنێکی مەترسیدارە. بەڵام من بە ئاسانی ناترسم. من خەڵکی سیرالیۆنم".

سیرالیۆن؟ ئەو تێبینیانەی کە دەربارەی (دۆڤالییە) ئامادەم کردبوو دامخست و پێم وت کە من بەم دواییە (ڤالنتین ستراسر)ی تەمەن ٣٣ساڵی دیکتاتۆری پێشووی"خاکی ئەڵماس"م بینیوە. (ستراسر) ئێستا لە لەندەن دەژی و هێشتا قیافەت و باڵای هەروەك نمایشکارێکی جلوبەرگە، بەڵام ئەو دەرکراوێکی تێرە. شۆفێرەکە دای لە قاقای پێکەنین.

"ڤالنتین؟ یەکێکبوم لە ڕاوێژکارە داراییەکانی. ڕێگاکە بۆ مانهاتن دوورو درێژە، هەر بۆیە هەموو شتێکت لەبارەیەوە بۆ دەگێڕمەوە. ئەو لە دۆڤالییە زیاتر نەفرەت لێکراوبوو. باوەڕم پێبکە".

تاوەکو ئێستا (جان _ کلود دۆڤالییە) نەیتوانیوە بگەڕێتەوە بۆ هایتی. هێشتا خەریکی خوێندنە لەبارەی تیشکەکانی خۆرەوە، هەروەها هێشتا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئامادەیە خۆی بکاتە قوربانی بۆ داهاتوی هایتی.

لەساڵی ٢٠٠٠ جارێکی دیکە (جان_ برتراند اریستید) وەك سەرۆك هەڵبژێردرایەوە، ئەو قەشەیەی کە لەکارەکەی دەرکرا توانی لە ساڵی ١٩٩٠ تا ١٩٩١ ببێتە سەرۆك. بەڵام هەر

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ئەو حکومەتە ئەمریکییەی کە ساڵی ١٩٩٦ هایتی داگیرکردو ئەویان گەڕاندەوە بۆ دەسەڵات، بانگەشەی ئەوەدەکات کە لە هەڵبژاردنەکاندا تەزویر ئەنجامدراوە، و هێدی هێدی خەریکە (ئەریستید) وەك دیکتاتۆرەکانی پێش خۆی لێدێت.

هێشتا (توتو کونستان)، کە تاوانبار کراوە بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و سزای بۆ دەرکراوە، بە ئازادانە لە (کوینز) بیٚ ئەوەی کەس لێیبپرسێتەوە، خەریکی مامەڵەی کڕینی خانووبەرەیە.

(کارل دوورلیان)، کە یەکێکە لەو ژەنەڕاڵە هایتیانەی کە لەگەڵ (کونستان) سزای زیندانیان لەسەرە، لە فلۆریدایەو ڤیزایەکی ڕاستەقینەی پێیە هەروەك هەموو ئەندامانی دیکەی ئەو لیژنە سیاسییەی کە دوای کودەتاکردن بەسەر دۆڤالییەدا دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت.

(دۆرلیان) شانسێکی باشی هەبوو: ئەو کاتەی بە یانسیب ٣ملیۆن و دوو سەد هەزار دۆلاری بردەوە، بەڵام شانسێکی خراپی هەبوو کاتێك دەستگیرکراو نێردرایەوە بۆ هایتی.

(میشێل بنیت) بەتەواوەتی خۆی شاردۆتەوەو هەر جارەو لەشوێنێك دەژی، سووریشە لەسەر ئەوەی وردترین شتەکانی خۆی بشارێتەوە. ساڵی ١٩٩٧ حکومەتی هایتی هەوڵیدا هەموو حسابە بانکیەکان ئەوانەی بەناوی ئەوەوەن سڕبکات دوای ئەوەی گەشتە ئەو بڕوایەی کە (بیبی دۆڤالییە) لە هەژاریدا بێت باشترە بۆ ئەوەی هەوڵی دیکەی گەڕانەوە نەدات بۆ دەسەڵات.

هێشتا (بیبی دۆڤالییە) لە پێگە ئەلکترۆنیەکەی خۆی کە بە پەڕەیەکی ڕەش دەکرێتەوە نووسیویەتی"هایتی، ئێمە هەموو ئیمان و ئازایەتیەکی خۆمانت پێشکەشدەکەین".

هێشتا (ڤۆدۆ) ئاینی هایتییە، و هێشتا (بابا دۆڤالییە) یەکێکە لەخواکانی ئەو ئاینە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

(بیبی دۆڤالییە) بە تێڕوانینێکی فەلسەفی داماڵراو لە هەڵبەزو دابەزەکانی ژیانی خۆی دەڕوانێت. ئەو دەزانێت لەهەموو بارەکاندا جارێکی دیکە فرسەتێکی دیکەی بۆ هەڵدەکەوێت، تەنانەت ئەگەر (ئەریستید)یش ڕێگای نەدا بڕواتەوەو لایەنگرانی لە (برۆنکس) شکست بهێنن لە دوبارە گەڕانەوەی بۆ دەسەڵات، ئەوا خوای ڤۆدۆ بەو کارە هەڵدەستێ.

هەرچەندە دوو دڵیشە بۆ لەبەرکردنی عەباکەی باوکی، کە تاکە شتی بەجێماوە بۆی، بەڵام ئەم عەبایە دەبێت شوێنێکی هەمیشەیی لە (بانتیونی ڤۆدۆ)دا بۆ دابینبکات. لەوانەشە لەوێ لە توانایدا بێت دەستبکاتەوە بە گەشتێکی تازە، هەروەك خوایەك.



# مەنگیستۆ

**قسه لەگەڵ شەیتان**

مەنگیستۆ هایلە مریم. . . .

*ساڵی ١٩٣٧ لە دایکێکی کارگوزارو باوکێکی سەرباز لە دایکبووە.

*یەکێکبووە لە ئەفسەرەکانی (ئەنجومەنی سەربازی بەرێوەبردنی کاتی) (دێرگ)، ئەو توێژە سەربازییە شیوعیەی کە لەساڵی ١٩٧٤ەوە تا ساڵی ١٩٨٧ حوکمی وڵاتی (ئەسیوپیا)یان کرد.

*لە ساڵی ١٩٨٧ توانی هەموو نەیارانی خۆی لەناو ئەو ئەنجومەنە سەربازییەدا لەناوببات و تا ساڵی ١٩٩١ ببێتە سەرۆك کۆماری دیموکراتی گەلی ئەسیوپیا.

*سەرپەرشتی تیرۆری سووری ئەسیوپی کردووە کە لە ساڵی ١٩٧٧ تا ساڵی ١٩٧٨ی خایاندووە.

*ساڵی ١٩٩١ بەهۆی شکستی هێزەکانیەوە لەبەرامبەر یاخیبواندا هەڵهاتووە بۆ وڵاتی زیمبابۆی.

*دادگای باڵای فیدراڵی ئەسیوپی بەتۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بە غیابی سزای زیندانی هەتا هەتایی بۆ دەر کردووە.

لەماوەی دەسەڵاتیدا بە دەیان هەزار کەس لەناوبران و دەسەڵاتیکی سەرکوتکارو توندوتیژی هەبووەو نزیکەی ١٠٠ هەزار کەسیش بەهۆی ڕاگواستنی بەزۆر و لەپێناوی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیدا گیانیان لەدەستداوە.

"حاڵم. . . . چۆنه؟". . . كۆڵۆنێل (مەنگیستۆ هایل مریم) وەك ئەوەی ئەمه بابەتێكی بیركارییانەی قورس بێت، ئەم پرسیارە دووبارە دەكاتەوە. بیری لێدەكاتەوە، چەند چركەیەك له بۆشاییەكی بێ كۆتاییدا دەوەستێت، دوو دڵە، لەوانەیه ئەگەر وەڵامێكی ڕاستم بداتەوە دڵخۆشبێت.

سەیری ئەو فاكسه دەكات كه چەند ڕۆژێك پێشتر له لەندەنەوە بۆمناردبوو. كارەكه چەندین مانگی خایاند تاوەكو ژمارە تەلەفۆنەكەیم پەیداكرد، چونكه هیچ كەسێك نەیدەزانی چۆن بیدۆزێتەوە. تەنانەت ڕۆژنامەنووسه چاونەترسەكانی ناو ڕۆژنامه ئۆپۆزسیۆنەكانی (زیمبابۆی)یش. ئەوانەی كه ئامادەبوون ڕووبەڕوی هەر مەترسییەك ببنەوە ئەگەر ڕژێمەكەی سەرۆك (ڕۆبەرت مۆغابی)یش بێزاربكات، نەیانتوانی بیدۆزنەوە.

له كۆتاییدا هاوكارێكی ئەمریكیم كه لەشاری (هەرر) دەژیا، ژمارە تەلەفۆنەكەی بۆ پەیداكردم. چەند جارو چەند جار تەلەفۆنمكرد، بەڵام هەرگیز كەس وەڵامی نەدامەوە.

تا ڕۆژێكیان پیاوێك وەڵامی دامەوە. پیاوەكه به ووریایی و ئینگلیزییەكی هەڵەت و پەڵەت قسەی دەكرد. دوو دڵ بوو له خۆناساندی خۆی و دەربارەی كۆڵۆنێل به ڕاناوی نادیار قسەی دەكرد، بەڵام دەنگی هەر ئەم دەنگەی ئێستا بوو.

ئەو پیاوە خودی كۆڵۆنێل بوو، داوایلێم كرد كه به فاكس ئەو پرسیارانەی بۆ بنووسم كه دەمەوێ بیانكەم.

ئێستاش كاتێك سەیری كاغەزەكەی بەردەمی دەكات، (مەنگیستۆ) وا خۆی دەردەخات كه بۆ جاری دووەم پرسیارەكان دەخوێنێتەوە. هەناسەیەكی قوڵ هەڵدەمژێ وەك ئەوەی

**قسە لەگەڵ شەیتان**

بیەوێ زاڵبێ بەسەر شەپۆلی ئەو وشانەی کە لەزاری دێنە دەرێ. "حاڵم چۆنە؟. . . هێشتا زیندووم. با وادابنێین من باشم".

رەنگە ئەمە شتێکی ئەستەم بێت، بەڵام ئەمە حەقیقەتە: ئەو دەنگە زبرە، ڕاماوەی کە هەناسەکانی دەیبڕێت، هەمان دەنگی (مەنگیستۆ)یە، ئەو شۆڕشگێڕە بێ ڕەحمەی کە کۆنترین مەملەکەتی ئەفریقای وێرانکردو هەزاران کەسی نەیاری خۆی نارد بۆ تیمەکانی لەسێدارەدان لەو پرۆسەیەی کە زۆر بە شانازییەوە ناوی نابوو"پرۆسەی تیرۆری سوور". ئەو دیکتاتۆرە لینینیەی سەدان هەزاری لە گوندنشینەکان ڕاگواست"لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان". ئەو نەجاشیە سوورەی کە وای کرد لە منداڵانی ئەسیوپیە ئەرستۆکراتیەکان بە جلوبەرگی ئەفسەرانی سۆڤیەتەوە بێنە سەر شەقامەکان. دەسەڵاتداری ڕەهای ئەسیۆپیا لە شوباتی ساڵی ١٩٧٧ تا ئایاری ساڵی ١٩٩١، لەکاتێکدا هەژاری وڵاتەکەی زیاتر کرد کەچی بەهێزترین سوپای خاوەن زرێپۆش و موشەك و فڕۆکەی بە بەهای ١٢ ملیار دۆلار لە کیشوەری ئەفریقادا دروستکرد.

بەڵام ئەمە بەس نەبوو، چونکە سەرەڕای ئەوەی یاخیبوان بە کەمی چەکی قورس و پارەوە دەیانناڵاند، بەڵام توانیان شکستی پێبێنن، و ئێستاش پاشماوەی زرێپۆشە سوتاوەکانی مەنگیستۆ لەسەر خاکی ئەسیوپیا ماون و کراونەتە یادەوەری فەسڵێکی حەزین لە فەسڵەکانی شەڕی سارد لە کیشوەری ئەفریقا.

ئەو کاتەی شۆڕش لە لوتکەی خۆیدا بوو، (مەنگیستۆ) بڕوای وابوو کە توانای هەموو شتێکی هەیە، و هەموو شتێك بۆ ئەو حەڵاڵە.

ئەو شۆڕشەی کە (مەنگیستۆ)ی هێنایە سەر دەسەڵات کاردانەوەی ئەو برسێتیە کوشندە بوو کە لەساڵی ١٩٧٢ وڵاتی گرتبویەوە.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

(هیلا سیلاسی) ئیمپراتۆری ئەفسانەیی،"ئەو شێرەی کە خێڵی یەهوزای لەناوبردو پارێزەری ئاینی ئەرسۆزۆکسی بوو" کتوپڕ لە خەڵك دوورکەوتەو گرفت و کێشەکانی خەڵکی بەلاوە گرنگ نەبوو. کاتێکیش (مەنگیستۆ)و کۆمەڵێك لە ئەفسەرانی گەنج، لەیەکێك لە ڕۆژەکانی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٤ ئیمپراتۆریان دەستگیرکرد، ڕووداوەکە وەك ڕووخانی بەنداوێك وەهابوو: درەوشانەوەی دووهەمی شۆڕشی ئەفریقی بوو کە کیشوەرەکەی گرتبویەوە، شۆڕش دژی ئەرستۆکراتیەت و لەپێناوی دیموکراسیدا.

دوای چەند مانگێك لەوە، ئیمپراتۆر لەگەڵ ئەو شێرانەی کە خۆشیدەویستن، دەستبەسەرکرا. لەکاتێکیشدا کە کۆتایی فەسڵەکانی شانۆگەری شۆڕش بەدەردەکەوت، ئیدی شێرەکان ببوونە ڕابردووی نەتەوەیەکی شڵەژاو.

هەرچی کاتێکیش ئەندامە گەنجەکانی لیژنەی سیاسی سەربازی دەهاتن بۆ کۆشك بۆ دەستگیرکردنی یەکێك لە وەزیرەکانی (هیلا سیسی) یاخود یەکێك لە ڕاوێژکارە خانەدانەکانی، دەیانتوانی گوێیان لەو گیاندارانە بێت کە بەهۆی برینەکانیانەوە دەیانناڵاند چونکە لەساتی هەڵگیرسانی شۆڕش و تێکچونی کۆشکی ئیمپراتۆرییەوە، بۆنێکی ناخۆشیان بە کۆشکدا بڵاوکردبویەوەو کەس لێی نەدەپرسین.

هەرکە بە خێرایش کاتێك کەسێك نەما لە کۆشکدا بۆ دەستگیرکردن، دەسەڵاتدارە تازەکان پاش ئەوەی گەشتنە ئەو بڕوایەی مانەوەی (هیلا سیسی) کە هەندێك گوندنشینان وەك هاوشێوەی خوایەك تەماشایاندەکرد، مەترسییە بۆ سەر شۆڕشە ئیشتراکیەکە، لەیەکێك لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٧٥، (مەنگیستۆ) ڕۆیشت بۆ کۆشك بۆ ئەوەی بزانێ پادشای پادشاکان(یاخود پیاوە پیرە شێتەکە وەك ئەوەی وا ناوی دەبرد) لە ژیاندا ماوە یان نا، تەماشای کرد لەسەر ئەو سیستەمە گەورەیەی کە بەداری مۆز دروستکرابوو، بە بێدەنگی کتێب دەخوێنێتەوە، هەربۆیە پەتای توڕەییەکەی بەرزبویەوەو خنکاندی.

یان وەك ئەوەی خەڵك وا دەڵێن. بەڵام (مەنگیستۆ) ئەوە ڕەتدەکاتەوە. "هیچ پێویستی بەوە نەدەکرد". لە کۆتایدا دەڵێ"هیلا سیلاسی پیاوێکی پیر، نەخۆش بوو، هەموان ڕقیان لێیبوو. لەپێشوتردا بیروبۆچونی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو، بەڵام گەل داوای کرد لە ئێمە کە ڕزگاریان بکەین لێی، من و هاوڕێ ئەفسەرەکانی دیکەم ڕێك ئەوەمانکرد، نەماندەتوانی سیلاسی ڕزگاربکەین".

ئەدی چۆن مرد؟ (مەنگیستۆ) بە شان هەڵتەکاندێك خۆی لەم پرسیارە دەدزێتەوە، و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ووردەکارییانە زۆر هیچن بە بەراورد بە تێڕوانینە شۆڕشگێڕییەکانی.

"بەپێی زانیارییەکانی من بە شێوەیەکی سروشتی مرد، من نکوڵی لەوە ناکەم هەندێك لە پیاوەکان زۆر دڵخۆشدەبوون بەوەی کە بە دەستی خۆیان بیکوژن ئەویش لە تۆڵەی کوشتنی باوك وبراکانیان. ئەو پزیشکەی کە چاودێری دەکرد هیچی پێنەوتم سەبارەت بە خراپبوونی باری تەندروستی، هەر بۆیە بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکان نەمویست لێکۆڵینەوە لەوەبکەم کە ڕوویداوە".

ئیمپراتۆر(هیلا سیلاسی) لە باخچەیەکداو لە سندوقێکی چیمەنتۆو لەژێر ئاودەستێکی سەربازیدا نێژرا. ناشتنی ئیمپراتۆر لە نزیك نووسینگەکەی مەنگیستۆ چەندین دەلالەتی ڕەمزی هەبوو. لەوانەیە کۆڵۆنێل باوەڕی بە ڕاپۆرتە پزیشکیەکە نەبوبێت و ویستبێتی چاودێری ئیمپراتۆر بکات سەرەڕای مردنیشی.

دوای چارەکە سەدەیەك قەدەر جارێکی دیکە هیلا سیلاسی ئەرستۆکراتی و مەنگیستۆی شۆڕشگێڕی پێکەوە کۆکردەوە، ئەو دەسەڵاتدارە ڕەهایەی کە نەسەبی دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی پیرۆز، و منداڵی هاتووی هەرێمەکان بوو.

## قسە لەگەڵ شەیتان

هەربەجۆری شێرە بەناوبانگەکانی ئیمپراتۆر، ئەو شێرانەی کە مەنگیستۆ ڕقێکی زۆری لێیانبوو، لە ئێستادا کۆلۆنێل لە قەفەسێکدا لەدەرەوە دەژی، و وەك ئاژەڵێکی بریندار هاتوچۆیەتی. سەرەڕای تێکشکان، هێشتا (مەنگیستۆ هایل مریم) لە ژیاندایە و تەندروستییەکی باشی هەیە، ئەو لە گەڕەکێکی شاری (هەرر) دەژی. هیچ شتێك خانووەکەی ئەو لەخانووەکانی دیکە جیاناکاتەوە، چونکە خانوویەکی بچوکە، و خەتێکی سەوز دەوری داوە، سەقفەکەشی هەروەك سەقفی کوخە کۆلۆنیالیەکان کۆنە، بە دیوارەکانشیا گوڵێك سەرکەوتوەو ڕەنگی پەنجەرەکانی زەردهەڵگەڕاندووە.

وا دەردەکەوێت خانوووەکە کەسی تیادا نەبێ. بەڵام دوو پیاوی بەهێز لەدەرەوە، شەوو ڕۆژ شوێنەکە دەپارێزن، ئەویش بۆ ئەوەی ئەو کەسە فزوڵیانە دووربخەنەوە کە دەیانەوێ تەماشایەك بکەن.

ئەم دوو پاسەوانە بۆیە لێرەوە وەستاون بۆ ئەوەی وێنای ئەوەمان بۆ بکەن کە جیهان لە ئازادی و مەنگیستۆش لە زینداندا دەژی.

لەدەرەوەی ئەم قەفەسە جوانە شەش ژوورەوە قەفەسێکی دیکە هەیە کە ئەوە هیچ گومانی تیانیە ڕاکردن لێی زۆر ئەستەمە: کە ئەویش زیمبابۆیە.

ئێستا (مەنگیستۆ) تەمەنی ٦٢ ساڵانە، قژە ماش و برنجیەکەی بێ هیچ ڕێکخستنێك هاتۆتە خوارەوە. لەو ڕۆژانەی کە هەست بە هیوا دەکات، وا بیردەکاتەوە ئەو هەرگیز زیندانی نییە.

"هاوڕێکانم وازیان لێنەهێناوم، هێشتا هاوڕێی گرنگم لە وڵاتانی تازە پێگەشتودا هەیە بە تایبەتی لە ئەفریقا. بەڵام بە دڵنیاییەوە تۆ چاوەڕێی ئەوە لە من ناکەیت ناویان ببەم".

بەڵام لەو ڕۆژانەی کە ڕەشبینی دایدەگرێت، کەسی نامێنێت. دەڵێ"بۆ کوێ برۆم؟ بۆ هەر کوێ بڕۆم خەڵکی دەمناسنەوە، لە کۆتایدا، من مەنگیستۆم".

کۆلۆنیل لەساڵی ١٩٩١ گەشتە شاری (هەرر) هەروەك شۆرشگێڕێك کە شۆڕشێکی نوێ لایبردبێت. هەروەك ئەوەی لەگەڵ (جان کلود دۆڤالییە)ش بەر لە پێنج ساڵ و چەند سەرکردەو سەرۆکێکی دیکەدا کرا. مەنگیستۆ بە فڕۆکەیەك هەڵهات کە حکومەتی ئەمریکی زۆر بە خێرایی بۆی ناردبوو، ئەمەش وادەردەکەوت کە ئەمریکا دەسەتێکی باڵای هەیە لە ڕزگارکردنی ئەو دیکتاتۆرانەی کە دەکەونە بەر مەترسی ڕاستەقینە، چونکە لەحاڵەتی (مەنگیستۆ)دا ئەوەی نەخشەی بۆ پرۆسەکە کێشابوو، هێرمان کۆهێن و دواتریش وەکیلی وەزارەت و نێوەندنگیرێکی نێوان شۆڕشگێڕان و حکومەت بوو.

لەو کاتەشدا زیمبابۆی، ئەو وڵاتەی کە (مەنگیستۆ)ی بۆ دەرۆیی، لە ژێر سایەی هاوڕێ (موغابی)دا دیکتاتۆرییەتێکی وەهای تێدا بوو، دەتوانرا پشتی پێببەسترێ.

(مەنگیستۆ) لەوێ گیرسایەوەو ژیانێکی هێمن و خۆش دەژیا، بەڵام ژیانێکی فیرۆدەرانە نەبوو.

بەپێی هەندێك سەرچاوەی زیمبابۆیش، مەنگیستۆ بە نەقدی ٣ ملیۆن دۆلاری لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئەم برە پارەیە خراپ نییە، هەرچەندە لەوانەیە بەهۆی نەبوونی کاتەوە فریای هێنانی پارەیەکی زیاتر نەکەوتبێ.

لە ئەسیوپیا وا بڵاوە کە پارەکە زۆر لەوە زیاترە، بەڵام کۆلۆنێل تا دواین سات باوەڕی بەوە نەبووە کە دەسەڵات دەدۆڕێنێ، و واهەستی کردووە کە پێویست ناکات نەخشە بۆ ژیانی مەنفا دابڕێژێت، بەڵکو سووربوە لەسەر چڕکردنەوەی دژە هێرشی سەربازی تۆکمە، کە هیچ کاریگەرییەکی نەبووە.

## قسە لەگەڵ شەیتان

دوای دەیەیەك لە هاتنی بۆ شاری (هەرر)، شتەكان گۆڕاون، چونكە ئیدی كۆڵۆنێل ناتوانێت بڕوات بۆ باڕی یەكێك لە هوتێلەكانی شارو بە ئیسراحەتی كەسێك كە بەیانی و دوو بەیانی دەڕواتەوە بۆ ماڵ خۆیان، پارەی ویسكی خواردنەكەی بدات. كۆڵۆنێل هەموو خووەكانی خۆی گۆڕیوە، چونكە پیاوەكانی موغابی فەرمانیان پێ كردووە كە لەماڵەكەی خۆی دەرنەچێت، هەروەها خۆشی هەستی بەوە كردووە كە دۆخەكە گۆڕانكاری بە سەردا هاتووە لەم شارەی كە بە توندی ڕێكخراوە هەروەك شارە ئینگلیزییەكان: بۆنێكی لێوە دێت هەروەك ئەو بۆنە وایە كە چەند ڕۆژ پێش هەڵهاتنی لە شاری (ئەدیس ئەبابا) دەهات.

ئەویش بۆنی گەندەڵییەكی توندە، چونكە هەموو مانگێك كە تێدەپەڕێ، زیمبابۆی زیاتر هەژارترو نا ئارامتر دەبێت، هەروەك پڕوپاگەندەی خیانەتەكردن و غەدركردن تا دێت بڵاوتر دەبێتەوە.

قسەیەك هەیە كە بۆنی موسیبەتی لێدێت ئەویش ئەوەیە كە سەرۆك نەخشەی هەڵهاتنی كێشاوە لەكاتی تەنگانەدا. ئەمە جگە لەوەی چیدی خەڵكی ناترسن لە باسكردنی ئەو شتانەی كە ماوەیەك پێش ئێستا قەدەغە بوون، قسەكردن دەربارەی بیرۆكەی تازە، سەرۆكی تازە، تەنانەت شۆڕشی تازەش.

(مەنگیستۆ) هەستی بەوە كردووە كە ئەو دۆخەی تا دێت خراپتر دەبێت، لانی كەم هاوڕێ (موغابی) ناچار دەكات بۆ دەرەوە هەڵبێت. ئەگەر ئەمەش ڕووبدات ئەوا پاسەوانەكانی بە جێیدەهێڵن، ئەوكاتیش هەرچی كەسێك بیەوێ دەتوانێ بڕواتە قەفەسەكەیەوە. لەوانەشە كەسێك لە ئەدیس ئەباباوە بێت و تۆڵەی لێبكاتەوە. هەروەك ئەوەشدەزانێت كە لە جاری داهاتوودا ئەمریكییەكان هیچ هەوڵێك نادەن بۆ ئەوەی لە یەكێك لە ناوچە بێدەنگەكانی جیهاندا، ماڵێكی بچوكی وەك ئەمەی بۆ بدۆزنەوە.

ئەگەر شتێك لە كەوتنی خۆیەوە فێر بوو بێت ئەوەیە كە هاوڕێكان دەتوانن خیانەت بكەن.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩، مەنگیستۆی نیگەران و تووڕە، هەوڵیدا لە قەفەسەکەی هەڵبێت. هەر بۆیە بە بەکارهێنانی پەساپۆرتێکی زیمبابۆیی خۆی گەیاندە (جۆهانسبۆرگ)ی پایتەختی ئەفریقای باشوور، و لە عەیادەی (غاردن سیتی) وادەیەکی وەرگرت بۆ ئەوەی دڵی نەخۆشی چارەسەربکات.

ڕۆژنامەکانی باشووری ئەفریقا هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە و بەو هۆیەوە فەزیحەیەکی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە. حکومەتی ئەسیوپیا داوای لە وڵاتی ئەفریقای باشوور کرد کە تەسلیمی بکەنەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی تۆمەتبارە بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، کە ئەمەش بێگومان سزاکەی لە سێدارەدانە.

(مەنگیستۆ) هەر کە هەستی بە ئەم مەترسییە کرد، چارەسەرییەکەی بە جێهێشت و بە خێرایی گەڕایەوە. ئەگەر بهاتبایەو یەك کاتژمێر درەنگتر بگەڕابایەتەوە ئەوا دەستگیر دەکرا، بەڵام ئەمجارەیان بە خواستی خۆی گەڕایەوە قەفەسەکەی خۆی.

"ئەوانە سپڵەن و شتە جوانەکانیان لە بیر نییە"بە سوکی وەها دەڵێت، و هێشتا نیگاکانی هەروەك ڕۆژانی تیرۆری سوور پۆڵاینن. "من هاوکاری و پشتگیری کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفریقیم کردووە ئەو کاتەی هێشتا ئەفریقای باشوور لە ژێر دەسەڵاتی ئەو سیاسیانەدا بوو کە سیاسەتی ڕەگەز پەرستییان جێبەجێدەکرد. ئەو کاتەی کە پێویستییان بە من بوو، لە گەڵیاندا بووم، بەڵام ئێستا کە پێویستم پێیانە دەڵێن ناتوانین هاوکاریت بکەین.

بەر لەوەی (هەرر) بە جێبهێڵم، ئەوان ئەوەیان بۆ دووپاتکردمەوە کە هیچ گرفتێك دروستنابێت، چونکە من بەهۆی هۆکاری مرۆیی و تەندروستییەوە سەفەر دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان ئامادە بوون تەسلیمی ئەسیوپیام بکەنەوە".

دوای ووچانێکی کورت بەردەوام دەبێت. "وا گومانم دەبرد ئەوەی لەو وڵاتە دەسەڵاتدارە هاوڕێیانی سەردەمی خەباتمن، وامەزانی هاوڕێ و هاوپیشەمن".

(هاوڕێیانی سەردەمی خەبات)ئەوانەی کە لە هەفتاکان و هەشتاکاندا دەسەڵاتی ئەفریقایان بە دەستەوە گرتووە پەیوەندییەکی هاوکاری و ململانێیەکی قوڵ بە یەکیانەوە دەبەستێت، هەروەك ئەو پەیوەندییانەی کە ئەندامەکانی خێزانێك پێکەوە دەبەستێت. بەڵام کاتێك دێنە سەر مەسەلەی ماندێلا، ئەو سەرکردەیەی تەنانەت دوژمنەکانیشی ڕێزی لێدەگرن، مەنگیستۆ هەر ئەوەندە دەڵێت"ئەو کاتەی ئەو لە زینداندا بوو، زۆر سەرسامبوم پێی، ئەویش بەهۆی ئەو ڕەوشتە بەرزەی هەڵگری بوو". بەڵام زۆر بە خێرایی هەندێك گۆڕانکاری لەم ستایشەدا دەکات. "هیچ ئەنجامێکی دیاریکراو نابینم لەو ماوەیەی کە لەدەسەڵاتدا بەسەریبرد، هەرچەندە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە لانی کەم لە ڕووخساردا هیچ بوونێکی نەماوە، بەڵام هیچ کەسێك نازانێ حکومەتی تازە لە ئەفریقای باشوور خەریکی چییە".

(مەنگیستۆ) هیچی بۆ نەماوەتەوە جگە لەوەی بە شان و باڵای هاوڕێ (موغابی)خانەخوێیدا هەڵبدا. چونکە سەرەڕای ئەو فشارە زۆرەی کە لە چەندین سەرچاوەی جیاوازە دەکرێتە سەری، بەڵام هێشتا موغابی تەسلیمکردنەوەی مەنگیستۆ ڕەتدەکاتەوە. هێشتا بە پاڵەوانی دەزانێت و هیچ شەرمناکات لەوەی ئەمە دووبارە بکاتەوە"ئەو بەشداری هەموو جەنگەکانی ئازادی کردووە کە لە تەواوی کیشوەری ئەفریقادا ڕوویداوە".

ئەمە هەر بە تەنها داننان نییە بە فەزڵی ئەودا، بەڵکو ئامانجێکی سیاسیش لە پشتی هاوکارییە ڕەهاکەی موغابیەوە هەیە بۆ ئەم نەجاشیە سوورە.

قسەکەی توانجێکە لە ماندێلاو هۆشداریەکیشە بۆ (سابۆمبیکی)ی جێگرەوەی، بەوەی کە پاڵەوانانی ململانێی ئازادی ئەفریقا دەیانەوێ هاوکاری یەکتری بکەن، بە تایبەت لەکاتەکانی تەنگانەدا.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

مانای قسەکەی موغابی ئەمەیە: سەیرکەن، من مەنگیستۆی هاوڕێمان گرتۆتە خۆ، هەر بۆیە واز لە من نەهێنن لە کاتێکدا من گرفتم هەیە، ساڵانی هەفتاکانتان لە بیربێ، ئەو ڕاهێنانە سەربازیانەتان لە بیر بێ کە فێرمکردون، میواندارى منتان لە بیربێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، کۆڵۆنێلیش بە جۆرێك لە جۆرەکان سودی بۆ موغابی هەیە، چونکە کاتێك ڕۆژئاواییەکان سەرکۆنەی دەکەن بەوەی ستەمکارێکی تۆمەتباری بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە خۆگرتووە، موغابی حەزەکا ئەوەیان بیربخاتەوە کە ئەوە ئەمریکییەکان بوون ئەویان هێناوە بۆ ئەوێ، ئەو ئەمریکییانەی کە ئێستا بەوە تۆمەتباری دەکەن کە ستەمکارە، ئەوە هەر هەمان ئەو ئەمریکییانەن کە هاوکاری ستەمکارێکی دیکەیان کردووە کە بۆخۆیان گونجاو بووە.

تەنانەت ئەمریکییەکان تا ئەو خاڵەش ڕۆیشتوون کە خەرجی (مەنگیستۆ) بگرنە ئەستۆ، بەڵام (موغابی) ئەوەی ڕەتکردۆتەوە."پێموتن پێویستم بە پارەی ئەوان نییە، و خۆم دەتوانم خۆم بژێنم، سەرەڕای ئەوەی من ئەفریقییەکی هەژاریشم".

چیدی (مەنگیستۆ) لەو حساباتە سیاسیانە ئاگادار ناکرێتەوە، چونکە بە پێچەوانەی ڕۆژانی یەکەمی مەنفاکەیەوە، لەم دواییەدا ڕێگای ئەوەی لێگیراوە پەیوەندی بکات بە سەرۆکەوە. بەمجۆرە، (مەنگیستۆ) پەنای بردۆتە بەر نووسینەوەی یادەوەرییەکانی و مەشروبەوە. تاکە دڵنەوایکەریشی تەلەفۆنە، چونکە حکومەتی زیمبابۆی مافی پەناهەندی سیاسی پێبەخشیوە، و پارەی تەلەفۆنەکانیشی بۆ دەدات کە مانگانە چەند هەزار دۆلارێکە. لەلایەن خۆیەوە (مەنگیستۆ) لەبەرامبەر ئەو مامەڵە چاکەی حکومەتدا باس لەوە دەکات کە وەك ڕاوێژکارێکی پۆلیسی نهێنی (موغابی) کە ناوی نووسینگەی ئیستیخباراتی ناوەندییە و خەڵکی ڕقیان لێیەتی، کار دەکات.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ژمارەیەك لە پاسەوانە تایبەتیەکانی (مەنگیستۆ)، ئەوانەی کە لەگەڵیدا هەڵهاتن بۆ ئەسیوپیا، وازیان لێهناوەو پەنایان بردۆتە بەر باڵوێزخانەی کەنەدی، و سکاڵای ئەوەش دەکەن"هەرچی کاتێك سەرخۆش بووە، لێیداون".

وازهێنانی پاسەوانەکانی لێی ئەو بڕوا قوڵەی لەلای مەنگیستۆی دوپاتکردۆتەوە کە بە ناپاکەکان دەورە دراوە، هەر بە راستییش ئەو گومانە بوو کە فڕاندی.

ئەو کاتەی کە سەرۆك بوو، (مەنگیستۆ) بە هاوکاری دەزگایەکی ئەمنی بەهێزو سەدان هەزار سیخوڕ وڵاتی بەڕێوە دەبرد. دەزگا ئەمنییەکەی هاوشێوەی دەزگای ئەمنی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دروستکرابوو، ئەو وڵاتەی کە زۆر سەرسامبوو پێی و حەزیدەکرد زوو سەردانی بکات.

لەکاتێکدا ئێستا لە مەنفای خۆیدا دەژی، (مەنگیستۆ) زیاتر گوماناوی بووە، بە جۆرێك ئەو گفتوگۆ قوڵانەی کە لەگەڵیدا ئەنجاممدان تاوەکو ڕازی بوو بەوەی چاوی پێمبکەوێت هەشت مانگیان خایاند. چونکە ئەو ئەوەی دەزانی قسەکردنی لەگەڵ مندا لەوانەیە ببێتە هۆی ناردنەوەی.

بەهەرحاڵ، هەر کە بەستەڵەکەکە شکا، وا دەردەکەوێت ئەستەم بێت ڕێگا لەو ووشانە بگیرێت کە لە زاری ئەم نەجاشییە سوورەوە دێتە دەرێ. "من پیاوێکی سەربازیم، تەنها ئەوەم کردووە کە دەبوو بیکەم ئەویش بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکەم لە خێڵ و دەرەبەگایەتی. ئەگەر شکستم هێنابێت، ئەوە بەهۆی ئەوەوە بووە کە خیانەتیان لێکردووم. بەڵام ئەوەی کە بە تاوانی کۆمەڵکوژ ناو دەبرێت هیچ نەبووە جگە لە جەنگێکی بەرگری لە پێناوی شۆڕش و ئەو ڕژێمەی هەموان سودیان لێ بینیوە".

بەدڵنیاییەوە ئەسیۆپیای مەنگیستۆ، تەجروبەیەکی ناوازە بوو لە بواری هەندەسەی کۆمەڵایەتیدا. چونکە (مەنگیستۆ) هەموو موڵکەکانی دەرەبەگە گەورەکان و کەنیسەی

ئەرسۆزۆکسی ئەسیۆپی داگیرکرد، ئەو موڵکانەی کە لە ٨٠٪ی زەوییە بە پیتەکان بوون. هەروەك دەسەڵاتی پادشایەتی هەڵوەشاندەوەو (شۆڕشی نیشتیمانی دیموکراسی) ڕاگەیاندو (ئیشتیراکیەتی زانستیشی) کردە ئەو یاسایەی کە حوکمی وڵاتی دەکرد.

ساڵی ١٩٨٢، ئەو کاتەی (لیۆنید برژێنیف)ی سەرۆك لە مۆسکۆ، و"مامە"(ئەنوەر خواجە) لە تیرانا، و لە وارشۆش ژەنەڕاڵێکی توند بە چاویلەکەیەکی ڕەشەوە بەناوی (فۆیستیچ یارۆزلسکی) حوکمی دەکرد، (مەنگیستۆ) بە ناچاری و لە ژێر سیحری ئەوروپای شیوعیەتدا ناوی وڵاتەکەی خۆی گۆڕی بۆ (کۆماری ئەسیوپیای دیموکراتی گەلی)، وڵاتێك کە تاکە حزبێك حوکمی دەکرد_ حزبی کرێکارانی ئەسیوپی_ بە سەرۆکایەتی مەنگیستۆ.

بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی ئەو وڵاتە بە ڕەوانبێژی سۆڤیەتیانە دەنووسرا، فەرمانبەرانی حکومەت (شۆڕشگێڕە ناڕازییەکان) کە لە کوخەکاندا لە ئەدیس ئەبابا دەژیان، ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ڕژێمەکەیان (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارییا)یە.

(مەنگیستۆ) ئامادەی کۆبوونەوەکانی لوتکەی وڵاتانی کوتلەی ڕۆژهەڵاتیش دەبوو. هەروەها سوپاکەشی، لە هەموو جەژنێکی کرێکاراندا، لە شەقامە درێژەکەی ئەدیس ئەبابادا و لە ژێر سایەی وێنەیەکی گەورەی (لینین)دا نمایشی سەربازیی دەکرد. تەنانەت باشترین یەکەکانی سوپاکەی بە مەدالیایەکی تایبەت خەڵاتدەکرد کە سوپای ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی پێدەناسرایەوە، لەبەرامبەریشدا، مۆسکۆ بە هەزاران (راوێژکاری سەربازی) بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشە جواداخوازییەکانی هەریەك لە (ئۆغادین) و (ئەریتیریا)و ئەو هێرشانەی کە لە سۆماڵەوە دەکران، ڕەوانەکرد. دواتر سەربازەکانی (ڤیدڵ کاسترۆ) هاتن: کە جارێکیان ١٨٠٠٠ سەربازی کوبی لە ئەسیوپیا شەڕیاندەکرد چونکە ئەوان زیاتر شارەزاییان لە شەڕی پارتیزانی و کەشی وەك ئەو وڵاتە ڕاهاتبوون زیاتر لە ڕوسەکان.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ئەو لیژنە سیاسییە سەربازییەی کە (مەنگیستۆ) سەرپەرشتی دەکردن ناوی (دێرگ) بوو (ئەم وشەیەش وشەیەکی (ئەمهەری) بوو کە بە مانای لیژنە دەهات)، ئەم لیژنە کە لە بنەڕەتدا وەها وەسفی خۆی کردبوو کە لیژنەیەکی (کاتی)یە، کەچی بۆ ماوەی دوو دەیە حوکمی وڵاتی کرد.

ئەم لیژنەیە سەرەتا وەك حکومەتێکی دادگەر کە ئامانجی نوێگەری بوو لەلایەن چەند گەنجێکی ڕۆشنبیرەوە دەستپێکرد، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ دیکتاتۆریەتیەکی سەربازی خوێناوی. دوای سێ ساڵ لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٤، (مەنگیستۆ) وازی لەو بانگەشەیە هێنا کە گوایە (لیژنەیەکی جەماعی) حوکمی وڵات دەکات، و خۆی کردە دەسەڵاتداری ڕەها و پرۆسەی تیرۆری سووری دەستپێکرد.

ئەو کات ئەسیوپیا بە ناخۆشترین دۆخی خۆیدا تێدەپەڕی. بە جۆرێك ئەو کاتەی سەربازەکانی مەنگیستۆ (دوژمنەکانی گەل)یان لە ناو دەبرد، ئەوەیان ڕەتدەکردەوە کە لاشەی مردووەکان تەسلیم بکەنەوە تاوەکو کەسوکارەکانیان پارەی ئەو فیشەکانە نەدەن کە پێی کوژراون. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ژمارەی ئەوانەی کە کوژراون لە کاتی پرۆسەی تیرۆری سوور لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨دا بە نیو ملیۆن کەس مەزەندە دەکا.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو شتەی ڕوویدا، هێشتا دیکتاتۆری پێشوو تۆبەی نەکردووە. "لە نۆ هەوڵی کوشتن ڕزگارمبووە. وڵات لە ئاژاوەیەکی بەربڵاودا بوو. یەکێك لەو گروپانەی کە پەیوەندی بە ڕژێمی لە ناوچوو هەبوو زۆر بە هێز بوو، هێرشیان دەکردە سەر ئەو کرێکارانەی دەیانویست پێش بکەون. بە ملیۆنان کەس دەهاتن بۆ پایتەخت و داوایاندەکرد یان بەرگرییان لێبکەین یاخود چەکیان بدەینێ بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن، ئەوە جەنگ بوو، هەموو ئەوەشی کە کردم ئەوە بوو بەشداری تیادا بکەم".

لەگەڵ ئەوەشدا (مەنگیستۆ) نکوڵی ناکات و دەپرسێت لەوانەیە ڕابووردوو بە جۆرێکی جیاوازتر بووایە. فاکسەکە دەخاتە لاوە، ئەوەتا ئەو ئێستا لە نووسینگە بچوکەکەی خۆیدا دانیشتووە. نەخشەیەکی ئەسیوپیا بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە. "بە ئەمریکییەکانم وت، من لەگەڵتانم، تا ئەو کاتەی کە دوو وڵاتی دۆستین، تەنانەت ئەسیوپیا هێزی خۆی نارد بۆ ئەوەی شانبەشانی هێزەکانی ئێوە لە جەنگی کۆریادا بجەنگێ. ئێمە ئێستا پێویستمان بە هاوکاری ئێوەیە بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان بنیات بنێینەوەو گەشەی پێبدەین". بۆ ساتێك دەوەستێ،"وەڵامیان دایەوە کە ئەوان بە تەواوەتی سەرقاڵی ڤێتنامن، و ئەفریقا لەلایەنی ستراتیژییەوە بەلایانەوە گرنگ نییە. ڕوومکردە چین، بەڵام ئەوانیش دەستیان نا بە ڕوومەوە. هەر بۆیە ڕۆیشتم بۆ مۆسکۆ، بۆ لای (برێژنێف). هێشتا یەکەم تەوقە و لەباوەشگرتنەکەیم لە بیرە لە کرملین".

مەنگیستۆ بیدەنگ دەبێ، لە کاتێکدا چێژ لەو دیمەنە وەردەگرێت. لەو ڕۆژەدا، سەرۆکە ئەفریقییەکە کڵاوێکی (ستراخان)ی لە سەر کرد بوو، ئەوەی کە سەرۆکی وڵاتانی دیواری ئاسنین لە سەریان دەکرد. کەشی مۆسکۆ زۆر سارد بوو، بەڵام بە نیسبەت ئەفسەرێکی گەنج کە لە دەشتاییەکانی ئەسیوپیاوە هاتبوو، کەشە سیاسییەکە لەوە گەرمتر نەبوو. "دۆخی خۆمانم بۆ ڕوونکردەوە، وەڵامی دامەوە: کۆلۆنێل، وڵاتەکەم ئەوەی تۆ خەیاڵی دەکەیت ئامادەیە هاوکاریت بکات، جگە لە بۆمبی ئەتۆمی. ئەوە ڕوویدا. سۆڤیەت هاوکاریکردین، نەك هەر بە قسە، بەڵکو لەو ساتەوە، (برێژنێف) هەروەك باوكێك وەها بوو بۆ من. نزیکەی دوانزە جار یەکتریمان بینی، هەمووی لە سۆڤیەت. هەموو جارێك کە دەمبینی بەر لەوەی باسی گرفتەکانی خۆمانی بۆ بکەم، دەموت هاوڕێ لیۆنید، من کوڕی تۆم، من بە هەموو شتێك قەرزاری تۆم، هەر بە ڕاستییش هەستمدەکرد وەك باوك وەهایە بۆم".

ئەو بژاردەیەی کە مەنگیستۆ هەڵیبژارد، تەواوی دیپلۆماتکارانی تووشی سەرسووڕمانکرد. چونکە هەمیشە توێژی دەسەڵاتداری ئەسیوپی خوێندنیان لە ئەمریکاو بەریتانیا تەواوکردووە، هەروەها ئەو سەرکەوتنەی کە هاوپەیمانان لە جەنگی جیهانی دووەمدا بە دەستیانهێناو سنورێکیان بۆ داگیرکاری ئیتالی لە ئەسیوپیا دانا، وەهای کرد لە (هیلا سیلاسی) کە پەیوەندی لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا ببەستێ کە هاوکارییان کرد بۆ دووبارە هێنانەوەی بۆ دەسەڵات، لەگەڵ ئەوەشدا مەنگیستۆ هەست بەوە ناکا ئەمریکییەکان ناپاکیان لەگەڵدا کردبێ. چونکە ئەو سەربازە، و لەوە تێدەگا کە جەنگی ڤێتنام ئەمریکییەکانی ناچار کردووە کە وڵاتێکی دیکە بگرنە خۆیان. هێشتا مەنگیستۆ ڕقی خۆی لەو پیاوە ناشارێتەوە کە ناپاکی لە ئەم و لە (برێژنێف)یش کردووە: کە ئەویش میخائیل گۆرباچۆفە.

"لەو کاتەی کە ئەندامێکی گەنجی لیژنەی مەرکەزی حزب بوو دەیناسم، بەر لەوەی بڕواتە ناو (پۆلیتپۆرۆ)ەوە". مەنگیستۆ حەزدەکا وەها ئەو وشەیە دەربڕێت. هەرکاتێك بێتە سەر باسی ڕیزبەندی دەسەڵاتی سۆڤیەتی پێشوو، ئینگلیزییەکەی خێرا دەکات و بەمەش تووشی دوو دڵی دەبێت لە دەربڕیندا، ئەو ڕیزبەندییەی کە لە ئەسیوپیا جێبەجێکرد. "سەرەتا کەسێکی باش، ڕاستگۆ بوو، خۆی بۆ مەسەلەی ئیشتراکییەت تەرخان کرد بوو. لەگەڵ منا نەرم و نیان و بەرێز بوو. بەڵام هەر کە هاتە دەسەڵات لە ساڵی ١٩٨٥ دەستی کرد بە قسەکردن دەربارەی (پیرۆسترویکا)و(غلاسنووست). دواین جار لە ئەدیس باباوە پەیوەندیم پێوە کرد بۆ ئەوەی وادەیەك بۆ بینینی دابنێم، چونکە پێویستم بەوە بوو بزانم چی ڕوودەدا. ڕۆیشتم بۆ مۆسکۆ بۆ ئەوەی لە بارەی ئەو دوو دروشمەوە پرسیاری لێبکەم کە تێنەدەگەشتم لێی، هەروەکچۆن گەلی سۆڤیەتیش لێی تێنەدەگەشتن. پێم وت: هاوڕێ گۆرباچۆف، با ئێمە لەگەڵ یەکتریدا ڕاستگۆ بین، ئەگەر گۆڕانکارییەك لە ئاراستەکەدا هەیە پێمبڵێ با ئێمەش ئاراستەکەمان ڕێکبکەینەوە، چونکە بە هێزی ئێوە بەهێزی ئێمەیە،

لاوازبوونیشتان لاوازبوونمانە". بەڵام حەماسەتەکەی (مەنگیستۆ) هیچ پەرچەکردارێکی لەلای سەرکردە سۆڤیەتیەکە دروستناکات. گۆرباچۆف دەیویست سنورێك بۆ جەنگە ئیستعیمارییەکانی سۆڤیەت دابنێت. پێشتریش فەرمانی کشانەوەی لە ئەفغانستان دەرکردبوو کە لە ساڵی ١٩٩٠دا جێبەجێدەکرا.

هەروەك دەیویست لە ململانێکانی کیشوەری ئەفریقیدا بکشێتەوە، ئەو ململانێیانەی کە چەند سەدەیەك بوو دەستیان پێکردبوو واش دەردەکەوت کۆتاییەکی نەبێت، چونکە دەرکەوتبوو هۆکاری پشت ئەم ململانێیانە تێڕوانینە ئایدۆلۆژییەکان نەبوو، بەڵکو کێشە هەرێمایەتیەکان بوو. بە مانایەکی دیکە، گۆرباچۆف دەیویست لەو بنەمای (گەشەپێدانی نا سەرمایەداری)ی (بریژنێنیف) دەربچێ لە موستەعمەراتەکانی کۆندا، کە وەهای کرد بوو چەندین وڵاتی لایەنگری سۆڤیەت لە کیشوەرەکانی جیهاندا دروستببێ، و لە ڕووی داراییەوە زۆر قورس لە سەر کۆمارە ئیشتیراکییەکانی سۆڤیەت بکەوێ.

لەوانەیە (گۆرباچۆف) ئارەزووی ڕوونکردنەوەی ئەوەی نەبێ بۆ (مەنگیستۆ)ی وەفادار، لەبری ئەوە زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات و پێی دەڵێ:"نیگەران مەبە، هاوڕێ مەنگیستۆ، میللمەترێك لە لینینیەت و مارکسیەت دوور ناکەومەوە، من شانازیش بە دەستکەوتە ئیشتراکییەکانمانەوە دەکەم، و هەر وەفاداریش دەبم".

ئەگەر ئەم مانۆڕە سیاسییەی کە گۆرباچۆف ئەنجامیدا مانۆڕێکی فریودەرانە بێت، ئەوا بارودۆخەکە لە سەر زەویش زۆر باش نەبوو. چونکە کاتێك سۆڤیەت چەکی دەنارد بۆ حکومەت لە (ئەدیس ئەبابا)، ئەوا لەلایەکی تریشەوە چەکی دەنارد بۆ ئەو گروپە یاخییانەی کە لە ئەسیوپیا شەڕیاندەکرد، وەك گروپەکانی (ئۆغادین)و (تیغرای).

(مەنگیستۆ) بیری دەکەوێتەوەو زۆر بە سووکی دەڵێت"دوای چەند ساڵێك ئەو کاتەی کە یاخیبوان بۆ پێشەوەو بەرەو ئەدیس ئەبابا دەهاتن، پەیوەندیم پێوە کرد و داوای هاوکاریم

لێکرد، کەچی پێی ووتم (خۆڕاگربە، هاوکاریت بۆ دەنێرین. ڕەخنەت لێدەگرن، بەڵام تۆ زۆرت کردووە بۆ ئەسیوپیا بۆ ئەوەی مێژوو وەك سەرۆکێکی گەورە باستبکا. تۆ بە شایستەی خۆت لە مێژوودا شوێنی خۆتت گرتووە چونکە ڕژێمی ئیمپراتۆری لەناوچووت لە ناو برد، و نەتەوەیەکت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نوێکردەوە). ئای. . . مونافیق، تەنانەت خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیشت وەرگرتووە! ئەو کاتێك منی فریو دەدا بە قسەی خۆش، چەکی بۆ دوژمنەکانم دەنارد. دوای ئەوگفتوگۆیە هەرگیز قسەم لەگەڵ نەکردەوە. ئەمزانی درۆ دەکا. کاتێکی دژوار خەریکبوو دەستی پێدەکرد: ئیدی ئێمە نەماندەزانی کێ هاوڕێمانەو کێش دوژمنمانە".

هێشتا ئازاری بیرەوەریی ئەو دوایین مانگەی کە بە زەلیلی لە دەسەڵاتدا بوو لە بیرە. (مەنگیستۆ) ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە جارێکی دیکەش ڕوویکردۆتەوە ئەمریکا دوای ئەوەی کە مۆسکۆ پشتی لێ کردووە. "ئەو سەرۆکە. . . ناوی چیبوو؟ کارتەر، بوەستە. . . سەرۆکەکەی دوای ئەو. ئەها، بەڵێ، بیرمکەوتەوە، ڕۆناڵد ڕێگان. ڕێگان ڕەتیکردەوە کە هاوکاریم بکات". ئەوەش دەڵێت کە ڕێگان و گۆرباچۆف، بە نیسبەت ئەوەوە، دوو ڕووی یەك شەیتان بوون.

جارێکی دیکەش قسەکردنەکان دێتەوە سەر مۆسکۆ. "ڕێگان و گۆرباچۆف لە موئامەرەکردن دژ بە پێشکەوتن بەشدار بوون. گۆرباچۆف خیانەتی لە هەموو جیهان کرد، نەوەك هەر بە تەنها مەنگیستۆ. ئەو هەروەکچۆن وڵاتی خۆی وێرانکرد، تەواوی بزووتنەوەی ئیشتراکی جیهانیشی وێرانکرد. شیوعیەت و نەتەوەیی هەروەك یەك. کاتێك هاتە دەسەڵات دەیوت بۆ دژایەتیکردنی ئەو گەندەڵیانە هاتووە کە لە حزبی شیوعی کۆندا هەیە لە یەکێتی سۆڤیەتدا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو نەیدەویست ڕژێمەکە چاکبکات بۆ ئەوەی ڕزگارییبکات، بەڵکو بۆ ئەوە هاتبوو کە ڕژێمەکە لە بەریەك هەڵبوەشێنێ".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا یاخیبووان زۆر بە تۆکمەیی بەرەو ئەدیس ئەبابای پایتەخت دەهاتن. فڕۆکە هێرشبەرەکانی جۆری (مێك)ی ئەسیوپیا ئیدی تەقەمەنییان پێنەبوو پەلاماری قافڵەی یاخیبووان بدەن.

ماوەیەکی کەم بەر لە ڕووخانی (مەنگیستۆ)، (جیانی دۆمیشلین)ی وەزیری دەرەوەی ئیتالیا، ویستی بە ناوی ئەو هاوڕێتییە کۆنە کە لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەیەو هەروەها بە ناوی ئەو گرێبەستە تازانەی کە لە نێوان هەردوو وڵاتدا مۆرکرابوو، ناوبژیوانی حکومەت و یاخیبووان بکات.

کۆڵۆنێل ئەوەی هێشتا لە بیرە "گفتوگۆ نهێنییەکانی وەزیرە ئیتالییەکە لەگەڵ یاخیبوواندا شکستی هێنا، (دۆمیشیلن) پێی وتم کە ئیتالیا ناتوانێت هاوکاریم بکا".

ئیدی ئەمریکییەکان هاتنە ناوەوە. ئەوانە نەیاندەتوانی هیچ هاوکارییەکی سەربازی بکەن، بەڵام هاوکارییان کرد بۆ ئەوەی هەڵبێت. ئەمەش لە پێناوی وڵاتەکەدا بوو. ئەوان پێیان وت فڕۆکەیەکی بۆ دەنێرن بۆ ئەوەی خۆی و خێزانەکەی و هەندێك لە لایەنگرە نزیکەکانی بۆ شوێنێکی ئارام بگوازێتەوە.

(مەنگیستۆ) ڕازیی بوو.

ژمارەیەکی زۆر لەو ئەسیوپیانەی کە بەهۆی تیرۆری سوورەوە هەڵهاتبوون، نەیانوێرا بگەڕێنەوە تاوەکو دە ساڵ دوای کەوتنی (مەنگیستۆ). بەجۆرێك نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠١ سەرپەرشتی ناردنەوەی دواین پەناری لە ١٣٠٠٠ پەنابەر کرد کە لە ئۆردوگاکانی سودان و کینیاو جیبۆتی و یەمەندا دەژیان.

لە ئەدیس ئەبابا، دادگاکان زۆر بە لەسەرخۆیی سەبارەت بە تاوانەکانی جەنگ بەرێوە دەچن، چونکە حکومەت کەرەستەی پێویستی لە بەردەستدا نییە، ئەمە جگە لە ئیرادەی

کۆتایهێنانێکی خێرا بۆ دادگایکردنی سەد تۆمەتبار کە سەرپەرشتی پرۆسەی تیرۆری سووریان کردووە.

زۆربەی سزاکانیش سزای مردنن، لەو کاتانەدا، شایەتحاڵەکان چیرۆکەکانی خۆیان دەگێڕنەوە، هەروەها کەمە کەمە گەلی ئەسیوپی فێری ئەوە دەبن کە بە ئاشکرا ئەوە بخەنە ڕوو کە لە ڕابووردودا چی ڕوویداوە.

(جیزۆ جیبەر مادین) لە شایەتیدانی خۆی دژ بە (جسیجی جیبەر مسکلیل)ی یەکێك لە بەرپرسانی سەر بە (مەنگیستۆ) ئەوە دەخاتە ڕوو کە بە دەستی ئەو بەرپرسە باوکی کوژراوە، و سەری لیٚ کراوەتەوە، دواتریش لە مەزادێکی ئاشکرادا لە یەکێك لە بازاڕەکاندا خراوەتە ڕوو بۆ فرۆشتن.

جیزۆ دەڵێت"ئەو خەڵکانەی ئەو ڕۆژە لەو بازاڕەدا بوون ئەوەیان بۆ گێڕامەوە کە هیچ کەسێك سەری باوکمی نەکڕی"، بە هەرحاڵ. جیزۆ ئەوەشدەخاتە ڕوو کە ئەوان باوکیان بە دەرەبەگ و دوژمنی (مەنگیستۆ) تۆمەتبار کردووە، چونکە پارچە زەوییەکی بچکۆلەی هەبووە.

یەکێکی دیکە لە شایەتحاڵەکان دەگێڕێتەوە"کاتێك تەمەنم هەشت ساڵان بوو، باوکم لە دەستدا، لەبەردەمی ماڵی مامەمدا کوژرا. تا لە ژیاندا بم ئەو ڕۆژەم لە بیرناچیٚ کە مامەم هاتە بەردەمی قوتابخانەکەو بردمی. بەدرێژایی چەند ساڵیش هاوڕێکانی پۆلەکەم هەمیشە بەوە تۆمەتباریان دەکردم، کە من کوڕی شۆڕشگێڕێکی ئۆپۆزسیۆنم. دواتر بکوژانی باوکم لە زیندان بینییەوە.

من لێینانخۆشبوم هەروەك چۆن خودا لە من خۆشبووە، بەڵام ناتوانم ئەوە لە بیربکەم کە ئەنجامیان داوە، و دەمەویٚ هەموان ئەوە بزانن".

یەکێکی دیکە لە شایەتحاڵەکان کە نەیویست ناوی ببەین وا دەگێڕێتەوە"چی ڕۆژگارێکم بیرکەوێتەوە ! بیر لە ترس، نا مرۆڤایەتی، زیندان، ئەشکەنجە، یاخود ئەو پیاوانەی کە لە ژوورەکەمدا مردن، یاخود لەو پیاوانەی ئەو زیندانەیان بەجێهێشت، بکەمەوە. ئەو منالآنەم لەبیرە کە لە زینداندا لە دایکبوون، و چۆن چۆنیش قاچی دایکەکانیان بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە سوورو مۆر بووبوونەوە. ئەو هیوایەم لە بیرە کە هەموو بەیانییەك کاتێك بۆ نوێژکردن کۆدەبوینەوە، هەمانبوو، لە کاتێکدا پاسەوانەکانمان نەخشەیان بۆ ڕۆژێکی جەهەنمی دیکە دادەنا.

ئەوەشم لە بیرە کە چۆن پەنجا گوندنشینی نەخوێنەوارییان لە عەسری ڕۆژێکی ناخۆشدا هێناو هەموویان لەگەڵ منالەکانیانا خرانە یەك ژوورەوە. ئاه. . هەمووی ئەوەی کە لە سەردەمی (مەنگیستۆ) دا ڕوویدا زۆر باش لەبیرمە.

زۆرباش ژەنەراڵ (میرید نیگۆسی)ی هاوڕێم لەبیرە، هەموو ئەو کەسانەم لە بیرە کە هاوکارییان کردم بۆ ئەوەی ئەمڕۆ لێرە بم و شایەتی خۆم بدەم. لە قوڵایی دڵیشمەوە، ئیمپراتۆری خۆمانم لە بیرە، بیرمە لەو کات ژیان چۆنبوو: جوانی و گەورەیی وڵاتەکەم ئەسیوپیام لە بیرە. کە ئێستا نەیماوە".

(مەنگیستۆ) هەرگیز نەیتوانی ڕێزی نوخبەی (ئەمهەری) لە ئەدیس ئەبابا بە دەستبهێنێت، سەرەڕای ئەوەی زۆر هەوڵیشیدا. چونکە لە کاتێکا ڕژێمەکەی دەستی کرد بە لەناوبردنی بنەما تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای ئەسیوپی، کەچی لەولاشەوە (مەنگیستۆ) بە هیوا بوو ڕەزامەندی ئەوان بە دەستبهێنێ.

تەنانەت جارێکیان پرۆپاگەندەی ئەوەی بڵاوکردەوە کە گوایە بنەچەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەلالەی ئیمپراتۆری ئەسیوپی، سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە ئەو لە (کیفا)، ئەو موقاتەعە

دوورەی کە دەکەوتە باشووری خۆرئاواوە هاتبوو، هەروەها بەم دوا دواییە نەبێ ئەویش بە چەند قۆناغێك، ڕۆشنبیرییەتی (ئەمهەری) پێنەگەشتبوو.

تەنانەت ئەرستۆکراتییە ڕاستەقینەکانیش تاقەتیان نەبوو بانگەشەی ئەوەشبکەن کە باوەڕی پێ دەکەن.

خێزانەکەی (مەنگیستۆ) زۆر هەژار بوون، پەیوەندیکردنیشی بە سوپاوە هەروەك هەمان هۆکاری پەیوەندیکردنی دیکتاتۆرەکانی لە جۆری (جان بیدل بۆکاسا)و (عیدی ئەمین) بە سوپاوە بوو: ڕاکردن لە هەژاری، و دۆزینەوەی شوێنێك لەم جیهانەدا بۆ ئەوەی جلوبەرگێکی بەرێزانەی تیادا لەبەربکا. بەڵام (مەنگیستۆ)ی جدی، و پەیوەست بە سیستەم، و بێزراو، هەرگیز نەیتوانی ببێتە ئەرستۆکراتیەکی وەك ئەو ئەرستۆکراتیانەی کە لە کۆشکی ئیمپراتۆری دەیبینین. هەر بۆیە (مەنگیستۆ) کەوتە خوێندنەوەی گەورە سیاسەتمەدارانی نێودەوڵەتی،"هاوڕێکانی"وەك خۆی حەزی دەکرد وەها ناویانببا، هەروەها وەك ئەوان خۆی دەگۆڕی، و ڕەفتاری وەك ئەوان لێکرد، و بەپێی پێویست هاوەڵی دەکردن، وا هەستی دەکرد ئەویش دەبێتە پیاوی دەوڵەت.

"چەندین سەرکردەی بیانیم بینیووە". بەخۆشیەکەوە ئەمە دەڵێت، بەجۆرێك هێشتا دڵخۆشە کە وا هەستدەکا ئەویش یەکێکە لە ئەوان. "بەڵام ئەو دوو کەسەی کە زۆر سەرسامم پێیان و زۆر ڕێزیان دەگرم، (کیم ئیل سۆنگ)ی سەرۆکی کۆریای باکوورو (ڤیدڵ کاسترۆ)ی سەرۆکی کوبایە. ئەو دووانە زۆر سەخاوەتمەندن. کاسترۆ نیشتیمانییەکی ڕەسەن، و شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینەو پیاوێکی زۆر ڕاستگۆیە. وا هەستناکەم جیهان بە چاکی لێیتێگەشتبن. ئەو هەستی مرۆڤایەتی زۆر بەرزە. لە وڵاتە بچوکەکەی خۆیدا، سەرەڕای کەمی بەرهەم، موعجیزەی گەورەی خوڵقاندووە. کۆریای باکووریش، وڵاتێکی جوانە، ئەوەی کە بە ماوەیەکی کەم ئەنجامیان داوە باوەڕپێنە کراوە. سەرەڕای وێنە

ناشیرینکراوەکەی لە ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتیدا، (کیم ئێل سۆنگ) پیاوێکی چالاکە. کاتێك لە بەلەمە تایبەتییەکەیدا دەسوورایەوە، دەیخواردەوە، و جگەرەی دەکێشاو نوکتەی دەگێڕایەوە، ئەو بە ڕاستی هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی ئەسیوپیا بوو، چونکە وێستگەیەکی وزە، و بەلەم، و ڕاوێژکاری سەربازی پێداین بێ ئەوەی لە بەرامبەردا داوای هیچ شتێك بکا".

ئەوەی جێگای سەرسووڕمانە ئیتالیاش یەکێك بووە لە هاوکارە سەرەکییەکانی (مەنگیستۆ). ئەمەش ئەوەندەی پەیوەندی بە شێوازی فاسدی سیاسی ئیتالییە هەیە ئەوەندە پەیوەندی بە هیچ هەستێکی دیاریکراو بۆ کاری خێر نییە، بۆ نموونە لە هەشتاکاندا فەرمانبەرەکانی حکومەتی ئیتالی پارەیان بە ئەسیوپییەکان دا بۆ ئەوەی پرۆژەی گەورەی پێئەنجامبدەن، ئەمە لەسەر ئاستە ڕەسمییەکە بوو، چونکە ئیتالیا _ئەو هێزە ئیستیعمارییە بوو کە لە پێشتردا ئەو وڵاتەی داگیر کرد بوو_ هەستی کرد بوو واجبێکی ئەخلاقییە کە بەشداری لە گەشەپێدانی ئەو وڵاتەدا بکا. بەڵام لە ڕاستیدا لە بەرامبەر ئەم بەخشینەدا بەرژەوەندییەك هەبوو، چونکە هەندێك لەم پارانە گەڕانەوە بۆ خەزنەی حزبە سیاسییە ئیتالییەکان، لە نێویشیاندا حزبی ئیشتیراکی دەسەڵاتدار.

کۆلۆنێل هیچ شتێکی لەبیر نییە کە حکومەتی ئیتالیا بردبێتی. "هەمیشە سوپاسگوزاری (بتینۆ کراشی) سەرۆك وەزیرانی حکومەتی ئیتالیم ئەویش بەهۆی پشتگیرکردنی پرۆژەی کشتوکاڵی لە دۆڵی (تانابیل). ئەوە دیارییەکی جوانبوو لە ئیتالیاوە". دیارییەك کە بوو بە هۆکاری ئەوەی کشتوکاڵکردنی ئەسیوپی بکات بە کشتوکاڵکردنێکی بە کۆمەڵ، هەروەها بوو بە هۆکاری ڕاگواستنی سەدان هەزار گوندنشنین بۆ دۆڵە بە پیتەکانی باشوور، بەجۆرێك ئەو بەنداوانەی کە ئیتالیا بەم دواییە دروستیکردن بوو بە ژیاندنەوەی ٢٠٠٠٠ هێکتار زەوی.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ساڵی ١٩٩١ شۆڕشگێڕە ئەریترییەکان و تەغریونەکان هەموو ئەو بەنداوانەیان تەقاندەوە، بەمجۆرە لە کاتی پێشڕەویکردنیان بۆ ئەدیس ئەباباو لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا هەموو ئەو پارە زۆرانەو ئەو هەوڵە بەشەرییانە، واتە هەموو نرخەی کە (مەنگیستۆ) دای بۆ دەستکەوتنی بەنداوەکانی، هەموویان لەناوچوون.

مێژووی ئەسیوپیا دەگەڕێتەوە بۆ پێش سێ هەزار ساڵ. لە ساڵی ٣٥٠ی زاینیشەوە نەتەوەیەکی مەسیحین. دەسەڵاتداران بنەچەی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ(مەنلیك): کوڕە سەفاحەکەی شاژنە سەبأ و پادشا سلێمان.

پەیوەندییەکان هەرچۆنێك بن، ڕاستی بن یاخود درۆ، ئیسرائیل بە نیسبەت ئەسیوپیاوە، بەدرێژایی چەندین سەدە گرنگییەکەی گەورەی هەبووە، بە جۆرێك لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا، بە ڕەزامەندی حکومەتی ئەسیوپی، ئیسرائیل لە ڕێگای ئاسمانییەوە بە هەزاران جولەکەی ڕەشپێست کە پێیان دەوترا (فلاشا) لە ئەدیس ئەباباوە گواستەوە بۆ تەلئەبیب.

(فلاشا) نەوەی خێڵێکی جولەکەی کۆنن، کە بۆ دۆزینەوە وڵاتێکی تازە، دەریای سوورییان بڕیوە. هەروەها کاتێك مۆسۆلینی لاواز توانی لە ساڵی ١٩٣٦، ئەسیوپیا داگیربکات، (هیلا سیلاسی) لەبری ئەوەی هەڵبێت بۆ پایتەختی وڵاتێکی بیانی، خۆی گەیاندە دێرێکی قبتی ئەرسۆزۆکسی لە زەوییە پیرۆزەکان(فەلەستین). ئەمەش ڕێگای ئەو بوو بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە بنەچەی ڕۆشنبیری نەتەوەکەی پەیوەستە بە زەوییە پیرۆزەکانەوە ئەویش بەهۆی ڕابووردووە تەوراتییەکەیەوە.

بەدرێژایی سێ هەزار ساڵیش، هەرگیز ئەسیوپییەکان سەیری ڕۆژئاواییەکانیان نەکردووە بۆ ناوخۆی کیشوەری ئەفریقا، بەڵکو هەمیشە سەیری ڕۆژهەڵاتیان کردووە، ڕووەو دەریای

سوور. هێشتا مرۆڤ لە ئەدیس ئەبابا گوێی لە قسەکردن دەبێت سەبارەت بە (ئەفریقییەکان) و(ئەسیوپییەکان) وەك ئەوەی ئەم دووانە لە یەکتری جیاوازبن.

بەڵام ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕی قەدەرە ئەوەیە برسێتی، ئەو کارەساتەی کە ئەفریقا لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، ڕێگر بووە لەوەی ئەسیوپیا بگات بە ئاواتەکانی. بەجۆرێك برسێتییەکەی ساڵی ١٩٧٢، کە بوو بەهۆی یەکەمین شۆڕش لە دژی ئیمپراتۆر، ١٠٠ هەزار تا ٢٥٠ هەزار قوربانی لێکەوتەوە.

هەروەها برسێتییەکەی ساڵی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ نزیکەی ١ ملیۆن قوربانی لێکەوتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە (مەنگیستۆ) ئیستغلالی توڕەیی خەڵکی کرد لە برسێتییەکەی ساڵی ١٩٧٢دا بۆ ئەوەی بگات بە دەسەڵات، بەڵام ڕەخنەگرانی دەڵێن ئەو گرنگی بەو برسێتییە نەداوە کە لەبەرچاویدا بووە، بەڵکو هەموو گرنگیپێدانێکی (هیلا سیلاسی) و (مەنگیستۆ) لەسەر جەنگکردن بووە لەگەڵ (ئەریتریا) بۆ دەستگرتن بەسەر دەروازەیەکدا بۆ سەر دەریای سوور.

(مەنگیستۆ) هەر بەراوردکارییەکی لەوجۆرە ڕەتدەکاتەوە"ئەوە ڕاست نییە کە من زۆر گرنگیم نەدابێ بە برسێتی. ئایا چی ئامانجێکم هەبوو لە دروستکردنی بەنداوی (تانابیل) و دوبارە نیشتەجێکردنی گوندنشینان بۆ ئەوەی هەرگیز کارەساتی برسێتی ڕوونەداتەوە. بەڵام ڕێگام بدە جارێکی دیکە ئەوە دووبارە بکەمەوە کە وتومە: ئێمە لە جەنگدا بووین، پێویست بوو لەپێشینە بۆ جەنگ و سەرکەوتن بێ لەو جەنگەدا".

لەکاتی بەردەوامی گفتوگۆیەکەشماندا، (مەنگیستۆ) زیاتر دەکرێتەوە. هێشتا لەسەرخۆ قسەدەکا، بەڵام ناو بە ناو لەپێکەنینا دەتریقێتەوە. جلە کاکاوییەکەی شێوازییەکی سەربازی پێداوە. ئێستا قسەکردنەکان لەسەر سۆماڵە، دراوسێکەی ئەسیوپیاو دوژمنە هەمیشەیەکەی. چونکە ساڵی ١٩٧٧ لەکاتێکدا (مەنگیستۆ) خەریکی بە هێزکردنی

**قسە لەگەڵ شەیتان**

دەسەڵاتی بوو لە پرۆسەی تیرۆری سووردا، سۆماڵ بەشێك لە ئەسیوپیای داگیرکرد. (مەنگیستۆ) دەربارەی سۆماڵ دیپلۆماسییانە قسە دەکات.

"بەڵێ سۆماڵ دوژمنم بوو، بەڵام من ئەمڕۆ بە داخەوەم بۆ گەلی سۆماڵی، ئەوان ڕێگەیان بە خۆیان داوە دابەشببن بۆ چەند هۆزێك کە لەگەڵ یەکدا لە جەنگدابن". بەڵام (مەنگیستۆ) ئەوەی بیرچووەتەوە، بە پێچەوانەی زۆربەی نەتەوە ئەفریقییەکانەوە، دابەشبوونی هۆزەکی لە سۆماڵدا نییە، بەڵکو ئەوەی دابەشیدەکات ئینتیما عەشایەرییەکانە، نەوەك ڕەگەزییەکان.

بەڵکو (مەنگیستۆ) هەروەك زۆربەی سەرکردە ئەفریقییەکانی سەردەمی خۆی، بڕوای وەهایە (هۆز) ئەو بەڵایەیە کە ئەفریقا لەسەردەمی دوای کۆلۆنیالییەوە بەدەستییەوە دەناڵێنێ.

"نەك هەر ئەوەندە تەنانەت کەمینەیەك دەستیگرتووە بە سەر وڵاتەکەمدا، و دابەشی کردووە بەسەر چەند هۆزێکدا. هەروەك حاڵی هەموو ئەفریقا، ئەسیوپیاش بۆ دواوە دێت، بەرەو ڕابووردوو لەناو دەچێ".

بەڵام ئێمە قسە لەسەر سۆماڵ و (سەعید باری) دەکەین، ئەو سەرۆکەی کە دەسەڵاتی (مەقادیشۆ)ی بە دەستەوە بوو لەو کاتەی کە (مەنگیستۆ) دەسەڵاتی (ئەدیس ئەبابا)ی بە دەستەوە بوو، وانییە؟.

"ئەها، سەعید!". مەنگیستۆ بە پێکەنینەوە وەها دەڵێ. "زۆر چاك دەمناسی، تەنانەت زۆر زۆر چاك، بۆ ماوەیەکی درێژ دوژمنی پلە یەکەم بوو". دووبارە دەستدەکاتەوە بە پێکەنین.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

ئەو سەرنجەم بۆ درووستبووە (مەنگیستۆ) هەرچی جارێك دێتە سەر باسکردنی شکستێك لە ژیانیدا، ئەوا لە بیرکردنەوەی خۆیدا بەو سەرکەوتنەی دەزانێت کە لە دواین ساتەکانیدا شکستی هێناوە لەسەر زەمینی واقیعدا جێبەجێی بکات. بۆ نموونە لەو لەحزەیەی کە بەسەر گرفتی برسێتیدا زاڵبوبوو، جەنگەکەی دۆڕاند، هەروەکچۆن لە کاتێکا لەسەر ڕێبازی ئیشتیراکییەت وڵاتەکەی گەیاندە ئارامی، دوورخستنەوەی هات، هەروەها هاوڕێی بیانییەکانی خیانەتیان لێ کرد کاتێك شوێنێکی بۆ ئەسیوپیا دیاری کرد لە نەخشەی جیهانیدا.

"هەوڵمدا لەگەڵ (سەعید باری)دا ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتیانە مۆربکەم، ئێمە دەمانتوانی شتی زۆر پێشکەشی گەلەکەمان بکەین، بەڵام ئەویش خیانەتیان لێکرد".

لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩١و تەنها چەند مانگێك بەر لە کەوتنی (مەنگیستۆ)، بە کودەتایەکی سەربازی (سەعید باری)یش لە دەسەڵات دوورخرایەوە، بەمجۆرە دوژمنەکان لە گۆڕەپانەکەدا لە کاتێکی نزیك لە یەکتری، و بە هەمان ڕێگای توندوتیژی، گۆڕەپانەکەیان بە جێهێشت.

لە ئەوروپاش، دوای ڕووخانی دیواری پەرلین، تەواوی کوتلەی ڕۆژهەڵاتی لەبەریەك هەڵوەشانەوە، و کتوپڕ ئەڵمانیای رۆژهەڵاتی دیموکراتی خۆشەویستی مەنگیستۆ، ئەو وڵاتەی کە ئەسیوپیای دیموکراتی گەلی هاوشێوەی ئەوی دروستکردبوو، نەما و خەونەکەی بە نمایشە سەربازییەکانی هاوشێوەی ئەو وڵاتە بوونە با.

هەروەها کودەتای شیوعییە توندڕەوەکان لە دژی دوژمنەکەی، (میخائیل گۆرباچۆف) شکستی هێنا، و (کرملین) یش بوو بە موڵکی چاکسیخوازێکی کەمێك ڕاستگۆتر: بۆریس یەلسن.

ناپاکێکی تر، و نا پاکییەکی تر.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لەو کاتەی کە (مەنگیستۆ) لە (ئەدیس ئەبابا)ەوە هەڵهات، یەکێکی تر لە دواین قەڵا کۆنەکانی شیوعیەت کەوت.

لە (تیرانا)، دوای نیو سەدە لە دەسەڵات، بێوەژنەکەی (ئەنوەر خواجە) دەستبەرداری دەسەڵات بوو، و زۆر بە خێرایش، لەلایەن سەرکردە تازە ئەلبانیا (دیموکراسیەکان)ەوە خرایە زیندانەوە.

"هەرگیز لایەنگری ئەلبانیا نەبووم، بەڵام زۆر سەرسامی فەلسەفە پتەوو ڕێکخراوەکەیان بووم". نەجاشی سوورەکە لە کاتێکدا سەری دەلەقێنێ بەردەوام دەبێت و دەڵێت" هەمووومان ڕووبەروی خیانەت بووینەوە. هەمومان خیانەتمان لێکرا".

کۆڵۆنێل هەڵدەستێ. لە ژوورەکەی تەنیشتمانەوە زەنگی تەلەفۆنێك لێدەدات، لەوێوە گوێم لە دەنگی منالێ و ژنە. وا دەردەکەوێت زۆر پەرۆشە بۆ وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکەی، بەڵام دیارە نایەوێ من ژووری تایبەتی دانیشتنەکەی ببینم، هەر بۆیە زۆر بە وریاییەوە دەرگاکەی دادەخات، و بە تەنها من لە کتێبخانە هەژارەکەیدا بەجێدەهێڵێ، بە جۆرێك جگە لە نەخشەیەکی ئەسیوپیا بە دیوارەکەوە هیچی دیکەی تیا نییە.

(مەنگیستۆ) هیچ زانیارییەکی لەسەر ژیانی خێزانی خۆی پێنەوتم.

کاتێك دەگەڕێتەوە ڕووخساری شڵەژاوە. لەوانەیە هەواڵی خراپی بیستبێت، یاخود لەوانەیە هەڵۆکانی چواردەوری زیاتر و زیاتر لێی نزیکببنەوە.

"ئایا ڕۆژێك دەگەڕێیتەوە بۆ ئەدیس ئەبابا؟".

"ئەسیوپیام زیاتر لە ژیانی خۆم خۆشەوێ".

"هەست بە پەشیمانی دەکەیت؟".

"بەڵێ. یەکێك لە بەهێزترین سوپاکانی ئەفریقام دروستکرد، هەروەها یەکێك لە باشترین حزبە ڕێکخراوەکانم لە هەموو جیهاندا دروستکرد. هەروەك دایکێك چۆن منداڵەکەی دەپارێزێت ئاوەها بەرگریم لە یەکڕیزی وڵاتەکەم کرد، بەڵام هەموو ئەوانە کۆتاییان هات و گەشتنە هیچ".

"ئایا باوەڕت بە دیموکراسی هەیە؟".

"دیموکراسی لە ئەوروپا سودی هەیە، بەڵام تەقالیدەکان لە ئەفریقا جیاوازە. سەیری حاڵی ئەسیوپیا بکەم لە ئەمڕۆدا، ئەوان دەڵێن ڕژێمی فرە حزبییان چەسپاندووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان خێڵایەتیان هێناوەتەوە. چونکە هەموو تاکێك لایەنگری خێڵەکەی یاخود ئاینەکەیەتی، و لایەنگری حزبێکی دیاریکراو نییە. هەروەها لە سودان، و ڕواندا، و برۆندی، و کۆنگۆ، کینیاش، هەمان جۆرە، دۆخەکە لە هەموو شوێنێك وەهایە. جیهان جەنگی وەها دەبینی لە ئەفریقا کە هەرگیز ڕووینەداوە. جەنگی خێڵەکی ترسناك".

جارێکی دیکە دەنگی (مەنگیستۆ) بەرزدەبێتەوە، چونکە دوای دە ساڵ لە هەڵهاتنی لە ئەدیس ئەبابا، ئەم بابەتە سەرقاڵی دەکات و سۆزی دەجولێنێ، ئەویش بەوەی جیهان هێشتا لەوە تێنەگەشتووە کە بەدیلی لەمجۆرە پیاوانەی وەك ئەو، فەوزاو دابەشکردنی وڵات و جەنگی تائیفییە.

"لای ئێمە لە ئەسیوپیا پەندێکی باو هەیە کە دەڵێت جیهان سوورە لەسەر ئەوەی پێڵاوێکی تازەی جوانمان بداتێ، ئێمەش پێویستە لەسەرمان قاچەکانمان بگونجێنین بۆ ئەوەی بەو پێڵاوە تازەیە بکات. بەڵام ئەم پێڵاوە تازەیە هەندێکجار قاچی خەڵك ئازار دەدات، هەر بۆیە فڕێیدەدەن. ئایا ئەمە موفارەقەیە؟. لەبری ئەوەی پێڵاوەکانتان چاکبکەن بۆ ئەوەی بە قاچی ئێمە بکات، ئێوە ئەوانەی لە ڕۆژئاوان داوای پێچەوانەکەیتان کرد. دوای ئەو

هەمووەی کە ڕوویدا، و ووترا، نەدەبوو ئەو کەشتییەی کە پێشکەشمکردن زۆر دوور فرێبدەن".

دوای چەند مانگێك لە گفتوگۆکەم لەگەڵ نەجاشییە سوورەکەدا، پڕوپاگەندەی ئەوەم بیست جارێکی دیکە (مەنگیستۆ) لە قەفەسە ئالتونییەکەی خۆی هەڵهاتووە.

ماڵە بچوکەکەی لە شاری (هەرر) چۆڵبوو. دەڵێن لەگەڵ ژنەکەی و هەردوو کچەکەی و ئاندیتی کوڕی کە تەمەنی ٢٠ ساڵ و خوێندکاری زانکۆی (هەرر) بوو، ئەو شتەی سوك و بە بەها بووە، هەڵیگرتووەو هەڵهاتووە.

لە ناوەندی شاری (هەرر) چەندین ناڕەزاییەتی ڕۆژانە لە دژی دەسەڵاتەکەی (موغابی) بەڕێوە دەچوو. هاوڕێ (موغابی) بۆ سوپاو پارەی دەنارد بۆ پشتگیریکردنی حکومەتەکەی هاوڕێ (کابیلا)ی سەرۆکی کۆنگۆ، ئەم جەنگەش ئابووری زیمبابۆی لاوازدەکرد.

لەلایەکی تریشەوە (موغابی) دەستی کرد بە دەستگرتن بەسەر کێڵگەکانی سپی پێستەکاندا، ناڕەزاییەتیەکان بەردەوامبوون و جامخانەی دوکانەکان شکێنران.

(مەنگیستۆ) هەوڵیدا پەیوەندی بە (موغابی) یەوە بکات، بەڵام مامۆستا ئەوەی ڕەتکردەوە کە وەڵامی بداتەوە. یەکێك لە فەرمانبەرەکانی حکومەت پێی ڕاگەیاند ئەو ئازادە ئەگەر بڕوات، پێشنیاری (کوبا)شی بۆ کرد.

کاتێك (مەنگیستۆ) گەشتە زیمبابۆی لە سەرەتای مەنفاکەیدا، کێڵگەیەکی لە گوند کڕی، ئەمەش ئەو شوێنەی بیردەخستەوە کە تیایدا گەورە بوو بوو، لە ئێستاشدا ئەو نیشتیمانە بە جێدەهێڵێت کە لەخۆی گرتبوو. پارێزەرە تازەکانی لە یەکێك لە فرۆکەخانەکانی ئەوروپادا لە چاوەڕوانیدا بوون، هەموشیان یەك جۆر جلوبەرگ و کڵاوێکی ڕەشیان لەسەر کردبوو، بە وشکی بەخێرهاتنیان کرد. پێیان ڕاگەیاند لە (پەکین) دەنیشنەوە.

## قسه لەگەڵ شەیتان

بۆ ماوەیەك وا بڵاوبوویەوە كە كۆلۆنێل لە (پیونگ یانگ)ی پایتەختی كۆریای باكوورە. شارەكە ساردبوو، (مەنگیستۆ)ش لە یەكێك لە شوقەكانی گەڕەكی دیپلۆماسیدا دابەزی. قەفەسێكی دیكە. سەرۆكەكە كوڕی (كیم)ی هاوڕێی كۆنی بوو. لەبەر ڕێزی باوكیشی، هەرگیز كوڕەكەی (كیم)، خیانەتی لە (مەنگیستۆ) نەكرد.

دوای چەند مانگێك كۆلۆنێل دەركەوتەوە. لەوانەیە هەرگیز سەفەری نە كرد بێ، یاخود لەوانەشە (پیونگ یانگ)ی بە دڵ نەبووبێ. بە هەرحاڵ، ئەمڕۆ (مەنگیستۆ) خانوویەكی تازەی هەیە كە لە شێوەی ئەو كێڵگانەیە كە بۆ بەخێوكردنی ئەسپ بە كار دێت، خانووەكەی ژمارە(٢) ە لە شەقامی (كوی)، ناحیەی (تینوولد)، ی شاری (هەرر).

(تینوولد) ئەو شوێنەیە كە سەرمایەدارەكان تیایدا نیشتەجێن. هەروەها خانووی ژمارە (٣)ی لە شەقامی (لشستر)ی گەڕەكە ڕاقییەكانی شاری (ئمیراڵد هیل) فرۆشت_ وا دەردەكەوێت بە نەقد فرۆشتبێتی_ هەردوو خانووەكەش بە ناوی (ئەندینت)ی خوێندكاری زانكۆ بوو.

(زیمبابۆی) بازاڕێكە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بكڕن. ئەمە دەرەبەگە سپی پێستەكان، ئەوانەی كە هێشتا نایانەوێ دەست لە زەوییەكانیان بەربدەن، لە كۆبوونەوەكانی خۆیاندا وەها دەڵێن. ئان و ساتی دەركەوتنێكی چاوەڕوانكراوی ژەنەڕاڵێكە لە شاری (هەرر)، ئەم كاتەش كاتێكی نموونەییە بۆ وەبەرهێنان.

بەمجۆرە، لە یەكێك لە گەڕەكەكانی شاری (هەرر) كە ئەو قەومەی تیادا نیشتەجێیە، دواجار گەنجێكی هاتوو لە گوندەوە پەیوەندی كرد بە توێژە باڵاكانەوە. ئەو بوو بە دەرەبەگ.

لەكاتێكدا لە نێوان دوو قەفەسدا كە هەموو هۆكارێكی ئاسودەیی تیایە ، هاتووچۆدەكا، لە كۆتاییدا، (مەنگیستۆ) بوو كەسێكی بە ئەرستۆكراتی.



# میلۆزۆڤیچ

سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ

*لە ٢٠ئابی ساڵی ١٩٤١ لە دایکبووە.

* دەرچووی زانکۆی بەلگرادە.

* لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ تا ٢٠٠٠ سەرۆکی یوگسلافیای ئیشتراکی و سربیا بووە.

* لە ساڵی ١٩٩٠ەوە سەرۆکی پارتی ئیشتیراکی سربیا بووە.

* لە ساڵی ٢٠٠١ بەهۆی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە کۆسۆڤۆ براوەتە بەردەم دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لە لاهای.

* لە ١١ ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٦ لە زیندانەکەی خۆی لە لاهای، مردووە.

ڤێلاکە خاڵی و هەر وەك ئەشکەوتیك وەها بوو، هەموو پەردەکان دادرابوونەوە، و دەرگا ئاسنەکەش بە کیلۆنی ئەستور ئەستور بە توندی داخرابوون. باخچەکە پەراوێز خرابوو، گیای زیادە لەسەر ڕێگاکان ڕوابوو. لە تەنیشت ڕێڕەوێك کە دەگەشت بە بەشێکی خانووەکە، گەنجێك کە قژی لەسەر شێوازی سەربازی چاککردبوو بە دەم سەیرکردنی گۆڤاری (بۆرنۆ)ەوە پاسەوانی دەکرد. گەنجەکە زۆر بە بێ موبالاتی و بە هەڵتەکاندنی شانەکانیەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی داینەوە، تەنانەت واش خۆی دەرخست کە نازانێت ژنە پرۆفیسۆر(مارۆکۆڤیچ) کێیە؟.

"ئایا تۆ دڵنیاییت کە ناونیشانەکە ڕاستە؟". پرسیارم لە (مایا)ی وەرگێڕمکرد. "چونکە وا دەردەکەوێت خانووەکە کەسی تیادا نەبێ". من هێشتا هیواداربووم کە ناونیشانەکە هەڵە بێت. ئەمویست بڵێت ئێمە بۆ ماڵێکی هەڵە هاتووین.

(مایا) وەڵامێکی یەکلایکەرەوەی دایەوە. "من بە تەواوەتی دڵنیام". بەڵام وەك هەمیشە هەستی بە ئازاری دەروونکرد، دووبارە دەفتەری ناونیشانەکەی بۆ دڵنیاییکردەوە. "بەڵێ، ئەمە ناونیشانە ڕاستە، من زۆر بە داخەوەم ڕیکاردۆ، بە داخەوەم زۆر".

ئێمە لەسەرەتای مانگی ئەیلولدا بووین. شاری بەلگراد لەژێر خۆرەتاوێکی خۆشدا زۆر جوان و دەدرەوەشایەوە. کچە گەنجەکان تەنوورەی کورتیان لەپێدابوو، ڕوخساری ڕێبوارانیش دەگەشایەوە.

(کینزا میخائیلا) باشترین شوێن بوو بۆ پیاسە، بەجۆرێك پڕ دەبوو لە خەڵکی لە کاتژمێر حەوتی بەیانییەوە تاوەکو نیوە شەو قەرەباڵغبوو. لەم شوێنە تەسکەدا هەموو شارەکە خۆیان دەنواند. بە زەردەخەنە و تواناو ژیانێکی وەهاوە کە نیشانە بوو بۆ کۆتایهاتنی دە ساڵ لە جەنگ و سەرکێشی. لە بەرامبەریشدا خەمگینی باڵی بەسەر بارەگای حزبی چەپی

یوگسلافیدا  کێشا بوو کە لە جادەیەکی دوور لە (کینزا میخائیلا)ەوە بوو. بارەگاکە وا دەردەکەوت کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر چواردەوری نەبێت.

چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ (میرا مارکۆڤیچ) بەر لەوەی ڕووبدا، شکستی هێنا. لەوانەیە دواکەوتبێ، یاخود هەڵوەشێنرابێتەوە. لەوانەشە ژنە پرۆفیسۆرەکە هەستی بە سوکی کردبێت کاتێك من لە چەندین بۆنەدا لە کاتی گۆڕینەوەی ئیمیڵ و فاکسەکاندا بە ژنی(میلۆزۆڤیچ) ناوم هێنا بێ، لە بری ئەو نازناوەی کە خۆی حەزدەکات وەها بانگی پێبکەن کە ئەوانیش"دکتۆرە یاخود پرۆفیسۆرە میرا مارکۆڤیچ"ە.

نازناوەکەی شێوازی بانگکردنێکی ڕۆژئاوایانەیە، لە یەککاتدا هەم متەوازیع وهەم جێگای شانازیکردنیشە. من دەمزانی ئەو ڕقی لەوەیە بە ناوی (سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ)ی هاوسەرییەوە کە زیاتر ناوبانگی هەبوو بانگبکرێ، چونکە ئەو دەیویست خەڵکی وەك هەر"پرۆفیسۆرێکی تر"مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

لە راستییشدا، حەزی لەوە دەکرد ئەوە بسەلمێنێت کە خۆی خۆی سەلماندووە نەوەك بە پێچەوانەوە. دەربارەی ناوی یەکەمیشی، هەر خودی خۆی ناوەکەی لە (میریانا)ەوە گۆڕی بۆ (میرا)، ئەویش وەك بەرزراگرتنی یادی دایکی، کە خوێندکاری بەشی فەلسەفە بوو، لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەم و بە شێوەیەکی گوماناوی لە تەمەنی ٢٤ساڵیدا کۆچی دواییکرد بوو. هەرچی دەربارەی نازناوی پرۆفیسۆریەکەشی هەیە ئەویش دوای ئەوە هات لە مامۆستای وانەبێژییەوە کرا بە سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی بەلگراد، ئەم بەرزکردنەوەیەش جێگای گومانبوو چونکە هەندێك پڕوپاگەندە باس لەوە دەکەن وەرگرتنی ئەم پلەیە بەهۆی ئەوەوە بووە کە خانمی یەکەمی وڵات بووە. دەربارەی نازناوی دکتۆراکەشی ئەوە بەهۆی توانا ئەکادیمییەکانی خۆی بووە لەرێگای پێشکەشکردنی نامەی

دکتۆراکەی لە بواری زانستی کۆمەڵناسیدا، هەر بەراستییش خۆی زۆر شانازی بەو دکتۆرایەوە دەکات و ڕێگا نادات کەس ئەوەی لە بیربچێ.

من هێشتا دڵنەوایی خۆم بەوە دەدایەوە کە ڕەنگە ئەو ناونیشانە هەڵەبێت. بە (مایا)م ووت"ئەمە ماڵێکی گەورەیە تاوەکو ئەوەی بارەگای حزبی چەپی یوگسلاڤی بێت، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی دوایین خولی پەرلەماندا چەند ئەندامێکی کەمی ئەو حزبە دەرچوون، ڕاستە؟ هەروەها تەواوی سەرکردەکانی ئەو حزبە یان لە زیندانن یاخود ڕێگای کارکردنیان لێگیراوە، ڕاستە؟ هەر بۆیە ئەم خانووە نییەو هەڵەیە.

بەڵی. ناونیشانەکە ڕاستبوو.

کتوپڕ (مایا) لە جانتاکەی دەستی دوو مۆبایلی دەرکردو لە یەککاتدا هەردووکیانی بەکارهێنا.

مۆبایلەکەی (دراغانا کۆزۆمانۆڤیچ)ی وتەبێژی پرۆفیسۆرە داخرابوو، هەر بۆیە (مایا) وتی ئێستا تەلەفۆن بۆ ژمارە نهێنییەکەی دەکەم. وادەردەکەوێت لە یوگسلافیای دوای میلۆزۆڤیچدا هەموو کەسێك دوو مۆبایلی هەبێت، یەکێکیان بۆ بەکارهێنانی"گشتی"و ئەوەکەی دیکەشیان بۆ"نهێنی". بەڵام سودەکانی ئەم مۆبایلەی دواییان تا ئێستا ڕووننەبوەتەوە چونکە زۆر کەس کە ژمارەی مۆبایلە گشتییەکە داخرابوو، پەیوەندی بە نهێنییەکەوە دەکەن، بەڵام لەو ساتەدا مۆبایلەکانی وتەبێژەکە داخرابوو.

پاسەوانەکە هاوکارمان نەبوو. "نەخێر، ئەمڕۆ کەسم نەدیووە". بە سووربوونەوەو بە شان هەڵتەکاندنەوە وەهای ووت.

"بەڵام ئەمە شتێکی سەیرە، چونکە ئێمە لەگەڵ پرۆفیسۆرەدا وادەیەکمان هەیە کە لە مانگێك بەر لەئێستاوە خەریکی ڕێکخستنین و دوێنی کاتەکەمان دیاریکرد. لەوانەیە کەسانێکی گروپەکەی لە ژوورەوە بن".

جارێکی دیکە شانی هەڵتەکاندەوە. "وەك دەبینن گەراجی ئۆتۆمبیلەکانیش خاڵییە". ئەمەی وت و ئاماژەی بۆ پشتەوەیماڵەکە کرد ئەو شوێنەی کە هەمیشە ئۆتۆمبیلی مارسیدسە شینەکانی پرۆفیسۆرە تیایدا دەوەستێ.

کاتێك دووبارە لەناو ئۆتۆمبیلە تاکسییە لاداکەدا کە بۆنی جگەرەو عارەقی لێدەهات، (مایا) هەوڵیدا دڵنەواییم بکاتەوە، ئەویش بە باسکردنی مێژووی ئەو خانووەی کە لەدوای ڕوخانی میلۆزۆڤیچەوە لە ڕۆژنامەکانی بەلگراددا بوو بە بەسەر دێڕ. چیرۆکێکی نموونەیی بوو دەربارەی یوگسلافیای ساڵانی نەوەدەکان.

ماڵەکە بەر لەجەنگی جیهانی دووەم موڵکی یەکێك لە سەمایەدارەکان بوو. (تیتۆ)ی مارشاڵ، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی خانوەکەش لایەنگرێکی کۆنی شیوعی بوو، کەچی دەستی بەسەردا گرت و بەخشی بە کۆمپانیایەکی بازرگانی دەوڵەت.

ساڵی ١٩٩٤ کەسێك بەناوی (نیناد جوجیڤیچ) کە سیخوڕێکی نهێنی پێشووتری پۆلیسی نهێنی شیوعی و هاوڕێی میلۆزۆڤیچ بوو، بە ٢ ملیۆن دۆلار خانووەکەی کڕی. بۆ ئەوەی بیشیکڕێ، دەبوو (نیناد) پارە لە (بیوبانکا) قەرز بکا، یان بە مانایەکی دیکە لە حکومەت، بە مانایەکی دیکە لە (میلۆزۆڤیچ)، کە پەیوەندییەکی تایبەت بەهێزی هەبوو لەگەڵ بانکدا، چونکە پێشتر خۆی بەڕێوەبەری ئەو بانکە بووە پێش ئەوەی بڕواتە ناو سیاسەتەوە.

دوای تەنها ساڵێك، (جۆرجیڤیچ) ڤێلاکەی فرۆشت بە حزبی چەپی یوگسلاڤی کە بەم دواییە ژنەکەی میلۆزۆڤیچ یاخود پرۆفیسۆرە (مارکۆڤیتچ)، دایمەزراند بوو. با ووردتر بین، وەها سەیری پرۆفیسۆرە دەکرا کە بیرمەندی ئایدۆلۆژی ڕاستەقینەی حزبی ئیشتیراکی

(شیوعی پێشتر)ە کە پیاوەکەی سەرۆکی بوو، بەڵام ئەو بێ ئەوەی هۆکاری ئەوە بە تەواوەتی ڕوونبکاتەوە، بڕیاریدا بوو کە بەحزبەکەی خۆیەوە بڕواتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە هاوپەیمانێکی بە هێزی حزبەکەی پیاوەکەشی بوو.

هەر بە سوتفەیەکی سەرنجڕاکێشیش، (جۆرجیڤیچ) کرا بە جێگری سەرۆکی حزبی چەپی یوگسلاڤی. هەر بۆیە کاتێکیش کە ڤێلاکەی فرۆشت، (جۆرجیڤیچ) لە ٥٠٪ی نرخەکەی بۆ هاوڕێیانی داشکاند، بەمەرجی ئەوەی حزب خۆی هەموو قەرزەکانی بانکی (بیوبانکا) بداتەوە.

ئەنجامی کۆتایی ئەم سەفقەیە ئەوە بوو (جۆرجیڤیچ) بە قازانجی یەك ملیۆن دۆلارەوە هاتە دەرەوە. لەلایەکی تریشەوە، بانکی (بیوناکا) بە قەرزێکی قورسی دوو ملیۆن دۆلارییەوە هاتەوە دەرەوە کە دەبوو بسڕدرێتەوە. هەرچی کۆمپانیای هاوردەو هەناردەی حکومەتیش هەیە کە ساڵی ١٩٩٤ خانووەکەی فرۆشت، لە کاتی خۆیدا دوو ملیۆن دۆلاری وەرگرت، بەڵام هیچ کەسێك نەیزانی ئەو پارانە بۆ کوێ ڕۆیشتن.

ڕۆژنامەکانی بەلگراد لە ڕاپۆرتەکانیاندا ئەوەیان خستە ڕوو کۆمپانیاکە (لە ڕاستیدا لەلایەن هاوڕێکانی میلۆزۆڤیچەوە بەڕێوەدەبرا) پارەکەی وەك سەرچاوەیەکی کەسی بۆ تەمویل بەکارهێناوە.

بە هەرحاڵ، هێشتا چیرۆکی ڤێلاکەی حزبی چەپی یوگسلاڤ کۆتایی نەهاتووە. چونکە دوای فرۆشتنی ڤێلاکەی بە ماوەیەکی کەم، جۆرجیڤیچ بە شێوەیەکی گوماناوی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پرۆفیسۆرەدا بچڕی. بەڵام پرۆفیسۆرە توانی ساڵی ١٩٧٧ تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ئەویش بەوەی (جۆرجیڤیچ)ی بە تۆمەتی ئیختیلاسکردنی ١٠ ملیۆن دۆلار لە باجی گشتی سربی کاتێك کە بەڕێوەبەری گشتی ئەو دامەزراوە بووە، ڕەوانەی زیندانکرد. لە کاتێکی دیکەی ئەو ساڵەدا، لە ڤێلاکەدا بۆمبێك تەقییەوە. پرۆفیسۆرە(مارکۆڤیچ) ئەو

کارەی بە"کاری کۆمەڵێکی دژ وەسف کرد کە بڕیاریانداوە ترس لە وڵاتدا بڵاوبکەنەوە". بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ لایەنێکی دیاریکراو بکات. بەڵام هەموان لە بەلگراد دەیانزانی بۆمبەکەو دۆخی چواردەوری ڤێلاکە پەیوەندییان بە سیاسەتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی گەورەیان بە پارەوە هەیە: تاکە ئایدۆلۆژیا لەلای حاشیەکەی چواردەوری (میرا) و (سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ).

"بەڵێ، ئەوە چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشە، بەڵام ئەی دەربارەی چاوپێکەوتنەکە چیبکەین؟". بە ناڕازیبوونێکەوە ئەو کاتەی لەناو تاکسییە زەردەکەدا بووین وام وت.

ماریا ووتی"من دڵنیام سبەینێ مارکۆڤیچ دەمانبینێ".

بەدرێژایی سێ ڕۆژ، هەروەك کەسێکی نزیکمان ڕفێنرابێت، چاوەڕێی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنێك بووین. ناوە ناوەش (دراغانا) وەڵامی دەدایەوە، و بەهۆی ئەو هەموو نامەیەی کە بۆ تەلەفۆنەکانی دەڕۆیشت، بەزەیی پیاماندا دەهاتەوە.

مایا وتی ئەو هێشتا گەشبینە و چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدەدرێت، چونکە پرۆفیسۆرە بەڵێنی داوە. بەڵام بە تێپەڕینی کات دۆخەکە زیاتر ئاڵۆز دەبوو، چونکە نەماندەزانی بۆچی وادەکە هەڵوەشاوەتەوە. بەمجۆرە ویستمان موبادەرەکە بێتەوە دەست ئێمە هەربۆیە ڕۆیشتین بۆ (دیدنچ) بۆ ماڵی (میلۆزۆڤیچ).

پارچەیەك زەوی بە تەنیشتی شاخێکەوە کە ملیۆنەرە سربییەکان داگیریان کردووە. ناوچەکە بە هەشتێکی بچوکبوو لە قوڵاییەکانی دارستانێکدا کە ڕێگا گوندییەکانی باریك و دەرگاکانیشی بە کارەبا دەکرانەوە. پیاوێك کە دەمانچەیەکی پێبوو، کەوتە پێشمانەوە.

دواجار (دراغانا) تەلەفۆنی کرد. "من هێشتا لەگەڵ پرۆفیسۆرە دکتۆرە مارکۆڤیچ لەناو ئۆتۆمبیلدام. ناچار بووین سەفەر بۆ شوێنێك بکەین. نەخێر، ئێمە لە بەلگراد نین. بەڵێ،

دەزانین ئێوە ڕۆیشتون بۆ ماڵەکە. ئێمە ئێستا بە ڕێگاوەین بۆ شوێنێك کە ناتوانم پێتان بڵێم. کارێگی زۆر گرنگ ڕوویداوە. حاڵەتێکی کتوپڕ هەبوو".

مایا لەبەری خۆیەوە وتی"ئەگەر پرسیارم لێبکەی دەڵێم ئەوان یان لە (رێبیلکا سبراسکا) یا لە(مۆنتیگرۆ)ن. بڕوا ناکەم ئەوان بەر لە ڕۆژی دوو شەمە بگەڕێنەوە، ئەوکاتەی کە کاتی ڕۆیشتنی تۆ هاتووە".

بەڵام (دراغانا) بە دەنگە نزمە ناخۆشەکەیەوە ئەوەی دووبارە کردەوە"نیگەران مەبە، لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا دەگەڕێینەوە".

دوای ئەوە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە بچڕا.

دوای سێ ڕۆژ گەڕامەوە بۆ ئەمریکا، بێ ئەوەی چاوم بە پرۆفیسۆرە یاخود دراغانا بکەوێت. مایاش بە ڕوخسارێکی کەئیبەوە، وەك ئەوەی هەستی کردبێ ئەو بەرپرسی یەکەمە لەم شکستە. "من زۆر بە داخەوەم، بە داخەوەم زۆر"چەند جارێك لە دوای یەك ئەمەی دووبارە کردەوە.

دوای گەڕانەوەم بۆ (ئەتلانتا)، مایا لەوە ئاگاداری کردمەوە کە ڕۆژنامەگەری یوگسلاڤ ئەوەیان خستۆتە ڕوو، (مارکۆ میلۆسۆڤیچ)ی کوڕی سلۆبۆدان، کە دوای ئەوەی لەگەڵ گروپێکی تاوان لە سربیا تێوەگلاوە هەڵهاتووە بۆ کازاخستان، بۆ بینینی ژن و منداڵەکانی کە لەلای دایکی لە بەلگراد بەجێیهێشتون گەڕاوەتەوە. بەڵام ئەم کوڕە نەیوێراوە نزیکی ئەو شارە ببێتەوە کە تاماوەیەکی نزیك بەر لە ئێستا لە دوای باوکی، دووەم پیاوی بە هێزو بە هەیبەتی ئەو شارە بووە، لەبری ئەوە، مارکۆ بەشێك لە (ریبیلیکا سبراسکا)ی هەڵبژاردووە، ئەو موقاتەعە سربییە سەربەخۆیەی کە دەکەوێتە هەرێمی بۆسنەو هەرسك. ئەو شوێنە لە ژێر چاودێری لایەنگرە سەرسەختەکانی باوکیدایە، ئەوانەی هێشتا (رادۆڤان کارادیچ و ڕاتکۆ

مالدیچ) دەپارێزن، ئەمە جگە لە چەندین سربی دیکە کە داواکراون و تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

هەروەك دیارییەك بۆ ڕەزامەندی من، هەمیشە وەهام ووتوە کە پرۆفیسۆرە دکتۆرە (مارکۆڤیتچ) منی لە بینینی کوڕەکەی دوورخستۆتەوە کە لە زەمەنێکدا هاوڵاتییانی شاری بەلگرادی دەتۆقاند.

دوای مانگێك و لە مانگی (تشرینی یەکەمدا) گەڕامەوە بۆ بەلگراد، پرۆفیسۆرە جارێکی دیکە لە ڕێگای (دراغانا)ەوە بەڵێنی دا بمانبینێ"پرۆفیسۆرە ئامادەیە بتبینێ".

لە دەرەوەی بارەگای حزبی چەپی یوگسلاف خۆرەتاوێکی خۆشبوو، بەڵام هێشتا پەنجەرەکان داخرابوون و باخچەکە پەراوێز خرابوو. بەهەرحاڵ، ئەمجارە ئۆتۆمبیلە مارسیدسەکان لە گەراجەکەدا وەستابوون، ئەو پاسەوانەش کە سەری بە شێوازی سەربازی تاشیبوو، کەمتر مۆن بوو، دوای ئەوەی چەند پرسیارێکی لێکردین پێی وتین"باشە، ئێستا دەتوانن بڕۆنە ژوورەوە، ئەوان لەوێن".

(دراغانا) لە هوڵە گەورەکەی پێشووازی کە هەردەتوت هۆڵی سەمایە پێشووازی لێکردین. وادەردەکەوێت بۆ سەرنج ڕاکێشانی میوانەکانی، سەرمایەدارەکە ئەم هۆڵەی لە ساڵانی سیەکاندا بەمشێوەیە دروستکردبێ.

خانووەکە هەروەك قەڵایەك وەهابوو کە پڕیبێت لە تارمایی، چونکە بەهۆی چۆڵییەوە دەنگیدەدایەوە. بۆم دەرکەوت کە (دراغانا) ژنێکی جوانە و بەشێوەیەکی سروشتی ڕەنگی ڕەش لەبەردەکات، ئەو کتومت کۆپییەکی (موتیشیا ئادەمز) بوو.

پێڵاوێکی بەرزی لەپێدا بوو، هەروەها کوڵمەکانی هەروەك زۆربەی ژنە سربییەکان بەرز بوو، قژیشی هەروەك قژی پرۆفیسۆرە ڕەشێکی خەڵوزی بوو. ڕەنگە لەوانەیە ویستبێتی بەمە

دڵسۆزی خۆی بۆ پرۆفیسۆرە دەربخات: چونکە وەك بیستبوم یەکێك بووە لەو هاوڕێ کەمانەی کە بە دڵسۆزی بۆ پرۆفیسۆرە مایەوە.

بۆ ژوورێکی بچوك ڕێنمایی کردین کە کورسی شینی کارەبایی، و مێزی سوور، و پەردەی سپی تیادا بوو، ئەمەش ڕەنگەکانی ئاڵای یوگسلافیاو حزبی چەپی یوگسلاڤی بوو.

دواجار پرۆفیسۆرە هات.

کاتێك لە قادرمەکان دەهاتە خوارەوە، گوێمان لە دەنگی پێڵاوە بەرزەکانی بوو.

روخساری ترسنۆکییەکی وەهای لێدەباری خەریکبوو ترسی بڵاودەکردەوە.

ماندوو دیاربوو. لەسەر یەکێك لەکورسییە کارەباییە شینەکان، بێ ئەوەی سەرنجی من بدات، دانیشت.

دراغانا، زەرفێکی دایە دەستی کە بلیتی فڕۆکەی هێڵی ئاسمانی یوگسلاڤی تیادا بوو. پرۆفیسۆرە سەیرێکی بلیتەکانی کردو خستیە ناو جانتاکەی دەستی و خستیە کۆشییەوە. دواتر، لە کاتێکا هێشتا بێدەنگبوو، سەیری نینۆکەکانی دەستی کرد کە هەروەك نینۆکەکانی منداڵێکی بچوك بە ڕەنگی پەمەیی کاڵ بۆیەی کردبوو، لەسەر دەموچاویشی هەندێجار تەعبیرێکی گاڵتە جاڕانەو هەندێجاریش سەرسووڕمانە دەبینرا.

قژی بە هەمان ئەو شێوازە ڕێکخستبوو کە بە ملیۆنەها کەس لە ڕێگای وێنەکانییەوە بینیبویان.

لە کاتێکدا بە سەرسووڕمانەوە سەیری ڕێکخستنی قژیم دەکرد، مۆبایلەکەی جەرەسێکی بۆ هات. دواجار (میرا مارکۆڤیچ) زەردەخەنەیەکی کرد. ئەوەی تەلەفۆنەکەی کرد، (سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ) بوو، لە ڕاڕەوەکانی زیندانی (شیفینینجن)ەوە، لە نزیك دادگای عەدلی

**قسه لەگەڵ شەیتان**

نێودەوڵەتی لە (لاهای)یەوە، ڕۆژانە ڕێگا درابوو بە (میلۆزۆڤیچ) بایی ٢٩ دۆلار تەلەفۆن بکات، واتە نزیکەی حەوت خولەك قسەکردن بۆ بەلگراد.

هاوڕێ کۆنەکانیان دەڵێن (میرا) و (میلۆزۆڤیچ)، هەر لەسەردەمی دەزگیرانداریانەوە لە زانکۆی بەلگراد، هەروەك دوو عاشقی موراهیق قسەدەکەن، تەنانەت لەوکاتانەشی کە یوگسلاڤیایان بەرەو دە ساڵ لە جەنگ و کاولکاری و گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەبرد، هەروەك دوو عاشق وەها بوون.

دەنگە نەرمە منالآنە بە ناوبانگەکەی، ئێستا ئەو ژوورە نیشتیمانیە ڕەنگ سوورو سپی و شینەی ماڵە تاریکەکەی، پڕ کرد بوو.

هەستم کرد گوێم لە گفتوگۆیەکی عاشقانەیە،"ئەلو، ئەلو، خۆشەویستەکەم". پرۆفیسۆرە خەریکبوو لە شەرما دەمرد. "وتارەکەم پێیە. . بۆت دەهێنم. هەروەها بەڵگەنامەکانیش. چیدەکەی؟. . . بەڵێ، بەڵێ. . . هەموویان ئامادەن. . . دڵخۆشم کە بەم زووانە یەکتری دەبینین. همم. . هەموو شتەکانی ڕۆژی دوو شەمە ڕێکخراون. . . بلیتەکانم پێیە. . هەروەك جاران دێم. . زۆرباشە. ماچت بۆ دەنێرم. . . بای. . . بەم نزیکانە دەتبینم".

مۆبایلەکەی داخست، دواتر ڕووی بەرەو لای من وەرچەرخاند، و وەك ئەوەی بیەوێ پێش پرسیارەکەی من بکەوێت وتی"ئەوە پیاوەکەم بوو، ئێمە زۆر یەکتریمان خۆشەوێ، ئەمەش ڕاستیەکەی زانراوە. ئێمە دوو کەسی عاتیفین لەسەر شێوازی کۆن. ئێوەی ڕۆژئاوایی وا وەسفی ئێمە تان کرد بوو کە دوو زۆرداری تینوو بە خوێنین. بەپێچەوانەوە. ئێمە زۆر عاتیفین. بەڵێ، هەروەك پێشتریش وتم، هێشتا وا دەزانم (سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ) سەرنجڕاکێشترین کەسە. پیاوێکی ساحیرە، پیاوێکی جوانە بە ڕاستی، سلۆبۆدانی خۆشەویست".

(میلۆزۆڤیچ) لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا بوو، کاتێك بۆ پۆستێك هەڵبژێردرا کە ناوێکی درێژی هەڵگرتبوو(سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی هەمیشەیی لیژنەی مەرکەزی هاوپەیمانێتی شیوعیەکان لە سربیا). ئەمەش مانای ئەوەبوو (میلۆزۆڤیچ) بووەتە سەرۆکی هەموو حزبە شیوعیەکانی یەکێتی یوگسلاڤیای پێشوو.

ئەو پیاوەی کە(میلۆزۆڤیچ)ی بۆ ئەو شوێنە دەستنیشانکرد، (ئیڤان ستامبولیچ) بوو کە دواتر بوو بە سەرۆکی سربیا. ئەمەش دوای ئەوەهات (ئیڤان) بۆ کەسێك دەگەڕا کە باوەڕی پێی هەبێت بۆ ئەوەی شوێنی خۆی بگرێتەوە لە حزبدا، هەر بۆیە یەکسەر بیری بۆ (سلۆبۆدان) ڕۆیشت. بەڵام ئەمە دوای چەند مانگێك لە ململانێیەکانی پشت پەردەوە یەکلاییبویەوە، چونکە کەسانێك لە حزب ئارەزوویان نەدەکرد کە فەرمانبەرێکی بانك ببێتە سەرۆکی حزب، هەر بۆیە (میرا مارکۆڤیچ)، لقی زانکۆی حزبی بۆ بەرژەوەندی پیاوەکەی یەکلایکردەوەو (سلۆبۆدان)ی دەرچواند.

بەر لەو ساتە، وا دەردەکەوت (سلۆبۆدان) بەرەو پرۆسەیەکی سەرکەوتوی تا ڕادەیەك گەورە لە ئابووری (بەڕێوەبردنی خودی) بۆ یوگسلاڤیای ئیشتیراکی هەنگاوی نابێت. چونکە بەر لە سێ مانگ، ئەو هێشتا سەرۆکی لێهاتوی بانکی (بیوبانکا) بوو، کە تاکە دامەزراوەی دارایی پێشەنگ بوو لە یوگسلاڤیادا.

بەهەرحاڵ، میرا، زۆر باش هەستی بەوە کرد بوو کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە سیاسەتدایە نەوەك لە کاردا، هەر بۆیە قەناعەتی پێهێنا کە خۆی بۆ سیاسەت و وڵاتەکەی تەرخانبکات، کە بە بڕوای ئەو لەو کاتەدا وڵات زۆر پێویستی بە زیرەکی و بەخشندەییەکانی ئەوبوو. بەمجۆرە، و بێ ئەوەی هیچ حەماسەتێکی زیادەی هەبێت، (سلۆبۆدان) ڕوویکردە حزب و بۆ پۆستە بچوکەکان خۆی پاڵاوت، تاوەکو لە ساڵی ١٩٨٦دا بازە گەورەکەی دا.

تەنانەت لە دوای هەڵبژاردنیشی، زۆربەی هاوڕێ حزبییەکانی وەك کەسێکی تەقلیدی پیر کە ناتوانێت هیچ شتێکی گەورە ئەنجامبدات، سەیریان دەکرد.

بەر لە ساڵێك، حزبی شیوعی لە مۆسکۆ، ئەندامێکی گەنجی لە لیژنەی تەنفیزی حزب بەناوی (میخائیل گۆرباچۆف) کردە سکرتێری حزب.

(گۆرباچۆف) دەستی کرد بە قسەکردن دەربارەی چاکسازی و دەربارەی (ئیشتیراکیەت بە ڕووخسارە مرۆڤایەتیەکەی), بەڵام ئەو زریانەی کە لە ڕوسیاوە بەرەو یوگسلاڤیا دەهات، بە دڵی میلۆزۆڤیچ نەبوو کە دەیویست وڵاتەکەی بە دوور بێت لە بیروبۆچونەکانی لە شێوەی (پیرۆسترۆیکا)و (گلاسنووست).

ئەگەر (سلۆبۆدان) کەسێکی نەناسراوبێت، ئەوا (میریانا مارکۆڤیچ) لە خێزانێکی ناسراوی لایەنگری شیوعیەکانی پشتگیریکەری (تیتۆ) بوو.

کاتێك بۆ یەکەمجار لە یەکێك لە خوێندنگاکانی دواناوەندی بەلگراد، (سلۆبۆدان)ی ناسی، (سلۆبۆدان) گەنجێك بوو هاوڕێی کەمبوو، هەروەها لە خێزانێکی دەستکورتبوو، هەر زۆر بە زوویش بوونە دوو هاوڕێ کە لەیەك دانەدەبڕان. میرا لە تەمەنی ١٣ ساڵی و سلۆبۆدانیش لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بوو.

دوای چەند ساڵ، باوکی سلۆبۆدان کە دوور لە ژنەکەی دەژیا، لە (مۆنتینیگرۆ) خۆی کوشت. دوای ئەوە بە چەند ساڵ، دایکیشی لە ماڵەکەی خۆیدا، خۆی خنکاند. هەروەها یەکێك لە کەسە نزیکەکانیشی خۆی کوشت. ئەو هەموو ناخۆشییە خێزانییە، (میرا) زۆر بە چاکی لێیان تێدەگەشت، هەر بۆیە (سلۆبۆدان) زیاتر هۆگری بوو، ئەویش لەلایەن خۆیەوە بڕیاریدا بیکاتە بە سەرکردەی.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

دوابەدوای زەواجەکەیان، شتێك ڕوویدا کە هاوڕێکانی زانکۆیان تا چەند ساڵی دیکە وەك شتێکی گەورە لەبیریان ناچێتەوە. ئەویش ئەوەبوو لە کاتێکا (میرا) لە یەکێك لە ڕاڕەوەکانی کۆلیژدا پیاسەی دەکرد، لەبەردەمی یەکێك لە وێنەکانی (تیتۆ)ی ڕابەڕی خۆشەویستی یوگسلاڤیەکان کە توانیبوی هاوسەنگییە سیاسییە ناجێگیرەکانی نێوان (سرب و کرواتەکان)ی گەورەترین نەتەوەکانی یوگسلاڤیا بپارێزێت، وەستا، و وتی"ئەو وێنەیە دەبینن؟ من بڕوام وایە کە پیاوەکەم، سلۆبا، ڕۆژێك لە ڕۆژەکان دەڕواتە شوێنەکەی تیتۆ".

هیچ کەسێك بە گرنگییەوە لەو قسەیەی نەڕوانی، چونکە میرا ژنێکی ڕەفتار سەیر بوو، وا باشتر بوو کە لەناو خەیاڵات و وشە بێ سەروبەرەکانی خۆیدا بەجێیبهێڵن، چونکە لەوانەبوو توڕە ببێت یاخود دەستبکا بە گریان، وەك زۆربەی جارەکان وەهای دەکرد.

سیاسەت و فریوی سیاسیانە لە خوێنی (میرا)دا هاتوچۆیان دەکرد. باوکی میرا فەرمانبەرێکی شیوعی بوو، بەڵام لەکاتی منالێدا هەرگیز قسەی لەگەڵ نەکرد، تەنانەت وەك منالی خۆشی دانی بە کچەکەیدا نەنا. دایکەکە هۆکاری ئەم دابڕانە بوو، ئەو دایکەی بەهۆی ئەوەی لایەنگرێکی ناسراو بوو، نازییەکان ڕفاندیان و دواتر مرد.

لە بەلگراد چەندین گێڕانەوە سەبارەت بە هۆکاری مردنی دایکی (میرا) هەن، گێڕانەوە ڕەسمیەکە باس لەوەدەکات کە نازییەکان کوشتویانە، بەڵام باوکی (میرا) کێشێکی قورستر دەدا بە گێڕانەوەکان و دەڵێت ژنە پاڵەوانەکەی کە سەر بە یەکێك لە خێزانە ناودارەکان بوو، دەستی کرد بوو بە هاوکاریکردنی ئەڵمانیەکان، بە جۆرێك ناوو ناونیشانی نەیارەکانی دەدا پێیان، هەر بۆیە هاوڕێکانی پێیدەزانن و لە تۆڵەی ئەوەدا دەیکوژن.

دایکی (میریانا) ناوی (میرا) بوو. ڕۆژێك، میریانا_ لە کاتێکدا هێشتا منالبوو وە لەگەڵ باپیرەو نەنکیدا دەژیا_ لە بەردەم خێزان و هاوڕێکانیدا ڕایگەیاند لەو ساتەوە ناوی خۆی

دەکاتە (میرا). ئەمەش ڕێگایەك بوو بۆ ڕزگارکردنی بیرەوەری دایکی لەو بێدەنگیە بەستووەی کە چواردەوری گرتبوو.

بە شوکردنیشی بە (سلۆبۆدان)، (میرا) یەکە یەکەی هەنگاوەکانی بەڕێوە دەبرد، بەجۆرێك هیچ بڕیارێکی دەرنەدەکرد بەرلەوەی پێشتر لە بارەیانەوە قسەی لەگەڵدا نەکردبێ.

هاوڕێکانیان دەڵێن، لەو چەند جارە کەمەی کە شەڕیان بووە، (میرا) بە بیانووی نەخۆشییەوە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ خۆی خزاندۆتە ناو جێگاوە، و هەموو جارێکیش وا هەستاوەتەوە کە (سلۆبا) تەسلیمی بووەو دانی بەوەدا ناوە ئەم لەسەر حەقە.

تەنانەت بریاری یاریکردن بە وەرەقەی نەتەوەیی سربی لە بری وەرەقەی ئایدۆلۆژیای ئیشتیراکی، بڕیاری(میرا) بووە. لەبەر ئەوەی کە زانای کۆمەڵناسی بووە، (میرا) بڕوای وابوو کە ئەو لە تەواوی کێشەی دڵی سربییەکان گەشتوە: ئەو هەستە دەگەڕایەوە بۆ چەندین سەدە پێشتر، هەستی ئەوەی کە مێژوو غەدری لە سربیا کردووەو ئێستا ئیدی کاتی تۆڵەکردنەوەیە لەو شکستانەی کە سربیا شایستەی نەبووە.

(میرا) ئیلهام بەخشی وتارە بەناوبانگەکەی (میلۆزۆڤیچ) بوو لە (دۆڵی ڕیشۆڵەکان)، ئەو شوێنەی کە سربییەکان بەر لە ٦٠٠ساڵ پێشتر(بەناوی مەسیحییەت و بۆ مەسیحییەت) لەبەرامبەری سوپای عوسمانیدا جەنگا بوون، و زۆر بە خراپی تێکشکابوون.

بەروار ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩٧٨ە، هەزاران سربی بەرد دەگرنە نوێنەری حکومەتی بەلگراد کە سەردانی ناوچەکەی کردووە، و داوای هاوکاریکردنی لێ دەکەن بۆ ئەوەی سنورێك دابنرێت بۆ (سەرکوتکاری ئەلبانی)، یان بە مانایەکی تر، خەڵکەکە داوایاندەکرد سنورێك بۆ سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ دابنرێت و ئەو هەرێمە لەگەڵ سربیا یەکبگرێتەوە. (میلۆزۆڤیچ) کە (ستامبولیچ) ناردبوی بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخەکە، چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد وتاربدات، بەڵام

**قسە لەگەڵ شەیتان**

سەرۆکی هاوپەیمانێتی شیوعیەکانی کۆسۆڤۆ بۆ ئەوەی خەڵکەکە هێوربکاتەوە، داوای لە (میلۆزۆڤیچ) کرد وتارێك بدات.

قەدەری (میلۆزۆڤیچ) وەهابوو، ئەو وتارەی کە ڕەزامەندی هەزاران سربی پێبەدەستهێنا، ببێتە خاڵێکی یەکلایکەرەوە لە ژیانیدا. لە وتارەکەدا (میلۆزۆڤیچ) وتی"هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە لێتانبدا. هیچ پێویستناکا واز لە زەوییەکانتان بهێنن تەنها لەبەر ئەوەی دەچەوسێنرێنەوە و سوکایەتیتان پێدەکرێت یاخود ناتوانن بژین. من ئاماژە بەوە ناکەم کە پێویستە ئێوە دۆخێکی وەها قبوڵبکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت بە هاوکاری خاوەن عەقڵە پێشکەوتنخوازەکانی سربیاو یوگسلاڤیا، ئەو دۆخە بگۆڕن. ئەمە نیشتیمانی ئێوەیە، وڵاتی ئێوەیە، بە هەشتی ئێوەیە، دەبێت بمێننەوە بۆ خزمەتکردنی باوباپیران و خزمەتکردنی نەوەکانی داهاتوو، چونکە بەبێ کۆسۆڤۆ یوگسلاڤیا هەڵدەوەشێتەوە. هەرگیز نە یوگسلاڤیاو نە سربیا، واز لە کۆسۆڤۆ ناهێنن.

ئەوە یەکەمین سیاسی بەلگراد بوو کە ئازایەتی ئەوەی هەبوو قسەگەلێك بکات، خەڵکانی هەرێمی سربییەکان زەمەنێکی درێژ بوو دەیانکرد.

لەو ساتەوە، (سلۆبۆدان) هەرکاتێك لە بەلگراد دەچووە دەرەوە ئەو کەسانەی پێی سەرسامبوون لە دەوری کۆدەبوونەوە. خەڵکیش داوایان لێدەکرد تۆڵەی ئەو (سوکایەتیە) بەردەوامە بکاتەوە کە سربیای خاوەن مێژووی دێرین لەلایەن هەردوو هەرێمی (کرواتیاو سلۆڤینیا)یەوە ڕووبەڕوی دەبویەوە، ئەو دوو هەرێمەی لە سربیا دەوڵەمەندتربوون و (بیانی)یش بوون. هەروەها داوایانلێدەکرد تۆڵەی (کۆمەڵکوژییەکان)بکاتەوە ئەوانەی لە هەردوو هەرێمی کۆسۆڤۆو بۆسنەی موسڵماننشین دەرهەق بە کەمینە سربی و ئەرسۆزۆکسییەکان ئەنجامدەدرێت، ئەمە جگە لەوەی داواشیان لێدەکرد کە دابەشکردنی (ناعادیلانەی داهاتی)ی یەکێتی یوگسلاڤیا ڕابگرێت.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ئەم بیرکردانەوە هەمان بیرکردنەوەی ناو ئەو بەڵگەنامەیە بوون کە ساڵی ١٩٨٦ بە ناونیشانی (یاداشتی ئەکادیمیای سربی بۆ هونەرو زانست) بڵاوکرایەوە.

ئەم بەڵگەنامەیە دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروستکردو بوو بە خاڵی دەستپێکردنی بیروباوەڕی نەتەوەیی تازەی سربییەکان، و بە پێی نەسیحەتی (میرا)، میلۆزۆڤیچ ئەو بیروبۆچونانەی کردە هاواری خۆی بۆ خۆکۆکردنەوەو کۆبوونەوە لە دەوری یەکتری.

بەمجۆرە ئەوەی لە (دۆڵی ڕیشۆڵەکان) دەستی پێکرد، بوو بە سەرەتای ئەو ڕێگایەی کە دوای دە ساڵ کردی بە کەسی یەکەمی (یوگسلاڤیای بچوك: سربیاو مۆنتینیگرۆ)، و بەرگریکاری (سربیای گەورە: بەهەرێمە سربییەکانی_ بۆسنەو هەرسك، کرواتیا، مەقدونیا. . ). ئەگەر بتوانێت وەك ڕەمزێك باسی بکەین، دەتوانین ئەوە بڵێین کارەساتی ئەو سەکۆیەی میلۆزۆڤیچ وتاری تیادا دا، دواتر دەبێتە سەرەتای کارەساتێك کە هەموو سربیا دەگرێتەوە.

(کۆسۆڤۆ) ئەو زەوییە بوو کە بە شێوەکی زۆر دراماتیکیانە ژمارەی دانیشتوانی سرب تیایدا کەمیکردبوو، هەروەها بەهۆی زۆری ڕێژەی لە دایکبوونیشەوە ژمارەی ئەلبانییەکان بوو بە ٩٠٪، بەڵام هێشتا دەسەڵات بە دەست ئەو سربیانەوە بوو کە پێیان وابوو کۆسۆڤۆ دڵی پیرۆزی نیشتیمانی دایکە. هەندێك لە کۆسۆڤییەکانیش خەیاڵی شاخەکانی نزیك ئەلبانیایان دەکرد کە لەلایەن ڕژێمەکەی (ئەنوەر خواجە)ەوە حوکمدەکرا، بەوەی ئەوە خاکی پیرۆزی ئەوانەو هیواخوازی سەربەخۆیی تەواوەتی بوون لە بەلگراد.

ئەوکاتەی لە پایتەختی یوگسلاڤیا بوون لە ساڵی ١٩٨٦، و ساڵی دەرکەوتنیان بوو، هەرگیز (سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ) و (میرا مارکۆڤیچ) بە خەیاڵیاندا نەهاتووە کە کۆسۆڤۆ، ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی دەدات. هەروەك چۆن (نۆمنکلاتۆرا)ش لە بەلگراد هەرگیز خەیاڵی ئەوەی نەکردبوو کە ئەم دووانە دەبنە دەبنە پاڵەوانی جەنگێك کە

**قسه لەگەڵ شەیتان**

خەریکبوو هەموو ناوچەی بەڵقان لە بنەوە هەڵتەکێنێت. لەلایەن خۆشیەوە هەرگیز (ئیڤان ستامبولیچ) بیری لەوە نەکردبوویەوە دوای چەند مانگێك هەڵبژاردەکەی خۆی، ناچاری دەکات پۆستی سەرۆکی سربیا وەربگرێت، هەروەها هیچ کەسێکیش ئەوەی بە بیردا نەدەهات کە خودی (ستامبولیچ)یش دوای کەوتنی (میلۆزۆڤیچ) لە زستانی ساڵی ٢٠٠٠دا، بە شێوەیەکی گوماناوی لەگەڵ چەندین کەسی دیکەدا دیارنامێنێت، کە وا گوماندەکرێت تیرۆکرابێت.

لە ژوورە بچوکە سپی و شین و سوورەکەدا، (میرا مارکۆڤیچ) بە یەك شێوە وەڵامی پرسیارەکانی منی دەدایەوە. ئەوکاتەی گوێی دەگرت سەری بەسەر جانتاکەی دەستیدا شۆڕدەکردەوە، دواتر چاوی بەرزدەکردەوە هەروەك ئەوەی لێمی تیژکاتەوە.

لە واقیعدا دوو جۆر چاو تیژکردنەوەی هەبوو. یەکەمیان کاتێك چاوی بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە، بە مانای ئەمە دەهات:"ئەمە چی جۆرە پرسیارێکە دەیکەیت؟ تۆ دەتەوێت من لەسەر درۆ لێدوان بدەم، شتێکی پوچە". بەڵام چاو تیژکردنەوەی دووهەم، ئەوکاتەی کە لێوەکانی زۆر بەتوندی داخستبوون و شانەکانی وەك ئاماژەیەك بۆ بێ موبالاتی هەڵدەتەکاندو سەیرێکی (کۆزمانۆفیچ)ی دەکرد، بەمانای ئەمە دەهات"هیچ تەعلیقێکم نییە، چونکە شتەکە پەیوەندی بە منەوە نییە، ئینجا چۆن دەبێ بۆ ژنێکی وەك من کە زۆربەی کاتەکانم بۆ شیعر و مۆسیقا و جوانی و گوڵ تەرخان کردووە، وەڵامی پرسیارێکی دنیاوی و پڕوپوچی وەك ئەمە بداتەوە".

دواتر، پرۆفیسۆرە وەڵامی پرسیارەکانی بەپێی جۆری چاوتیژکردنەوەکانی خۆی دەدایەوە.

لە نیوەی چاوپێکەوتنەکەدا دۆخەکە کەمتر خۆپارێزی تیادا بوو. ژنەکەی میلۆزۆڤیچ بە گاڵتەیەکەوە خەریکی نووسینی تێبینیەکانی بوو. ئەوە یەکێك بوو لەو فێڵانەی کە لە کاتی قسەکردنەکانیدا بەکاریدەهێنا هەروەك قسەکردنەکانی لەگەڵ پیاوەکەی، و خۆپارێزییەکی

سارد لەگەڵ دوژمنەکانی، و سەرودڵگرتنێکی گاڵتەجاڕانە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، بەکاریدەهێنا.

"کاتێك دەڕۆم بۆ لاهای بۆ بینینی پیاوەکەم، ڕۆژی دوو شەمە لە نێوان کاتژمێر یانزەو دوانزەی بەیانیدا دەگەم". زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانە دەکات "یانی بەمجۆرە من نزیکەی هەموو بەیانییەکە لە دەستدەدەم، چونکە زیارەتکاران دەتوانن لە کاتژمێر ٩ی بەیانییەوە تاوەکو ٥ی ئێوارە بمێننەوە. دواتر پێویستە من لەو هەرێمەی یەکێتی ئەوروپا بەیانی سێشەمە بڕۆمە دەرەوە، چونکە مانەوەی من لەو هەرێمەدا بۆ ماوەیەکی کەم ڕێگە پێدراوە. زۆرجار من لەگەڵ (کەنتی، ملیشیا غایتیچ) دا دەڕۆم کە لە پلەی دووهەمدا دێت لەوانەی کە حەزیان لە چارەی نییە. (سلۆبۆدان)یەکەمینەو وا دەردەکەوێت کە ئەو دوژمنی پلە یەکی یەکێتی ئەوروپایە".

جارێکی تر، زەردەخەنەیەکی بچوکی گاڵتەجاڕانەی کردەوە. "بەڵێ، سلۆبۆدان یەکەمینە، دواتر (ملیشیا غایتیچ)ە، ژنەکەی مارکۆی کوڕم، دواتر من، و ئینجا ماریای کچم و دوای ئەویش مارکۆ. ڕاستییش بڵێم مارکۆ زۆر دڵخۆش نییە هەرگیز بەو پەروەردەیەی کە کراوە". زەردەخەنەیەکی تری بچوك و گاڵتەجاڕانە. "بەحەسرەتەوەیە بزانێت بۆچی (ملیشیا) لە پێشەوەی ئەو دێت، چونکە حەزەکا یەکەمی هەموو شتێك بێت، ئەو گەنجێکی لێهاتوشە، هەر بۆیە ئەو نائومێدییەی شوێنی خۆیەتی، ئایا تۆش پێت وانیە ئەمە ڕاستە؟". زەردەخەنەیەکی بچوکی تر. "کارێکی تر هەمومانی تووشی نائومێدی کردووە، ئەویش ئەوەیە کە بۆچی (مارکۆ)ی بچکۆلە لە لیستەکەدا نییە؟ ئەمە زۆر ناماقوڵە".

پرۆفیسۆرە سەرنجێکی ترساو لە من دەدات. "بیر لەچی دەکەنەوە؟ (مارکۆ میلۆزۆڤیچ) دوو ساڵ و نیوی تەمەنی خۆی تەواو کردووەو کاتێکی زۆر نابا بۆ ئەوەی ببێتە سێ ساڵ.

هەر بۆیە ئەویش دوژمنێکی کوشندەی یەکێتی ئەوروپایە، وانیە؟ ئەو یەکێکە لە بنەماڵەی میلۆزۆڤیچ. تاوانبارە".

هێرشە وەحشیەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١هێشتا لە بیرەوەری هەمواندایە. ئەوکاتانەی کە خەمگینی و تورەیی لە ئەمریکا (ئەو وڵاتەی تیادا دەژیم) باڵا دەستبوو، هەموان دەیانزانی لە بەردەم ئاگرەکانی جەنگداین.

وادەردەکەوێت ئەمە مایەی ڕەزامەندی (میرا مارکۆڤیچ)بێت، چونکە ئیدی جیهان ئەو دوو فاقیەی بۆ دەردەکەوێت کە خۆی و سلۆبۆدانی پیاوی ئاماژەیان بۆ کردووە ئەو کاتەی باسیان لە(تاوانەکانی ناتۆ) و (نیفاقی ئەمریکییەکان) کردووە.

پرۆفیسۆرە دەستی کرد بە مۆنۆلۆژییەکی درێژ.

"وانازانم کە تیرۆر دیاردەیەك بێ تایبەت بێ بە گەلێك، یاخود وڵاتێك، یاخود ئاینێکی دیاری کراوەوە. زۆر بە سادەیی، تیرۆر، ئامرازێکە بۆ ئەنجامدانی جەنگ. وادەردەکەوێت، گروپە ئیسلامییەکان لە ئێستادا سەرچاوەی تیرۆربن و ئەم تیرۆرەش ئاراستەی ئەمریکا کراوە. بەڵام سربیا یەکەمین قوربانی تیرۆرە. هەر بۆیە ئەوە ئێمە بووین یەکەمینجار لە دژی تیرۆرو توندڕەوە ئیسلامییەکان جەنگاین. ئێمە یەکەمین جار لە بەرامبەریاندا وەستاین. مایەی شەرمەزارییە ئێستا سەرکردەی ئەم بەرگرییە لە (لاهای) لە زینداندا بێت، کەچی ئەو سەرکردانەی کە هانی تیرۆر دەدەن لەو وڵاتانەی کە وڵاتانی خۆیان نییە، لە وڵاتەکەی خۆیان و لە تەواوی جیهاندا خەڵکی متمانەیان پێ دەکەن. ئەمە هیچ دادگەرییەك نییە، تەنانەت ئەوە کارێکی زۆر سەخیفانەشە".

"زلهێزەکان ئەو مافە بە خۆیان دەدەن کە خاوەنی دوو فاقیەت بن: یەکێکیان بۆ خۆی و ئەوەکەی دیکەیان بۆ خەڵکی دیکە. (بیل کلنتۆن) و ئیدارەکەی، پشتگیری ئەو تیرۆرەیان دەکرد کە جوداخوازە ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ، ئەنجامیاندەدا. ئەمریکییەکان هاوپەیمانی

تیرۆرستەکان، و مافیاکانی مادە هۆشبەرەکان، و تاوانبارانی کۆسۆڤۆ بوون. تەنانەت ئیدارەکەی کلنتۆن، تیرۆرست و بازرگانی مادە هۆشبەرەکان و تاوانبارەکانی، وەك ئامرازێك بەکارهێنا بۆ تێکدانی ئارامی یوگسلاڤیاو وێرانکردنی، کەچی ئەو پیاوەی کە بەرگری لەنیشتیمانەکەی دەکرد، ئێستا لە (لاهای)، بە چەندین تۆمەتی دروستکراو لە زینداندایە".

"تیرۆر لە ئەمریکا دەستی خۆی وەشاند، هەرچەندە ئەو تیرۆرە کەمتر کارەساتبارتر بوو لەو تیرۆرەی کە تووشی ئێمە هات، بەڵام ئەوان بڕیاریان دا بە هەموو ئامرازێك کە لە توانایاندا بێت ڕووبەروی ببنەوە، ئەمەش مافی خۆیانە، بەڵام من دەپرسم: ئەی بۆچی ئێمە نەماندەتوانی بە هەموو ئامرازێکی بەردەست ڕووبەرویان ببینەوە؟ ئەی بۆچی سزایان داین بە بۆمبارانکردنی پایتەختەکەمان لە کاتێکدا ئێمە هەوڵی خۆپاراستنی خۆمانمان دەدا لە ڕووبەڕوبوونەوەی موجاهیدەکانی کۆسۆڤۆ؟ ئەوە ئەوپەڕی دوو ڕوویی بوو. پێویستبوو هەموان بەهەمان چەك دژی تیرۆر بجەنگن. هەروەك چۆن پێویستبو هەمان پێوانە لەسەر هەموو وڵات و گەلێك جێبەجێبکرێت. ناکرێت لە هەندێك کاتدا وەك پاڵەوان و لە هەندێك کاتیشدا وەك تاوانباری جەنگ مامەڵە لەگەڵ سەرکردەکاندا بکرێت. تەنانەت پێویستیشە لەگەڵ تیرۆرستەکانیشدا وەها مامەڵە بکرێت، تۆ ناتوانی ماوەیەك وەك تاوانبارو ماوەیەکیش وەك شەهید یاخود ڕزگاریکەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت. مێردەکەی من، وەك خۆیان مامەڵەی لەگەڵ هەمواندا کرد، ئەو هیچ دوو فاقییەکی نەبوو".

پرۆفیسۆرە تورەکە بێدەنگبوو، دواتر کتوپڕ ڕوخساری گەشایەوە، وەك ئەوەی بیرۆکەیەکی بۆ هاتبێ. "بەمجۆرە، ئەمڕۆ کێ مەترسیدارترین تیرۆرستە لە جیهاندا؟". بە دەنگێکی نزم ئەمەی لێپرسیم. "هیچ کەسێك بە تەواوەتی نازانێت، چونکە تیرۆرستەکان لەو شوێنانەدا خۆیان دەشارنەوە کە کەمترین گومانیان لێدەکرێت. تەکنەلۆژیاو ئامرازە قورسەکانی

پەیوەندی دەیانشارێتەوە، لەوانەیە لە شارێکی تازەدا، یاخود ناوەندێکی ئیداریدا خۆیان بشارنەوە. تەنانەت لەوانەشە لە باوەشی ڕۆژئاوایدا خۆیان بشارنەوە. . . ".

دواتر پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی کرد.

روخساری کەسێك چۆنە کە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامدابێ؟

روخساری (سیموزاریچ) هەڵئاوساوە، ڕیشی بەرداوەتەوە. ئەوە ڕوخساری یەکێکە لە نەوەکانی زەوی شەریفان. کەمێك جدیەتی تیایە، بەڵام بیانویەکی هەیە بۆ ئەوە، چونکە گەشتێکی درێژی لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی ئەنجامی بدا. پێویستە لەسەری بەیانی شاری(بۆزانسکی ساماش)ی شوێنی لەدایکبوونی بەجێبهێڵێ، و بە فڕۆکەیەك بگەڕێتەوە بۆ هوڵەندا، بۆ ئەوەی بڕواتەوە بۆ زیندانەکەی لە (شفیننینجن)، لەگەڵ میلۆزۆڤیچ، و نزیکەی پەنجا کەسی دیکە.

لەو زیندانەی کە تاوانبارانی (بەڵقان)ی تیادایە، بە (باغانینی) بانگی دەکەن، ئەویش لەبەر ئەوەی هەروەك خودایەك کەمان دەژەنێ و هەوڵی هاوکاریکردن و گونجاندنی هەموان دەدات هەروەك ئۆرکسترایەکی بچوك، بەو زیندانیانەشی کە لەگەڵ یەکتریدا جەنگاون.

دادگای (لاهای) بۆ ماوەی چەند مانگێك ڕێگای چونە دەرەوەی داوە لە زیندان، ئێستاش مۆڵەتەکەی تەواوبووە. لە کاتی بوونی لە (بوزانسکی ساماش)، (سیمۆ) بەردەوام لە خوانی هاوڕێیەکیەوە دەڕوات بۆ خوانی هاوڕێیەکی دیکەی. بەڵام هەرگیز تاوەکو کۆیهاتنی خوانەکە دانانیشێت، بەڵکو لە نیوەیدا هەڵدەستێ، و داوای لێبوردن دەکات، و دەڕوات بۆ خوانێکی دیکە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

"پێویستە لەسەرم ماڵئاوایی لە هەموان بکەم، خزمان و هاوڕێیان. ئەوە کارێکی ناخۆشە، بەڵام ناتوانم هیچ کەسێکیان بێ هیوا بکەم. لە بەختی خۆشم ئەوکات دەتوانم ئیسراحەت بکەم کاتێك دەگەڕێمەوە بۆ زیندانەکەم". بە توانجێکەوە وای وت.

(بۆزانسکی ساماش) شارێکی بچوکی سروشتییە. لەشەقامەکانیدا چەندین ، گازینۆ هەیە کە ناوەکانی هاوشێوەی ناوی گازینۆ بەربڵاوەکانی هەموو سربیاو بۆسنەیە: سێکسی گێرل، پارادایز، ڤێراری کلوب، کۆکتیل کیس، هەموشیان شوێنی ئەو گەنجانەیە کە شۆرت و پێڵاوی وەرزشی دەکەنە پێیان و بۆ چەندین کاتژمێر بەبێ وەستان، قاوەی تورکی دەخۆنەوە. چەندین خوێندنگاش هەن کە لەسەر شێوازی هونەری بیناکانی (هابسبرغ) دروستکراون، هەروەها ئۆتۆمبیلی کۆنەی جۆری (ئۆدی)ش کە ئەو پەنابەرانە هێناویانە لە ئەڵمانیا ئیشیان کردووە. ڕوبارێکیش بە نزیکی شارەکەدا دەڕوات کە لەگەڵ کرواتیادا سنور جیادەکاتەوە.

ژمارەی دانیشتوانی (بۆزانسکی ساماش) بەر لە ڕۆژی ٢٩ی شوباتی ساڵی ١٩٩٢، ٣٠٠ هەزار کەسبوو، کە نیوەیان سربی، و چارەکێکیان کرواتی، و چارەکەکەی دیکەیان موسڵمانەکان بوون، لە هەمووشی گرنگتر لە یوگسلاڤیادا بوو.

لەو ڕۆژەوە، ئەم شارە بوو بە بەشێك لە کۆماری (بۆسنەو هەرسك)ی تازە.

کاتێکیش ئەم کۆمارە سەربەخۆیی ڕاگەیاند لە یوگسلاڤیاکەی (میلۆزۆڤیچ)، ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا لە ڕۆژی ٧ی نیسانی ١٩٩٢، دانیان بە سەربەخۆییەکەیدا نا. بەڵام (بۆزانسکی ساماش) تەنها دە ڕۆژ لە ئاشتیدا ژیا. چونکە لە ڕۆژی ١٧ی نیسان، هێزێکی پەرەشوتەوانانی سربەکان، کە هەموویان ناوچەوانانی خۆیان بەستبوو، شارەکەیان داگیرکردو ڕایانگەیاند شارەکە"شارێکی سربییە".

ئەم هێزە شارەکەیان لە دەستی بۆسنە سەندەوەو خستیانە سەر کۆماری(سبراسکا)، ئەو دەوڵەتەی کە لەلایەن (رادۆڤان کاردایچ) سەرۆکایەتی دەکرا و لەلایەن سوپای فیدراڵی یوگسلاڤی، یاخود بە مانایەکی تر، میلۆزۆڤیچەوە، پشتگیری دەکرا.

لەمڕۆدا هێشتا ٣٣ هەزار کەس لەو شارەدا دەژین، کە کرواتەکان ژمارەیان ١٠٠ کەس دەبێت و ژمارەی موسڵمانەکانیش ٣٠٠ کەس، هەموو ئەوانی دیکە شارەکەیان بەجێهێشتووە.

یەکێك لەو ژنانەی ڕزگاری بووە، ناوی (فاتیمە)یە، ژنێکی زل و خەمگین، کە جلوبەرگێکی مۆری لەبەردایەو نینۆکەکانی دەستی ڕەش کردووە. (فاتیمە) ژنی (سیمۆ زاریتچ)ە.

بەزۆر ١٧ هەزار کرواتی و موسڵمان دەرکران و نێردران بۆ (سەربازگەی کاری قورس) کە لە شاخەکانی نزیك ڕوبارەکە دروستکرابوون.

زۆربەی زۆری ئەو کەسانە، لە یەکێك لە خوێندنگاکانی ئامادەییدا، کە میلیشیاکانی سرب کردوبویان بە زیندان، تووشی ئەشکەنجە و کوشتن و دەستدرێژی سێکسی هاتن، تەنها تاوانیان ئەوەبوو کە کرواتین یاخود موسڵمانن.

لەو سەردەمەدا، (باغانانینی) کەمانی نەدەژەنی، بەڵکو جلێکی سەربازی لەبەر کرد بوو، هەروەها یاری بە تفەنگە کلاشینکۆفەکەی دەکرد، و گۆرانییەکی دادەنا کە ناوی (پاکتاوکردنی ڕەگەزی) بوو.

کاتێك ئەو ڕۆژانەی بیردەکەوێتەوە، (سیمۆ) بە بێلایەنیەکی خەمگینانەی پیاوێکەوە کە کارەساتێکی بیردەکەوێتەوە، دوور لە ئەوو لە زەوییەکی غەریبدا ڕوویداوە، سەر دەجولێنێت. "ئەوە چیرۆکێکی ترسناکە، ئەی هاوڕێم، ترسناك".

"ئایا تۆ ئەوەت نەدەبینی کە لە ناوەوەو دەرەوەی خوێندنگاکەدا ڕوویدەدا؟".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

"بەڵێ، بە دڵناییەوە. کاری زۆرم بینی کە بە دڵم نەبوون، تەنانەت هەوڵیشمدا سنورێکیان بۆ دابنێم. بەڵام سەرکردەکان هیچ حسابێکیان بۆ نەدەکردم. سەرکردە سەربازییەکانی پەرەشوتەوانەکان، کە هەموویان لە دەرەوە هاتبوون، و تاوانباربوون، هوشدارییان دامێ ئەگەر هەر سووربم لەسەر بۆچونەکانم، دەمکوژن. سیستەمەکەی ئەوان لەسەر ترس بنیانرابوو. حزبەکەی (رادۆڤان کارادیچ) دەیپاراستن. واتە ئەوان سیاسییەکان دەیپاراستن، بۆ تێناگەی؟. هەر بۆیە بێ سود بوو سکاڵاکردن لێیان لەلای دەزگاکانی دەوڵەت، ئایا (سیمۆ زاریچ) دەیتوانی (کارادیچ) بوەستێنێ؟ یان ئەوانەی سەروی(کارادیچ)، میلۆزۆڤیچ و ژنەکەی؟ یان ئەو سەرکردە سیاسییە، ئەو پیاوە ڕۆشنبیرەی کە ئێستا لە (لاهای) لامانە، مەبەستم(مۆمشیلۆ کارایزنیچ)ە. ئەوانەی شتەکانیان بە دەستەوە بوو، ئەوانە تاوانباران، باوەڕم پێبکە، ئەوانەی کە بە ئیسراحەت لە نووسینگەکانی خۆیاندا دانیشتبوون و بڕیارەکانیان دەردەکرد، ئەوانە تاوانبارن، نەوەك ئەوانەی لەسەر زەوی بوون".

(سیمۆ) تەمەنی ٤٧ ساڵە. لە (ڕۆژە خەیاڵیەکان)دا، ئەوکاتانەی کە (بۆزانسکی) شارێکی یوگسلاڤی بوو نەوەك بۆسنی، (سیمۆ) پۆلیس بوو، دواتر پەیوەندی کرد بە دەزگای هەواڵگری یوگسلاڤییەوە، ئەمە کارێکی ناوەندی بوو، مووچەکەشی کەمبوو، بەڵام ماندووی نەدەکرد، چونکە ئەوکات دەوڵەت لەو شارەدا دوژمنی زۆر نەبوو. هەر بە تەنها ژنەکەشی موسڵمان نەبوو، بەڵکو یەکێك لە کچەکانیشی شوی کرد بوو بە کرواتییەك، خوشکەکەشی شوی کرد بوو بە موسڵمانێك.

(سیمۆن) بەخۆشیەکەوە پێدەکەنێ. "ها ئێستا تۆ تێدەگەی لەوەی من چیم وتووە. ئایا ئەوە دەچێتە عەقڵەوە کە من تاوانباربم؟ من هاوڵاتیەکی نموونەیم لە یوگسلاڤیای پێشوودا. خێزانەکەشم نموونەیی بوون، چونکە خێزانێکی تێکەڵاوبووین. من دڵخۆشم، تەنانەت شانازیشی پێوە دەکەم، کە لە یوگسلاڤیای (تیتۆ)دا ژیاوم، ئەو وڵاتە جوانە. وڵاتێك لەلایەن

ئەوانەوە وێرانکرا کە دابەشیان کرد بۆ چەند کۆمارێکی جیاواز، نەوەك ئێمەی (سرب) وێرانمانکردبێ".

لە زیندان ئەوە سەلمێنرا کە (سیمۆ) ئەفسەرێکی پلە بەرزبووە لە یەکەیەکی سەربازی بە ناوی(کەتیبەی چوار)، کە سەر بە لیوای (بۆساڤینا)ی فەیلەقی خۆبەخشەکان بووە و دواتر لەگەڵ سوپای کۆماری(سبراسکا)ی تازە تێکەڵاوکراون.

ئەم کەتیبەیە لە شاری (بۆزانسکی ساماش) جێگیرکراون. بەپێی بەدواداچونەکانی دادگاش، ئەفسەرو سەربازەکانی ئەم کەتیبەیە، ماڵ بە ماڵ گەڕاون و ١٧ هەزار هاوڵاتی کرواتی و موسڵمانیان لە ماڵەکانیان ئاگادارکردۆتەوەو پێیان وتوون"دەبێت ماڵەکانتان بە جێبهێڵن و بڕۆن بۆ ئەو ئۆردوگایانەی جیاکراونەتەوەو دروستمانکردون بۆ سەلامەتی ئێوە". ئەگەر خەڵکەکەش ئەو ڕێنمایانەیان ڕەتبکردایەتەوە، ئەوا بەهێز پێیان جێبەجێدەکرا.

دەرکردنی هاوڵاتییان بە شێوەیەکی ناشەرعی بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی وەسفدەکرێت، بەڵام (سیمۆ زاریتچ) هەست بەوە ناکات کە تاوانبار بێت، بەڵکو وەك نیشتیمانییەك سەیری خۆی دەکات.

بۆ ئەوەی لە تواناماندا هەبێت بە بێدەنگی قسە بکەین، دوور لەو کەسە نزیکانەی دەیانەوێت بە خۆشی ئەو بخۆنەوە، یاخود ئەو ناسراوانەی یان ئەو ڕێبوارانەی کە دەیانەوێت بکێشن بە شانیدا و پشتگیری خۆیانی بۆ دەربڕن، (سیمۆ) دەمبات بۆ نووسینگەی هاوڕێیەکی کە بەڕێوەبەری کارگەی لۆکەیە لە (بۆزانسکی ساماش).

ئەو دووانە هەردوکیان لەو ماوە ناخۆشەدا لە سوپای سربیادا بوون و لە (کەتیبەی چوار)یش خزمەتیان کردووەو دژی کرواتیەکان جەنگاون. ئەوە (جەنگێکی ڕاستەقینە بوو دژی فاشییەکان). هێشتا شوێن فیشەکی کرواتییەکان کە لەوبەری ڕووبارەکەوە تەقاندویانە بە دیواری کارگەکەوەیە.

(سیمۆن بەڵێنی ئەوەی دا کە هەموو شتێکم بۆ بگێڕێتەوە. "ئەوە کارێکی قورسە بۆ من، بەڵام من دەیکەم چونکە باوەڕەم بە بێ تاوانی خۆم هەیە. تەنها ڕاستیم دەوێ و هیچی تر". تەنها مەرجیشی ئەوە بوو لە یەکەمی چیرۆکەکەیەوە گوێی لێبگرم. چیرۆکەکە لە سەرەتادا لە جەنگی جیهانی دووهەمەوە دەستپێدەکات، هەروەك ئەو دۆخی ڕقلێبوون وخۆخۆردانەوەی لە نەوەدەکاندا یوگسلاڤیایان هەژاند.

"برا گەورەکەم لایەنگرێکی ناسراو بوو، لە یەکێك لەو قەتڵوعامانەدا کوژرا کە ٨٠٠ سربی تیادا کوژرا، ئەوان لەلایەن هێزەکانی(ئۆستاشا)ی کرواتیاوە لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووهەمدا لە ناوبران". (سیمۆ) زۆر بە خێرایی نیگاکانی ئاراستەی خاڵێکی نادیار دەکات لەوبەری ڕووبارەکەوە کە تیایدا چەکەکان لێوەی تەقەیان لە کارگەکەی کردووە.

"گوندەکە بە تەواوەتی وێرانکراو ٢٤٢ کەسیش لە خێزانەکەم کوژران. هەر بۆیە کاتێك لە دایکبووم، بە ناوی برا بە ناوبانگەکەمەوە ناونرام".

زۆرێك لە سربیەکان هەمان چیرۆك لەم ناوچە سنوورییەدا دەگێڕنەوە کە چەند کیلۆمەترێك لە کرواتیاوە دوورە. ئەوان ئەم چیرۆکە بۆ منداڵەکانی خۆیان دەگێڕنەوە، ئەو منداڵانەی کە لە هێرشە ئاسمانییەکانی فڕۆکە سربییەکان بۆ سەر شاری (بۆزانسکی ساماش) ڕزگارییان بووە.

(سیمۆ) قاوەیەك دەخواتەوەو دواتر دەڵێت"ئێستا تۆ بنەچەی منت زانی، من ئامادەم هەموو شتێکت بۆ بگێڕمەوە، چیت دەوێ بزانی؟".

پرسیاری تاوانەکانی کەتیبەکەی لێ دەکەم؟!.

"کەتیبەی چوار نە هیچ کەسێکی کوشتووە، نەهیچ هێرشێکیشی ئەنجامداوە. تەنانەت ئێمە هەرگیز نەڕۆیشتینە شارەکەشەوە. پەرەشوتەوانان، ئەوانەی کە لە دەرەوە هاتبوون و

کەسێك بە ناوی (ستیڤان تۆدۆرۆفیچ) کە بە (وەحش) ناو دەبرا سەرکردایەتی دەکردن، ئەوان دەستدرێژییەکانیان ئەنجامدەدا. ئێمە تەنها سەربازێکی ئاسایی بووین لە سوپای کۆماری (سپراسکا)، سەربازێکی ڕەسمی بووین. ئێمە سنوورەکانمان دەپاراست و بەشدار نەبووین لە هەڵمەتەکانی دزی و تالآنکردندا. ئێمە یان لە سەربازگەکانمان بووین یاخود لە بەرەکاندا".

بە دڵنیاییەوە، دادگا بڕیارێکی جیاوازتری هەیە، پرسیاری لێ دەکەم: بەڵام ئەگەر وەك ئەوەی تۆ باسیدەکەی دۆخەکە وابوو، ئایا لە توانتاتاندا نەبوو، لە کاتێکدا ئێوە سەربازی ڕەسمی بوون، ڕێگە لەو پەرەشوتەوانانە بگرن؟.

(سیمۆ) بە نەخێر وەڵامم دەداتەوە، ئەوەش دەڵێت کە لە توانایدا نەبووە کارێکی وابکات، نەك ئەوە بەڵکو تەنانەت ئەمەش کارێکی ئەستەم بووە. ئەو وتی هەرچەندە ویستویەتی کارێکی وابکات، بەڵام هیچ ئامرازێکی بە دەستەوە نەبووە، چونکە (وەحش)و پیاوەکانی دەستیان بەسەر دۆخەکەدا گرتبوو. ئەوان ترسناکبوون.

بەڵام، ژمارەی سەربازەکانی کەتیبەی چوار چەند سەرباز بوون؟.

_ (سیمۆ) دەڵێ: پێنج سەد سەرباز بوون.

_ چەکداربوون؟.

_ بەڵێ.

_ ئەی ژمارەی پەرەشوتەوانان؟.

_ سی کەسبوون.

پێنج سەد چەکدار لەبەرامبەر سی چەکداردا، و هیچ یەکێکیش لەو پێنج سەد کەسە زاتی ئەوەی نەکردووە لەبەرامبەر ئەو سی کەسەدا بووەستێ کە لەلایەن (ستیڤۆ)ی (وەحش)، جەلاد و تاوانبار، سەرکردەی هێزە ئەمنیەکانی شاری (ساماش)، ڕابەرایەتی دەکران.

هەروەها دادگای لاهای ئەوەی ئاشکرا کردووە کە (سیمۆ) یەکێکبووە لە لێپرسراوەکانی لیژنەی ئاڵوگۆڕکردنی (دیلەکان)، ئەو لیژنەیە ئەوانەیان دەردەکرد کە سربی نەبوون، و بە زەبری هێز تەسلیمی دەسەڵاتدارە ئیسلامییەکان یاخود کرواتییەکانیان دەکرد. لە بەرامبەریشدا، پەنابەرە سربییەکانی ناوچەکانی دیکەیان وەردەگرت، ئەوانەی قوربانی جەنگەکانی تر بوون، خانوو کارو ئۆتۆمبیلی ئەو کرواتی و موسڵمانانەی دیکەیان دەدا پێیان کە بە (ئارەزووی خۆیان) بە جێیان هێشتبوو، یان بە مانایەکی دیکە کاری ئەم لیژنەیە بریتیبوو لە دووبارە داڕشتنەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی شارەکە.

"ئەها، بەڵێ". (سیمۆ) وەها دەڵێت. وەك ئەوەی کارێکی لەو جۆرە مرۆڤ بتوانێت لە بیری خۆی بباتەوە. هەوڵدەدا خۆی زۆر چاك پیشانبدا. دەست دەخاتە سەر شانم و پێ دەکەنێ. لە بەینی هەر پێکەنینێکیشدا دەموچاوی کۆدەکاتەوەو دەیەوێت خۆی بە جدی پیشانبدا. "دۆخێکی لە دەست دەرچوو بوو، شوورەیی بوو، شوورەیی ڕاستەقینە. دەبێت دان بەوەدا بنێم. بەڵام ئایا من هیچی دیکەم دەتوانی؟.

لە واقیعدا، سیمۆ دەڵێت تەنانەت نابێ گلەیی لە لیژنەکە بکەین، چونکە (زەرورەتێکی هونەری) بوو.

"جەنگ دۆخێکی وەهای دروست کرد بوو ئەو خەڵکانەی کە سربی نەبوون، دەیانویست شارەکە بە جێبهێڵن، ئێمەش هاوکاریمان کردن".

ئیدی ئەو خەڵکانە سەروەت وماڵی خۆیان بە (ئارەزووی خۆیان) بە جێهێشتبوو؟

_"بەڵێ".

تەنانەت بەهۆی ترسیشەوە نەبوو بەڵکو بڕیاری خۆیان بووە؟.

_"ڕێك وایە، هاوڕێم، ڕێك، جەنگێکی ناشیرین بوو".

هەر بەهۆی (زەرورەتی هونەری)یە یەك لە دوای یەکەکانەوە، سربەکان توانیان شاری (بۆزانسکی ساماش) بکەنە شارێکی پاك لە ڕووی نەتەوەییەوە، بە پێچەوانەی ئەو یوگسلاڤیا لێبوردەییە فرە نەتەوەییەی کە (سیمۆ) و ئەوانی دیکە(میانڕەوەکان) بانگەشەی ئەوەیان دەکرد خۆشیان ویستووە.

"هەموان هەڵەیان ئەنجامداوە: سربەکان، کرواتەکان، موسڵمانەکان. ئێمە ڕێگەمان بە خۆمان دا سەرکردە خراپەکان پێمان پێبکەنن".

کاتێك ئەوانەی سربی نەبوون و لە شارەکە دەردەکران، دواتر دەیانبردن بۆ (سەربازگە دابڕاوەکان)، ئایا ئەو سەربازگانە زیندان بوون؟.

_"نەخێر، وا نەبوو". (سیمۆ) ناڕەزایی دەردەبڕێ.

ئەی چۆن بوو؟.

_ زیندان زیندانە، ئەوان بۆیە دەبرانە ئەوێ و دادەبڕان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، لەوێ ڕێگای کارکردنیشیان پێدەدرا".

خەریکبوو لە (سیمۆ زاریتچ)، (باغانینی شیفینجن) بدەم، بەڵام، لە بری ئەوە بڕیارمدا دەربارەی ئەو کتێبە پرسیاری لێبکەم کە لە کاتی بەرگریکردن لەخۆی ئامادەیکردبوو.

**قسه لەگەڵ شەيتان**

لەسەر بەرگی کتێبەکەی وێنەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە هی خۆپیشاندانێکە بۆ پشتگیری ئەو لە شاری(بۆزانسکی) ساز کراوە، بەر لەوەی پیاوانی پۆلیسی لاهای بێن بۆ دەستگیرکردنی.

لەو وێنەیەدا، (سیمۆ) منالّتر و باریکتر دەردەکەویّ، بۆینباخێکی سووری بەستووە، لافیتەیەکی بە دەستەوە گرتووە کە لێی نووسراوە. "ئەوە تاوان نییە لە کاتی تەنگانەدا پشتی خۆشەویستانت بگری".

پرسیاری ئەوەم لیّ کرد ئایا پەشیمان نییە لەو وتەیەی کە بە دەستەوەیەتی، چونکە هەندیّ بارودۆخ هەیە خۆشەویستان هەڵەی تیادا دەکەن، ئایا گوێڕایەڵی نەتەوەیی بەهێزترە لە بنەما ئەخلاقییەکان؟.

_"من دەمویست لەوێدا بڵێم پێویستە لەسەر مرۆڤ پشتگیری خۆشەویستانی بکات، تەنانەت ئەگەر لە بەرژەوەندی خۆشی نەبیّ". (سیمۆ) وەها دەڵێت. بۆ نموونە، ئەگەر ئەو لەگەڵ ئەوانی دیکەدا شارەکەی بە جێهێشتبایە، تاوانی زۆری دیکە ڕوویدەداو خەڵکانی دیکە دەبوونە قوربانی، مانەوەی ئەوان تاوانەکانی (وەحش)ی کەمترکردۆتەوە.

(سیمۆ) گومانلێکراوی سەرەکییە. بەهۆی ئەوەی ئەو بە ئارەزووی خۆی، لە ڕۆژی ٢٤ی شوباتی ساڵی ١٩٩٨، خۆی تەسلیمی هێزە ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی لە (بۆسنە) کردووە، ڕێزی لێدەگیرێت. ١٠ ڕۆژیش بەر لە خۆتەسلیمکردنەوەی (سیمۆ)، (میلان سیمیچ) و(میرۆسلاڤ تادیچ)ی هاوڕێی خۆیان تەسلیم کرد بوو.

براکەی (سیمیچ)، پارێزگاری سربی شاری (بۆزانسکی) بوو، (تادیچ) یش، جێگری(سیمۆ) بوو لە لیژنەکەدا.

(سیمیچ)و (تادیچ)و (سیمۆ)ش، بۆیە خۆیان تەسلیمکرد، دەیانزانی ئەوەنە گرنگ نین کە سوپای (بۆسنی_سربی) بیانپارێزێت. هەروەك لەوە بەناوبانگتریش بوون کە بتوانن خۆیان لە دەستگیرکردن بدزنەوە جا چ بە زوویی بێ یاخود بە درەنگی، هەر بۆیە کەوتنە یاریکردنی هاوکاریکردن لەگەڵ دادگادا.

(وەحش)ەکە لە (لاهای)، لە هەمان بەشدا بوو لەگەڵ (سیمۆ)، بەڵام لە ژوورێکی دیکەی زینداندا.

(سیمۆ) دەڵێت "تەنانەت ئێمە پێکەوە قسەش ناکەین، چونکە ڕقم لێیەتی. بۆ هەموویان کەمان دەژەنم، جگە لە ئەو".

(سلۆبۆدان میلکۆڤیچ)یش، کە ناسراو بوو بە(گەلحۆ) و یەکێك بووە لە سەرکردەکان لە شاری (بۆزانسکی) لەو چەند مانگە ترسناکەدا. (میلکۆڤیچ) بەرپرسی (کەتیبەی چوار) بوو، لە بارودۆخێکی نادیاردا لە بۆسنە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٩٨دا تیرۆرکرا.

لە کارگەکە دەرچووین. (سیمۆ) پێی وتم دەیەوێت چاوم بە کوڕەکەی بکەوێت.

لە باڕەکە دۆزیمانەوە. جلەکانی هەروەك ئەوانی دیکە بوو. لەژێر کەپرێکی هەرزان بایی کە لە ئیتالیاوە هێنابویان، دانیشتبوو. فاتیمەی ژنیشی ئامادە بوو.

پرسیاری ئەوەم لە (فاتمە) کرد ئایا ڕاستبووە کە لەناو خوێندنگاکەدا تاوان کراوەو لە توانای هیچ کەسیش نەبووە بزانێت چی لە ناوەوە ڕوویداوە، وە ئایا ئەوە ڕاستبووە کە ئەو هۆکاری ئەوە بووە خەڵك ئاگاداری ناوەوە نەبێت؟.

فاتیمە لەسەر کورسییە پلاستیکییەکە هەڵدەستێ. "بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانە لەسەر شەقامی سەرەکی شاری بۆزانسکی لە خەڵك دەدراو خەڵك دەکوژرا. بەڵێ، لەسەر

شەقامەکە. موسڵمانەکان لە پێناوی خانووەکانیاندا دەکوژران، بۆ ئەوەی بدرێت بە ئەو سربیانەی کە لە دەرەوەی شارەکەوە هاتبوون. خەڵکانم لە بیرە دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی ئازارنەدرێن، بەڵام هەر ئازاردەدران و بە لێدان و گولله لێیان دەدرا".

(سیمۆ) ڕایەکەی ڕەتناکاتەوە، بەڵکو سەری بەسەر مێزەکەدا شۆڕدەکاتەوەو داوای پەرداخێك شەربەتی قۆخ دەکات.

کاتێك فاتیمە قسەکانی تەواوکرد، هەروەك ئەوەی قسە لەگەڵ ژنەکەیدا بکات، (سیمۆ) پێی وتم"ئەگەر ئێمە هەموو شتێکمان بزانیبایە، لەوانە بوو هەریەکەمان بە ڕێگای خۆیدا بڕۆیشتایە، بەڵام یوگسلاڤیای پێشوو هەمووی لە دەوروبەرمان خرۆشابوو، سەرەڕای ئەوەش ئێمە لە سەربازگەکەماندا زیندانی بوین".

ئێستا هەموو شتێك تەواو بووەو ڕاستیەکان دەرکەوتون. ئیدی کەس ناتوانێت بڵێت من هیچ نازانم. هەندێك دەستگیرکراون، وەك سیمۆ، هەروەها شاری (بۆزانسکی)ش تەنیا یەك نەتەوەی تیایە. یوگسلاڤیاکەی (میلۆزۆڤیچ)یش بوونی نەماوە، (سلۆبۆدان) لە لاهای یە، ئەو یەکەم سەرۆکی وڵاتێکە کە تۆمەتبار کراوە بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

هێشتا (رادۆڤان کارادیچ) لەدەستی یاسا هەڵهاتووە دوای ئەوەی چەندین ملیۆن دۆلاری لە خۆشەویستەکەی(کۆماری سپراسکا) دزی. (لە ساڵی ٢٠٠٨ دەستگیرکرا/ و.کوردی).

بە کورتییەکەی، ئیدی ئەوانەی کە لە پشتی پەردەوە نەخشەیان بۆ تاوان دەکێشا، ئەو توانایەیان نەماوە نەخشەی تاوان بکێشن. خەڵکە باشە خۆشەویستەکەی (بۆزانسکی)، ئەوانەی کە قاوە دەخۆنەوە لە کافییەکاندا، چی دەکەن؟ ئایا خەمگینی نایانکوژێ؟ ئایا گومان نایانکوژێ؟. نەخێر، بەڵکو هەموویان دەنگ بە حزبەکەی (کارادیچ) (σπδ) دەدەن،

ئەو حزبەی کە نوێنەری پاکتاوکردنی ڕەگەزییە، و مافی پاراستنی سیاسی دابوو بە (وەحش)و هەموو ئەو سیاسییەکانی دیکە.

"لێیان تێناگەم"، (سیمۆ) وەها دەڵێت، لە کاتێکا خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ ژەنینی کەمانەکەی بۆ ٥٠ تاوانباری جەنگ.

بەڵام (فاتیمە) لەلایەکەی ترەوە، زۆر بە باشی لێیان تێدەگا. بە نیگایەکی توند سەیری دەکات. "سیمۆ، تۆ دەزانی بۆچی وا دەکەن. ئەوان دەترسن حزبێکی دیکە، ڕێگە بە موسڵمانان و کرواتیەکان بدات بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان لە(بۆزانسکی)، ئەوان لەوە دەترسن لە ماڵەکانیان دەربکرێن، ئەوان سوورن لەسەر دەستگرن بەسەر ئەوەی کە دزیویانە. ئەوە هەموو شتێکە. هەر بۆیە بەردەوام دەبن لە دەنگدان بە تاوانباران".

کاتێك ژنەکەی حازرە، (سیمۆ) زۆر زەردەخەنە ناکات، و واز لە جنێودانی خەڵك دەهێنێ لە پشتەوە، هەروەها نوکتەش ناگێڕێتەوە. "بەڵێ، ئەوان دەنگ بە تاوانباران دەدەن، تاوانبارە ڕاستەقینەکان. ئەوان دەنگ بە ماسییە گەورەکە دەدەن. بە (کارادیچ)، و (میرا)و (سلۆبۆدان). ئەوەی ڕوویدا هەرگیز ڕووینەدەدا ئەگەر (میلۆزۆڤیچ) نەبووایە. ئەو تاکە کەسە کە دەبێت لۆمە بکرێت".

بەهەرحاڵ، پرۆفیسۆرە(مارکۆڤیچ) بڕوای وایە هیچ و پوچەکانی لە نموونەی(سیمۆن زاریچ) بوون کە (کەمتەرخەم)بوون.

"چەندین جار ئەمەم دووبارە کردۆتەوە لە هەزاران لاپەڕەی کتێبەکانما، لە ڕاستییشدا من ماندوو بووم لە ڕوونکردنەوەی ئەمە. زیاتر لە دە ساڵە دەربارەی ئەوە قسە دەکەم و دەنووسم. لەگەڵ ئەوەشدا، بەکورتی ڕوونی دەکەمەوە. چەندین هێزی دیاریکراوی ئابووری، و سیاسی، و سەربازی لە ڕۆژئاوادا هەن کە نییەتی ئەوەیان هەبوو دەست بەسەر وڵاتانی

بەڵقاندا بگرن. لە ڕابووردودا، ئەم هێزانە تاڕادەیەك بە ئاسانی ئەو کارەیان دەکرد. هەر بۆیە هەوڵیان دا هەمان شت لەگەڵ یوگسلاڤیا بکەن، بەڵام ئەم وڵاتە سەلماندی شکاندنی ئەو گوێزە هەر وا ئاسان نییە، هەروەك وڵاتێکی گرنگیشبووە، چونکە بەدرێژایی چەندین ساڵ دوای جەنگی جیهانی دووەم، توانیویەتی هاوسەنگیەکی سەرکەوتوو لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ڕابگرێت. پردی نێوان ئیشتراکیەت و کۆمەڵگای بۆرجوازییەت بوو، بەجۆرێك سیاسەتەکانی لەسەر بنەمای باڵا بنیاتنابوو، هەروەها لەناو وڵاتاندا ڕێزێکی زۆری هەبوو. هەر بۆیە داڕێژەرانی ستراتیژی ڕۆژئاوایی گرنگیان بە هەڵوەشانەوەی یوگسلاڤیا دا.

یوگسلاڤیا چونکە وڵاتێکی فرە نەتەوەیی جیاوازبوو، بە ڕای منیش نموونەیەك بوو چاوی لێدەکرا بۆ پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی بە نیسبەت خودی کۆمەڵگای ڕۆژئاواییە. هەر لەبەر ئەم هۆیە، بڕوام وایە ستراتیژ داڕێژەرەکانی ڕۆژئاوا هانی ڕق و توندڕەویی ڕەگەزی و نەتەوەییان لەنێوان گەلانی یوگسلاڤیدا دا، و بەرەو توندوتیژی و جەنگیان بردن.

ئەو ستراتیژ داڕێژەرانە لەناو هەموو گەلانی یوگسلاڤیدا(کروات، سرب، موسڵمانان) هاوپەیمانی خۆیان دۆزییەوە. ئەم هەستی نەتەوەییە سەرەتاییە گەمژەیە، وێرانی کردین. ئێمە قوربانی ئەو ڕقە بووین کە لە دەرەوە بۆمان هات".

بەڵام ئەی چی دەربارەی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی کە لەلایەن (سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ)ەوە هان دەدراو بە چەکی سوپای یوگسلاڤی جێبەجێدەکرا؟ ئەی چی دەربارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و کۆمەڵکوژییەکانی ڤۆکۆڤار؟ سربرینیکا؟ زینیکا؟

کتێبێکم بە دەستەوەیە بە ناونیشانی(جەنگی دە ساڵە). وێنەی بەرگەکەی یەکێکە لەو وێنە تەقلیدییانەی شاری (سەرایڤۆ) لە ژێر ئابلۆقەدا. وێنەکە وێنەی خەڵکانی ئاساییە، عەلاگەی

شت کڕینیان بە دەستەوەیەو لەیەکێك لە گۆڕەپانە بەناوبانگەکانی شارەکەدا، لەترسی گولەو بۆمبی سربییەکان لە بەرزاییەکانی پشتی وێنەکەوە، ڕا دەکەن.

پرۆفیسۆرە، کتێبەکەم لێدەسێنێ و وێنەی سەر بەرگەکەی دەبینێ. دواتر دەپرسێ"ئەم وێنەیە چی دەردەخات؟ ئەم وێنەیە چییە؟".

بۆم یەکلایی نابێتەوە کە ئایا ئەو بەجدییەتی یاخود گاڵتە دەکات. چونکە لەسەرەتای جەنگەکەدا ئەم وێنەیە، و چەندین وێنەی دیکە، ویژدانی ملیۆنەها ئەورووپیان هەژاند. هەر نموونەی ئەم وێنانە بوو کە لە کۆتاییدا بوونە هۆی بۆمبارانکردنی شاری (بەلگراد)ی پایتەخت. دەبێت پرۆفیسۆرە ئەوە بزانێت، بەڵام، هەروەك چۆن (سلۆبۆدان) هەوڵیدا ئەوە بۆ دادگای (لاهای) بسەلمێنێت کە ئەوە"سربەکان بوون بوونە قوربانی و ڕووبەرووی نەهامەتی بوونەوە، ئێمە تیرۆرستە کۆسۆڤۆی و کرواتیە فاشییەکانمان دەکوشت. ئەوە ڕاستە جەنگ لە کۆسۆڤۆ دەستیپێکرد، بەڵام هۆکاری جەنگەکە ئەوەبوو موسڵمانەکان لە ئاهەنگێکی ژن گواستنەوەی سربییەکدا، هەندێك سربییان کوشت. لەبیرتانە؟ ئێمە جەنگمان دەست پێنەکرد".

بەڵام، ئایا چەکەکانی (کارادیچ)، ئەو چەکانە کە لەو ئابلۆقە کارەستباوییەدا بەکاردەهات، لە بەلگرادەوە نەدەهاتن؟ لەلای میلۆزۆڤیچەوە؟.

پرۆفیسۆرە لەم پرسیارە تووڕە بوو. "بۆچی پرسیارم لێدەکەی؟خۆ من وەزیری بەرگری نەبووم! من وانەبێژی زانستی کۆمەڵناسیم بووم لە زانکۆ. چۆن دەتوانم ووردەکاری شتێکی وەها بزانم؟".

هەروەك (سیمۆزاریچ) دەڵێت ئەم ووردەكارییانە ئەو (زەرورەتە هونەری)یانەیە كە بووە خۆشكردنی ئاگری دە ساڵ لە جەنگ و كۆمەڵكوژی. "ئەوەی من دەیزانم، و تەواوی گەلیش، دەیزانێت ئەوەیە وەك سربیاو یوگسلاڤیا هاوكارییەكی دیاریكراومان پێشكەشی ئەو سربیانە دەكرد كە لە بۆسنەو كرواتیادا دەجەنگان. ئەوەمان كرد كە لە تواناماندا هەبوو، ئێمە بەتانی و خواردن و دەرمان و چادرو جلوبەرگ. . . . مان بۆ ناردن، ئەوە كارێكی مەنتیقییە، هیچ زانیارییەكیم نییە ئەمە تاوان بێت. كروات و سربیەكانیش بەو چەكانەی كە لە سوپای یەكێتی یوگسلاڤیا جێمابوو، دەجەنگان. بەڵام، ئەگەر ئێوە دەتانەوێت لێكۆڵینەوە لەوەبكەن كە كێ چەكی داوە بە سربەكان، دەبێت ئەوكاتیش لێكۆڵینەوە لەوەبكەن كە كێ چەكی داوە بە كروات و سربەكانیش.

بۆچی ئێوەی ڕۆژئاوایی هەرگیز پرسیارێكی وەها لە خۆتان ناكەن؟ لەو جەنگەدا سێ گەل بەشداری كردووە، نەوەك بە تەنها یەك گەل. بۆچی ئەوە ناڵێن كە (ئوسامە بن لادن) چەكی داوە بە موسڵمانەكانی كۆسۆڤۆ؟ بۆچی ناڵێن ئەو سەركردە ئەلبانییە؟چی ناوبوو؟ بەڵێ، (ئیبراهیم ڕۆغۆبا)، دانی بەوەدانا ساڵی ١٩٩٨ لە كۆسۆڤۆ سەربازگەی مەشق و ڕاهێنان بۆ توندڕەوە ئیسلامییەكان هەبووە؟.

ئەوە درۆیە كە گوایە خەڵكانی بێتاوان لە كۆسۆڤۆ كوژرابن و جەستەكانیان برابێت بۆ سربیا بۆ شاردنەوەی. ئەمانە هەمووی درۆن، تێدەگەی؟ ئەو جەستانەی باسیدەكەین، هی ١٠٠ ساڵ یاخود ٢٠٠ ساڵ پێش ئێستایە. ئێمە لە (لاهای) بە بەڵگەی وێنەیی و نووسراو ئەوە ڕەتدەكەینەوە. تۆ دەتەوێت ناوبانگی یوگسلاڤیاو سربیا لەكەدار بكەیت، لەپرسیارەكانت دەربارەی (رادۆڤان كارادیچ)و (مالدیچ) ماندوو نابی. نازانم ئەوان چییان دەكرد، و چیش لە گۆڕەپانی جەنگدا ڕوویداوە. من لە یوگسلاڤیا دەژیام، نەوەك لە بۆسنەو كرواتیا. پرسیار لەوانە بكە كە لەوێ بوون، نەوەك پرسیار لە ئێمە".

**قسه لەگەڵ شەیتان**

(سیمۆ زاریچ) یەکێکبووە لەو کەسانەی کە لەوێ، لە بەرەی جەنگدا بووە.

ئەو بەچاوی خۆی ئەو کێڵگانەی بینیووە بۆ دەرکردنی خاوەنەکانیان، دەسوتینران، هەروەك چۆن پرۆسەکانی دەست بەسەراگرتنی موڵك وماڵەکان و دەستدرێژی سێکسیشی بینییوە.

"رۆژێك(وەحش) هات بۆ سەربازگەکەی ئێمە بۆ پشکنین. ئەو هەرگیز خزمەتی سەربازی ئەنجام نەدابوو، بەڵام دەیبینی ئەفسەری پیشەیی، و سەربازی ڕاستەقینە لەبەردەمیدا ڕیز ڕاوەستاون. سەربازەکان بێ جوڵە وەستابوون، دەترسان، ئێمە هەمومان دەترساین، پێویستە لەوە تێبگەیت کە لەناوەوە دەلەرزین، سەرەڕای ئەوەی بە ئاشکرا ئەوەمان دەرنەدەخست.

(وەحش) پێی وتین(ئەگەر وەك سربێکی ڕاستەقینە ڕەفتار نەکەن، کۆتاییەکی ناخۆشتان دەبێت)".

لە (سیمۆ) دەپرسم، بەڵام ئەگەر هەموو ئەوانە ئەنجامی (رق) بن، ئەی بۆچی خەڵکی (بۆزانسکی) دەنگ بەو حزبە دەدەن کە هانی تاوان دەداو (وەحش)ی پاراست ئەوکاتەی کە (رق) نەما؟.

"نازانم، نازانم، بەپێی پێویست وەڵامی پرسیارەکانی تۆم دایەوە. پێویستە بڕۆم".

(سیمۆ زاریچ) دەربارەی گەڕانەوەی بۆ زیندانی (شفینینجن) زۆر ناڕەحەت نییە، چونکە لەوێ یوگسلاڤیایەکی تازە دروست کراوە، یوگسلاڤیایەك هەروەك ڕابووردو، سرب، و کروات، و موسڵمانی تیایە، هەموویان یەکسانن، هەموویان تاوانبارن، هەموشیان بە

گوێگرتن لەو مۆسیقایەی کە (باغانینی) بە کەمانەکەی دەیژەنێ و لە مۆسیقای قەرەجەکان دەکات، خۆشحاڵن.

"من بێباوەڕم، هەموو نەوەی من بێباوەڕن، بەڵام مارکسی نیم. ئێوەی ڕۆژئاوا نووسیوتانە کەوا من مارکسیم، بەڵام ئایا هەرگیز کتێبەکانی منتان نەخوێندۆتەوە؟من، بە هەموو سادەیی و ڕوونیەك، زانای کۆمەڵناسیم، نەوەك زانایەکی مارکسی کۆمەڵناسی. هەمان ئەو زانستە کۆمەڵناسییە دەڵێمەوە کە لەجیهاندا دەوترێتەوە، بەڵام من باوەڕم بەجۆرێك لە ئیشتیراکیەت هەیە کە لەسەر بنەمای باشترین نموونەیە، چی تیۆری بێت یاخود عەمەلی. باوەڕم بەو ئیشتیراکییە هەیە کە تا ئەم ساتە ناسیومانە، هەروەك چۆن باوەڕیشم بە سەرمایەداری هەیە. بەڵام کۆمەڵگایەکی وەك ئەمە پێیناوترێت کۆمەڵگایەکی ئیشتیراکی ڕەنگە بە ناوێکی دیکەوە بانگبکرێت، بەڵام ئەوە گرنك نییە. ئەوەی گرنگە بەنیسبەت خەڵکی ئەم کۆمەڵگایەوە ئەوەیە پێویستە خۆشبەخت بن، و لە خۆشیدا بژین، هەروەها لە مافیشدا یەکسان بن. بەڵام دەربارەی نەتەوە پەرستیش، ئەوەش درۆیەکی ترە کە دەربارەمان بڵاو کراوەتەوە: ئێمە نیشتمانین، نەوەك نەتەوە پەرست، ئێمە زانکۆمان دیوە، و کتێبمان خوێندۆتەوە، بەتەواوی لە جیاوازی ئەو دووانە تێدەگەین".

پرۆفیسۆرە بە (توتکە خۆشەویستەکەم) بانگی دەکرد. بەڵام بە نیسبەت ئەوانی دیکەوە، (مارکۆ میلۆزۆڤیچ) جگە لە مافیایەك هیچی دیکە نەبوو.

لە سەماخانەکەی خۆی، کە ناوی مادۆنا بوو، تەنها ناوی خۆی پیرۆز بوو، هەموو مافیاکانی بەلگرادیش ڕوویاندەکردە ئەوێ. سەماخانەکە لە (بۆزاریفایچ)ی شارە بچکۆلانەکەی شوێنی لە دایکبوونی (سلۆبۆدان میلۆزوڤیچ) بوو.

## قسە لەگەڵ شەیتان

(مارکۆ) بازرگانێکی قاچاخچی بوو، بەڵام خاوەنی شاری یاری بامبی لاند، و عەیادەیەکی منداڵ لەباربردن، و ژمارەیەك نانەواخانە، و کۆمپانیای ئەنتەرنێت بوو. ئەمە جگە لەوەی کە فەزڵی زۆریشی بۆ هاوڕێکانی هەبوو.

جارێکیان (سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ) بە کوڕەکەی وت کە خۆی ڕێکبکاتەوە. "واز لە عەیادەی منداڵ لەباربردنەکە بهێنە". کاتێك (مارکۆ) بە تەلەفۆن ویستی فیکرە زیرەکەکانی خۆی دەربارەی کارەکانی بە باوك و دایکی بڵێ، (میلۆزۆڤیچ) پێی وت"گرنگی بخەرە سەر مادۆنا و بیکەرە کارێکی شەریفانە".

لە ڕێگای پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ترەوە، (میلۆزۆڤیچ) قسەی لەگەڵ کچەکەیدا کرد کە خاوەنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنییە(حکومەت هاوکاری دەکات) و پێی وت"تکایە، ئەوە ساڵی تازەیە لەلای هەموان، لەوانەیە خەڵکی بێتاقەتبووبن لە بینینم لەسەر شاشە. بۆ یەك ڕۆژ واز لە من و لەو خەڵکە بهێنە، تەنانەت خوداش تاقەتی بینینی منی نەماوە لەسەر شاشە، من خۆشم تاقەتم نەماوە".

کچەکەی وەڵامی دایەوە. "بەڵام من بێتاقەت نەبووم، لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچی تۆ بڵێی وا دەکەم".

پرۆفیسۆرە ئەم گفتوگۆیانەی لەبیرنیە کە دەزگای هەواڵگری کرواتی تۆماریکردوون، بەڵام دەیەوێت ئەو ترسە لە بیر خۆی بباتەوە کە ڕژێمەکەی لەناو خەڵکە سادەکەدا بڵاویکردبویەوە، هەروەها سانسۆرە سەپێنراوەکەی سەر ڕۆژنامەکانیش، بەجۆرێك ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانی بەلگراد، پشتگیری ڕژێمەکەی (میلۆزۆڤیچ)یان دەکردو وێنەی سربییەکانیان بڵاودەکردەوە کە بە دەست نەهامەتییەوە دەیانناڵاند.

پرۆفیسۆرە وەڵام دەداتەوە. "تۆ دەنووسی کە گوایە ئێمە دەوڵەمەندین، بەڵام ئێمە وەها نین، دەنووسی کە ملیۆزۆڤیچ ئۆتۆکراسی بووە، ئەمەش ڕاست نییە. ئەگەر ئەو ئۆتۆکراسی بووایە، ئەوا لەسەدا نەوەدو پێنجی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە دەست ئۆپۆزسیۆنەوە نەدەبوو کە بەردەوام هێرشی دەکەنە سەر".

لە سەدا نەوەدو پێنج!.

ئەوە ڕاستە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە نەوەدو پێنج لەسەدای ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەکان بەکرێگیراوی ملیۆزۆڤیچ بوون، بەڵام تەنها ئەو لە سەدا پێنجەی کە مابوونەوە دژی بوون، هەموو ئەوانەشی کە تیایدا کاریان کردووە لەوانەیە ژیان خۆیان لەبری دانابێت.

کاتێك لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوو، لە بەلگراد بە (ساحیرە سوورەکە) بانگیان دەکرد، (میرا) لە ژمارەیەك گۆڤاری ژنانەدا، ستونێکی بەناونیشانی (شەوو ڕۆژ) دەنووسی. هەموان ئەو ستونەیان دەخوێندەوە بۆ ئەوەی بزانن قوربانی داهاتوو کێیە لە"تەقەکردنی دوو نەناسراو لە یەکتری"، یاخود بۆ ئەوەی بزانن مەزاجی (سلۆبۆدان میلۆزۆڤیچ) چۆنە.

بە میهرەبانی دایکێکەوە، میرا هەمیشە لەدوای هەریەك لەو ڕووداوە تەواو نەبوانەی کە بەسەر (مارکۆ)ی کوڕیدا دەهات وەك وەرگەڕانی لە ئۆتۆمبیلی (بۆرش) یاخود (مارسیدس)ەوە دەینووسی. "مارکۆ حەزی دەکرد یاری بە ئۆتۆمبیلەکانی بکات هەروەك ئەو کاتانەی کە منداڵبوو یاری پێدەکردن".

هەندێك جار بەبۆنەی لە دایکبوونی باڵندەیەکەوە لە کێڵگەکاندا لەبەیانیەکی بەهاریدا، یاخود بەبۆنەی سەردەرهێنانی گوڵەوە لە شاخەکانی سربیا، ئاهەنگی دەگێڕا، و لە زۆربەی جارەکانیش دەربارەی مۆسیقا دەینووسی.

**قسه لەگەڵ شەيتان**

"من لەبورجی (قرژاڵ)م. دەڵێن مۆسیقا بە نیسبەت ئەم بورجەوە وەکو ژیانە. ئەو مۆسیقایانەم خۆشەوێ کە شتی دیاریکراوم بیردەخەنەوە، مۆسیقای تازەو جوان و ڕاقی. . . هەموو جۆرەکانی مۆسیقام خۆشەوێ جگە لە مۆسیقا کلاسیکییەکان.

ئەوە مەنووسە، بەڵام من هەموو شتێکم خۆشەوێ تەنها کۆنەکان نەبێ. هەرگیز سەردانی مۆزەخانەکان ناکەم. پێشووتریش تەنها بۆ ڕازیکردنی خەڵکی شارەکە لەگەڵ مێردەکەمدا دەڕۆیشتم. بەڵام ئێمە شتی نوێ و شتی تازەمان پێباشترە".

"من ناتوانم لەبری پیاوەکەم قسە بکەم. ناتوانم لەبری ئەو بڵێم کە ئایا هەڵەی کردوە یان نا. بەڵام ئەوەی دەربارەی منە، هەندێك جار بیر لەوە دەکەمەوە باشتر بوو زیاتر تەرکیز بخەمە سەر تواناکانم. لە یەککاتدا زانکۆ، و بانگەواز، و زانست، و سیاسەت، سەرقاڵیانکردبووم. لەوانەشە هەر ئەمە هۆکاری ئەوەبێت من سەرکەوتنێکی گەورەترم بە دەست نەهێنابێ، بەڵام ڕەنگە بەوە دڵخۆشی خۆم بدەمەوە بەوەی هەموو ئەم شتانە تەواوکەری یەکترین".

ئەی چی دەربارەی دەستگیرکردنی میلۆزۆڤیچ؟ ئایا ئەوە کارێکی هەڵەبوو حکومەت ڕەزامەندی دا لەسەر تەسلیمکردنەوەی؟.

پرۆفیسۆرە دەڵێت. "نازانم، باشتر وەهایە هیچ نەڵێم".

پرسی تەسلیمکردنەوەی میلۆزۆڤیچ، لە عەشیرەتەکەیدا ڕای جیاوازی لەسەربوو.

(ماریا)ی کچی دژی ئەوە بوو باوکی خۆی تەسلیم بکات، و تەنانەت تەقەی لە پۆلیسیش کرد. تاوەکو ئێستاش توڕەیە لێی و سەردانیشی ناکات لە زیندان، چونکە بە گوێی ئەوی نەکردووە: خۆی بکوژێت.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

وابڵاوە کە (ماریا) ئالوودەی مادەی هۆشبەرەکانە، بەجۆرێك ئەوکاتەی بەهۆی تەقەکردنیەوە لە پۆلیس دەستگیرکرا، لە ماڵەکەیدا بەقەدەر دەرمانخانەیەك مادەی هۆشبەر دەستی بەسەردا گیراوە.

ئێستا (ماریا) لە (مۆنتیگرۆ) بە تەنها دەژی.

ئەی مارکۆ؟ لەکوێ دەژی؟

"ئەها، ئەو لە شوێنێکی دوور دەژی". میرا مارۆکۆڤیچ وەها دەڵێت"ئەو هەرگیز نایەوێت جارێکی تر لێرە بژی، هەموو ئەوانەی ڕوویانداوە تورەیان کردووە".

ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت هەست بە پەشیمانی دەکات؟ خەریکە ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی عەفەویانە لە دەممەوە دەچێتە دەر، کەچی ناوێرم بپرسم.

ژنەکەی ملیۆزۆڤیچ دەڵێت"بێگومان ئەو هێشتا گەنجە، لەوانەشە لە داهاتوودا بگۆڕێت، بەڵام ئێستا ئەو زۆر کاریگەری لەسەرەو باوەڕ بەوە ناکات کە مامەڵەی خەڵکی لەگەڵ باوکیدا بەو جۆرە بووە. باوکێك کە قوربانی بە ژیانی خۆی و خێزانەکەی و ژیانی هەمووماندا لەپێناوی گەلدا".

**قسە لەگەڵ شەیتان**

ئازیزم زۆران. . .

هەرگیز بەمجۆرە هەستم بە دووری و نزیکی تۆ نەکردووە. من ئێستا لە باشووری هیندستانم، لەشاری مدراس. من ناتوانم ئەمڕۆ لە بەلگراد بم بۆ ئەوەیماڵئاوایت لێبکەم، ئەی ئەو کەسەی کە باشترین هاوڕێ بوویت بۆ من لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابووردودا، بەڵام نامەیەکت بۆ دەنێرم کە بەسەر دەریاو زەریاکاندا دەفڕێت و تاوەکو زیندوو بم لێت جیانابێتەوە.

لە سەرەتادا بیرمدەکردەوە: لە نێوانماندا هیچ قسەیەك نەماوە، هەروەها هیچ فیکرەیەکی هاوبەش کۆمانناکاتەوە، ئەمە جگە لە نەبوونی هیچ عاتیفەیەك یاخود هیوایەك یاخود شەڕێك. هەموو ئەو شتانە بەیەکجار خۆیان کرد بە مێشکما، ئەو شتانەی بۆ ساڵانێکی درێژ بەردەوامیان هەبوو.

تاوەکو زیندووبم بیرت دەکەم. هیواداریشم ئەگەر لەتواناتدا هەبوایە پێمبڵێیت، کە ئێستا تۆ خەریکی ماڵئاوایت، کە وا بەجێمناهێڵی. تکایە، ئاگاداری ئێمە بە، ئەوانەی کە لێرە ماوینەتەوە، لەبەرامبەریشدا بەڵێنت دەدەمێ کە ئاگاداری تۆ بین. هەروەك تکات لێ دەکەم بەهۆی ئەو چەند جارەی کە گاڵتەم پێکردویت توڕە نەبی لێم، چونکە من هەر هاوڕێی تۆم، سەرەڕای ئەوانەش، من لە هەموو شتێکی تۆ خۆشبووم.

یارمەتی هەموانم داوە، جا ئەگەر پێویستیان هەبووبێ بە یارمەتی تۆ یاخود نا. ئەمە هەمومانی کۆکردۆتەوە. من لێرەم بە بەردەوامی لە پێناوی دانێلا، هەروەکچۆن تۆم خۆشویستووە، ئاوەهاش مناڵەکانتم خۆشەوێ. ماڵئاوا

ئیمزا/ میرا

**قسه لەگەڵ شەیتان**

لە ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووهەمی ١٩٩٧، (زۆران تۆدۆرۆفیچ) کە ناسراوبوو بە (کۆنداك)، کە دەوڵەمەندو بەڕێوەبەری کۆمپانیای (بیو پەترۆڵ) و ئەمینداری گشتی پارتی چەپی یوگسلاڤی بوو، تەمەنی هەشتاو سێ ساڵبوو، زۆر نەبوو لە ئۆتۆمبیلە مارسیدسە ڕەشەکەی دابەزیبوو بۆ ئەوەی بڕواتە ئیدارەی کۆمپانیاکەی، کەسێك بە دەمانچەیەکی بێدەنگ، دوو فیشەکی پێوەناوو کوشتی.

(کۆنداك) هاوپەیمانی سەرەکی (میرا مارکۆڤیچ) بوو، بەجۆرێك ئەو دووانە هەموو بەڕێوەبەرەکانی کۆمپانیاکانی دەوڵەتیان لە ژێر ناوی (شۆڕش لە دژی بیرۆکراسیەت) لەکارەکانیان دوورخستەوە، بۆ ئەوەی دواتر هەموو ئەو کۆمپانیایانە بکڕن کە بەتایبەت کرابوون، ئەویش بەهۆی ئەو زانیارییە نهێنیانەی کە تەنها سەرکردەکانی پارتی چەپی یوگسلاڤی دەیانتوانی بیبینن.

دواتر گەڕایەوە بۆ سیاسەت. هەروەکو (میرا)ش، (کۆنداك) شاعیرێك بوو بەناوی خوازراوەوە شتی دەنووسی، و هاوڕێیەکی نزیکی (میلۆزۆڤیچ)یش بوو.

لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی بێزارکردنیش بوو بۆ زۆرێك لە ئەندامانی حزبی ئیشتیراکی سربی.

ئەوکاتەی کوژرا، میرا لە هیندستان بوو بانگەشەی بۆ دواین کتێبی خۆی دەکرد، لەکاتی ناشتنیدا، نامەکەی میرا خوێندرایەوەو میلۆزۆڤیچیش گریا.

هەرگیز بکوژەکە دەستگیرنەکرا.

هەشت مانگیش بەر لەو ڕووداوە، (ڤلادا کۆڤاسیفیچ) کە ناسراوبوو بە (تریف) تیرۆرکرا.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

(تریف) شەریکی کارەکانی(مارکۆ میلۆزۆڤیچ)بوو، دامەزرێنەری کۆمپانیای (تریف)ی پێشبڕکێی ئۆتۆمبیلیش بوو، هەروەکچۆن لە کۆمپانیای (ئەنترسپید)یشدا شەریك بوو.

(تریف) تایبەتمەند بوو بە کاری قاچاخیکردن بە جگەرەو کەلوپەلی دیکە، ئەمە جگە لەوەی بازرگانی بە هەموو ئەو شتانەوە دەکرد  کە بەهۆی ئابلۆقەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەستکەوتنیان زەحمەت بوو.

بکوژەکە بە چوار گولە (تریف)ی کوشت. دوای پانزە خولەك، (مارکۆ میلۆزۆڤیچ) لەسەر تەرمی هاوڕێکەی دەگریا.

ئێستا سەرەی (رادۆڤان ستۆیستیچ)ە، کە ناسرابوو بە (بادزا)و هەندێجاریش بە(برۆتۆس).

لەبەرواری ١١ی نیسانی ١٩٩٧، (بادزا) وەکیلی وەزیری ناوخۆ بوو، لەسەر مێزێکی چێشتخانەی (ماما میا) خەریکی خواردن بوو.

(بادزا) زۆربەی ژیانی بە جلی سەربازییەوە بەسەربرد، هەروەك ئەفسەرێکی پۆلیس لەسەرەتادا، و دواتریش وەك ڕێکخەری پەرەشوتەوانانە(خۆبەخشەکان) ئەوانەی کە بۆ کرواتیا و بۆسنە بۆ جەنگ نێردران.

(ستۆیستیچ) کۆمەڵێك گەنجی سربی کۆکردەوە، ئەوانە بکوژی بەکرێگیراو بوون و لەلایەن پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە داواکراو بوون، ئەم کردنی بە سەرکردەی ئەو کەتیبە سەربازییانەی کە کاری ئەستەمیان ئەنجامدەدا.

یەکێك لەو سەرکردانە دزێکی بانك بوو بەناوی (زیلیکۆ ڕازناتۆڤیچ)، ئەم کابرایە ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لەو هێرشە خوێناوییانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی (سلاڤۆنیا) ڕوویاندا.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

(بادزا) بەچەك و پارە هاوکاری دەکردن، هەرخۆشی سەرکردەیەی یەکەیەکی سەربازی بوو بەناوی (کڵاوسوورەکان) کە وەزیری ناوخۆی یوگسلاڤی دروستیکردبوو، زۆرێکیش لە شایەتحاڵەکان دان بەوەدا دەنێن کە ئەم یەکەیە بەرپرسی زۆرێك لە کردارە وەحشیەکان بووە، بەتایبەت لە شاری (کارایینا)ی کرواتی.

لە چێشتخانەکەدا، پیاوێکی دەمامکدار، بە حەوت فیشەك (بادزا)ی کوشت.

بە تەنیشت لاشەکەیەوە، جانتایەك دۆزرایەوە کە ٧٠ هەزار مارکی ئەڵمانی تیادابوو.

(سلۆبۆدان) و (مارکۆ) و(ماریا) میلۆزۆڤیچ لە مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەیدا ئامادە بوون.

هەرلەم بۆنەیەدا، جارێکی تر، (سلۆبۆدان) دەستی کردەوە بە گریان، هەروەك (زیلیکۆ)ش هەردوو چاوەکانی پڕبوو لە ئاو.

رێك دوای دوو مانگ، لە بەرواری ١١ نیسانی ١٩٩٩، رۆژنامەنووسێکی بەناوبانگ کە هاوڕێیەکی نزیکی (میرا)بوو لە کاتێکدا خەریکی وەستانی ئۆتۆمبیلەکەی بوو، تیرۆرکرا.

رۆژنامەنووسەکە ناوی (سلاڤکۆ کۆرۆڤیا)بوو.

ئەو خاوەنی چەندین رۆژنامە بوو، لە نێویاندا رۆژنامەی(دیڤنی تەلەگراف) کە یەکێك بوو لەو تاکە رۆژنامانەی کە زاتی ئەوەی دەکرد رەخنە لە رژێم بگرێت.

ئەوە ئەو پیاوە بوو کە وێنەیەکی (مارکۆ میلۆزۆڤیچ)ی بڵاوکردەوە کە دەمانچەیەك بە یەخەیەوە بوو. هەروەك چەندین گفتوگۆشی سەرنجراکێشی لەگەڵ ئەندامانی پەرەشوتەوانان ئەنجامدا کە تیایدا وردەکاری پەیوەندییەکانی سیاسییەکانی بەلگراد و کۆمەڵکوژییەکانی بەرەکانی جەنگ لە (کارایینا)و (سلاڤۆنیا)و (بۆسنە) خرابووە ڕوو.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

لە یەکێك لە ئێوارەکاندا، شەڕێك لەنێوان (سلاڤکۆ)و (میرا) لە ماڵی (میلۆزۆڤیچ)دا ڕوویدا. دەنگیان بەرەو ڕووی یەك بەرز کردووە.

(میرا) لە ستونەکەی خۆی(شەوو ڕۆژ) ئاماژەی بەوە کرد (کۆرۆڤیا) پیاوێکە جێگای گومانە، زیاتر ڕووی لە شەوە نەوەك ڕۆژ.

تیرۆرکردنەکەی ناڕەزاییەتی لە دەرەوە دروستکرد، بەڵام چونکە بۆمبەکانی ناتۆ بەسەر شاری بەلگراددا دەبارین، هیچ کەس کاتی ئەوەی نەبوو بۆی بگری. خێزانەکەی میلۆزۆڤیچیش نەهاتنە مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی.

دوای سێ ساڵ، دزەکەی بانك (زیلیکۆ ڕازناتۆڤیچ) کە بەم دواییە بوو بوو بە بازرگان، لە یەکێك لە هۆتیلەکانی بەلگراد تیرۆرکرا.

لەو چەند مانگەدا چەندین کەسی دیکە کوژران.

(دۆسان میخایلۆفیتچ) وەزیری تازەی ناوخۆی سربی دەڵێت: پۆلیسی نهێنی یوگسلاڤیای پێشوو، (کۆرۆڤیا) و (ئیڤان ستامبولیتچ) سەرۆکی پێشوویان تیرۆر کردووە، لەوانەشە (زیلیکۆ ڕازناتۆڤیچ) هەر ئەوان تیرۆریانکردبێ.

ئەوان سێ هاوڕێ بوون، شتی زۆری یەکتریان زانیووە.

هێشتا پرۆفیسۆرە بەداخە بۆ (کۆنداك)ی شاعیرو بازرگانەکەی هاوڕێی.

"(بۆزانسکی ساماش) تاکە شوێن نەبوو کە خوێنی تیادا دەڕێژرا. ئێمە زیندانی دۆخێکی گەورەتر بووین. لەوانەیە بەرگری پێویستمان نەکردبێ، من بە داخەوەم بۆ ئەوە. لە بەرامبەریشدا، دەبێت بڕۆیت بۆ شارە گەورەکان، بەلگراد، بالی، بانیا لۆکا، چونکە سەرکردەکان لەوێن، بۆئەوەی تاوانباری ڕاستەقینە بدۆزیتەوە".

(سیمۆ زاریچ) جانتاکەی دەپێچێتەوە. سبەینێ لە (ئۆرانج هۆتیل)ە، کە بە زیندانی (شفینینیجن) بەناوبانگە، لە باڵەخانەی ژمارە ٣٢، لەسەر ڕێگایەك کە بە (بمبستایشنزڤیچ) ناودەبرێت.هەروەها پرۆفیسۆرە (مارکۆڤیچ)یش جانتاکەی هەڵدەگرێت، چونکە دوای ماوەیەکی کەم ئەویش دەڕوات بۆ (ئۆرانج هوتێل)!.

"مێردەکەم وەك پاڵەوان سەیردەکرێت لەلایەن ئەو خەڵکە سادەیەی کە بوونەتە قوربانی زۆرداری هێزە گەورەکان، مێژووش وەك یەکێك لەو جەنگاوەرانە یادی دەکاتەوە کە لە پێناوی ئازادیدا جەنگاوە. گۆڕە بەکۆمەڵەکان؟ دروست کراوە. من شانازی بە گەلەکەمەوە دەکەم. تاکە شتێك کە شانازی پێوە ناکەم دەستگیرکردنی سەرکردەی ئەم گەلەیە بە شێوەیەکی ناشەرعی و تەسلیمکردنەوەیەتی لەلایەن حکومەتێکەوە کە بوکەڵەی دەستی ڕۆژئاواییەکانە".

کاتێك دەربارەی دادگا قسەی دەکرد، پرۆفیسۆرە چەندین جار وشەی (لەخۆبایی) بەکاردەهێنا، وەك ئەوەی قسە لەسەر ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی، یاخود شێوە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی بکات.

تاوەکو بەر دەرگای پارتی چەپی یوگسلاڤی، لەگەڵ (دراغانا کۆزۆمانۆڤیچ) ڕۆیشتین. یەکێك لە هاوڕێکانمان، بەناوی (ئیڤۆ) لە (بیرهالی) چاوەڕوانی دەکردین.

(ئیڤۆ) گۆرانیبێژی ئۆپێرا بوو، تەمەنی نزیکەی سی ساڵ دەبوو، ڕوخساری هەروەك ڕوخساری یوگسلاڤییەکانی فۆلکلۆر وەهابوو. ریشی سووربوو، کوڵمەکانی ڕەنگی سێویان دەدا.

(ئیڤۆ) دەربارەی (سیمۆ) و (پرۆفیسۆرە)ی قسەی کرد. (ئیڤۆ) کاتێك بۆمبارانی بەلگراد دەستی پێ کرد لەلایەن هێزەکانی (ناتۆ)وە، سەرباز بوو. "سیمۆ یەکێکە لەو کەسانەی

باوەڕی بە بانگەشەکانی میلۆزۆڤیچ هەبوو دەربارەی ئەوەی کە سربەکان لە تەواوی کرواتیادا ئەشکەنجە دەدرێن و سەردەبڕێن، و جیهانیش بە هانایەنەوە ناچێت. تۆ یەکێکی لەو کەسە زۆرانەی ئەوروپا کە بڕواتان وەهایە بۆمبارانکردنی ئێمەو کوشتنی هاوڵاتییانی مەدەنی، کارێکی ڕاستبووە. من یەکێکم لەو کەسانەی کە هەرگیز لە (سلۆبۆدان) خۆشنابم، بەڵام لە ڕۆژئاواش خۆشنابم. پێویستە ئێوەی ڕۆژئاوایش بە تەنیشتی(سلۆبۆدان)ەوە لە لاهای لە زینداندا بن. بەهەرحاڵ، لێگەڕێ با ئێستا پێکێك بخۆینەوە".

ئەو بیرەی کە لەگەڵ خواردنێکی سوککدا داوامانکردبوو دەگات. لەولاتریشەوە گروپێکی مۆسیقی بە کەمان و گیتارو ڤیولا، گۆرانی خەمگین دەچڕن. (ئیفۆ)سۆزەکانی دەیجولێنن و دەستدەکا بە گۆرانی وتن و خەریکە دەگری. لە مێزەکەی تەنیشتیشمانەوە، ئەو پیاوانەی چاکەت و پانتۆڵی ڕەشیان لەبەرایەو بۆینباخی سپیان بەستووە، مۆبایلەکانیان (تەنانەت نهێنییەکانیشیان) دەکوژێننەوە، و گوێ بۆ (ئیفۆ) و تیپەکەی دەگرن. وادەردەکەوێت هەموان وشەکانیان لەبەربێت.

ئەمە بەلگرادە، شارێکی دونیایی و جیهانی، خۆ(بۆزانسکی ساماش) نییە، ئەو شارە هەژارەی کە بەسەرخۆشیدا داخراوە، و زیندانی تونێلی پاکتاوی ڕەگەزییە.

(ئیفۆ) لەوانی تر جیاوازە، چونکە سەفەری دەرەوەی کردووە، و بە ئینگلیزیش قسە دەکات. کاتێك مۆسیقاکە دەوەستێت پێمدەڵێت"دڵی سربی گەورەو کۆنە. . . ئەوە تاکە شتە کە دەستی لێنەدراوە لە کاتێکا هەموو شتەکانی دیکە تێکشکاوە، دەبینی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان، ئێمە تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە".

بەڵام هەرگیز ئەو فرسەتە بە دینایەت بۆ ئەو کەسانەی کە بە خوێندنگای ئامادەیی (میتا تریفۆنۆ فیچ) تێپەڕیون.

**قسه لەگەڵ شەیتان**

بەڕێز ئۆریزیۆ. . .

سوپاست دەکەم بۆ ناردنی کتێبەکەت کە دەربارەی خێڵە سپیە وونبووەکانە، من بەهاوکاری فەرهەنگەکان دەستم کردووە بە خوێندنەوەی و ئەمڕۆ ئەو فەسڵە دەخوێنمەوە کە دەربارەی کۆیلەکانە لە جامایکا.

دەربارەی داواکارییەکەشت بۆ سازدانی چاوپێکەوتنێك بۆ پرۆژەی کتێبی (کەسە لەبیر کراوەکان)، ئەو کەسانەی کە جارێك لە دەسەڵاتدا بوون، و بەهۆی کێشەی وڵاتەکانیانەوە گلەییان لێ کراوە. . . هتد، وەڵامی من ئەوەیە کە من خۆم بە(کەسێکی لەبیرکراو) نازانم، چونکە خودا، ئەو خودا گەورەیەی کە هەموو کەونی دروست کردووە، بڕیاری چارەنووسی خەڵکی دەدات، ئەگەر هەندێجاریش بە شێوەیەکی ناعادیلانە بێت، هێشتا بڕیاری کۆتایی دەربارەی (مانۆئیل. ئە. نۆریگا)ەوە نەداوە.

سوپاس بۆ نامە جوان و باشەکەت کە لە مانگی حوزەیراندا بۆت ناردم، هەروەها سوپاس بۆ پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەت بە بەڕێز (ئەرتۆرۆ بلانکۆ)ەوە.

لەگەڵ ڕێزی زۆرم. . .

ژەنەراڵ / مانۆئیل ئەنتۆنیۆ نۆریگا

٢ی ئابی ٢٠٠٠

*(مانۆئیل ئەنتۆنیۆ نۆریگا) سەرۆکی پەنەمابووە لەساڵانی (١٩٨٣ تا ١٩٩٠)، و لەلایەن ئەمریکییەکانەوە لەدەسەڵات دوورخراوەتەوە، لە ئەمریکا ٢٠ ساڵ زیندانی کراوە.

## سوپاس و پێزانین

*سوپاسی زۆر هاوڕێی ئازیزم (کاوە شێخ عەبدوڵڵا) دەکەم کە بەرگی کتێبەکەی بۆ دروستکردم.

*زۆر سوپاسی هەمیشە ئازیزو خۆشەویست مامۆستا (کارا فاتیح) دەکەم کە لەلایەنی رێزمانییەوە بە کتێبەکەدا چووە.

**قسە لەگەڵ شەیتان**

**هێمن مەحموود**

*ساڵی ١٩٧٩ لەدەربەندیخان لەدایکبووم

*دەرچووی کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری/زانکۆی سەلاحەدین

*دەیان وتارو وتاری وەرگێڕدراو چیرۆکم لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە

* ماوەیەکی زۆر کاری روژنامەوانیم کردووە

* ئێستاش رۆژنامەنوسم لەکەناڵی کەی ئێن ئێن

* خاوەنی سێ بەرهەمم:

*مردنێك لەودیو پەنجەرەوە / کۆمەڵە چیرۆك

*ئیسلام و رۆشنگەری/ هاشم ساڵح/ وەرگێڕان

*فەیلەسوفە رۆژئاواییەکان و بزوتنەوە ئوسوڵیە توندڕەوەکان/ هاشم ساڵح/ وەرگێڕان

*کۆمەڵەچیرۆکێکی دیکەو دوو کتێبی وەرگێردراوی دیکەم ئامادەیە بۆچاپ

# پێڕست

عیدی ئەمین ............... لا ٨

بۆکاسا.................. لا ٤٧

یارۆزلسکی ............... لا ٨٦

ئەنوەر خواجە.............. لا ١٣٥

دۆڤالییە................... لا ١٧٢

مەنگیستۆ................... لا ٢١٢

میلۆزۆڤیچ.................. لا ٢٤٤